وەرزنامەی

# ئێرانناسی

ژمارە (٢) کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ساڵی یەکەم

CFS

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
وەرزانە دەریدەکات


# مافی نەتەوەیی کورد
# لە سیستمی سیاسیی ئێراندا

- دەقاندنی حاکمییەتی ئیتنیکی-مەزهەبی مێژوو، ئیتنیسیتە و ناسیۆنالیزم
- ڕاگەیاندن لەئێراندا، پێشینە، وابەستەیی و سانسۆر
- بزاڤی چەپ لە ئێران، لە گەشەسەندنێکی خێراوە بۆ پووکانەوەی بەردەوام
- ئێران و ئەتۆم، دبلۆماسییەتی ئەتۆمیی ئێران



# وەرزنامەی ئێرانناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٢) کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ساڵی یەکەم



خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: بارام مەجیدخان

بەڕێوەبەری نووسین:
هەورامان فەریق کەریم

بۆردی ڕاوێژکاران:

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول
د. هەردی مەهدی میکە

دیزاین: شێرکۆ خانزادی

هەڵەبڕ: باخان ئەحمەد



شوێن:
عێراق: هەرێمی کوردستان. سلێمانی
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org



تابلۆی بەرگ: شاد کامەران

وەرزنامەی

# ئێرانناسی

وەرزنامەی ئێرانناسی؛ گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات و سێ مانگ جارێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاوی دەکاتەوە. ئامانجی گرنگیدانە بە لێکۆڵینەوە ستراتیجی و سیاسییەکانی ئێران و کارلێکە هەرێمایەتی و جیهانییەکان و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە. مەودای کاری گۆڤاری ئێرانناسی بریتی دەبێت لە توێژینەوە لە سیاسەتی کورتمەودا و دوورمەودای ئێران و شرۆڤەی سیاسی و ستراتیجیی ئێران و ناوچەکە و توانای ئابووری، سەربازی، سیاسی و کولتووریی پەیوەست بە ئێران. مەرجە بابەتەکانی لەخۆگری دیدگای ئایندەی و ستراتیژی بن و سیناریۆکان و ئەگەرەکان بخەنە ڕوو، لە پێناو سیاسەترێژیکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران. هەوڵێکە لە پێناو هاوکاریکردنی پرۆسەی سیاسەترێژی و سیاسەتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران.

# ناوەڕۆک


گۆڤاری ئێرانناسی، بۆچی؟..........بارام مەجیدخان..............................................٦-٧

دەقاندنی حاکمییەتی ئیتنیکی–مەزهەبی، مێژوو، ئیتنیسیتە و ناسیۆنالیزم لە پەرتووکەکانی خوێندنی فارسی-ئیسلامیدا.........کەمال سولەیمانی و داود عوسمانزادە............................١٠-٤١

مافی نەتەوەیی کورد لە سیستمی سیاسیی ئێراندا.........دیلان هەردی..................................٤٢-٥١

ئێران و ئەتۆم، دبلۆماسیەتی ئەتۆمیی ئێران.............بارام مەجیدخان...........................٥٢-٦٣

ڕاگەیاندن لە ئێراندا، پێشینە، وابەستەیی و سانسۆر.........هەردی مەهدی میکە.......................٦٤-٧١

گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە سەردەمی ئیبراهیم ڕەئیسی، تورکیا و سعودیە وەک نموونە...........هیوا مەجید خەلیل..................................................٧٢-٨٥

بزاڤی چەپ لە ئێران، لە گەشەسەندنێکی خێراوە بۆ پووکانەوەی بەردەوام.......
ژیلوان لەتیف یار ئەحمەد..............................................................٨٨-١٠٣

قەیرانە ناوچەییەکان و دەرفەتە سەربازی و ئەمنییەکانی هەڵقوڵاو لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە..........
د. مەهدی میرزادەی کوهشاهی............................................................١٠٦-١٢١

مۆدێلی شیکاریی بواری ستراتیژیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لێکۆڵینەوەی بابەتیانەی کەنداو.................مەهدی دڵبەند.................................................١٢٢-١٤٥

مێژووی ئێرانی مۆدێرن..........بارام مەجیدخان.........................................١٤٨-١٥١

چەمکناسی: نەتەوە، ناسنامەی ئتنیکی، ناسنامەی نەتەوەیی........هەورامان فەریق................١٥٤-١٥٧

بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی..............................................١٥٨-١٦١

سەروتار

# وەرزنامەی ئێرانناسی، بۆچی؟



**بارام مەجیدخان**

ئێرانناسی وەک بەشێکی گرنگی ڕۆژهەڵاتناسی، جێگەی بایەخی بەشێکی زۆری ناوەندەکانی ئەکادیمی و سیاسیی جیهان و ناوچەکەیە. گرنگیی ئەم ڕەهەندە لە لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسی بۆ هەموو وڵاتانی ناوچەکەش جێگەی بایەخە، بۆ ناوەندەکانی ئەکادیمیی هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوە.

ئێرانناسی هەوڵی ئەوە دەدات کە هەموو بابەتە گرنگەکانی پەیوەست بە ئێران لە سێ تەوەری سەرەکیدا بخاتە ڕوو: تەوەری یەکەم: لێکۆڵینەوە لە بابەتی دۆسیەی ناوەکیی ئێران و دوایین بەرەوپێشچوونەکانی ئەم دۆسیەیە. ڕۆڵ و پێگەی سیاسی و ئەمنی و ستراتیژیی ئێران ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەم دۆسیەیە. بە لێکۆڵینەوەی گەرم لەسەر دوا قۆناغەکانی ئەم دۆسیەیە و وەرگێڕانی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕانی ئێرانی و بیانی لە پێناو بەدەستخستنی زۆرترین زانیاری سەبارەت بەم بابەتانە.

تەوەری دووەم: لێکۆڵینەوە لەسەر سیاسەتی هەرێمایەتیی ئێران و ناوچەکە. ئەم ڕەهەندە لە لێکۆڵینەوە و خستنەڕووی ڕوانگەی هەرێمایەتیی ئێران، بەرچاوڕوونی دەدات بە سیاسەتمەداران و ئەکادیمیستەکان و ئەوانەی خولیای تێگەشتنی سیاسەتی ئێرانیان هەیە، بەتایبەت وڵاتانی دراوسێی ئێران. کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت هەرێمی کوردستان، دەخوازێت تێگەیشتنی قووڵ بۆ ئەم بابەتە هەبێت.

تەوەری سێیەم: گرنگیدان بە دۆخی ناوخۆیی ئێران و لێکۆڵینەوە لە کێشە و گرفتە ناوخۆییەکانی ئێران. ڕەهەندەکانی قەومی و ئایینی و کولتووری و ئابووری؛ سەرنجی ئێرانناسیی لەسەر دەبێت، بەتایبەت بابەتی تیۆری. هەموو ئەو بابەتانەی کە ڕەهەندی فیکری و مێژوویی و کۆمەڵایەتییان هەیە. هەموو ئەم تەوەرانە لە پێناو ئەوەیە کە ئێران وەک ئەوەی کە هەیە؛ بیناسین، نەک وەک ئەوەی ئێمە دەمانەوێت یاخود حکومەتی ئێران خوازیارە هەبێ، لەم پێناوەشدا پرنسیپەکانی کاری ئەکادیمی و زانستی بنەمای کاری وەرزنامەی ئێرانناسییە.

سەرەتای ساڵی نوێ بۆ هەموو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە چاوەڕوانیی زۆر هەیە بۆ ئەگەری گۆڕانکاریی سیاسیی گرنگ لە ناوچەکە، بەتایبەت کە خولی نوێی دانوستانەکانی ئێران و وڵاتانی ٥+١ بەڕێوە دەچێت.

هەمووان بە چاوێکی پڕ لە نیگەرانی و هەم ئومێدەواری دەڕواننە ئەم دانوستانانە. لەگەڵ کشانەوەی ئەمەریکا لە سەردەمی دۆناڵد ترەمپ، قەیرانێکی گەورە بەرۆکی ئێران و جیهانیشی گرت. دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی ئێران و ئەمەریکا بەجێ هێشت، پاش کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەکە. هەردوو هەڵبژاردنی ئێران و ئەمەریکا، گۆڕانکاریی لە سیاسەتی دەرەوەی هەردوو وڵات بەجێ هێشت. گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن دیموکراتەکانی ئەمەریکا و باڵی توندڕەوی ئێران، نیگەرانیی ئەوەی دروست کرد کە مەودای بەیەکگەیشتنی ئەو دوو وڵاتە دوورتر بکەوێتەوە. بەڵام کاریگەری و فشاری ناوخۆی ئێران و هەلومەرجی ئابووریی ئەو وڵاتە، ئێرانی گەیاندە ئاستی بیرکردنەوە لە پابەندبوون بە ڕێککەوتننامەکە. خواستێکی دوولایەنە هەیە بۆ ڕێککەوتن. لەگەڵ پێداگریی وڵاتانی وەک ڕووسیا و چین بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، بەرمەبنای بەرژەوەندییەکانی خۆیان و جیهانیش. ئەم دۆسیەیە ساڵانێکی درێژە بەکراوەیی لەسەر مێزی دەوڵەتانی جیهانە، بەڵام پێدەچێت کاتێکی زۆر بۆ کۆمەڵگای جیهانی نەمابێت بۆ دەربازکردنی ڕێککەوتننامەکە.

ئێران لەسەر ئاستی سنوورەکانی، چاودێریی وردی گۆڕانکارییەکانی ناوچەی قەفقاز و ئەفغانستان و عێراق و ناوچەی خەلیج دەکات. بۆ هەرێمی کوردستانیش، تێڕوانینی ئێران بۆ داهاتووی سیاسی لە عێراق بابەتێکی هەرە هەستیار و گرنگە بۆ کرانەوەمان بە ئاراستەی نەخشەڕێگای ڕاست و ڕەوان، بەتایبەت پاش هەڵبژاردنەکانی عێراق و دەستپێکی دانوستاندن بۆ پێکهێنانی حکومەتی بەغداد.

ڕووداوگەلێکی زۆر ناوچەکەی تەنیوە، بەتایبەت پەیوەندییەکانی ئێران و سعودیە کە بە ناوبژیوانیی عێراق؛ بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە. لە هەمان کاتدا پرۆژەی ئاشتیی عەرەب-ئیسرائیل، هەژموونی خۆی بەسەر وڵاتانی کەنداودا کێشاوە، ئەمەش سیستمێکی هەرێمایەتیی ئاڵۆز و نوێی هێناوەتە ئاراوە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردی زانستی و سیاسی هەیە، بەتایبەت کە هەرێمی کوردستانیش بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو هەیە.

کێشە کۆمەڵایەتی و کولتووری و یاساییەکانی ناوخۆی ئێران سەبارەت بە نەتەوەکانی ناو ئێران، لەلایەن بەشێک لە ڕووناکبیران و ڕۆشنبیرانی ئەو وڵاتە، هەمبەر ئازادییەکان و مافە دەستوورییەکان و خوێندن بە زمانی دایک خرانە ڕوو، کە کاردانەوەی میدیایی گەورەی لێ کەوتەوە. ئاشنابوون بە دۆخی کولتووری و کۆمەڵایەتیی ئێران، خواستی بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستانە. ڕای جیاواز و تێڕوانینی قووڵ لەسەر ئەم بابەتانە، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە هەموو ئەو بابەتانە شایەنی هەڵوێستەلەسەرکردنی زانستیانەیە.

# وەرزنامەی
# ئێرانناسی

# توێژینەوەکان

# دەقاندنی حاکمییەتی ئیتنیکی-مەزهەبی، مێژوو، ئیتنیسیتە و ناسیۆنالیزم لە پەرتووکەکانی خوێندنی فارسی-ئیسلامیدا



ن: کەمال سولەیمانی و داود عوسمانزادە | و: وەرزنامەی ئێرانناسی

**کورتە:**

ئەم وتارە لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر پەرتووکەکانی خوێندنی قۆناغەکانی ١ بۆ ١٢ی کۆماری ئیسلامی ئێران. ئەم وتارە لە کێشەکانی زمان، ڕەگەز، ئیتنیسیتە و ناسیۆنالیزمی ئایینی لە پەرتووکەکانی خوێندندا دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی تیشک بخاتە سەر ئەوەی کە چۆن دەوڵەت لە ئێران هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی کومەڵگەکان لە ڕێگەی سیستمی پەروەردەوە بکاتە فارس-شیعە. پەرتووکە فەرمییەکانی خوێندن کۆمەڵگەی حاکم (فارسەکان) وەک تاکە بکەری مێژوو وێنا دەکەن. دەوڵەت هەر جۆرە گێڕانەوەیەکی جێگرەوەی (نافەرمی) دیکەی پێ خیانەتە. ئەم وتارە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵە لەسەر ئەوەی کە پەرتووکە سەپێنراوەکانی خوێندنی دەوڵەتی ئێران، جێگەی وان و زانستی دۆخمەند و چوارچێوەیەک کە لەو پەرتووکانە بەدەست دێت، چۆن شیکردنەوەیەکی ئاشکرا و ڕوون بەدەستەوە دەدات و بنەمای خەتە دابەشکەرەکانی ئیتنۆ-زمانی پێکهاتەی هەبوو ڕوون دەکاتەوە و هەروەها نیشان دەدات کە ئیسلامخوازی وەکوو مەنتیقی سنوورداری حاکم کە لە پەرتووکەکانی خوێندندا چێنراوە، دەبێتە هۆی فراوانبوونی بیرۆکە و مێژوونووسیی ڕەگەزپەرستی. ئەم لێکۆڵینەوەیە جار جار ئاماژە بە بۆچوون و ئەزموونەکانی هەندێ مامۆستای کوردی قوتابخانەکان دەکات، کە بەوردی دیمانەی قووڵمان لەگەڵ ئەنجام داون.

**وشە سەرەکیەکان: ئیتنیسیتە، ئیسلام، نافارسەکان، فارسەکان، پەرتووکەکانی خوێندن.**

لێم مەدە، چونکە گۆرانی دەڵێم. من کوردم، پێشینانی من ئەویندارین، ئازار، تێکۆشان و بوونی خۆیان لە نێو گۆرانی و سرودەکاندا بۆ ئێمە بە یادگاری بەجێهێشتووە. من دەبێت گۆرانی بڵێم و تۆ گوێی لێ بگری. (فەرزادکەمەنگەر)، [مامۆستایەکی کوردی لە سێدارەدراو]، نامەیەک بۆ پاسەوانی بەندیخانە).

"مەرجی سەرەکیی سەپاندنی هەژموونی نەتەوەیی، زۆر جار سەپاندنی هەژموونی زمانە" (Michael Billig, Banal nationalism)

ئێمە لە بنەڕەتدا ئاریایین و زمانمان "فارسییە". من هەمیشە بە قوتابییەکانم دەڵێم ئازەری، بەلووچی، کوردی و لوڕی زمانی ئێوە نین، بەڵکوو شێوەزاری ئێوەن. ئەگەر ئێوە بە هەر زمانێکی دیکە قسە بکەن، کەواتە ئێوە ئێرانی نین. ئێمە لە زمانی "فارسی" و ڕەگەزی ئارییایدا هاوبەشین. (پرفیسۆرێکی ئێرانی، سالح، ٢٠١٣، لا ١٢٩).

**١- پێشەکی**

بەگشتی ئامانجی "پەروەردەی نەتەوەیی" بریتییە لە گۆڕینی منداڵێکی بێلایەن لە قوتابخانەکاندا بۆ سوژەیەکی نەتەوەیی دڵخواز، لە ڕێگەی دانانی ئەو منداڵە لە جێگایەک کە زمان و ئەدەب و مێژووی فەرمیی نەتەوەیەک کە بانگەشەی بەفەرمیبوونی بۆ کراوە، بە هەموو جۆر دەرس دەدرێت (Althusser, 1971, pp.127-193)). ئەرکی قوتابخانە گشتییەکان ئەوەیە کە لەناو گەنجاندا "شوناسی نەتەوەیی"ی دڵخوازی دەوڵەت دابڕژێت، ئەویش لە ڕێگەی ناساندنی "قارەمانە نیشتیمانییەکان"، یادکردنەوە نائاگایانە و سەپاوی "ڕووداوە نەتەوەییەکان"، لەبەرکردن و وتنەوەی سرووده "نیشتیمانییەکان" و چاودێریکردنی نەریتەکانی "هەڵکردنی ڕۆژانەی ئاڵای نەتەوەیی" (Bllig,1995.Gutek.1997). قوتابخانەکان وەک هەڵگری گێڕانەوەی ناسیۆنالیستی و حەقیقەت مێژوویی بونیادنراو کار دەکەن[1]. (Nozaki, 2006).

لە ئێراندا دەوڵەتی ئیسلامیی ئێستای ئێران و دامەزراوە ئیتنۆ-ئایینییەکانی، ئەو قەوارانەن کە بە ناو "بابەتی نەتەوەیی[2]" و "ڕابردووی نەتەوە" پێناسە دەکەن و شەرعیەتی پێ دەدەن. کە وا بوو پەرتووکەکانی خوێندن لە ئێران دەتوانن کەرەستەیەکی باش بن بۆ توێژینەوە لەوەی کە چۆن ئیتنۆ-نەتەوەی حاکم مێژووی "نەتەوەیی" خۆی دەگێڕێتەوە و سەرووەری پێناسە دەکات و زنجیرەکانی پلەوپایە ئیتنیکی و زمانەوانی دروست دەکات. ژمارەیەکی زۆر لێکۆڵینەوە دەربارەی پەرتووکەکانی خویندنی ئێران کراون، بەڵام زۆربەیان جەختیان لەسەر زمان یان جێندەرە، بەبێ ئاماژەدان بە کێشەی نەتەوەیی کردووە (Alipour, 2016, Gharbavi&Moousavi, 2012, Hall, 2014, Hig-

1 constructed

2 The National

gins & shoar-ghaffari, 1991, Ilahe & Syful-
lahi 2012, Ram, 2000, Alipour &). جیاواز له توێژینەوەکانی ڕابردوو، ئەم وتارە، بۆ ئەوەی تیشک بخاتە سەر ئەوەی کە چۆن دەوڵەت لە ڕێگەی سیستمی پەروەردەوە زنجیرەی پلەوپایە ئایینی و ئیتنۆزمانی بۆ بەفارسی-شیعەکردنی کۆمەڵگە بنیاد دەنێت و بەردەوامیی پێ دەدات، پرسەکانی زمان و ڕەگەز و ئیتنیسیتە و ئایین و تێکەڵبوونیان لەگەڵ ناسیۆنالیزم تاقی دەکاتەوە.

پەرتووکە فەرمییەکانی خوێندن (کە تەنیا سەرچاوەی فەرمیی خوێندنن لە ئێران لە قۆناغی سەرەتاییەوە هەتا پۆلی ١٢، چەندین بابەتی تایبەت بە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشان دەدەن. لەم ناوچەیەدا دەوڵەتەکان تاکە دەسەڵاتن کە بڕیار لەسەر نووسین و ناوەڕۆکی پەرتووکەکانی خوێندن دەدەن. بۆ ئەم کارە و بۆ شاردنەوە و لاوازکردنی فرەچەشنی و جۆراوجۆریی ئایینی و ئیتنۆ-زمانی کۆمەڵگاکانیان، ساختەکردنی کۆیادەوەریی مێژوویی و سڕینەوەی ئایکۆنە کولتوورییەکانی کۆمەڵگاکانی ژێردەستەڵاتیان، دەوڵەتەکان گێڕانەوەیەکی تاقانە لە ڕابردوویەکی وێناکراو[3] و دڵخواز پێشکەش دەکەن (Asgharzadeh, 2007, pp.150-160). لە ئێران، بارودۆخی سیاسیی چالاکوانە زمانییە (نافارسەکان)ی خستووەتە بارێکی بەرگەنەگر، لەبەر ئەوەی تێکۆشان و مشتومڕەکانیان (بۆ خوێندنی فرەزمانی) وەک هەوڵی جوداخوازی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت (kalan, 2016, p.7). پەرتووکە فەرمییەکانی خوێندن، کۆمەڵگەی حاکم (فارس-شیعە) وەک تاکە بکەری مێژوو لەقەڵەم دەدەن. دەوڵەت هەر جۆرە گێڕانەوەی جێگر (نافەرمی) وەک خیانەت وێنا دەکات. بەم شێوەیە، لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی ئەم پەرتووکانە، پلەوپایەکەی ئەوان و زانستی دۆخمەند کە لێیانەوە بەدەست هاتوون؛ شیکردنەوەیەکی ئاشکرا و ڕوون بەدەستەوە دەدات و دەبێتە هۆی ڕۆشنکردنەوەی بناغەی پلەبەندیی ئایینی و ئیتنۆزمانیی پێکهاتە لە ئێران.

لە ئێران، کۆمەڵگە نافارسەکان ناتوانن پرسیار لە گێڕانەوەی حاکمیەت لە ”بابەتی نەتەوەیی“، مێژوویی یان ئایینی بکەن، لەبەر ئەوەی کە پەرتووکەکانی خوێندن نووسراون بۆ ئەوەی کە ”ڕابردوو“ بە ئیتنیسیتەیەکی تایبەت پەیوەند بدەن و بە زیانی ئەو کۆمەڵگایانە بەکاری بێنن. لە ئەنجامدا، سیستمی پەروەردە ژینگەیەکی ئاپارتایدی دەخوڵقێنێت کە تێیدا گرووپێکی ئیتنیکی بۆ چێژوەرگرتن لە هەموو سەرچاوەیەکی ئابووری و پەروەردەیی لە وڵاتدا هەڵدەبژێردرێ، لە کاتێکدا کە ئیتنیکەکانی دیکە وەک لادەر و نامۆ و بێگانە وەلا دەنرێن (Asgharzadeh, 2007, p.165). هەر بۆیە، لە ئێران ئەو بە ناو ”پەروەردە نەتەوەییە“، یەکسانی و بەرابەریی دەسەڵات

3 Imagined

و دابەشکردنی سەرچاوەکان لەناو دەبات و پێکەوەژیانی داهاتووی کومەڵگەکان دەخاتە مەترسییەوە. بابەتەکە ئەوەیە کە یەکسانیی تەواو و بێکەموکوڕی، تەنیا هەر مافی بنەڕەتیی گرووپێک نییە، بەڵکوو پێویستییەکی سەرەتایی مرۆڤە کە هیچ گرووپێکی ئیتنیکی ئامادە نییە بە خواستی خۆی وازی لێ بێنێت (Yiftachel, 2006, p.95).

دەوڵەتی پەهلەوی (١٩٢٥–١٩٧٩) سیاسەتی یەک زمانیی بۆ نەتەوەیەکی "یەکگرتوو" جێبەجێ دەکرد، کە پاش ساڵی ١٩٧٩ دەوڵەتی ئیسلامی بەردەوامیی پێ دا (Ram, 2000). سیاسەتی ناوبراو "وەک خۆی بەباشی مایەوە و قسەکەرانی زمانەکانی (تر) بەدەگمەن توانیویانە بڕێک ئازادیی زمانیی وەربگرن" (kalan, 2016, p.5). پەرتووکەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوەیەکی فراوان بەردەوامی بە سیاسەتی پەروەردەیی دەوڵەتی پەهلەوی نیشان دەدەن. لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئیتنۆ-نەتەوەی حاکم، شوناسی فارسی بە "شوناسی نەتەوەیی" دەناسێنن و پەرەی پێ دەدەن. پەرتووکەکانی خوێندنی دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران، شوناسی فارسی وەک شوناسێکی نەتەوەیی بێپسانەوە و وێکچوو دەناسێنن و بە شێوازێکی خۆهەڵکێشانە دەڵێن کە ئەم شوناسە بە درێژایی هەزاران ساڵ خۆی ڕاگرتووە. ڕەنگە جیاوازیی سەرەکیی ئەوان لەگەڵ پەرتووکەکانی سەردەمی پەهلەوی، تێکەڵبوونی زیاتری فارسیگەرایی بێت لەگەڵ ئیسلامی شیعی و بەئاسایی نیشاندانی نێرسالاریی ئایینی. لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، هەروەک سەردەمی پەهلەوی، چالاکییە زمانەوانییەکانی نافارسەکان قەدەغە کراوە. هەروەک ئەمیر کەلان توێژەری ئێرانی، گەواهیی ئەوە دەدات "بە هۆی کۆتوبەندی سیاسییەوە ڕێگە بە ژمارەیەکی کەمی توێژینەوەی کرداری دراوە کە دەربارەی فرەزمانی و ئەزموونی خوێندکارانی فرەزمان لە ئێراندا ئەنجام بدرێن" (kalan, 2016, p.6).

ئەم وتارەمان هەوڵێکە بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی ئەم ئەزموونە فرەزمانییەوە. توێژینەوەکەمان تەنیا جەخت دەخاتە سەر پەرتووکەکانی خوێندن کە لە قوتابخانەکانی ئێراندا دەخوێنرێن و ناوبەناو ئاماژە بە بۆچوون و ئەزموونی هەندێک مامۆستای کوردیش دەکەین. لە ساڵی (٢٠١٩)وە چەندین دیمانەی قووڵمان لەگەڵ مامۆستایاندا بە شێوەی ڕووبەڕوو، سکایپ، واتسئەپ و هۆکارەکانی تری پەیوەندییەوە ئەنجام داوە. هەندێک جار لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەمان بەم دیمانانە کردووە. لەبەر ئەوەی دەمانتوانی بە شێوەیەکی قووڵ دیمانە لەگەڵ مامۆستایانی کورد بکەین و دیمانە لەگەڵ ئەوان ئاسانتر بوو، ئەزموونی مامۆستایانی کوردمان بەکار

هێناوە و تەرکیزمان لەسەر مامۆستایانی کورد و کۆمەڵگای کوردی کردووە. هەندێک لەوانەی کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەنجام داون، چەند دەیەیەکە لە کوردستان وانە دەڵێنەوە کە زۆرترینی خوێندکارەکانیان فرەزمانن. لەوانەیە چاوپێکەوتنەکانمان گرنگ بن لەهەمبەر بەدەستهێنانی تێگەیشتنی زیاتر کە چۆن لە ئێران ڕێکخستنی دیگلۆسیکی[4] کۆلۆنیاڵ بە شێوەیەکی سیستماتیک هەوڵ بۆ لەناوبردنی هەموو زمانەکان جگە لە فارسی؛ دەدات.

بە هۆی بەرخۆدانی کولتووری-سیاسیی کوردییەوە، تا ڕادەیەکی زۆر هەموو قوتابخانەکانی کوردستان دیگلۆسیای دووزمانی ئەزموون دەکەن، کە تێیدا فارسی زمانی سەپێنراوی دەوڵەتە و کوردییش زمانی دایکییە کە بە ڕێکار و کۆتوبەندی توند، بێبەش کراوە لە پشتگیریی پەروەردەیی و لەجیاتیی ئەوەی بگوترێ ئەو پشتگیرینەکردنە بووەتە بابەتی گەشەنەکردنی ئەو زمانە، بە جۆرێک وێنا دەکری کە کوردی خۆی هۆکاری پاشەکشەی ئەکادیمیانەیی خۆیەتی. ئەمەش ئەو پلەبەندییە توندە دەردەخات کە لە بواری زمانەوانیدا سەپێنراوە. بۆ ئەم توێژینەوەیەی ئێستا، لە نزیکەوە ٢٥ پەرتووکی خوێندنی پۆلی یەکەم بۆ پۆلی دوانزەیەم بەوردی و دێرپەدێر لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، ئەم کتێبانەیش بریتین لە: فارسی (١٢ کتیب، پۆلی ١-١٢) و زانستە کۆمەڵایەتییەکان (تعلیمات اجتماعی، ٧ کتێب، پۆلی ٣ بۆ ٩)، کۆمەڵناسی (٣ کتێب، پۆلی ٩ بۆ ١٢) و مێژوو (٣ کتێب، پۆلی ٩ بۆ ١٢).

توێژینەوەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەڕواتە پێشەوە. بەشی (٢)، باس لە زمان و پلەبەندیی زمانەوانی لە دەستووری بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەکات، ئەوەی کە چۆن پەرتووکەکانی خوێندن و ئەو زنجیرە دەستوورییە پلەبەندییەی زمانەکان بەرهەم دەهێننەوە. بەشی (٣)، پێکهێنانی بابەتی نەتەوەیی فارسی-شیعی لە ڕێگەی سیستمی پەروەردەوە شی دەکاتەوە و بەشی (٤) تیشک دەخاتە سەر ئاریایزمی فارسی-ئیسلامی.

## ٢. فارسی: زمانی باڵای دەسەڵات

لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩دا، عەلی زوعێلم (علی ذوعلم)؛ جێگری وەزیری پەروەردەی ئێران، لە وتوێژێکدا ڕایگەیاند ”خویندنی فارسی دووچاری ئاڵەنگارییەکی جددی بووەتەوە، (لەبەر ئەوەی) لە سەددا پەنجای قوتابییەکانمان دوو زمانەن“. لە درێژەدا ئەوەشی باس کرد کە ”هەندێک لە قوتابییەکانمان هەتا دەگەنە پۆلی شەشەم، ناتوانن بە زمانی فارسی بدوێن“. زۆرینەی خەڵک لە ئێران زمانی دایکییان فارسی نییە، چونکە ئێمە دەتوانین (٥) یان (١٠) لە سەد بەو (٥٠) لە سەدەی سەرەوە زیاد بکەین،

٤ دیگلۆسیا: بارودۆخێکە کە تێیدا دوو زمان یان زاراوەی جیاواز لە کۆمەڵگەیەک بەکار دێن کە ئەو کۆمەڵگەیە تەنیا یەک زمانی هەیە.

بە هۆی ئەوەی کە هەندێک لە دایک و بابە نافارسەکان بە فارسی لەگەڵ منداڵەکانیان دەدوێن. لەبەر ئەوەی کە ئەم دایک و باوکانە پێیان وایە ئاخاوتن بە زمانی دایکی تەگەرە دەخاتە بەردەم بەرەوپێشچوونی منداڵەکانیان، یاخود دەکرێت لەهجەی نافارسی لە قوتابخانە یان لە "کۆمەڵگە" ببێتە هۆی گاڵتەپێکردن بە منداڵەکانیان. هەروەک لێکۆڵەری ئێرانی عەلی ڕەزا ئەسغەرزادە، ئاماژە بەوە دەدات "ئێرانیی ڕاستەقینە" ئەو کەسەیە کە بە زمانی "فارسی" بێ لەهجە بدوێت -فارسی تارانی لەهجەی ستاندارده-، کە بەردەوام گاڵتە و ڕەخنە و بەکەمی سەیری ئاخێوەرانی زمانەکانی وەک ئازەری، عەرەبی، بەلوچی، کوردی و تورکمانی دەکات (Asgharzadeh, 2007, p.134).

زمانە نافەرمییەکانی وەکوو عەرەبی و بەلوچی و لوڕی و گیلەکی و کوردی و تورکی، زمانی لانی کەم نیوەی خەڵکی ئەم جوگرافیا سیاسییە پێک دەهێنن (kalan, 2014, p.4). زیاتر لە ٧٠ زمان لە ئێراندا هەیە (kalan, 2014). سەرژمێرییەکانی ئێران زیاتر سیاسین و جێی باوەڕ نین. دەوڵەتی سەردەمی هاوچەرخی ئێران تاکە ڕێکخراوەیەکە کە دەستی بە داتاکان و ئاکامەکانی سەرژمێری دەگات و هەمیشە دەستکاریی ئەو ژمارانەی کردووە کە پەیوەندیدارن بە زمان و هەمەچەشنیی ئێتنیکییەوە. نەبوونی داتا و ژمارەیەکی فەرمیی باوەڕپێکراو دەربارەی پێکهاتەی ئێتنیکی لە ئێران، ئالنگارییەکی بەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئێتنیک و ئایین و فرەیی زمانیی لەناو دانیشتووانی ئەم جوگرافیایەدا. دەوڵەت بڵاوکردنەوەی هەر جۆرە زانیارییەکی پەیوەست بەم بابەتانەی بۆ خۆی پاوان کردووە. ئەمە لە کاتێکدایە لە ئێرانی مۆدێرندا لەبەر ئەوەی ناسیۆنالیزمی فارسی لەسەر نەدرکاندن و حاشاکردن "لەو ڕاستییە بنچینەییە دامەزراوە کە ئێران، فارس (Persia) و پێرسیەن (Persian) نییە، بەڵکوو زیاتر مۆزایکێکی ئێتنیکی و زمانی و ئایینییە. هەر گرووپێک مێژوو، کولتوور و زمان و بەهای ئایینی تایبەت بە خۆی هەیە" (Kia, 1998, p.9).

بەندی (١٥) لە دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران، زمانی فارسی وەک "زمانی هاوبەشی هەموو ئێرانییەکان" ناو دەبات و "هەموو بەڵگەنامەکان و نووسینەکانی فەرمی دەبێ بە زمانی فارسی بێت". پاش ئەوەی کە ئەو بەندە بە ئێتنیکی و ناوچەیی ناساندنی زمانەکانی دیکە؛ ئەوانی تا ئاستێکی زۆر هێنایە خوارەوە، هەمان بەند ئاماژە بەوە دەدات کە زمانە نافارسییەکانیش دەکرێ "-لەگەڵ زمانی فارسی- لە ڕۆژنامەگەری و میدیا و پەروەردەدا" بەکار بهێنرێن. ئەم بنەما دەستوورییانە، ڕێکخستنێکی زمانیی کۆلۆنیال لەناو سنووری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا پێک دەهێنن، بەگوێرەی ئەمە فارسی، کە زمانی نەتەوەی-ئێتنیکی زاڵە، "زمانی هاوبەشی هەموو

ئێرانییەکانە"، بەبێ گوێدان بە ئەوەی کە زمانی دایکییان چییە، یان زمانی فارسی وەک زمانی هاوبەش پەسەند دەکەن یان نا.

زمانە بە ناو "ناوچەیی و لۆکاڵییەکان" بە شێوەیەکی ناڕوون ئاماژەیان پێ کراوە، بە شێوەیەک کە کراوەیە بۆ لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەلایەن دەوڵەت و گرووپ و بازنە فارسیگەراکانەوە. بە هۆی بارودۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتیی پاش ساڵی ١٩٧٩، کە فارسە ناسیۆنالیستەکان هەژموونی بێسنوور و ڕەهای خۆیان لەدەست دا، نەیانتوانی بەتەواوی حاشا لە هەبوونی زمانەکانی تر بکەن. نووسەرە ناسیۆنالیستەکانی دەستووری نوێی ئێران هێشتا دەیانهەوێت هەموو زمانە نافارسییەکان بخەنە ناو بەرداشی هەبوون و نەبوون. دەستوور نەک تەنیا هەر پاساو بۆ دەوڵەت دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی هیچ زمانێکی جگە لە زمانی فارسی نەخوێنرێ، بەڵکوو خوێندنی زمانەکانی دیکەش بەتەواوی لێڵ و تەمومژاوی دەکات: لە چ جێگایەک زمانە نافارسییەکان گفتوگۆیان پێ دەکرێت، لەلایەن کێ و چۆن؛ هیچ ڕوون نییە. دەقیقنەبوونی ئەم یاسایانە، بە مەبەستی کەمکردنەوەی هەر چی زۆرتری دەسەڵاتی نافارسەکانە. بەم هۆیەوەیە کە وێڕای تێپەڕبوونی چوار دەیە لە جێبەجێکردنی بڕیارە دەستوورییەکانی سەرەوە، نافارسەکان بەتەواوی لە دۆزینەوەی بەستێنێکی لەبار بۆ مافە زمانەوانییەکانیان ماونەتەوە. ئەم کەمتوانایییە لەبەرانبەر ئینتێلەجێنسیای فارسە دەسەڵاتدارەکانەوە خراپتر دەبێت، بۆیە "دەستەبژێر ڕۆشنبیر و ئەکادیمیی دەسەڵاتدار لە ئێران زۆر جار بە ترس و هاوارەوە کاردانەوەی دەبێت کاتێک کە بە دەنگی بەرز ڕووبەڕووی سووربوون لەسەر داوای مافی شوناسی ئیتنیکی دەبێتەوە..." (El-ling, 2013, p.2).

پاش چل ساڵ، خوێندنی "فارسی لەگەڵ زمانە لۆکاڵییەکان"، وەک چۆن بەڵێن درابوو لە دەستووری ئیتنۆ-تێئۆکراسی، هێشتا جێبەجێ نەبووە. دەستەواژەی "خوێندنی زمانە لۆکاڵییەکان" بە شێوازی جۆراوجۆر لێک دراوەتەوە، یەکێک لەوانە هاودەنگ لەگەڵ لێکدانەوەی هاوڕایانەی ناسیۆنالیستی فارسییە کە بانگەشەی ئەوە دەکات ڕەوازانینی زمانە نافارسەکان تایبەتە بە دەستپێشخەرییە تاکەکەسی و نافەرمییەکان. لێکدانەوەی کۆمەڵگەی باڵادەست بۆ مادەی (١٥) ئەوەیە کە دەوڵەت دەتوانێت لە دەرەوەی سیستمی پەروەردە ڕێگە بە فێربوونی بە ناو "زمانە لۆکاڵییەکان" بدات. ئەکادیمیای فارسی زۆر بەتوندی لە دژی هەر چەشنە پەروەردە و خوێندنێک بە زمانە دایکییە نافارسییەکانە.

زمانی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران -کە مەشروعیەت بە ناسیۆنالیزمی فارس دەدات-، دژبەیەک و کۆڵۆنیالیستییە. دژیەک و دووڕووانەیە، لەبەر ئەوەی حاشا لە سەرتری

و پێشتریی هەر زمان و ئێتنیک و ڕەنگێک دەکات (بەندی ١٩)، لە هەمان کاتدا فارسی بە تاکە زمانی فەرمی و زمانی گشتیی ئێران ڕادەگەیەنێت (بەندی ١٥). جیاواز لە ئیمتیازی فارسبوون، دەستوور باڵادەستییەکی ئەبەدیی بە موسوڵمانانی شیعە بەسەر ئەوانی تر داوە. باڵادەستیی ئیسلامی شیعە لە ڕێگەی مادەی (١٢)ی دەستوورەوە بەفەرمی کراوە، کاتێک دەڵێت: ئایینی فەرمیی ئێران ئیسلام و ڕێبازی ١٢ ئیمامی یان جەعفەرییە، وە ئەم بنەمایە بۆ هەمیشە بەجێگیری دەمێنێتەوە.

زمانی کۆڵۆنیالیی دەستوور لە مادەی (١٩) دا دەردەکەوێت، کاتێک کە ئێتنیسیتە لەگەڵ خێڵگەرایی بە یەک مانا بەکار دەهێنێت: "هەموو خەڵکی ئێران، سەر بە هەر ئێتنیک و خێڵێک بن، مافی یەکسانیان دەبێت و ڕەنگ و ڕەگەز و زمان و نموونەی ئەمانە، هیچ سەرتری و ئیمتیازێکیان پێ نادات." ئەم بەندە زمانی فارسی وەک زمانێکی بێهاوتا دەناسێنێت کە بەتەواوی لەوانی دیکە جیاوازە. بە هەڵاوێردنی زمانی فارسی لە بە ناو "زمانی خێڵ و گرووپی ئێتنیکی"، جارێکی تر دەستووری کۆماری ئیسلامی جەخت لە بارودۆخی تایبەتمەندیی فارسی و ئاخێوەرەکانی دەکاتەوە. بەم جۆرە، فارسەکان نوێنەری ڕاستەقینە و ئەسڵی نەتەوەن، چونکە فارسی و ئاخێوەرانی (بە واتایەکی تر فارسەکان) بە نائێتنیکی و ناخێڵەکی وێنا دەکرێن. لە ڕێگەی سڕینەوەی ئێتنیسیتە لە زمانی نەتەوەیی-ئیتنیکیی حاکم، دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران دۆخی زمانیی باڵا دەبەخشێتە فارسی و زمانەکانی دیکە دەکات بە خێڵەکی.

دەستەبژێری فارس بەتەواوەتی پشتگیریی پلەبەندیکردنی کۆمەڵگەکان دەکەن و مەشرووعیەتی ئیپستمۆلۆژیکییش بۆ وەها پلەبەندییەک دابین دەکەن. ئەوان نکوڵی لەوەش دەکەن کە فارسەکان ئیتنیکێک بن و دان بەوەشدا نانێن کە فارسی زمانی گرووپێکی ئیتنیکی بێت. ئەکادیمییە فارسەکان، وەک چەنگیز پەهلەوان، بە شێوەیەکی ئاسایی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە "فارسی زمانی زانست و ئەدەبە... و پێویستە زمانی سروشتی و نەتەوەیی هەمووان بێت... و زمانەکانی دیکە زمانی سەرەتایی (و بەدەویەت)ن". لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە، دەوڵەت و ڕۆشنبیرە دەوڵەتییەکان هەوڵی ناساندن و سەپاندنی زمانی فارسی وەکوو "زمانی سروشتیی هەمووان"یان داوە. ئەم مێژووە دووردرێژەی گوتاری ناسیۆنالیستی فارسی، دەقی نووسراوی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران پێک دەهێنێت و بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ ناوەڕۆکەکەی دیاری دەکات. هەر بۆیە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئێران -وەک دەوڵەت-نەتەوەیەک "خاوەن یەک زمان و شوناسە"- زیاتر لە دوو هەزار ساڵە کە بوونی هەیە (e.g.,Meskoob, 1992,

p.29). ڕۆشنبیرانی فارس بێ گوێدانە کەمپە ئایدیۆلۆژییەکانیان، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان هەروەک چۆن زمانی کۆلۆنیالی ئینگلیزی لە هیندستان، زمانی هیچ ئیتنیکێکی ئێران نییە. بۆ نموونە: نووسەرێکی سەڵتەنەتتەڵەب باس لەوە دەکات کە ئاماژەکردن بۆ سەروەریی فارسی —وەک زمانێکی ئیتنیکی دیکە لە ئێران—، پیلانگێڕییە لە دژی یەکڕیزیی وڵات. فارسی زمانێکە و هیچ ئیتنیکێک بە ناوی فارس لە ئێراندا بوونی نییە. بە هەمان شێوە، ئەکبەر گەنجی؛ فەرماندەیەکی پێشووی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی، بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو نازانێت واتای فارسبوون چییە (see Soleimani& Mohammadpour, 2019). کەچی ڕووناکبیرە کۆلۆنیالیستە فارسەکان، لە کاتێکدا نکوڵی لە قەومیەتی خۆیان دەکەن، بەم دواییانە بۆ شوێنەکردنی (مەعریفیی) نافارسەکان، چەمکێکی نوێی ڕۆژهەڵاتناسانەیان بە ناوی "جیهان و کۆمەڵگە پارسیانەکان[5] داهێناوە و کەڵکی لێ وەردەگرن (cf. Kia, 2016). ئەم چەمکە لەلایەن لێکۆڵەری ئۆریەنتالیست مارشاڵ جی. اس. هادجسۆن لە ساڵی ١٩٧٤ داڕێژراوە، ئێستاش بەکار دەهێنرێت بۆ "بەفارسیکردنی هەموو و هەر کۆمەڵگەیەک" کە لەوانەیە نووسەران و شاعیرەکانی لەگەڵ زمانەکانی تر؛ فارسییشیان بەکار هێنابێت.

5 Persianate world and communities

ناسیۆنالیستە فارسەکان لەسەر بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی زمانی فارسی بە زیانی زمانەکانی تر؛ کۆدەنگ و پێداگرن. هەر بۆیە کوڕی شای دەرکراو، بێباکانە دەڵێت "ئەو لە مەنتیق و لۆژیکی پەروەردە و خوێندن بە زمانی دایکی تێناگات". یان عەلی خامنەیی؛ ڕابەری باڵای بە ڕەگەز تورک، زۆر جار داوا لە فارسە ناسیۆنالیستەکان دەکات کە "هەموو شێواز و ڕێگایەکی زانستی بەکار بهێنن بۆ پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی زمانی فارسی". ساڵی پار ئەم هۆشدارییە توندانەی ڕابەری باڵا بوو وەزارەتی پەروەردەی کۆماری ئیسلامیی ناچار کرد کە ڕایبگەیەنێ کە نەبوونی لێهاتوویی لە زمانی فارسی لە قۆناغی پێش قوتابخانەدا وەک "نائاسایی" پۆلێن بکرێت و بە پێوانە تایبەتەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بەم جۆرە دەوڵەتی ئێران نەبوونی لێهاتوویی زمانی فارسی لە منداڵە نافارسەکانی باخچەی ساوایان، لە ڕێگەی گۆڕینی ئەو کێشەیە بۆ گرفتێکی بایۆلۆژی[6]، خەسارناسی کردووە[7]. دوژمنایەتیی دەوڵەت و ڕێکخراوەیی ناسیۆنالیستی فارس لەلایەن بڕیارێکی دادگای شۆڕشی ئیسلامی لە ١٤ی جولای ٢٠٢٠دا کە تێیدا سزای دە ساڵ زیندانی بەسەر زارا محەمەدی بە تۆمەتی فێرکردنی خۆبەخشانەی زمانی کوردی سەپاند؛ سیمبۆلیزە کراوە.

6 biological


7 pathologise

دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕەنگدانەوەی گوتاری ناسیۆنالیستیی پەهلەوییە و زمان و شوناسی نافارسی وەکوو خێڵەکی و بەسەرچوو ناو دەبات کە چارەنووسیان تەنیا لەناوچوونە. دەستووری ئیسلامی بە هێزی یاسا، ئێران وەک هاوواتا و هاومانای فارسبوون پێشان دەدات. هەر بۆیە پەرتووکەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدەن "سوژەی نەتەوەیی" لەژێر ڕۆحی ئەو یاسایانەدا شێوە و بیچم بدەن و تەنیا ئاماژەیەکی تێپەڕ بە زمانی دایکیی نافارسەکان دەدەن. تەنانەت لەو نموونانەشدا، ئاماژەدان بە زمانی نافارسی بەتەواوەتی سنووردارە. بۆ نموونە: لە سندووقێکی پەمەیی بچووکدا، پۆلی سێیەمی فارسی، ئاماژە بە زمانی دانیشتووانی سەر سنوور (دەربڕینێکی دیکەیە بۆ "بابەتی خێڵەکی") دەکات: "هەندێکمان بە زمانی خۆجێیی و زمانی دایکیمان قسە دەکەین، بەڵام فارسی زمانی نەتەوەیی هەموومانە و گرینگییەکی یەکجار زۆری بۆ پاراستنی نیشتیمانەکەمان هەیە" (٢٠١٨، لا١٠٣). زۆر جار پەرتووکەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، فارسی بە "ئاسایشی نیشتمانی" و "پاراستنی نیشتمان" گرێ دەدەن.

سیستمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئێرانیبوونی پێ یەکسانە لەگەڵ فارسبوون. سیستمی پەروەردەیی ئێران "فارسیبوون"ی هەمووانی پێ شتێکی ڕوون، ئاشکرا و بەڵگەنەویستە، چونکە ئامانجە بنەڕەتییەکەی؛ دروستکردنی "واقعێکی کۆمەڵایەتی"ی تەواو فارسییە. فارسی گێڕانەوەی خۆی وەکوو چیرۆکی من و ئێوە دەگێڕێتەوە، چیرۆکی من لەگەڵ چیرۆکی ئێران نیشتمانی خۆشەویستم و مێژووەکەی دەست پێ دەکات (پۆلی ٦، فارسی، ٢٠١٨، لا٣٢-٣٤). پەرتووکەکانی خوێندن زانیاریی مێژوویی هەڵە دەرخواردی قوتابییە لاوەکان دەدەن، لەبەر ئەوەی ئەوان بەمەبەست حکومەتی گرووپە ناوێکچووەکان یان فەرمانڕەوا دیکتاتۆرییەکانی مێژوو، لەگەڵ دەوڵەت—نەتەوەی مۆدێرن تێکەڵ دەکەن. هەروەها پەروەردەی دەوڵەت نکوڵی لە مێژووەکانی فرەزمانیی ئیتنۆ-نەتەوە جیاوازەکان لە فەلاتی ئێران دەکات، بە بانگەشەی ئەوەی کە هەر لە دێرزەمانەوە فارسی زمانی هاوبەشی هەمووان بووە: "[فارسی] لەگەڵ هەموو ئێرانییەک و لەسەر زمانی هەموو کەسێکە" (فارسی، ٢٠١٨). ئەم بانگەشەیەی دوایی لەگەڵ دەربڕینی بەرپرسە فەرمییەکانی ئێران دژایەتیی ڕاستەوخۆی هەیە، کاتێک ئەوە ئاشکرا دەکەن کە ژمارەیەکی دیاری قوتابیانی ئێرانی هەتا پۆلی ٦ تەواو دەکەن؛ ناتوانن بە فارسی قسە بکەن. داننەنان و نکوڵی لە نافارسەکان، لە ڕێگەی ئەم جۆرە بانگەشانەوە ڕوونتر دەردەکەوێت کە دەڵێن "زمانی نەتەوەیی ئێران (کە زمانی فارسییە)؛ شوناسی تۆیە و تۆی لە هەموو سووچێکی ئێران


و سەرانسەری جیهاندا پێ دەناسرێت" (فارسی، پۆلی ٦، ٢٠١٨، لا٣٢-٣٤).

سیستمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئێران "شوناسێکی نەگۆڕ و بێهاوتا"ی هەیە و وەک گرنگترین فاکتەری بنەڕەتی بۆ یەکڕیزیی ئێران پەرە بە زمانی فارسی دەدات. هەر بۆیە فێرخوازان وا فێر دەکرێن کە هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا زمانی فارسی توانیویەتی "شوناسی ئێرانی بەهێز" بکات (پۆلی ١١، مێژوو، ٢٠١٨، لا١٣١) و لەم هەزاران ساڵەدا "زمانی هاوبەشی ئەو گرووپە ئێتنیکییە جۆراوجۆرانە بووە کە لەسەر خاکی پانوبەرینی ئێراندا ژیاون" (پۆلی ١٠، کۆمەڵناسی، ٢٠١٨، لا٩٥). ئەوان فێر دەکرێن کە خۆشویستنی زمانی فارسی "بەس نییە، بەڵکوو [ئەوان] پێویستە وشەی 'ئەوین' بۆ زمانی فارسی بەکار بهێنن" (پۆلی ٧، فارسی، ٢٠١٨، لا١٣٨). پەرتووکەکانی خوێندن پێشنیاری ئەوە دەکەن پێویستە زمانە ناوچەییەکانی کوردی، تورکی و زمانە نافارسییەکانی تر کاریگەریی نەبێت لەسەر ئەوینی قوتابییان بۆ زمانی کۆڵۆنیالی فارسی، ئەوەش لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت زمانی فارسی من پەیوەست دەکات بە ئاخێوەرانی دیکەی فارس لە جیهاندا، ئێرانییە مۆدێرنەکان و هاونیشتمانییانم... یارمەتیم دەدات کە بڕوام بە خودا هەبێت و بیپەرستم (فارسی، ٢٠١٨، لا١٣٨-١٣٩) (وێنەی ژمارە ١).



**وێنەی ژمارە (١)**
**جوداکردنەوی ژن و پیاو لە کۆبوونەوەی ئایینیی شیعەکان (پۆلی ١، فارسی، ٢٠١٨، لا٢١)**

به پێچەوانەی زمانەکانی تر، زمانی فارسی زمانێکی بێوێنەیە کە "زانینی یارمەتیم دەدات لە هزر و هەستوسۆزی نەوەی ئەمڕۆ و ڕابردووی ئێران و ئاخێوەرانی فارسی تێبگەم و [توانام پێ دەدات] هاوبەشی ترس و هیواکانیان بم" (پۆلی ٧، فارسی، ٢٠١٨، لا١٣٨-١٣٩). لەبەر ئەوە "ئەو شتانەی ئەوان خۆشیان دەوێ، منیش خۆش دەوێن و ڕق و نەفرەتم لەم شتانەیە کە ئەوان ڕقیان لێی بووە" (فارسی، ٢٠١٨). ئەم بانگەشەیەی کۆتایی ئەوە دەردەخات کە فارسیبوونی زمانەوانی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شیعەبوون پێناسەیەکی گرینگترە. فارسی وەک زمانێکی بێهاوتا وێنا کراوە بۆ دەربڕینی هەستی مرۆڤ، چونکە "ئەوە فارسییە کە توانا و چانسی ئەوەی پێ داوم کە لە نیوەشەودا گوێ لەو گۆرانییانە بگرم کە دایکان بەدیار منداڵەکانیانەوە چریویانە... فارسی مۆسیقایەکی خۆشە کە بە درێژایی ژیانم بەگوێمدا خوێنراوە" (فارسی، ٢٠١٨). جیاواز لە زمانەکانی تر، فارسی زمانی نیشتمانپەروەرییە و لە هەر شوێنێک بە فارسی قسە بکرێت، ئەو شوێنە نیشتمانە یان ماڵمە. فارسی ڕەگوڕیشەی منە (دەمبەستێتەوە) بە نیشتمانەکەمەوە کە لە ڕێیەوە کولتووری وڵاتەکەم وەردەگرم و زیندوو دەمێنمەوە و گەشە دەکەم و دەپشکووم (فارسی، ٢٠١٨، لا١٣٨-١٣٩) (وێنەی ژمارە٢).



**وێنەی ژمارە (٢)**

**ماڵێکی پڕبەدڵ و تەواو دڵخوازی ئێرانی کە لە کتێبخانەکەیدا کتێبە پێرۆزەکانی ناسیونالیزمی فارسی-شیعی یانی شانامە و مەفاتیحولجینان نیشان دراوە (پۆلی ١، فارسی، ٢٠١٨، لا٥)**

لە ڕاستیدا، بۆ نافارسەکان، پەروەردەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو گریمانەیە بەرجەستە دەکات کە "ئەو مەعریفەیەی کە بەفەرمی فێری دەبی، مەعریفەی کەسێکی دیکەیە. کێ دەسەڵات و ڕەوایی پێ دەدا؟ ئەو مەعریفەیە هی کێیە؟" (young, 2003, p.14). مامۆستایەکی تورکی ئازەری ئەو بابەتە بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە کە "پەروەردە و فێرکردن لە ئێران بە زمانی فارسییە و پەرتووکەکانی خوێندنیش بە تاکە زمانێک دەنووسرێن... ئێمە بە زمانی دووەممان دەست بە خوێندن دەکەین... ئێمە هیچ لە بارەی کولتووری نەتەوەیی خۆمان فێر نەبووین" (Alipour & Alipour, 2016, p.177). بۆیە ئەو تێڕوانین و نیگەرانییەکانی کۆڵۆنیالی فارس کە "لەبەر ئەوەی زمانی فارسی سیمبولی شوناسی نەتەوەییە، تۆ چ پێشنیارێکت بۆ پاراستنی ئەم زمانە هەیە؟" (پۆلی ١٢، فارسی، ٢٠١٨، لا١٦٢)، بە هیچ جۆرێك لەگەڵ کۆمەڵگە بێدەسەڵاتەکاندا هاوبەش نییە. پەرتووکەکانی خوێندن و بەرهەمهێنانەوەی کولتووری بەفارسیکەر لەم بەشەی خوارەوەدا بەوردی باسی لێ دەکرێ.

### ٣. پەرتووکەکانی خوێندن و توندوتیژی لە بەرهەمێنانی سوژەی بەفارسیکراو

توندوتیژیی سیمبولیک لە ڕێگەی نکۆڵیکردن و پەراوێزخستنی ئەوانی تری ناشیعی-نافارس، بە دەربڕینی بیلیگ، بە شێوەی ڕۆژانە لە ممارەسەی نووسینی پەرتووکەکانی خوێندندا ڕوو دەدات (Bllig, 1995). سەرکوتکردنی شوناسی نافارسی-ناشیعی، یەکێکە لە ئامانجە ئایدۆلۆژییە سەرەتایی و بنەڕەتییەکانی پەروەردەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە پەروەردەی قوتابخانەی سەرەتاییەوە دەست پێ دەکات. بۆ نموونە: لە یەکێک لە وانەکاندا لەژێر ناوی "نیشتمانی ئێمە"، جێناوی ناسیۆنالیستی "هی ئێمە" ئەوە دەناسێنێ کە کێ حوکمی "نیشتمان"ەکە دەکات، لە بنچینەدا هەڵگری دەنگی ئیتنیکی حاکمە و بەم شێوەیە ئەو بابەتە دەستنیشان دەکات کە کێ ڕێگەی پێ دراوە "نەتەوە" بگێڕێتەوە (پۆلی یەکەم، فارسی، ٢٠١٨، لا٧٩). "وڵاتی ئێمە ئێرانە" و "ئێران نیشتمانی ئێمەیە" و دواتر بە تێکەڵکردنی ئایین (ئیسلام) لەگەڵ ناسیۆنالیزم، لە دەقەکەدا هاتووە کە "ئێمە نیشتمانی ئیسلامی خۆمان خۆش دەوێت" (فارسی، ٢٠١٨). دەقەکە وا دەگەیەنێت کە یان هەموو ئێرانییەکان موسوڵمانن، یان "نیشتمانی ئێمە" تەنیا هی موسوڵمانەکانە. بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی ئێران جوولەکە، مەسیحی، زەردەشتی، یارسان و... ئەوەن. پاش خوێندنەوەی وەسفێکی وەها لە "نیشتمان"، مرۆڤ دەپرسێت دەبێت منداڵێکی شەش ساڵانی ناموسوڵمان هەستی چۆن بێت؟ بەتایبەت ئەگەر بزانێت و ئاگادار بێت کە بۆخۆی موسوڵمانە؟ ئایا ئەو دەترسێت یان هەست بە پەراوێزخراوی دەکات؟ ئەی کاردانەوەی خێزانەکەی چۆنە؟ بەگوێرەی "تیۆری گوشاری

دەروونیی فەرهەنگ گۆڕینەوە[8]"، ئەم دڵەڕاوکە و نیگەرانییانە دەبنە هۆی خەمۆکی، نیشانەی پەرێشانیی زەینی، کاریگەریی نێگەتیڤ و هەروەها لاوازیی سەرکەوتنی ئەکادیمییانە لەنێوان ئەو لاوان و هەرزەکارانەدا کە فەرهەنگێکی بێگانەیان پێدا سەپێنراوە (Berry&Sam, 1996).

"تیۆری گوشاری ڕەوانیی فەرهەنگ گۆڕینەوە" لەوانەیە نەتوانێ بەتەواوەتی ئەو دۆخەی خوێندکارانی نافارس و خێزانەکانیان لە ئێران تێیدان، بگرێتەوە. ئەم تیۆرە باسی پرۆسەکانی دانوستان دەکات کە لە ڕێی ئەوەوە تاکەکان هەوڵ دەدەن بە هۆی بەرکەوتنیان لەگەڵ جیاوازییە کولتوورییەکانی وەک زمان و نەریت و بەها و نۆرم بۆ ئەنجامدانی ئاکاری گونجاو لەگەڵ بارودۆخی کولتووریی-کۆمەڵایەتییەکە خۆیان بگونجێنن (Berry & kim, 1998, Berry et al., 1987). بە پێچەوانەی خوێندکارانی کۆچبەر لە کۆمەڵگا خانەخوێ دیموکراسییەکاندا، خوێندکارانی نافارس بەرەورووی ترسی چەوساندنەوەی دەوڵەت دەبنەوە. لە ئێران زۆر جار جەختکردنە سەر شوناسی ئایینی و زمانی ئێتنیکیی کەسێک لەلایەن نافارس و ناشیعەوە، دەکرێت وەک نیشانەی نەبوونی دڵسۆزی بۆ دەوڵەت لێک بدرێتەوە و ئەگەری هەیە سزای دەوڵەتیشی بەدوادا بێت. هەر بۆیە ئاماژەکردنی پەرتووکەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە زمان، ئێتنیک و ئایینی کۆمەڵگەی حاکم، لەناو دۆخی فرەئێتنیکی و فرەزمانی و فرەئایینیی وەکوو ئێراندا، سەرەڕای ئەوەی کە دەستتێوەردان و ئاخنین لە مێشکی قوتابییەکانە[9]، زیاندار و بەئازاریشە. فەیلەسووف جودیت باتلەر دەڵێت: "نووسەرە فەرمییەکانی کتێبەکانی خوێندن کە زمانسازی دەکەن، بە گەڕانەوە بۆ دەستەواژەناسیی تۆنی مۆریسۆن توندوتیژی ئەنجام دەدەن، چونکە ئەو وشانەی کە ئاسانکاری بۆ ناسین و دانپێدانان دەکەن، خۆیان بڕیاری و پەیماننامەیین." پەیماننامەکانی ئاخنین لە مێشک کە پەیوەندیدار بە پێکهێنانی سوژەی نەتەوەیی لە ئێرانن، بە بەکارهێنانی تێڕوانینی باتلەر لە چوارچێوەیەکی کەمێک جیاوازدا، کاریگەری و ئامرازی نەریتێکی کۆمەڵایەتین کە

8 Acculturative stress theory

9 Interpellative: the term interpellation was an idea introduced by Louis Althusser (1918-1990) to explain the way in which ideas get into our heads and have an effect on our lives, so much so that cultural ideas have such a hold on us that we believe they are our own. Interpellation is a process, a process in which we encounter our culture's values and internalize them. Interpellation expresses the idea that an idea is not simply yours alone (such as "I like blue, I always have") but rather an idea that has been presented to you for you to accept. Ideologies – our attitudes towards gender, class, and race – should be thought of more as social processes. Accepting or not accepting a culture's given attitudes places one in a particular relationship with power.

زۆر جار لە ڕێگەی پەراوێزخستن و توندوتیژییەوە بڕیار لەسەر هەلومەرجە زمانییەکانی سوژە زیندووەکان دەدەن (Butler, 1997, p.5)).

خوێندکارانی ناموسوڵمان و نافارس جگە لە چەند وێنە، هیچ نیشانەیەک لە بوونی زمان و ئایین یان ئیتنیکی خۆیان لەو "نیشتمان"ەدا نادۆزنەوە. نافارسەکان بە فارسی فێر دەکرێن، تا هەستی ناسیۆنالیستی بۆ دەوڵەت و هەستێکی تایبەتیی هۆگری و دڵبەندی، دەروونی بکەنەوە. هەرکە قوتابییەکی پۆلی یەکەم هەنگاو بەرەو ژینگەی قوتابخانە دەنێت، فێر دەکرێت کە "نیشتمانی ئیسلامی"ی ئێرانی خۆش بوێت. بە ئاوێتەکردنی ناسیۆنالیزمی ئایینی لەگەڵ ئاریاییزم، پەرتووکەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامانجیان نکوڵیکردن و تواندنەوە و مێشک شوشتنەوە و تێوەردان و پەراوێزخستنی یەکجاریی کۆمەڵگە ژێردەستەکانە. بۆ نموونە: فارسیی پۆلی دووەم، جیاواز لە کتێبی تایبەتی ڕێنمایی ئایینی، کە بڕیار وایە لە ڕووی ئایینییەوە بێلایەن بێت و پەرتووکێکی پێویستە بۆ هەموو خوێندکارانی موسوڵمان و ناموسوڵمان، لە ڕێگەی باسکردنی ئێران وەک یەکەیەکی یەکپارچەی ئایینی؛ بەهاسانی شوناسی نەتەوەیی ڕێپێدراو لەگەڵ شوناسی ئایینیی فەرمی پێکەوە گرێ دەدات و دواتر دەڵێت: ئێمە ئێران و ئێرانییەکانمان خۆش دەوێت، خەڵکی وڵاتەکەمان هەموویان ئێرانین، جا لە هەر کوێیەک بژین" (پۆلی ٢، فارسی، ٢٠١٨، لا٧٩). هەروەها پەرتووکەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران موسوڵمانی سوننە وەلا دەنێن، چونکە ئەو ئیسلامە ئێرانییەی لەو دەقانەدا باس دەکرێت، بەدیاریکراوی سێکتاریستی و شیعییە. لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناموسوڵمان، دەکرێت سوننەش بە بەشێک لە ئیسلام بژمێردرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئیسلامی فەرمی ئیسلامی شیعەیە، سوننەکان حاشا و نکوڵییان لێ دەکرێ. بەم جۆرە لەبەر ئەوەی کە سوننەکان سەر بە ئیسلامی زاڵ و حاکم نین، پەروەردەی ئیسلامی وەک چوارچێوەیەکی گوتاریی کە هەبوونی مرۆڤی نافارس-ناشیعە دەکات بە هیچ.

بێ ئەوەی زیاتر بەناو باسی ئاڵنگارییەکانی ئەکادیمی و دەروونیی خوێندکارە نافارسەکاندا شۆڕ ببینەوە، دەبێ لەبیرمان بێت کە ئەم سیستمە پەروەردە فارسیکارییە بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەکە بەسەر نافارسەکاندا سەپێنراوە. ئەم جۆرە لە سەپاندن، بەتەنیا بەڵگەیە لەسەر کۆڵۆنیالیستیی سیستمەکە، چونکە چەمکی کۆلۆنیاڵ بەسادەیی هەر بە مانای "بیانی" یان "بێگانە" نییە، بەڵکوو بە مانای هەر شتێک دێت کە "بسەپێنرێت" یان "زاڵ" بێت (sefa & kempf, 2006, p.7). بە ئەو حاڵەشەوە، پاش سەدەیەک هێشتا سیستمەکە نەیتوانیوە لە فێرکردنی زمانی فەرمی لە ناوچە دوو زمانەکاندا سەرکەوتوو بێت. [بۆ نموونە] جەمشید کە بۆ ماوەی ٢٦ ساڵ وەک مامۆستای سەرەتایی وانەی وتووەتەوە، دەڵێت "هەموو کتێبەکانی

خوێندنی ئێران بە فارسی نووسراون، ئەمەش پرسێکی ڕەها و پرسیارهەڵنەگرە. هەموو تاقیکردنەوە و وەڵامەکانیش پێویستە هەر بە فارسی بن و هەموو فێرکردنێکیش دەبێت بە زمانی فارسی بەڕێوە بچێت".

کتێبەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران "نەتەوە" وەک وێکچوو[10] وێنا دەکات، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زمانی فارسی زمانی هەمووانە. ئەوان پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی ئێتنیکی فارس، وەک نموونەی ڕۆڵیی[11] بۆ پاراستنی ئێرانیبوون و فارسیکاری یان بەڕەگەزپەرستانەکردنی گێڕانەوەی "ڕابردووی نەتەوە" نیشان دەدەن. بۆ نموونە: لە فارسیی پۆلی دوودا وانەیەکی تێدایە لەژێر ناونیشانی فێردەوسی، کە تێیدا بە شێوەیەکی سەیر شیعەگەرایی و فارسیگەرایی و مێژووگەرایی تێکەڵ کراون:

ساڵی ڕابردوو لەگەڵ دایک و باوک و خوشکەکەم سەردانی ئیمام ڕەزامان (ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) کرد، باوکم وتی کە مەزاری شاعیری گەورەی ئێرانی فیردەوسی لە شاری دێرینی توسە لەنزیک مەشهەد. کاتێک ئێمە گەیشتینە توس، کەسێک بۆی ڕوون کردینەوە کە شانامە کتێبێکی زۆر بەپێزە [و] لە چیرۆکەکانی شانامەدا؛ ڕۆستەم مەزنترین پاڵەوانە. بەگوێرەی ئەو چیرۆکانەی کۆی کردوونەتەوە، فیردەوسی کارێکی شاعیرانەی نایابی خولقاندووە بۆ پاراستنی ئەو زمانە فارسییەی کە ئەوڕۆ ئێمە گفتوگۆی پێ دەکەین (پۆلی ٢، فارسی، ٢٠١٨، لا٧٧).

لێرەدا جگە لە وەرگرتنی خاڵی گرنگ و سیمبول لە ناسیۆنالیستی پەهلەوی، کتێبی خوێندن لەگەڵ گێڕانەوەی مێژوویی شیعی ئاوێتە دەبێ. سەردانەکە بۆ سەر مەزاری فیردەوسیی پاڵەوانی "نەتەوەیی" و ستایشی کەسایەتییەکی ئەفسانەیی (ڕۆستەم) لەگەڵ مەراسیمی سەردانیکردنی شیعی بۆ زیارەتگای ئیمامی هەشتەم؛ بە شێوەی هاوکات ڕوو دەدات. هەروەها، لەم گێڕانەوەیەدا لەجیاتیی شاعیرێکی فارس، وەک مەزنترین "شاعیری ئێرانی" باس لە فیردەوسی دەکات، بۆ ئەوەی نەمریی ئێران و بەردەوامییە مێژووییەکەی بەسەر بەردەنگدا بسەپێنێ و پێ بقەبووڵێنێ و بەو شێوەیە ئێتنیسیتەی شاعیر بە بیرۆکەی مۆدێرنی نەتەوەیی دەگۆڕێت (وێنەی ٣).

ئێران وەک دەوڵەت—نەتەوە، بونیادێکی سیاسیی تەواو مۆدێرنە (see vaziri, 1993). وەک بەڵگە، دەستووری ساڵی ١٩٠٦، ئێران دوو جار (بەندەکانی ١٩ و ٩٠) ئەو وڵاتەی وەکوو مەمالیکێک کە چەندین حکومەتی تێدایە؛ باس دەکات. بە هۆی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرنە کە ئێران و کۆمەڵگەی ئەوڕۆی، وەک یەکەیەکی سیاسی و جوگرافی هەستی پێ دەکرێت. بۆ کەسانێکی وەک فیردەوسی، ئەگەر

10 Homogeneous

11 Role models

بیرۆکەیەکی مەزهەبی نەبووایە، مەبەست لە ئێران دەقاودەق ناوچەی خوراسان (پارێزگایەکی باکووری ڕۆژهەڵات لە ئێرانی ئەمڕۆدا) و دەوروبەری بوو.

تەنانەت لە ساڵانی پێش شەڕی دووەمی جیهانی، زاناکانی دەوڵەت دووچاری سەرلێشێواوییەکی زۆر بوونەوە، سەبارەت بەوەی کە ئێرانیبوون چییە، ئایا ڕەگەزییە، زمانەوانییە، یان سەرزەمینییە. لە ساڵی ١٩٣٤، لە ڕاپۆرتێکی نهێنیدا بۆ نووسینگەی تایبەتی سەڵتەنەتی، بەرپرسێک نووسیویەتی: "بە هەر نرخێک بێت، دەبێت ناوچەی کوردستان لەناو ئێرانیە-تێکی ڕەسەن"دا بتوێنرێتەوە. لە ساڵی ١٩٣٧، جێگری وەزیری پەروەردە بە هەمان فەرمانگەی ڕاگەیاند کە ئەندامانی ئەو کابینەیە گومانیان هەبووە کە کوردەکان ئێرانی بن. لەبەر ئەوە، وەزارەتی پەروەردە ڤلادمێر مینۆرسکی (ڕۆژهەڵاتناسی ناسراو) و ڕەشید یاسمی (ڕۆشنبیری کوردی لایەنگری دەوڵەت) و محەمەد مەردۆخ (زانای ئایینی بەناودەنگی کورد) ی ڕاسپارد بۆ نووسینی پەرتووکی جیاواز تا بیسەلمێنن کە کوردەکان "بێگەردترین و دێرینترین و بەشێکی دانەبڕاوی ئێرانن". بە شێوەیەکی ڕوونتر، نامەکە ئاشکرای دەکات کە ئەو پەرتووکانە بەشێک بوون لە ئەجێندایەکی گەورەتری دەوڵەت کە ئامانجی "بەهێزکردنی ڕۆحی ئێرانی-یێتی بوو لەناو کوردەکاندا، لەلایەن دامودەزگا ڕۆشنبیرییە مۆدێرنەکان" (وێنەی ژمارە ٤). هێشتا پەرتووکەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران فیردەوسی (شاعیرێکی سەدەی ١١) وا دەناسێنن وەک ئەوەی ئەو ئێرانی بەم شێوە مۆدێرنە وێنا کردبێت یان وەک ئەوەی هەزاران ساڵ پێش سەرهەڵدانی ناسیۆنالیسمی مۆدێرن، ئەو بۆ ڕزگارکردنی "ئەو فارسییەی ئێستا کە گفتوگۆی پێ دەکەین"؛ پرۆژەی ناسیۆنالیستی هەبووبێت.




**وێنەی ژمارە (٣)**
**گۆڕەکانی ئیمامی هەشتەم، فیردەوسی و حافزی شیرازی (پۆلی ٢، فارسی، ٢٠١٨، لا٨٠)**


وزارت فرهنگ

ریاست دفتر مخصوص شاهنشاهی

سال گذشته در هیئت وزیران مذاکره شد چون راجع به نژاد و ملیت کردها که ایرانی خالص هستند پاره ای گفتگوهای ناشایسته پیش آمده مناسب است برای جلوگیری از انتشارات ... علاوه بر آنکه برای استحکام روح ملیت ایرانی در کردها بوسیله تاسیسات جدید فرهنگی اقدام شده اقدامات دیگری نیز بعمل آید از جمله کتاب و رساله هائی با مدارک و اسناد راجع باین موضوع و اینکه کردها از عناصر خالص ایرانی قدیم و جزء لاینفک این کشور هستند تالیف و نشر گردد و بر طبق تصویب هیئت وزیران آقایان رشید یاسمی استاد دانشگاه تهران — مورخ کردستانی — استاد مینورسکی خاورشناس معروف و استاد آموزشگاه زبانهای شرقی در لندن مامور شدند که کتابهای لازم را تالیف نمایند. اینک آقایان رشید یاسمی و مورخ کار خود را بپایان رسانیده و کتابهائی را که لازم بوده است تالیف و تسلیم وزارت فرهنگ نموده اند. چون البته مقصود از تالیف کتابها این بوده است که چاپ و منتشر شود مقتضی است مراتب را بعرض پیشگاه مبارک اعلیحضرت همایون شاهنشاهی رسانده اوامر مبارکه را راجع بچاپ کتابهای مزبور باین وزارت ابلاغ فرمایند.

در پایان معروض میدارد استاد مینورسکی نیز مشغول است ولی هنوز کار خود را بپایان نرسانده است. کفیل وزارت فرهنگ

**وێنەی ژمارە 4.**

نووسەرانی فەرمیی پەرتووکەکانی خوێندن، فارسبوونی هەموو فێرخوازان وەک دیاردەیەکی حاشاهەڵنەگر، ڕوون و بەڵگەنەویست دەنوێنن. فێرخوازان پێیان دەوترێت یان فێر دەکرێن کە پێویستە ببن بە "کێ"، لەبەر ئەوەی کتێبەکان نکوڵی لە شوناسی حەقیقیی ئەوان دەکەن. هەروەک هەموو سیستمەکانی ژاکۆبەن لە سیستمی پەروەردەی ئێراندا، "کولتووری خودی فێرخوازە دوو زمانییەکان دەبێتە ژێردەستی کولتوورەکەی دیکە" (see cheung-blunden & juang, 2018, p.1). چیرۆکەکانی ئیتنۆ-نەتەوەی حاکم کە ڕەنگدانەوەی کولتووری و ئایینی و بایەخە هاوبەشەکانی دیکەی هەیە، مێژووی "نەتەوەیەکی ویستراو" پێک دەهێنن، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە چۆن دەسەڵات "گەمەی دووانەی حاکمیەت" دەقۆزێتەوە، کە سروشتی هۆگری و پێبەندی و هەروەها مۆراڵی کۆمەڵگە دیاری دەکات و لە ئەو ڕێگایەیەوە پاساو بۆ پەراوێزخستنی لایەنەکەی دیکەی دەهێنێتەوە (بڕوانە: yiftachel, 2006, pp.37-45).

هەر لەو کتێبەدا وانەیەک هەیە بە ناوی "ئێرانی جوان"، کە لەگەڵ باسکردنی جوانیی وڵاتەکەدا، وانەکە هەوڵێکە بۆ ئەوەی خۆشەویستیی ئێران بخزێنێتە ناو مێشکی منداڵەکانەوە. بۆیە بابەتی جۆراوجۆر تێکەڵ دەکات، تا هەستی ناسیۆنالیستی-ئایینی لەلای خوێندکارەکان بەهێز بکات. وانەکە بەنەتەوەییکردن و بەئیتنیککردنی ئەو ناوچە و فەزایە بە جەختکردنەوەی تەواو لەسەر هەبوونی مێژووی فارسەکان بەهێز دەکات. غیابی مێژوویی و فەزایی ئەوانی دیکەی ژێردەست، واقعی پەروەردەیی ئێران پێک دەهێنێت (سەیری پۆلی ٢، فارسی، ٢٠١٨، لا٧٩-٨١ بکە). سیمبولە جوگرافییەکانی وەک چیای ئەلبورز و کەسایەتییە مێژوویی-مەزهەبی و فارسە-شیعەکانی وەک ئیمامی هەشتەم و گۆڕی فیردەوسی و حافز لەگەڵ شوێنەوارە مێژووییەکانی پێش ئیسلام وەک تەختی جەمشید، بە شێوەیەکی بەرچاو بە زبانی نافارسەکان بەرجەستە دەکرێت. وانەکە سەردەمی پێش ئیسلام و سەردەمی ئیسلام لە ڕێی ناساندنی تەختی جەمشید و قەڵای بەم (سیمبولی کولتووریی هەخامەنشییەکان) و

شوێنە ئایینی و نەتەوەییەکانی چەرخی ئیسلامی لێک گرێ دەدا، بۆ ئەوەی کە مێژووی نەپساوە و بەردەوامی بانگەشەبۆکراوی نەتەوەیی ئێران بە شێوەیەکی هاسان و لەبەردەست بەرهەم بێنێت (seeBillig, 1995).

بونیاتنانی ئێستا و ڕابردوو لە پەرتووکەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیدا، تەنیا هەوڵێک نییە بۆ ئیمتیاز و سەرتریدان بە ئیتنیکی فارس، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ لابردنی ڕەهای ناشیعەی نافارس لە "فەزای مێژووی نەتەوەیی"دا. فێرخوازە نافارسەکان نە شوێنەواری نیشاندەرە کولتوورییەکانیان دەدۆزنەوە، نە هیچ ئاماژەیەک بە شوێنەوارە مێژووییەکانی باوباپیرانیان دەکرێت. ئەم پەرتووکانەی خوێندن؛ بارودۆخ، فەزا و سەرزەمینەکان بەفارس دەکەن. ئەگەر سیستمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامیی ئێران تاکە سەرچاوەی زانیاری بووایە دەربارەی "ژیانگە"ی کۆمەڵگەکان، خوێندکارانی باخچەی ساوایان تا پۆلی ١٢ هەرگیز نەیاندەزانی کە بەلووچ و لوڕ و کورد و تورک و تورکمانەکانیش خاوەنی شیعر و مۆسیقا و ئەدەب و مێژوون.

جارجارە ئاماژەی دەگمەن و ناڕوون بۆ بوونی نافارسەکان دەکرێت و زۆر جار بچووکیان دەکاتەوە بۆ قەوارەی خێڵەکی و بەخۆشحاڵییەوە ڕۆڵی مەرزدارانیان (پاسەوانی سنووری نیشتمان) پێ دەبەخشێ و وایان وێنا دەکات کە دڵخۆشن کە بەو شێوەیە سەیر دەکرێن. سەردەستەکان جێناوی ئێمە بەکار دەهێنن، "ئێمە بیر لەوانە دەکەینەوە کە لەسەر سنوورەکانی نیشتمان دەژین وەک بەرگریکاری ڕاستەقینەی سنوور. ئێمە خەڵکی سەرسنوورمان خۆش دەوێ... هەندێکمان، لە بەشە جیاوازەکانی وڵاتدا، بە زمانی خۆجێیی و زمانی دایکمان قسە دەکەین، بەڵام فارسی زمانی نەتەوەیی هەموو ئێرانییەکانە و بۆ پاراستنی نیشتمان گرنگە" (پۆلی ٣، فارسی، ٢٠١٨، لا١٠٢-١٠٣). لێرەدا پەیوەندیی پلەبەندیی حاکم و ناحاکم (یان پەراوێزی ناوەند) ڕوون دەبێتەوە. "ئێمە"ی حاکم بە ناساندنی ئەوان بە "لۆکاڵی و ناوچەیی" خۆی لە کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکان دوور دەخاتەوە. لە ڕێگەی ئەو ئاماژە بە دیمەن جوانە (بەڵام لە ناخەوە سووک و بێڕێزانە) بۆ شوناسی نافارس و ناوهێنانیان وەک مەرزدار و خەڵکانی سەر سنوور، کتێبەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەربڕینی ناسیۆنالیستیی فارسی دووپات دەکاتەوە و ترس و نکوڵیی ئێستای دەسەڵات بەتایبەت کاتێک کە باسی زمانە نافارسەکان دەکات؛ نیشان دەدا. هەروەها، ناوهێنانی ناڕوونی "زمانە ناوچەیی و لۆکاڵییەکان"، تێڕوانینی ئیتنیکی دەسەڵاتدار سەبارەت بە هەڕەشەی شاراوەی زمانە نافارسییەکان ڕوون دەکاتەوە.

کتێبەکانی خوێندن لە ڕێگەی حاشاکردنی نیشانە کولتوورییەکانی نافارسەکان و هاوکات لەگەڵ دەربڕینی ناهۆشیارانەی ترس لەو هەڕەشەیەی کە هەست و ویستی دوورکەوتنەوە

لە ناوەند دەتوانێ هەیبێت، فۆرمێکی کۆلۆنیالیستی لە "سەرکوتی فرۆیدی" پیشان دەدەن. فۆرمێک لە سەرکوت کە ئەوپەڕی ئەو "بیر و خۆزگانە [بۆ هاوچەشنکردن و یەکجۆرکردنی هەمووان] نیشان دەدات و لە مەڵبەندێکی نهێنیدا (ترسەکان) خۆی حەشار دەدات" (see Billg, 1999, p.12). ڕەشید کە مامۆستایەکە لە سەقز، دەڵێت: "هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەموو نیشانەکانی کولتووری و زمانەوانیی نافارسی-ناشیعە، کاتێک هەستی پێ دەکرێت کە پەرتووکەکانی خوێندن ئاماژە بە پرسی ناسنامە لە ئێران دەکەن". ئەوەش دەڵێت: "پەرتووکەکانی خویندن ئەوەی پێی دەڵێن 'شوناسی نەتەوەیی ئێران' پێناسە دەکەن و لەم پێناسەیەدا هیچ شتێک جگە لە زمان و مێژووی فارس، جێگەی نابێتەوە (کە ئاوێتە بە دینداری کراوە). ئەگەر شوێنپێیەک لە بوونی نافارس هەبێت، ئەوا تەنیا لە شێوەی هەندێک ئاماژەی ناڕوونی وەک 'خواردنی لۆکاڵی'دا باسی لێ دەکرێ."

### ٤. پەرتووکەکانی خوێندنی ئیسلامی: ئیتنیسیتە و مێژووگەرایی ئارياییگەرا

گێڕانەوەی کتێبەکانی خوێندنی ئیسلامی سەبارەت بە "نەتەوە"، ڕەگەزپەرستانە و ئارياییگەرانەیە. بەگوێرەی ئەو جۆرە گێڕانەوەیە، ئێرانی و هیندی و زۆربەی ئەورووپییەکان سەر بە هەمان نەژادی ئاریایین. ئەم "ئەفسانە مۆدێرنە" بە بەکارهێنانی دەستەواژەی کۆلن ڕێنفروس (Arvidson, 2006, p.5)، سەرچاوەیەکی لەم بانگەشەیەی ولیام جۆنسەوە گرتووە (١٧٤٦-١٧٩٤). بە بڕوای جۆنس، لاتینی و یۆنانی و سانسکریت (لەوانەیە فارسیی کۆنیش بگرێتەوە)، سەر بە هەمان خێزانی زمانن (olender, 1992, p.8). لە ئەورووپای سەدەی ١٨دا، ئەم گێڕانەوە نوێیە سەبارەت بە ڕەگەزی هاوبەشی گەلانی ئەورووپا و میتۆدە نوێیەکانی بەراوردکاری زمانەکان، کە لە ئاکامدا زانستی فیلۆلۆژی یا وشەناسیی لێ کەوتەوە، لەگەڵ هەستی نەتەوەپەرستیی بێدارکراو، جێگای ئەو گێڕانەوەی کڵێسای گرتەوە کە دەیکوت زمانی عیبری یەکەم زمانی مرۆڤایەتی بووە (see olender, 1992).

بە ناساندنی ڕووباری گەنگ لە هیندستان وەک باخی عەدەنی ئارياییەکان و لەگەڵ ئاشنابوونی ئەورووپییەکان بە سانسکریت، باخی عەدەنی [تەورات] پێگەی مێژوویی خۆی لەدەست دا و بوو بە هۆی خێرایی دروستکردنی دەستەواژەی هیندۆ–ئەورووپی. دۆزینەوەی بابەتی هیندۆ–ئەورووپی بووە هۆی تامەزرۆیی و شەوقێک کە زۆر لە زانستی وشەناسیی هەڵسەنگاندن[12] وە پێشکەوت. دۆزینەوەی زمانێک کە نە تەنیا هیندۆ–ئەورووپی، بەڵکوو ئارياییش بووە، کاریگەریی هەبوو لەسەر هەموو زانستەکانی مرۆڤ، لە مێژووەوە بۆ دیرۆکناسی[13]

12 Comparative philology

13 mythology

و دواییش "زانستی ڕەگەزناسی" (olender, 1992, p.7). فریدریچ شلیگڵ لە ساڵی ١٨١٩ واتای "ئاریایی" (Aryan)ی لە وەرگێڕانی ئاریاوە (ariya) بۆ پۆلێنی ڕەگەزی مۆدێرن گۆڕی، کە دەستبەجێ سەرنجی هاوچەرخەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا (zia-Ebrahimi, 2016, p.150).

لێکۆڵینەوەکانی {ڕۆژهەڵاتناسی ئۆریەنتالیستی} کاریگەریی هەبوو لەسەر هەندێ خوێندەواری فارس لە کۆتایی سەدەی ١٩، وەک ئاخوندزادە و کرمانی و وردەوردە یارمەتیی ئێرانییەکانی دا ئاشنا بن لەگەڵ لایەنەکانی گوتاری نەژادی ئاریاییزم (zia-Ebrahimi, 2016, p.104). لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی ٢٠دا، نزیکیی گوتاری ناسیۆنالیستیی ئێرانی لەگەڵ پێشینەی ئاریاییزمی نازی لە ئێران، بە شێوەیەکی سەرەکی بە هۆی کاریگەریی گرووپێکی ڕووناکبیری فارسەوە بوو کە ناسرابوون بە بازنەی بەرلین، کە ڕۆژنامەی "کاوە"یان بڵاو دەکردەوە (لە ساڵی ١٩١٥-١٩٢١)، کە "کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ناسیۆنالیزمی ئێرانیی مۆدێرن و کولتووری سیاسیی ئێرانی هەبوو" (Mtin-Asghari, 2014, p.54). توێژەری ئێرانی مەرعەشی، دەڵێت کە "بە واتایەکی گرنگ، مێژووی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کاوە دەستی پێ کرد (Marashi, 2008, p.53). نووسەرانی ڕۆژنامەی کاوە لە سیاسەتیاندا بەئاشکرا لایەنگری ئەڵمان بوون و "دەسەڵاتی ڕۆشنبیریی ئەڵمانییان لەئامێز دەگرت (Mtin-Asghari, 2014, p.54). دواتر، هەمان بازنە ڕۆژنامەی دیکەی وەک ایرانشهریان بڵاو کردەوە کە "نوێخوازی ئایدۆلۆژییەکەیان بەتوندی ڕەگی لە ژینگەی کولتووری وەیماری ئەڵمانیادا بوو، شتێک کە مێژوونووسانی مۆدێرنیتەی ئێران پشتگوێیان خستووە و بەئانقەست گرنگیی پێ نادەن (Matin-Asghari ,2018, p.64). هەر چەندە تیۆری ڕەگەزی ئاریایی لە مێژە ڕەت کراوەتەوە، بەڵام "ئێرانییەکان بەردەوامن لە ئاماژەدان بە ڕەگەزی ئاریایی و بانگەشەکانیان سەبارەت بەم خێزانە ڕەگەزییە". ئەم بانگەشانە تەنانەت لە بەرهەمە زانستییەکانیشیاندا دیارە (zia-Ebrahimi, 2016, p.148).

ڕێکخراوە و دامەزراوە جیاوازەکانی دەوڵەتی پەهلەوی، بەتایبەتی سیستمی پەروەردە، ئایدۆلۆژیای ئاریایی بڵاو دەکردەوە. سیستمی پەروەردەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە جێگری پەهلەوییە، زۆر بە تاسە و تامەزرۆیی گوتاری ئاریایی بڵاو دەکاتەوە. کتێبەکانی خوێندنی فارسی–ئیسلامی وەک ڕاستییەکی ڕەها مامەڵە لەگەڵ "ئەسڵی ئاریایی"ی زۆربەی ئێرانییەکان دەکات، تا ڕادەیەک تەنانەت ئایەتوڵڵا خومەینی لە دوا وەسێتیدا ئاماژە بە جیاوازیی ڕەگەزی "ئاریایی و سامییەکان" دەکات. پەروەردی فارسی-ئیسلامی نیشانی داوە کە ئیسلامگەرایی لێکدانەوەکانی ڕەگەزپەرستی و ناسیۆنالیستی لە ئیسلام لەئامێز دەگرێت. دەبێت تێبینیی ئەوە بکەین کە بیری ئیسلامیی مۆدێرن لە

بنچینەدا پۆستکۆلۆنیالییە، بەو مانایەی کە بەریەککەوتنی کۆلۆنیالیزم و بەرهەمهێنانەوەی تیۆرەکانی ڕەگەزی کۆلۆنیالی بەقووڵی کاریگەریی تێدا کردووە (soleimani, 2016, 2017). پەرتووکەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک تەنیا بە باسکردن لە خۆجیاوازیی ڕەگەزی هەرڕۆژەی موسوڵمانی شیعەوە، بەڵکوو بە بانگەشەی بەردەوامیی "تایبەتمەندیی ڕەگەزی بێهاوتا"ی ئێرانییەکان، ئەو واقیعیەتەی نیشان دەدەن (بۆ بەرهەمهێنانەوەی هەرڕۆژەی نەتەوە[14]، سەیری: بیلیگ، ١٩٩٥، بکە). ئەمەش بیرۆکەی مێژوویی–بایۆلۆژیی ڕەگەز لە ئێران پێک دەهێنێت، خاڵێکی داهێنەرانەی فەیلەسووفی فەڕەنسی ئێتیان بالیبار پشتڕاست دەکاتەوە، کە دەڵێ "بیرۆکە نەژادییەکان زۆر پێویستن بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەی ڕەگەزپەرست. لە ڕاستیدا هیچ ڕەگەزپەرستییەکی بێ بیرۆکە بوونی نییە" (Balibar et al.,1991, p.18).


ئەم بیرۆکە مێژوویی-بایۆلۆژییەی ڕەگەز، فارسەکان وەک نەتەوەیەکی ئاریایی بە تایبەتمەندیی بێهاوتا لە نەخشاندنی مێژوو و شارستانیەت و دەوڵەت، لە گەڵی دیکە جیاواز دەنوێنێ. بۆ نموونە: کتێبی پەروەردەی کۆمەڵایەتیی پۆلی چوارەم، چیرۆکی کوڕێک دەگێڕێتەوە کە گەشتی بۆ شاری هەمەدانی دێرین کردووە، کە لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ گردێکی مێژوویی، ڕێنیشاندەرێکی فەرمی پرسیار لە کوڕەکە دەکات کە ئایا زانیویەتی "بۆچی بە وڵاتەکەمان دەوترێت ئێران؟" (2018, p.47). دواتر ڕێشاندەرەکە خۆی ڕوونی دەکاتەوە: "ئێران بە واتای خاکی ئارياييەکان دێت: نەجیب و بەڕێز (2018, p.47). تێڕوانینی هاوشێوە لە مێژووی جیهانی و ئێرانی دێرینی پۆلی (١٠) دووبارە بووەتەوە، کە بانگەشەی ئەوە دەکات "کۆچکردنی گرووپە ئێتنیکییە ئارياييەکان (ئەقوام) بۆ دەشتاييەکانی ئێران خاڵێکی وەرچەرخانە بۆ نیشتمانی خۆشەویستمان" (2018, p.80) (وێنەی ٥). پاش بانگەشەیەکی ڕەگەزپەرستانە لە ڕێگەی گێڕانەوەیەکی مێژوویی هەڵە و وەک چاتەرجی دەڵێ "کلاسیکیکردنی نەتەوە[15]"، دەقەکە ڕایدەگەیەنێت: ئێران لە وشەی ئاریان وەرگیراوە کە بە واتای خاکی ئاریانەکان دێت [و] ئاریانی بە واتای نەجیب و ئازاد دێت (٢٠١٨، لا٤٧).

ئارياييزمی سەردەمی پەهلەوی و ناسیۆنالیزمە ئەزلیگەرا فارسییەکەی، کە زیا-ئیبراهیمی بە ناسیۆنالیزمی جێگۆڕکەپێکراو باسی دەکات، شێوە دەدات بە خەونی ئیسلامگەرایی نەتەوەی فارس و بناغەکانی پەروەردە ناسیۆنالیستەکەیان پێک دەهێنێت. لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا، پەیوەندیی نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزمی فارسی جارجار و ناڕوونتر بوو. هەر چۆنێک بێت، هەندێ ڕووناکبیری وەک ئەوانەی "ایرانشهر"یان بڵاو

14 banal reproduction of the nation

15 Classicization of the nation

دەکردەوە، هەوڵیان دەدا شیعیزم وەک پایەیەکی شوناسی "ئێرانی" و وەک وەشانێکی بەفارسیکراوی ئیسلام بناسێنن (Matin-Asghari, 2018, pp.64-65). لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەک توێژەری ئێرانی مێهرداد کیا دەڵێت: "ناسیۆنالیزمی فارسی نەیدەتوانی ڕابگەیەنێت کە بواری مەعنەوی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئەوە، مەگەر ئەوەی کە هەڕەشە لە هەژموونی ئیسلام بکات، چونکە قەڵەمڕەوەی مەعنەویی ئێران لەژێر دەسەڵاتی پیاوانی مەزهەبی شیعەدایە" (kia, 1998, p.9). بۆیە "هەندێک ناسیۆنالیستی فارس، مێژوو و زمان و کولتووریان گۆڕی بە ئامرازەکانی ئایدۆلۆژی بۆ بنیاتنانی شوناسێکی نەتەوەیی یەکسانی مۆدێرن، کە فارسی بوو نەک ئیسلامی و سێکۆلار بوو نەک مەزهەبی" (kia, 1998). مێهرداد کیا بەتەواوەتی ڕاست دەکات لە تێبینیکردنی ئەوەی کە ڕۆشنبیرانی ناسیۆنالیستی فارس، لە هەوڵەکانیاندا بۆ پێکهێنانی شوناسی نەتەوەیی، بەتەواوی "ئەم ڕاستییە بنەڕەتییەیان پشتگوێ خستووە کە ئێران فارس و فارسی نییە، بەڵکوو زیاتر مۆزایکی گرووپی ئێتنیکی و زمانەوانی و ئایینی جۆراوجۆرە. هەر گرووپێک خاوەنی مێژوو و کولتوور و زمان و بایەخی ئایینی و نەریتی خۆیەتی" (kia, 1998).



**وێنەی ژمارە (٥)**
**ئێران واتە وڵاتی ئاریاکان: حەڵکی نەجیب و بەڕێز (پۆلی ٤، پەروەردەی کۆمەڵایەتی، ٢٠١٨، لا٤٧)**

کۆماری ئیسلامیی ئێران فارسیزمی پەهلەویی بە میرات بۆ هات و لەگەڵ ئیسلامگەراییە شیعییەکەی گونجاندی. بۆیە لە ڕووی ڕەگەزپەرستی/ئاریاییگەرایی سروشتی یان شکۆمەندیی "ڕابردووی نەتەوە"، کتێبەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامی زۆر هاوشێوەی کتێبەکانی پەهلەوین. بەو حاڵەوە، کتێبەکانی خوێندنی

کۆماری ئیسلامیی ئێران، فۆڕمێکی نوێی گێڕانەوەی ناسیۆنالیستی فارسی دەناسێنێت کە بەلانی کەمەوە بایەخێکی یەکسانی لەگەڵ شیعەگەری هەیە. بەگوێرەی گێڕانەوەی ناسیۆنالیستی ئیسلامگەرا، ئیسلام کاریگەریی "هەڵکەوتەیی فارس"ی لەسەر جیهان بە شێوەیەکی فراوانتر زیاد کردووە و دەرفەتێکی مێژوویی داوەتە فارسەکان بۆ نیشاندانی "هێزی کولتووری/ڕەگەزیی جیاوازی ئەوان". بەم شێوەیە، "ئێرانیبوون"ی وێناکراو لە سەردەمی ئیسلامدا بووەتە بزوێنەری پێشکەوتنی موسوڵمانانی جیهان. هەندێک جار شارستانیەتی ئیسلامی وەها دەناسێنرێ کە بە شێوەیەکی ڕوون ئێرانییە، یان لەسەر بیری [داهێنەری] ئێرانی دامەزراوە" (پۆلی ١١، کۆمەڵناسی، ٢٠١٨، لا٣٠).

هەبوونی نافارسەکان لە فەلاتی ئێران بە شێوەیەکی ئاسایی پشتگوێ دەخرێت، بۆیە ئەوە فارسەکانن کە لە ڕێگەی زمانە مەزنەکەیان و میراتی نەتەوەییان بوون بە بکەری سەرەکیی مێژوو و پێشکەوتنی موسوڵمانان. "کاتێک موسوڵمانان ئەو زەوییانەیان داگیر کرد، دەستیان گرت بەسەر زانست و تەکنەلۆژیای گەلەکەیدا و شاکاری نەتەوەکانی ئێران و یۆنانیان لە زمانی فارسی (پەهلەوی) و یۆنانی بۆ عەرەبی وەرگێڕا" (پۆلی ٨، پەروەردەی کۆمەڵایەتی، ٢٠١٨، لا٥٣). دووبارە "بە هۆی شارستانیەت و کولتووری مەزنیان، ئێرانییە موسوڵمانەکان هاوکارێکی گەورە بوون لە پێکهێنان و پێشخستنی کولتوور و شارستانیەتی ئیسلامیدا، [چونکە ئێرانییەکان] لە زانست و هونەردا خاوەنی مێژوویەکی دوورودرێژن" (پەروردەی کۆمەڵایەتی، ٢٠١٨، لا٦٩-٧٢). پاش "سەرهەڵدانی ئیسلام و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی، گەلێک نەتەوە لەژێر ئاڵاکەیدا یەکیان گرت، شارستانیەتێکی مەزن و بێوێنەیان دروست کرد. [بەڵام] لە دروستکردنی ئەو شارستانیەتەدا، ئێرانییەکان گرنگترین ڕۆڵیان هەبووە" (پەروەردەی کۆمەڵایەتی، ٢٠١٨، لا١٠٨). جێی ئاماژەیە لە سەردەمی پێش مۆدێرنیتەدا، موسوڵمانەکان هەرگیز هیچ دەوڵەتێکیان بە دەوڵەتی ئیسلامی ناوزەد نەکردووە. ئەو ناوهێنانە لە بنچینەدا ئیسلامگەرایانە و مۆدێرنە و کارەکتەری پۆستکۆڵۆنیالی ئیسلامیی مۆدێرن ئاشکرا دەکات، کە لەپشتی چاویلکەی "ئەوی دیکەی غەیرەئیسلامەوە" دەڕوانێتە خۆی.

ئەو تێڕوانینە ڕەگەزی و ئیتنیکگەرایانەی کە حوکمی کتێبەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەن، ویست و ئۆگرەتی کۆڵۆنیالیستییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ پاکتاوکردنی نافارسەکان لە فەزای مێژووی "نەتەوەیی"دا نیشان دەدات. کۆڵۆنیالیزەکردنی مێژوو، بابەتێکی گرینگی

توێژینەوەکانی پۆستکۆڵۆنیالە و هەندێک لە توێژەرانی پۆستکۆڵۆنیال دەبێژن:

بۆ گەلانی بەکۆڵۆنیکراو، ڕزگاربوونیان لە کۆڵۆنیالیزم بریتییە لە پێداچوونەوە بە ڕابردوو، کە پێشتر لە مێژووە کۆڵۆنیال و نەتەوە کۆڵۆنیالیستەکاندا وەلا نرابوو. ئەوان پێویستە سەردەمی مێژووی کۆڵۆنیال لە ڕوانگەی شوێن و گەلەکەیانەوە بناسنەوە. زانیاری لەسەر ڕابردوو، هەروەها تا ڕادەیەک پێویستە کە ئێمە وەک گەلێک ئەو زانیارییە بە شێوەیەکی "بەرپرسیارانە" بەکار بهێنین (sefa Dei&kempf, 2006, p.1).

کۆڵۆنیزەکردنی ڕابردوو و ڕێزگرتن و ستایشکردنی "فارسە دێرینەکان" لە پەرتووکەکانی خوێندنی دەوڵەتی ئیسلامیدا، بەڵگەیە لەسەر خودژێدەریی ڕەگەزپەرستانە و پرۆژەکانی پلەبەندییە ڕەگەزپەرستانەکانی ئێستایان، ویست و پەیوەندییەکانیان لەسەر ڕابردوویەکی دوور. بۆ نموونە: پێمان دەوترێت "داریۆش یەکەم فەرمانی کرد کە تەختی جەمشید بونیات بنرێت [و] سەدان کەس لە گرووپە ئیتنیکی و نەتەوە جیاوازەکان، کە لەژێر فەرمانڕەوایی هەخامەنشییەکاندا دەژیان، بەشدارییان لە بنیاتنانیدا کرد. ئەوان وەک کرێکار کاریان دەکرد، بەڵام گرووپە ئیتنیکییە فارسەکان ئەندازیاری ڕاستەقینەی بوون (پۆلی ٤، پەروەردەی کۆمەڵایەتی، ٢٠١٨، لا٥٢).

لە تێڕوانینی ناسیۆنالیستیی فارسییەوە، "مێژووی نەتەوە" بە ئیمپڕاتۆریەتی هەخامەنشینی دەست پێ دەکات، بەتایبەت لەگەڵ فەرمانڕەوایی کوروش (٥٣٠–٥٥٩پ. ز). بۆ هاوئاهەنگکردنی شکۆی پێش ئیسلامی "ڕابردووی فارس" لەگەڵ شکۆی ئیسلامیدا، ناسیۆنالیزمی ئیسلامی ئیتنیکی فارس وەکوو تاکە "مێژووساز"ی وڵاتەکە نیشان دەدەن. کتێبەکانی خوێندنی دەوڵەتی ئیسلامی کوروش "وەکوو کەسێکی بە ئیتنیک فارس دەناسێنن (کە) فەرمانڕەوایی ئەو گەلانەی دەکرد کە خاکەکانیان بە میهرەبانی و ڕێزەوە داگیر کردبوون" (پۆلی ٤، پەروەردەی کۆمەڵایەتی، ٢٠١٨، لا٥١. پۆلی ٧، پەروەردەی کۆمەڵایەتی، ٢٠١٨، لا١١٩). پێمان دەوترێت کە داگیرکارییەکانی کوروش وەکوو "یەکێک لە مەزنترین و مرۆڤدۆستترینەکانی جیهان چاوی لێ دەکرێت (و) کوروش هێمایە بۆ کولتووری مرۆڤدۆستی و لێبوردەیی ئێرانییەکان. زۆرێک لە توێژەران جاڕنامە یان پەخشنامەی کوروش بە یەکەمین پەخشنامەی مافەکانی مرۆڤ ناو دەبەن" (پۆلی ١٠، مێژووی جیهان و ئێران، ٢٠١٨، لا٨٣). بەم ناوهێنانە نەگونجاوە لەگەڵ مێژوودا و ناوهێنانی جاڕنامەی کوروش وەک "پەخشنامەی مافەکانی مرۆڤ"، کتێبەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خستنەڕووی چەمکێکی

مۆدێرن بۆ کاتێکی زۆر کۆن و دێرین، شوێن پێشینەکەی پەهلەوی کەوتوون (see Zia-Ebrahimi, 2016).

کتێبەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر جار وێنای جیهانێکی مێژوویی دەکەن کە تەنیا بە "حەقیقەتە جێگرەوەکانی خۆیان" پشتگیری دەکرێ، لەبەر ئەوە کتێبەکانی خوێندنی دەوڵەتی ئیسلامی ناتەباییەکی زۆر نیشان دەدەن. بۆ نموونە: لە کاتێکدا قارەمانی مێژوویی ڕاستەقینەی فارسەکان کوروش و هەخامەنشینەکانن، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گەلی ئێران "بۆ ماوەی زیاتر لە ٧ هەزار ساڵە" بوونی هەیە (پۆلی ٩، کۆمەڵناسی، ٢٠١٨، لا٩٥)، یان ئەوەی کە "بۆ هەزاران ساڵە ئێمەی ئێرانی نەورۆز جەژن دەگرین" (پۆلی ٢، فارسی، ٢٠١٨، لا٩٥). بەم شێوەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە "نەتەوە بەم وێنەیەی ئەمڕۆی، لە ٧ هەزار ساڵ پێش ئێستاوە هەیە"!

کتێبەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران دروست وەک ئاخوندزادە، کە باوکی ڕەگەزپەرستیی ناسیۆنالیستیی فارسە (zia-Ebrahimi, 2016, p.49)، هیچ گومانێکیان نانوێنن کە گوایە ئێرانییەکان هەموو لە یەک ڕەگەزن و گەلێکی ئارایی هەڵبژێردراون. لە وانەیەکدا بە ناوی "دیاریی ئێران"، بۆ هەموو جیهان کە ڕووی قسەی لەگەڵ منداڵێکی نموونەیی فارسە، وانەی فارسیی پۆلی هەشتەم منداڵانی ئێران هۆشیار دەکاتەوە:

ڕۆڵەی من... خاکەکەمان خاکێکی زۆر دێرینە کە لە مێژە مەزنترین و سەرفرازترین وڵاتی جیهانە، بەڵام ئەوەی وڵاتمان لە وڵاتانی زلهێزی تر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە وڵاتی ئێمە هەمیشە زەویی ڕووناکی و پیرۆزی و دانایی و ڕۆشنگەری بووە. ئێرانییەکان هەمیشە بە ئازایی و داناییەوە مامەڵەیان لەگەڵ گەلانی تردا کردووە. هۆکارێک هەیە کە خاکەکەمان پێی دەوترێت ئێران، خاکی ئازادی و (خەڵکانی) ئازادە. مەزنترین و بەنرخترین دیاریی ئێران بۆ سەرزەوییەکانی تر، بیر و عەقڵ و کولتووری داهێنەرەکەی (ئێران) بووە. ڕۆڵەکەم... تۆ ئێرانت خۆش دەوێت، چونکە تۆ لە ڕەگەزی ئێرانیی خانەدانی. لەو کەسە پاکانەی کە ژیانیان تیشک دەداتەوە بە خۆشەویستیی ئێران و دڵیشیان بە ناویەوە لێدەدات (و) ئێستای ئێران بە ڕابردووە شکۆمەندەکەیەوە گرێ دەدات (فارسی، ٢٠١٨، لا٣٠-٣١).

کتێبەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک تەنیا بانگەشەی بەردەوامییەکی نەپچڕاو لە مێژووی "نەتەوە" و ڕۆڵی جیاوازی خەڵکەکەی لە ڕۆشنکردنەوەی خاکی گەلانی دیکەدا دەکەن، بەڵکوو ئاماژە بە یەکسانیی ڕەگەزی وڵاتەکە و یەکگرتوویی زمانەوانییەکەشی دەکەن. "بنەچە و ڕەگەزی ئێرانی"، کۆدێکن بۆ یەکسانکردنی فارس

لەگەڵ تەواوی وڵاتەکە یان دانانی داوایەک لەسەر چوونیەکیی ڕەگەزی هەمووان بۆ نکوڵی لە بوونی نافارسەکان. هەروەک حەمزە، مامۆستایەکی تەمەن ٤٣ ساڵ لە مەریوان، ئەوە دووپات دەکاتەوە "جەختکردنە سەر ڕابردووی شکۆدار و یەکگرتوویی ڕەگەزی دێرین و مێژووی ئێرانییەکان، پرەنسیپێکی بنەڕەتیی ناسیۆنالیزمی ئێرانییە کە دەقی هەموو کتێبەکانی خوێندنی فارسی، لە مێژووەوە بۆ کۆمەڵناسی و زانیاریی ئایینی، پێک دەهێنێت".

یەکسانکردنی و بەیەککردنی فارس لەگەڵ هەموو ئەو دانیشتووانەی ئێستای جوگرافیای ئێران، مەبەستی شاردراوەی دەقی کتێبەکانی خوێندنە و لە ڕێگەی بانگەشەی وەک "لە سەردەمی نیشتەجێبوونی ئارییەکان لە خاکی ئێران، فارسی زمانی ئاخاوتن و نووسینی خەڵکی ئەم خاکە بووە"، پەرەی پێ دەدرێ. کتێبەکانی خوێندن "ڕەگەز" و زمان ئاوێتە دەکەن و بە ڕاگەیاندنی ئەو قسەیە کە "فارسی ڕەگوڕیشەی شارستانیەتی دێرینی ئێرانە"، کە لە سەردەمی ئیسلامیشدا بەردەوام بووە و هەموو گرووپە ئێتنیکییەکانی جوگرافیای ئێرانی یەک خستووە، "بانگەشەی بێپسانەوەیی و بەردەوامیی مێژووی وڵاتەکە دەکەن" (فارسی، ٢٠١٨، ل ١٢٥). هەروەها ئێمە پێمان دەوترێت کە فارسی زمانی هەموومان بووە بە ئەو جۆرە کە "فارسیی کۆن" لە سەردەمی هەخامەنشینیدا، "فارسیی ناوەند" یان "پەهلەوی" لە سەردەمی سلوکی و ساسانیدا [و] دواتر "دەری" لە سەردەمی ئیسلامیدا قسەی پێ کراوە" (فارسی، ٢٠١٨، لا ١٥٠).

قۆناغەکانی پەرەسەندنی زمانی فارسی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردن و هەروەها لێکۆڵینەوەی پێشووتری ڕۆژهەڵاتناسی لەلایەن مێژووناسە فارسیگەراکانەوە پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێت. مستەفا وەزیری باسی ئەم پڕۆژە ئارییایەگەراییە تێکەڵکەرەی ئیتنیسیتە و زمان لە لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی پێشوودا دەکات و دەڵێت:

ناوی دێرینی فارسی ئاماژەیە بۆ ئیتنیکێک نەک یەک زمان. بەکارهێنانی وشەی فارسی لە ڕووی نەزانییەوە بۆ ئاماژە بە زمانی فارسی لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، لەسەر هیچ بنەمایەک نەبووە جگە لە بەردەوامیدانی خەیاڵی گەل و زمان لە سەردەمە دێرینەکاندا، بەتایبەتی سەردەمی ساسانییەکان تا سەردەمی ئێستا. هەر بە ئەو لۆژیک و مەنتیقە بووبوو کە زمانی فارسی پاش تێپەڕین لە فارسیی دێرینی هەخامەنشینەوە بۆ فارسیی ناوەندیی ساسانییەکان، قۆناغی سێیەمی بۆ دانرا... وەک براون دەڵێت: "ئەم گەشەسەندنە تا ڕادەیەک لە دەربڕینەکانی 'ئینگلیزیی کۆن'، 'ئینگلیزیی ناوەند' و 'ئینگلیزیی

مۆدێرن’ دەچێت“ (vaziri, 1993, p.69).

ئەمە لە کاتێکدایە، زماناس بێهروز شوجاعی دەڵێت: ”بۆ ماوەی ٥٠٠ ساڵ لە ساڵی ٢٥٠ی پێش زایین بۆ ٢٢٦ی دوای زایین، پارتی[16] زمانی فەرمی بووە [و] هیچ شوێنەوارێکی زمانی فارسی بوونی نەبووە، [هەر چەندە] مێژوونووسانی فارس زیرەکانە وەک ’فارسیی ناوەند’ ئاماژەی پێ دەکەن“ (shojai, 2019, p.19). لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو نووسراوەکانی پەیوەست بە هەخامەنشینەکان و ساسانییەکان (وەک هەڵکۆڵراوەکانی بێستوون، تەختی جەمشید، نەقشی ڕۆستەم، هەڵکۆڵراوەکانی کوروش، ئەردەشیری یەکەم لە تەختی جەمشید، داریۆشی دووەم و ئەردەشیری دووەم و سێیەم) سێ زمانەن: بە ”فارسیی کۆن“، ئیلامی و بابلی نووسراون (Finn, 2011, p.219). سەرەڕای هەڵەی بنەڕەتیی جۆراوجۆر لە گێڕانەوەی مێژووناسیی ناسیۆنالیستیی فارسیی ”نەتەوەی فارس“، هێشتا پەرتووکەکانی خوێندنی ئیسلامی هەمان گێڕانەوەیان لەخۆ گرتووە و بێباکانە ئەوە دەڵێنەوە کە ”لە سەردەمی نیشتەجێبوونی ئارياييەکان لەسەر خاکی ئێران، فارسی بووەتە زمانی نووسین و ئاخاوتنی گەلانی ئەم خاکە“ (پۆلی ٧، پەروەردەی کۆمەڵایەتی، ٢٠١٨، لا ١٥٠).

16 Parthian

**ئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە پیشانی بدەین کە کتێبەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ پڕوپاگەندەی ناسیۆنالیزمی فارسی، ئاریاییزم و شیعیزم نووسراون، کە پێکهاتەی بنەڕەتیی ئەوە شتەن کە دەوڵەت و دەسەڵاتی ئیتنۆ-نەتەوەی وەک ”شوناسی ئێرانی“ پێناسەی دەکەن. چەندین کۆمەڵگەی ناشیعە و ناموسوڵمان لە جوگرافیایەکدا کە بە ئێران ناسراوە؛ دەژین. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەئایین و فرەزمانە. لە ڕێگەی بەفەرمیکردنی شیعیزم و زمانی فارسی و پەراوێزخستنی ئایین و زمانەکانی تر بۆ دەرەوەی خێڵایەتی و خۆجێیەتی، یاسا فارسیگەرانەکانی دەوڵەت و سیاسەتەکانی پەروەردە ڕێخۆشکەرن بۆ کۆڵۆنیالیزمی شیعە و بەفارسیکردنی کۆمەڵگە.

دەوڵەت بەڕاشکاوی نکوڵی لە بوونی زمانە نافارسەکان ناکات. کتێبەکانی خوێندن، هەر چۆنێک بێت، بە بەردەوامی و لێزانانە سەرنجی فێرخوازان ڕادەکێشن تا ئاگادار بن لەو هەڕەشە شاراوانەی کە زمانە نافەرمییەکان بۆ ”یەکپارچەیی نەتەوە“ دروستی دەکەن. پەرتووکەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر ”جێگەی جیاوازی“ زمانی فارسی وەک دابینکەری یەکپارچەیی نەتەوەیی و خاکی ئێران، کە نیشانەی ”شوناسی نەتەوەییە“ و وەک

پارێزەرێکی "کولتووری ئێرانی" وایە؛ جەخت دەکەنەوە. بەو شێوەیەیە کە دەوڵەت و ناسیۆنالیستە فارسەکان، فارسی یەکسان دەکەن بە هەموو کۆمەڵگەکان و زمان و کولتووری نافارسەکان ئەمنیەتی دەکەن و ئێران وەک وڵاتێکی یەک زمان و یەک کولتوور و یەک مێژوو دەناسێنن. ناسیۆنالیستە فارسەکان (چ ئایینی بن، یان سێکولار یان چەپ) سوورن لەسەر چوونیەکیی ئەم کۆمەڵگەیانە. ئەو تێڕوانینانە بە باشترین شێوە لەم وتەیەی خوارەوەی ئیحسان یارشاتەر مامۆستای زانکۆ بەرجەستە دەبن، کە دەڵێت "زمانی ئێرانی یان پارسی (نەک فارسی، تکایە)، خەزێنەی بیر و هەست و بایەخەکانی ئێرانییە و کۆگای هونەرە وێژەییەکەیەتی. تەنیا لە ڕێگەی خۆشویستن و فێربوون و فێرکردنەوە و لە هەمووان گرینگتر دەوڵەمەندکردنی ئەم زمانەیە کە شوناسی ئێرانی بەردەوام و جاویدانی دەبێت" (Yarshater, 1993, p. 142).

بەپێی کتێبەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، باڵادەستیی زمانی فارسی بەسەر ئەوانی تردا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی پێش زایین (پۆلی ١٠، مێژووی دێرینی جیهان و ئێران، ٢٠١٨، ل٨٤) و تا ئێستاش بەردەوامە. پێمان دەوترێت لەگەڵ دەستپێکی حوکمی هەخامەنشییەکاندا، فارسەکان توانایەکی بێوێنە و نائاساییان لە دەوڵەتداری و بونیاتنانی نەتەوە و پێشکەوتوویی و بازرگانی و تەکنەلۆژیادا هەبووە (پۆلی ٩، مێژووی دێرینی جیهان و ئێران، ٢٠١٨، ل٨٩). ئێرانییەکان لەبەر لێهاتوویی و باڵادەستییان لە بواری تەکنەلۆژیادا، لەلایەن یۆنانییەکانەوە ئیرەییان پێ براوە (پۆلی ٧، پەروەردەی کۆمەڵایەتی، ٢٠١٨، ل١٣٧). تەنانەت فارسەکان کاتێک وەکوو ڕاوێژکاری سەرۆکایەتی یان وەزیر خزمەتیان دەکرد، زانایی بۆماوەیی و بێکۆتایی خۆیان پێشکەش بە پاشای ڕەگەزەکانی دیکە کردووە کە جیاواز لە فارسەکان، ئەو تایبەتمەندی و باکگراوەندە شارستانێتییەیان نەبووە (پۆلی ١١، مێژوو، ٢٠١٨، ل١١٤-١١٧). پێمان دەوترێت کە فارسەکان لە مێژوودا یارمەتیی ئەو فەرمانڕەوایانەیان داوە تا بە شێوەی دادپەروەرانە و لێبوردانە مامەڵە بکەن و پشتیوانیی پیاوانی زانست و هونەر بکەن (پۆلی ٥، پەروەردەی کۆمەڵایەتی، ٢٠١٨، ١٠٣-١٠٩).

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە ئەوە نیشان بدەین کە ئیسلامگەرایی -ئەو لۆژیکەی کە حوکمی نووسینی پەرتووکەکانی خوێندن دەکات لە ئێران- بەئاسانی دەتوانێت تیۆری ڕەگەزپەرستی و مێژووناسی لەئامێز بگرێت. لە کاتێکدا مەزهەبی شیعە بناغەی ئایدۆلۆژیی پەروەردەی نەتەوەیە، کە بانگەوازی فەرمیی شیعە لەگەڵ کۆڵۆنیالیزمی فارسی پێک دێنن. پەرتووکەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران

بانگەشەیەکی بێوێنە سەبارەت بە ڕۆڵی مێژوویی ڕەگەزی فارسی-ئاریایی دەکەن لە بونیاتنانی دەوڵەت و ڕۆشەنگەری لە جیهاندا (پۆلی ٨، فارسی، ٢٠١٨، لا٣٠-٣١). پەرتووکەکانی خوێندن لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەشی شیعەی ناسیۆنالیزمی فارسی بە تامەزرۆییەکی گەورەوە نیشان دەدات، ئەوکات کە دەربارەی ژیانی ئیمامەکانی شیعە قسە دەکات و ڕکابەرەکانی شیعە بە شێوەیەکی نەرێنی باس دەکات. پەرتووکەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، زۆر جار لە ڕێگەی ئاماژەی بەردەوام بە "ئایینەکەمان" و "نیشتمانی ئیسلامیمان" نکوڵی لە بوونی ناموسوڵمانەکان دەکات. پەرتووکەکان ئاماژەی سەرلێشێوێنەریان لە بارەی ئەهلی سوننە تێدایە، لە کاتیکدا شیعەگەرایی بەشێک و گورزەیەکی ڕۆژانەی بەرهەمهێنانەوەی "نەتەوە"یە.

پەرتووکەکانی خوێندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای ئاماژەکانیان بە شوێن و کات و ژیان و ناوچەی "نەتەوە"، یادی "خودبەڵگەنەویستی"ی شیعەبوونی نەتەوە بەبیری خوێندکاران دەهێننەوە. ئەم لێدوانەی خوارەوەی حەمزە (مامۆستایەکی خەڵکی مەریوان)، ئەرکی پڕوپاگەندەی ئایینی لە پەرتووکەکانی خوێندن لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا کورت دەکاتەوە، کاتێک کە دەڵێت مەزهەب پایەیەکی سەرەکییە بۆ خودژێدەریی ئێران کە دەوڵەت لە سەردەمی دوای شۆڕشدا بڕیاری لەسەر داوە. سیستمی پەروەردە بەها بەم شوناسە دەدات و دەوڵەت لە ڕێگەی خودژێدەریی مەزهەبییەوە هەوڵ دەدات کەسایەتیی فێرخوازان دروست بکات. پەرتووکەکانی خوێندن زۆر بێباکانە ئایینی فەرمی وەک ئایینی باڵا وێنا دەکەن، کە دەبێتە هۆی قەیرانی ئیتنیکی و مەزهەبی".

پێزانین:
ACKNOWLEDGEMENTS
We are greatly indebted to Anthony K. Shin and Metin Yuksel for reading their paper and offering his invaluable insights.

ORCID
Kamal Soleimani https://orcid.org/0000-0003-0370-5930
Davoud Osmanzadeh https://orcid.org/0000-0002-5059-7744

ENDNOTES

1 http://archive.fo/wip/YXqsZ. Last visited, 28 March 2020.

2 http://archive.fo/wip/YXqsZ. Last visited, 28 March 2020.

3https://www.parliran.ir//UploadedData/1/Contents/pdf/ghanoon%20asasi.pdf. Last visited, 20 March 2020.

4https://www.parliran.ir//UploadedData/1/Contents/pdf/ghanoon%20asasi.pdf. Last visited, 20 March 2020.

5 For instance, see an article by a member of the Farsi Association (Parsi Anjoman). http://archive.fo/m12x6. Last visited, 29 March 2020.

6 http://www.iranchamber.com/government/laws/constitution_ch01.php. Last visited, 23 March 2020.

7 http://www.iranchamber.com/government/laws/constitution_ch03.php. Last visited, 30 March 2020.

8 https://parsianjoman.org/?p=6380. Last visit-

11(2), 167–182.

Althusser, L. (1971). Lenin and philosophy and other essays. New York and London: Monthly Review Press.

Arvidsson, S. (2006). Aryan idols: Indo-European mythology as ideology and science. Chicago: University of Chicago Press. Asgharzadeh, A. (2007). Iran and the challenge of diversity: Islamic fundamentalism, Aryanist racism, and democratic struggles.

New York: Palgrave Macmillan. https://doi.org/10.1057/9780230604889

Balibar, E., Wallerstein, I. M., & Wallerstein, S. R. I. (1991). Race, nation, class: Ambiguous identities. New York: Verso.

Berry, J. W., & Kim, U. (1988). Acculturation and mental health. In P. R. Dasen, J. W. Berry, & N. Sartorius (Eds.), Health and cross-cultural psychology: Towards application (pp. 207–236). Newbury Park, CA: SAGE.

Berry, J. W., Kim, U., Minde, T., & Mok, D. (1987). Comparative studies of acculturative stress. International Migration Review, 21(3), 491–511. https://doi.org/10.1177/019791838702100303

Berry, J. W., & Sam, D. (1996). Acculturation and adaptation. In J. W. Berry, M. H. Segall, & C. Kagitcibasi (Eds.), Handbook of cross-cultural psychology (Vol. 3). Social Behavior and Applications. Boston: Allyn & Bacon.

Billig, M. (1995). Banal nationalism. California: Sage.

Billig, M. (1999). Freudian repression: Conversation creating the unconscious. Cambridge: Cambridge University Press. Butler, J. (1997). Excitable speech: A politics of the performative. Hove, East Sussex: Psychology Press.

Cheung-Blunden, V., & Juang, L. (2008). Expanding acculturation theory: Are acculturation models and the adaptiveness of acculturation strategies generalizable in a colonial context? International Journal of Behavioral Development, 32(1), 21–33. https://doi.org/10.1177/0165025407084048

Elling, R. (2013). Minorities in Iran: Nationalism and ethnicity after Khomeini. New York: Springer. Farsi (textbook). 1397/(2018). 1-st to 12th grades. Tehran: Vezarat-e Amuzesh va-Parvaresh.

Finn, J. (2011). Gods, kings, men: Trilingual inscriptions and symbolic visualizations in the Achae-

ed, 1 April 2020.

9 See Elaha-ye Boghrat. http://archive.fo/4CJT1, Last visited, 30 March 2020.

10 http://www.araznews.org/fa/?p=50112, Last visited, 30 March 2020.

11 http://farsi.khamenei.ir/newspart-index-?tid=2635. Last visited, 23 March 2020.

12 http://archive.fo/x4eZn. Last visited, 30 March 2020.

13 http://archive.fo/wip/YXqsZ. Last visited, 28 March 2020.

14 See 'A Class Divided', https://www.youtube.com/watch?v=1mcCLm_LwpE&t=11s&ab_channel=FRONTLINEPBS% 7COfficial. Last visited, 20 November 2020.

15 See Op-Ed, New York Times, 2 June 1995.

16 The eighth Shi'i Imam whose tomb is in the city of Mashhad.

17 https://m-hosseini.ir/mashrot/articles-3/278.pdf. Last visited, 4 April 2020.

18 See an important discussion by Persian scholar Ali Reza Manaf Zadeh on the religious and geographical meaning of Iran. https://www.youtube.com/watch?v=o_Drf6KL4-g. Last visited, 1 April 2020.

19 Sazman-e Asnad-e Milli, document no. 33388/297. Archived place 408 k3 ab 1.

20 See Khomeini's Last Will. https://archive.fo/wip/RVghO. Last visited, 2 September 2020.

21 Kellyanne Conway (Trump's Press Secretary) coined this phrase, https://edition.cnn.com/2017/01/22/politics/ kellyanne-conway-alternative-facts/index.html. Last visited, 10 September 2020.

22 This could partly explain Persian primordial nationalist reaction to the movie 300, exemplified by a Persian academic's bitter commentary, stating that 'Snyder [the filmmaker] has gone through all this trouble and these expenses to demonize an ancient and forgotten empire only to give a perfect picture of the empire in which he lives'.

See http://aalisthoughts.blogspot.com/2007/08/movie-300-critical-review-by-hamid.html. Last visited, 9 August 2020.

REFERENCES

Alipour, N., & Alipour, L. (2016). Amuzesh-e Chandfarhangi va Qowmiyyet dar Barnameh-ye Darsi. Journal of Research in Psychology and Education,

the Persian language. Washington D.C.: Mage Publisher. Nozaki, Y. (2006). War memory, nationalism, and education in postwar Japan, 1945–2007. New York: Routledge.

Olender, M. (1992). The languages of paradise: race, religion, and philology in the nineteenth century. Cambridge, MA: Harvard University Press.

Ram, H. (2000). The immemorial Iranian nation? School textbooks and historical memory in post-revolutionary Iran. Nation and Nationalism, 6(1), 67–90. https://doi.org/10.1111/j.1354-5078.2000.00067.x

Saleh, A. (2013). Ethnic identity and the state in Iran. New York: Palgrave. https://doi.org/10.1057/9781137310873 Sefa Dei, G. J., & Kempf, A. (2006). Anti-colonialism and education; the politics of resistance. Leiden: Brill.

Shojai, B. (2019). Persian sweet sugar or venom from hell? Tishk, 21(53), 18–32.

Social Science Education [taʿlimat ijtimaʿi, textbook]. 1397/(2018). 3rd- to 9th- grades. Tehran: Vezarat-e Amuzesh va-Parvaresh. Sociology [Jame ʻeh Shenasii, textbook]. 1397(2018). 3rd- to 9th-grades. Tehran: Vezarat-e Amuzesh va-Parvaresh.

Soleimani, K. (2016). Islam and competing nationalisms in the Middle East 1876–1926. New York: Palgrave Macmillan. Soleimani, K. (2017). Modern Islamic political thought, 'Islamism' and nationalism. Journal of Humanities and Cultural Studies

R&D., 2(1), 1–16.

Soleimani, K., & Mohammadpour, A. (2019). Can non-Persians speak? The Sovereign's narration of "Iranian identity".

Ethnicities, 19(5), 925–947. https://doi.org/10.1177/1468796819853059

Vaziri, M. (1993). Iran as imagined nation: The construction of national identity. New York: Paragon House. Yarshater, E. (1993). Persian identity in historical perspective. Journal of Iranian Studies, 1(2), 141–142.

Yiftachel, O. (2006). Ethnocracy: Land and identity politics in Israel/Palestine. Philadelphia: University of Pennsylvania Press. Young, R. J. C. (2003). Postcolonialism: A very short introduction. Oxford: Oxford University Press.

Zia-Ebrahimi, R. (2016). The emergence of Iranian nationalism: Race and the politics of dislocation. New York: Columbia University Press.

menid Empire. Ars Orientalism, 41, 219–275.

Gharbavi, A., & Mousavi, S. A. (2012). A content analysis of textbooks: Investigating gender bias as a social prominence in Iranian high school English textbooks. English Linguistics Research, 1(1), 43–49.

Gutek, G. L. (1997). Philosophical and ideological perspectives on education. New York: Pearson.

Hall, M. (2014). Gender representation in current EFL textbooks in Iranian secondary schools. Journal of Language Teaching and Research, 5(2), 253–261.

Higgins, P., & Shoar-Ghaffari, P. (1991). Sex-role socialization in Iranian textbooks. NWSA Journal, 3(2), 213–232. History (textbook). 1397/(2018). 9th- to 12th grades. Tehran: Vezarat-e Amuzesh va-Parvaresh.

Hodgson, M. G. (1974). The venture of Islam: Conscience and history in a world civilization. Chicago: University of Chicago press. Ilahe, S., & Sayfullahi, S. (2012). Mutala'e ve Barrasiy-e Tathir-e Amuzesh beh Zaban-e Madari bar Afzayesh-e Danesh

Amuzan. Journal of Sociological Studies, 4(16), 65–83.

Kalan, A. (2016). Who's Afraid of Multilingual Education: Conversations with Tove Skutnabb-Kangas, Jim Cummins, Ajit Mohanty, and Stephen Barry about the Iranian Context and Beyond. Bristol, England: Multilingual Matters.

Kia, M. (1998). Persian nationalism and the campaign for language purification. Middle Eastern Studies, 34(2), 9–36. https:// doi.org/10.1080/00263209808701220

Kia, M. (2016). Indian friends, Iranian selves, Persianate modern. Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East, 36(3), 398–417. https://doi.org/10.1215/1089201x-3699019

Marashi, A. (2008). Nationalizing Iran: Culture, power, and the state. Seattle and London: The University of Washington Press. Matin-Asgari, A. (2014). The Berlin Circle: Iranian nationalism meets German counter modernity. In K. S. Aghaie, & A.

Marashi (Eds.), Rethinking Iranian nationalism and modernity. Austin: The University of Texas Press.

Matin-Asgari, A. (2018). Both eastern and western: An intellectual history of Iranian modernity. Cambridge: Cambridge University Press. https://doi.org/10.1017/9781108552844

Meskoob, S. (1992). Iranian national identity and

# مافی نەتەوەیی کورد لە سیستمی سیاسیی ئێراندا

توێژەر: دیلان هەردی

تێگەیشتن لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە مافی کورد، پێویستی بە قووڵبوونەوە و وردبوونەوە لەناو سیستمی کۆماری ئیسلامییە. واتە دەبێ لە پێشدا جۆری سیستمە سیاسییەکە بناسین، ئینجا بزانین تا چەند لەو جۆرە سیستمەدا چانسێک بۆ دەستەبەربوونی مافی نەتەوەیی کورد هەیە؟ تا چەند کورد لەو سیستمەدا وەکوو پێکهاتەیەکی نەتەوەیی سەیر دەکرێ، تا لە چوارچێوەی ئەو سیستمەدا دان بە مافەکانیدا بنرێ؟

لە پێناسەی هاوچەرخی ڕژێمە سیاسییەکاندا، دیموکراسی وەکوو پێوەرێک بۆ بەراوردکردنی ڕژێمە سیاسییەکان بەکار دەهێنرێ. هەر ڕژێمێک کە وڵامدەری تایبەتمەندییەکانی دیموکراسی



نەبێ، وەکوو رژێمێکی نادیموکراسی ئەژمار دەکرێ. زۆر حکومەت هەن کە لەناو دەستووری بنەڕەتیی وڵاتەکەیاندا خۆیان وەکوو رژێمێکی کۆماری پێناسە دەکەن، بەڵام دیموکراسی نین. لە بەرامبەردا، هەندێک حکومەت هەن کە خۆیان وەکوو پاشایەتی پێناسە دەکەن، بەڵام دیموکراسین. هەتا ساڵی ١٩٦٠، رژێمەکان بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبوون: دیموکراسی و دیموکراسی (یان تۆتالیتار)، بەڵام دواتر رژێمە نادیموکراسییەکانیش بەسەر دوو دەستەدا دابەش کران: ئۆتۆریتەر و تۆتالیتار. یەکەم تیۆری رژێمە ئۆتۆریتەرەکان لەلایەن "ژوان لەنز"ەوە توێژینەوەی لەسەر کرا کە بە شێوەیەکی ورد توانیی جیاوازی لەنێوان تۆتالیتاریزم و ئۆتۆریتاریزم و هەروەها جۆرەکانی دیکەی رژێمە نادیموکراسییەکان دابنێ[1]. ژوان لەنز پێی وایە کە رژێمە ئۆتۆریتەرەکان و تۆتالیتارەکان بە لانی کەمەوە یەک تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەردووکیان نادیموکراسین[2].

1 Ergun ÖZBUDUN, Authoritarian Regimes in International Encyclopedia of Political Science, edited by Bertrand Badie, Dirk Berg-Schlosser & Leonardo Morlino, Thousand Oaks: SAGE Publications, 2011, p. 2.

2 Linz, Juan J. « L'effondrement de la démocratie, autoritarisme et totalitarisme dans l'Europe de l'entre-deux-guerres », Revue internationale de politique comparée, vol. 11, no. 4, 2004, pp. 531-586.

لە چەند دەیەی ڕابردوودا توێژینەوەی زۆر لەسەر سیستمی سیاسیی ئێران ئەنجام دراون، هەر کام لە توێژینەوەکان هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی سیستمی سیاسیی ئێران دەخەنە بەر لێکۆڵینەوە و لەسەر ئەو بنەمایەش پێناسەی دەکەن. بۆ بەشێکیان، سیستمی سیاسیی ئێران سیستمێکی ئۆتۆریتەر یان دەسەڵاتخوازە کە پلۆرالیزمێکی سنووردار تێیدا بوونی هەیە. لەو سیستمەدا هەندێک گرووپی سیاسی ڕێگەیان پێ دراوە کە بە شێوەیەکی سنووردار بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن و لەو ڕێگەیەوە هاوڵاتییانیش بتوانن بە شێوەی سنووردار کاریگەرییان بەسەر دەسەڵاتەوە هەبێ. بەشێکی دیکە لە توێژینەوەکان ورد دەبنەوە سەر هەندێک تایبەتمەندی، کە سیستمی سیاسیی ئێران وەکوو سیستمێکی تۆتالیتار یان تەواوخواز پێشان دەدا، چونکە دەسەڵاتێکی مەزهەبیی بێسنوور هەموو دەسەڵاتەکانی دیکەی ناو سیستمی سڕ کردووە و هەر جۆرە پلۆرالیزمێک و بەشدارییەکی هاوڵاتییانی پەک خستووە. ئەو دەسەڵاتە مەزهەبییە کە لەلایەن ڕێبەری ئایینییەوە نوێنەرایەتی دەکرێ، لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیایەکی بەهێزی دەوڵەتییەوە بە ناوی "ویلایەتی فەقیه" جێبەجێ دەکرێ کە هەموو جۆرە چالاکییەکی سیاسیی وڵات سنووردار دەکا. نزیک بە تەواوی توێژینەوەکان بەو

ئەنجامە گەیشتوون کە رژێمی سیاسیی ئێران رژێمێکی نادیموکراسییە، لەبەر ئەوەی بنەماکانی دیموکراسی لەنێو ئەو ئەو رژێمەدا بوونیان نییە.

ژوان لەنز لە کتێبەکەیدا (تۆتالیتاریزم و ئۆتۆریتاریزم)[3]، شیکردنەوەیەکی بەراوردکاری بۆ پێناسە جیاوازەکانی تۆتالیتاریزم دەکا و لە ئەنجامدا سێ تایبەتمەندیی بنەڕەتیی سیستمێکی تۆتالیتار دەستنیشان دەکا: ١. هەبوونی ئایدۆلۆژیا، ٢. تاک حیزبی یان هەبوونی ئۆرگانی دیکەی تەیارکردن، ٣. تاکێک کە دەستی بەسەر هەموو دەسەڵاتەکاندا گرتووە. لەنز پێی وایە ئەو سێ تایبەتمەندییانەن کە تۆتالیتاریزم لە رژێمەکانی دیکە جیا دەکەنەوە، بەڵام دەبێ هەر سێ تایبەتمەندی پێکەوە بوونیان هەبێ، چونکە هەر کام لەو تایبەتمەندییانە بەتەنیا لە رژێمە ناتۆتالیتارەکانیشدا بوونیان هەیە.

ئەگەر پێناسەکەی ژوان لەنز بە بنەما بگرین، سیستمی سیاسیی ئێران دەچێتە خانەی سیستمە تۆتالیتارەکانەوە، چونکە هەرسێ تایبەتمەندییەکە بوونیان هەیە: ١. لە سیستمی سیاسیی ئێراندا ئایدیۆلۆجیایەکی بەهێز بە ناوی ویلایەتی فەقیه بوونی هەیە کە لە شیعەگەرییەوە سەرچاوەی گرتووە. ٢. تەنیا یەک گرووپی سیاسی دەسەڵاتی لە دەستدایە کە خۆیان بە حیزبوڵڵا دەناسێنن. ٣. رێبەری کۆماری ئیسلامی دەستی بەسەر هەموو دەسەڵاتەکاندا گرتووە.

ئێستا کە تا ڕادەیەک جۆری سیستمی سیاسیی ئێران دەرکەوت، پێویستە بزانین تا چەند لە چوارچێوەی سیستمی سیاسیی ئێراندا باسکردن لە مافی کورد ڕێگەپێدراوە، یان دانی پێدا نراوە؟

لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا، دەوڵەت یان حکومەت بەتەواوەتی بەسەر کۆمەڵگا و تاکدا زاڵە و بە شێوەیەکی زۆرەملێیانە دەستتێوەردان لە تەواوی سێکتەرەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەکا و لەو سیستمەدا هەموو جیاوازییەکی نەتەوەیی، ئایینی و چینایەتی ڕەت دەکرێنەوە و هەوڵ دەدرێ کۆمەڵگەیەکی یەکڕەنگ دروست بکرێ. هەر بۆیەش لە ئێران، هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، بابەتێک بە ناوی مافی نەتەوەیی ڕەت کرایەوە و تەنانەت بووە هۆی هێرش بۆ سەر کوردستان و قەدەغەکردنی هەموو حیزبە کوردییەکان. بۆ زیاتر باسکردن لەو بابەتە، لە بەشی یەکەمدا هەوڵ دەدەین بزانین لە ڕووی یاساییەوە دەستووری بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی چلۆن دەڕوانێتە کورد و مافی نەتەوەیی کورد. هەروەها لە بەشی دووهەمدا

3 Juan LINZ, Régimes Totalitaires et Autoritaires, Paris : Lynne Rienner Publishers, Éd. Boulder. Trad. Armand Colin., 2000.

سەرنج دەدەینە لایەنی کردەیی کۆماری ئیسلامی و ئەو سیاسەتانەی بەکردەوە لەهەمبەر کورد لە ئێران گرتوویەتە بەر.

## بەشی یەکەم: مافی نەتەوەیی لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا

سیاسەتی سیستمێکی تۆتالیتار، سیاسەتی یەکڕەنگکردنی کۆمەڵگایە و نەک هەر جیاوازیی نەتەوەیی، بەڵکوو جیاوازیی بیروباوەڕیش ڕێگەی پێ نادرێ. ئەگەر جیاوازییەکیش ڕێگەی پێ بدرێ، مەترسیی بۆ سەر دەسەڵات نییە. سیستمی کۆماری ئیسلامی نەک هەر بڕوای بە سنوورە ناوخۆییەکان نییە، بەڵکوو بڕوای بە سنوورە نێونەتەوەییەکانیش نییە، چونکە لەو سیستمەدا ئایدۆلۆژیا بەهێزە و دەسەڵاتێکی ئایدۆلۆجیکیش جیهانگیرە و سنوور ناناسێ. جوگرافیای ئێران چەندین نەتەوەی جیاوازی وەکوو ئازەری، کورد، عەرەب، بەلووچ و لۆڕ و چەندین نەتەوە و زمانی دیکەی لەخۆ گرتووە. بەر لە هاتنەسەرکاری بنەماڵەی پەهلەوی لە ۱۹۲٦دا، هەرێمەکانی ئێران دەسەڵاتی زیاتر لە ئەمڕۆیان هەبووە. بەڵام ڕەزا خان کە زۆر لەژێر کاریگەریی مستەفا کەمال ئەتاتورک و سیاسەتەکانی (یەک وڵات، یەک نەتەوە، یەک زمان)دا بوو، هەوڵی دەدا زیاتر لە جاران دەسەڵاتی ناوەند بەهێز بکا و هەموو دانیشتووانی ئێران تەنیا یەک شوناسیان هەبێ. هەر بۆیەش ساڵی ۱۹۳۵، ناوی وڵات (فارس) لەلایەن ڕەزا خانەوە کرا بە ئێران، وەکوو ژێدەرێک بۆ هەموو نەتەوە جیاوازەکان. لە ئێرانی نوێدا هەموو ئەو یاسایانەی لە بەرژەوەندیی هەرێمەکاندا بوون، وەلا نران و وڵات بەرەو فارسیزم ڕۆیشت و دەسەڵاتە هەرێمییەکان هەر چەندە زۆر کەمیش بوون؛ لەنێو چوون. بنەماڵەی پەهلەوی هەتا ڕووخانیان، لە هەوڵەکانیان بۆ تواندنەوەی هەموو نەتەوەکان لەنێو یەک شوناس بە نێوی ئێرانی-فارسی بەردەوام بوون، کە هەمووی لە بەرژەوەندیی نەتەوەی فارسدا بوو[4]. دوای شۆڕشی ۱۹۷۹، کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی چڕتر و جددیتر بەردەوامیی دا بە هەمان سیاسەت. لە دەستووری بنەڕەتیی ئێراندا، نەتەوە جیاوازەکانی ئێران وەکوو یەکەیەک ئەژمار کراون کە هەموویان یەکسانن و پێکەوە نەتەوەی ئێران پێک دێنن[5]، بەڵام بە شێوەیەکی دژبەیەک. لە ماددەکانی دیکەی دەستووردا، نەتەوە نافارسەکان لە مافە بنەڕەتییەکانیان بێبەش کراون. نەتەوە نافارسەکانی ئێران تەنیا بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان یەکسانن، نەک بۆ مافەکانیان.

4 Pierre EMMERY, « Nation et minorités en Iran : face au fait minoritaires, quelle réponse institutionnelle ? », Les clés du Moyen-Orient <www.lesclesdumoyenorient.com>, 01/04/2016, consulté le 03/01/2019.

5 Pierre EMMERY, Ibid.

**ماددەی ١٥ [زمانی فەرمی]: ”زمان و خەتی فەرمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران فارسییە. بەڵگە و نووسینە فەرمییەکان و کتێبە دەرسییەکان دەبێ بەو زمان و بەو خەتە بن، بەڵام کەڵکوەرگرتن لە زمانە ناوچەیی و قەومییەکان لە بڵاوکراوە و میدیاکان و خوێندنی ئەدەبیاتەکەیان لە خوێندنگاکان، لەتەنیشت زمانی فارسی ئازادە.[6]“**

سەبارەت بە بەشی یەکەمی ماددەی ١٥ی دەستوور، ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە تەنانەت رژێمی پەهلەویش هیچ کات زمانی فارسیی وەکوو زمانی فەرمیی ئێران پەسند نەکرد و هیچ زۆرێکیش بۆ فارسیبوونی بەڵگە فەرمییەکان بوونی نەبووە[7]. بەشی دووهەمی ماددەکەش نەک هەر هیچ کات جێبەجێ نەکراوە، بەڵکوو ئەو کەس و لایەنانەی کە داوای جێبەجێکردنی ماددەکە بەتەواوی دەکەن، مۆرکی جیاخوازی و هاوکاریی دوژمنایان لێ دەدرێ[8].

سیاسەتێکی دیکە کە نەتەوەکان و هێما نەتەوەییەکانی ئێران دەکاتە ئامانج، گۆڕینی ناوی شوێنە جوگرافییەکانە. ئەو سیاسەتە گوێ بە شوناسی نەتەوەیی هەرێمەکان و شارەکان نادا. هەر بۆیەش لە ڕۆژی ٢٤ی ژانویەی ١٩٨٩، ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی کولتووری، بڕیاری خوارەوەی پەسند کرد:

”شارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەبێ هەر کامیان مێژوو و جوگرافیا و شارستانیەتی ئیسلامی پێشکەش بکەن. لەو ڕووەوە، بەرپرسانی ناولێنان دەبێ کەڵک لە هێما کولتووری، ئەدەبی و زانستییەکانی مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی وەربگرن. هەروەها، دەبێ کەڵک لە ناوی شارەکان و شوێنەکانی ئەو سەدەیە وەربگیرێ.[9]“

دەسەڵاتی یاسادانانی کۆماری ئیسلامی، نەک تەنیا هیچ مافێکی بۆ نەتەوەکانی ئێران دیاری نەکردووە، بەڵکوو هەبوونی نەتەوەکانیش ڕەت دەکاتەوە و کەمینە نەتەوەیی و ئیتنیکی و زمانییەکان وەکوو ”دابەشکردنی ساختە“ ئەژمار دەکا. بەپێی یاسای میدیا و ڕاگەیەنەکان، ”ڕووماڵکردنی سنووره ساختە و بەکێشەکان، هەروەها دانانی چینوتوێژێک لەپێش ئەوانی تر،

---

٦ ماددەی ١٥ی دەستووری بنەڕەتیی ئێران

7 Ibrahim RASHIDI, « La langue et l'autorité des minorités nationales dans le droit iranien », BBC Persian <www.bbc.com/persian>, 21 mars 2018>, consulté le 03/01/2019.

8 Jean-Paul BURDY, « Minorités ethniques et intégration nationale », blog Questions d'orient, questions d'occident, < sites.google.com>, consulté le 03/01/2019.

9 Le Conseil suprême de la révolution culturelle (Iran), « La politique de dénomination des rues et des lieux publics et des institutions », Session N° 179, Résolution N° 3766, <ms.farhangoelm.ir>, 24 janvier 1989, consulté le 03/01/2019.

وەکوو پۆلێنکردنی تاکەکان بەپێی ڕەگەز، زمان، دابونەریتە ناوچەییەکان؛ بە تاوان ئەژمار دەکرێ". لە ڕاستیدا، ئەو یاسایە و زۆر یاسای دیکە، بە مەبەستی نەهێشتنی جیاوازی لەنێوان نەتەوە و چینوتوێژەکانی ئێران دانەنراون، بەڵکوو بۆ بێدەنگکردن و شاردنەوەی هەبوونی ئەو جیاوازی و نایەکسانییەیە کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بەسەر نەتەوە و چینوتوێژەکانەوە جێبەجێ دەکرێ. دامەزراندنی کەسانی غەیرەفارس لە دامەزراوە دەوڵەتییەکان، بەتوندی کۆنترۆڵی لەسەرە و کەسانێک کە ئینتمای نەتەوەییان بەهێزە، بەئاسانی ناتوانن پۆستە ئیدارییەکان بگرنە دەست. بەرپرسی پۆستە ئیدارییەکان نابێ هیچ جۆرە پەیوەندییەکی ڕێکخراوەیی و بنەماڵەییان، نە لە ئێستا و نە لە ڕابردوودا لەگەڵ حیزبە قەدەغەکراوەکان هەبێ. پۆستە سیاسییەکان لەو ناوچانە کە زۆرینە فارس نین، تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە هەم ڕابردوو و هەم ئێستا بەتەواوی لەخزمەت لایەنی دەسەڵاتداردا بوونە و لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بۆ ئەو پۆستانە دادەنرێن. کەسانێک کە بۆ پۆستە سیاسییە هەستیارەکانی وەکوو پارێزگار دەستنیشان دەکرێن، بێجگە لە پارێزگا فارسنشینەکان، ئەوانی تر خەڵکی ناوچەکە نین و هەم لە بواری نەتەوەیی و زمانییەوە و هەم لە بواری ئایینییەوە، لە خەڵکی ناوچەکە جیاوازن و زۆربەی پارێزگارەکان هیچ جۆرە پەیوەندییەکی کولتووری و زمانی و ئایینییان بە خەڵکەکەوە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەیان کەسانی کۆنی نیزامیی سەر بە سوپای پاسدارانن[10]. خزمەتی نیزامی بە کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو پیاوێکی سەرووی ١٨ ساڵ زۆرەکییە، بەڵام گەیشتن بە پلە نیزامییە باڵاکان بۆ هەموو ئێرانییەکان یەکسان نییە و ئەو کەمینە نەتەوەیی و ئایینییانەی کە جیاوازن لە نەتەوەی فارس و ئایینی شیعە، جگە لە چەند پلەی سەرەتایی، ناتوانن بگەنە پلە و پۆستە باڵا نیزامییەکان[11].

**بەشی دووهەم: سیاسەتی بەکردەوەی کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر کورد لە ئێران**

هانا ئارێنت پێی وایە تۆتالیتاریزم پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ترس و دڵەڕاوکێ هەیە[12]. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی

10 Pierre EMMERY, « Nation et minorités en Iran: face au fait minoritaires, quelle réponse institutionnelle ? », Les clés du Moyen-Orient, op. cit.

11 Refworld, « Iran : information sur le service militaire, y compris sur l'âge du recrutement, la durée du service, les motifs d'exemption, la possibilité d'effectuer un service de remplacement et le traitement réservé par les autorités aux personnes qui refusent de faire leur service militaire; information indiquant si des sanctions sont imposées aux objecteurs de conscience», < www.refworld.org>, 28 March 2014, consulté le 03/01/2019.

12 Hannah ARENDT, Ibid., pp. 203-232.

تۆتالیتاریزم، هەبوونی ئایدۆلۆژیای دەوڵەتییە کە تۆتالیتاریزم بە شێوەی تیۆری و کردەیی پاساو دەدا. ئایدۆلۆژیا، ڕابردوو و داهاتوو بۆ لایەنگران و شوێنکەوتووانی ڕوون دەکاتەوە[13]. لە ڕژێمی تۆتالیتاردا، سەرۆک هەم کەسێکی پڕوپاگەندایییە و هەم کەسێکی کردەیی، چونکە "هەم دەبێ پەرە بە ترس و دڵەڕاوکێ بدا، هەم بە ئایدۆلۆژیا[14]".

## گوتاری خومەینی لە شاری قوم، ١٧ی ئووتی ١٩٧٩[15]:

[...] "ئێمە بە شێوەی شۆڕشگێڕانە هەڵسوکەوتمان نەکردووە، من پەشیمانم کە تووشی ئەو هەڵەیە بووم کە ڕێگەم بە هەبوونی حیزبەکان دا. ئەگەر ئێمە بە شێوەی شۆڕشگێڕانە هەڵسوکەوتمان بکردایە، ئەگەر ئێمە پێنووسی هەموو بڵاوکراوەکانمان شکاندبا و هەموو گۆڤار و بڵاوکراوە بەلاڕێداچووەکانمان داخستبا و بەرپرسەکانیانمان کێشابا دادگا و حیزبە بەلاڕێداچووەکانمان قەدەغە کردبا و سەرۆکەکانیانمان بە سزای خۆیان گەیاندبا و سێدارەکانمان لە مەیدانە گەورەکان بەرپا کردبا و بەلاڕێداچووەکانمان دروێنە کردبا، ئەو زەحمەتییانە نەدەهاتنە پێش. [...] یەک حیزب، حیزبی خودا، حیزبی هەژارەکان. [...] ئەو پیلانگێڕانەی کوردستان لە ڕیزی پێشەوەی کافراندان، دەبێ بە توندترین شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ، دەبێ حکومەت بەتوندی ڕەفتاریان لەگەڵدا بکا، ژاندارمێری و ئەرتەش دەبێ بەتوندی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن. ئەگەر ئەوان بەتوندی لەگەڵیان هەڵسوکەوت نەکەن، ئێمە لەگەڵ ئەوان (نیزامییەکان) بەتوندی هەڵسوکەوت دەکەین. لەناویان بەرن ئەو بەلاڕێداچووانە! لەناویان بەرن ئەو پیلانگێڕانە!" [...]

یەک ڕۆژ دوای ئەو گوتارە، ئەنجوومەنی شۆڕش دەستی بە قەدەغەکردنی حیزب و ڕێکخراو و ڕۆژنامەکان کرد. یەکەم جار لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد و زۆرێک لە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان قەدەغە کران. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بوو کە لە کوردستان لەسەر داوای حیزبە کوردییەکان، زۆرینەی خەڵک ڕێفراندۆمیان بایکۆت کردبوو یان دەنگی "نەخێر"یان بە کۆماری ئیسلامی دابوو. ڕۆژی ١٩ی ئووتی ١٩٧٩ بە فەتوایەکی خومەینی، بەرپرس و ئەندامانی حیزبە کوردییەکان سزای مردنیان بۆ دەرچوو[16]. هەر چەندە ئامارێکی بڕواپێکراو لەبەر دەستدا نییە، بەڵام بەپێی

13 Hannah ARENDT, Ibid., p. 230.

14 Hannah ARENDT, Ibid., pp. 203-232.

15 Khomeiny, « si nous avions agi de façon révolutionnaire… », Sahifeyeh Imam, Livre IX, op. cit., pp. 281-284.

16 Khomeiny, « discours dans le conseil des experts », Sahifeyeh Imam, Livre IX, op. cit., p. 298.

هەندێک سەرچاوە، لە پرۆسەی هەوڵدان بۆ لەناوبردنی حیزبە کوردییەکاندا، نزیک بە ١٠ هەزار کەس کوژران کە ١٢٠٠ کەسیان زیندانی سیاسی بوون و لەسێدارە دران[17].

ژوان لەنز لە پێناسەکردنی تۆتالیتاریزمدا، دڵەڕاوکێ و تۆقاندن وەکوو تایبەتمەندییەکی سەرەکی ئەژمار ناکا، بەڵام پێی وایە لە هەندێک رژێمدا دڵەڕاوکێ و تۆقاندن یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکان[18]. پێناسەی تۆقاندن بۆ ئەلکساندر دالین و جۆرج دەبلیو برەسلۆوێر، بریتییە لە "زۆرلێکردنی لەرادەبەدەر لەلایەن ئۆرگانێکی دەسەڵاتی گشتییەوە لە دژی تاک و گرووپەکانی کۆمەڵگا و هەڕەشەکردن و لەنێوبردنی خۆسەرانەی ئەم یان ئەو تاک و گرووپە[19]". یەکێک لەو چەکانەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ دروستکردنی دڵەڕاوکێ و تۆقاندن لە کوردستان کەڵکی لێ وەردەگرێ، لەسێدارەدانە. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩، خومەینی هەندێک کەسی ئایینی وەکوو دادوەری شەرع[20] بۆ دادگاییکردن و سزادانی ئەندامانی ئەو حیزب و گرووپە کوردییانە دیاری کرد کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە قەدەغە کرابوون و بۆ مانەوەی خۆیان بەرگرییان دەکرد. خومەینی پێی وا بوو ئەو کەسانەی کۆماری ئیسلامی ڕەت دەکەنەوە، تاوانبارن و پێویست ناکا دادگای فەرمییان بۆ دابنرێ و پرۆسەی دادگاییکردنیان بۆ بەڕێوە بچێ، چونکە بە گوتەی ئەو، دادگای فەرمی بۆ ئەو کەسانە بەڕێوە دەچێ کە ڕوون نییە تاوانبارن یان نا. هەر بۆیە، ژمارەیەک دادوەری ئایینیی دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی ئەندام و لایەنگرانی حیزبە کوردییەکان بەبێ دادگای فەرمی سزا بدرێن و بەخێراییش سزایەکە جێبەجێ بکرێ. یەکێک لەو دادوەرە ئایینییانە بە ناوی سادق خەڵخاڵی[21]، بە جۆری دادگاییکردن و سزادانە سەحراییەکەی ناسراوە[22]. ئەو بەکۆمەڵ خەڵکی سزا دەدا و خێرا لەسێدارەی دەدان و وێنە و فیلمەکانیشی لە مێدیاکاندا وەکوو سەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی بڵاو دەکردەوە. قوربانییەکان زۆرینەیان چالاکانی سیاسی و ئەندامانی حیزبە کوردییەکان بوون. لە دوایین چاوپێکەوتنیدا، خەڵخاڵی پشتڕاستی کردەوە کە خەڵکانێکی زۆری کوشتووە:

17 Steven R. WARD, Immortal: A Military History of Iran and its Armed Forces. 2009. pp.231–233.

18 Juan LINZ, Ibid., p. 83.

19 Alexander DALLIN et George W. BRESLAUER, « Political Terrot in communist sytems », Stanford: Stanford University Press, 1970, p. 7.

20 Khomeiny, « Création du tribunal révolutionnaire islamique », Sahifeyeh Imam, Livre VI, op. cit., p. 215.

21 Journal Ettelaat (archive), « Khalkhali est nommé par Imam comme juge religieux pour Kurdistan », 19 juin 1979, p. 1.

22 The Telegraph, « Ayatollah Sadeq Khalkhali », < www.telegraph.co.uk >, Consulté le 02/01/2019.



”من دادوەری ئایینی بووم، زیاتر ٥٠٠ کەسی سەر بە رژێمی پاشایەتیم لەسێدارە داوە، هەروەها سەدان کەسم لە کوردستان و خوزستان لەسێدارە داوە. پەشیمان نیم لە هەموو ئەوانەی ئەنجامم داون. لەسەر ئەو بڕوایەم کە کەمم کوشتووە، چونکە زۆر کەس شایەنی مردن بوون و نەمتوانی ڕاویان بکەم.“

بەپێی ئامارە فەرمییەکان، ئێران دوای وڵاتی چین زۆرترین لەسێدارەدانی تێدا ئەنجام دەدرێ، بەڵام ئەگەر بەپێی ڕێژەی دانیشتووان بێ، لەوانەیە ئێران لە پلەی یەکەمدا بێ. هەروەها بەپێی ئاماری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، زۆرترین ڕێژەی لەسێدارەدراوەکانی ئێران لە کورد پێک هاتووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئاستی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی لە کوردستان بەنیسبەت بەشەکانی دیکەی ئێران لە سەرەوەیە. هۆکاری ئەوەش چالاکیی نەهێنیی حیزبەکان و گەرمبوونی پرسی کوردە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان کە کاریگەرییان بەسەر ڕای گشتیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە. هەروەها هەبوونی سەدان ڕێکخراوی مەدەنی و ژینگەپارێز، کە لەتەنیشت چالاکیی ڕۆژانەیان هەوڵی پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی دەدەن. بۆ نموونە؛ لەو ساڵانەی دواییدا چالاکانی ژینگەپارێز، هونەری، سینەمایی، شاعیر و مامۆستاکانی فێرکردنی زمان بوونەتە ئامانجی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی و حوکمی قورسیان بەسەردا سەپێنراوە.

بەپێی لێکۆڵینەوەی دامەزراوەی بەرگری لە دیموکراسییەکان کە بنکەکەی لە ئەمەریکایە و مانگی ئەپریلی ٢٠٢١ بڵاوی کردۆتەوە، ٧٦ لە سەدی کورد لە ئێران شوناسی نەتەوەیی کورد لەسەرووی شوناسی ئێرانی دادەنێ، ئەوەش دەکرێ وەکوو دەرئەنجامی چالاکیی سیاسی و رۆشنبیری لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان سەیر بکرێ[23].

لە لایەکی دیکەوە بەرپرسانی سیاسی و نیزامیی کۆماری ئیسلامی بەردەوام رایدەگەیەنن کە خەڵکی کوردستان لەژێر کاریگەریی حیزبە کوردییەکاندان، بۆیە دەڵێن کە هەبوونی ئەو حیزبانە لەسەر سنوورەکان تەحەمول ناکەن، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵ دەدەن جگە لە هێرشی نیزامی و تیرۆرکردنی کادر و بەرپرس و ئەندامەکانیان، لە رێگای حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە پێش بە چالاکیی ئەو حیزبانە بگرن یان هەبوونیان لە هەرێمی کوردستان قەدەغە بکەن، تا لەو رێگەیەوە ناچار بە چەکدانان و کۆچ بۆ دەرەوەی وڵاتیان بکەن. هەر چەندە چەندین جار بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی دانوستان لەنێوان کۆماری ئیسلامی و حیزبەکانی رۆژهەڵات دراوە، بەڵام پێناچێ حکومەتی ئێران مەرامی لەو دانوستانانەدا چارەسەری پرسی کورد یان تەنانەت رێگەدان بە چالاکیی ئەو حیزبانە بێ، چونکە هەروەک لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد، ئەو جۆرە سیستمانە بە هیچ شێوەیەک نەک جیاوازیی نەتەوەیی، بەڵکوو رێگە بە هیچ جۆرە رێکخستنێکی حیزبییش نادەن ئەگەر لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای دەوڵەتیدا نەبێ.

### ئەنجام

مافی کورد لە ئێران لە روانگەی سیستمی سیاسیی ئێرانەوە دانی پێدا نەنراوە و لە هیچ شوێنێکی دەستووری بنەرەتیی ئێران هیچ ئاماژەیەک نە بە کورد وەکوو پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و نە بە مافی نەتەوەیی نەکراوە و هەوڵ دراوە کورد و نەتەوەکانی دیکە لە شوناسی ئێرانی-شیعیدا بتوێنرێنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش بەکردەوە بە سەدان جۆرە پیلان بۆ ئاسمیلەکردن و تواندنەوەی کورد خستراونەتە گەڕ. هەروەها وەکوو سیستمێکی تۆتالیتار هەوڵ دراوە تا ئەو جێگەی بکرێ کورد لەژێر فەزایەکی دڵەراوکێدا رابگرن و جگە لە لەسێدارەدانی چالاکە سیاسییەکان، چالاکییە رۆشنبیرییەکانیش بە جۆرێک بکەن بە بابەتێکی ئەمنی. هەمووی ئەوانە لە حاڵێکدایە کە بەپێی ئامارەکان و بەپێی رێژەی گرتن و لەسێدارەدانەکان، هەستی نەتەوایەتی و وشیاریی سیاسی لە کوردستان بە رێژەیەکی بەرچاو روو لە زیادبوونە.

23 Brenda Shaffer, « Iran is more than persia », FDD, April 28 2021.

# ئێران و ئەتۆم
# دبلۆماسیەتی ئەتۆمیی ئێران[1]

ئێران لە سەرەتای سەدەی بیست بە گایەک و گاسنێک هاتە ناو ڕووداوە قورسەکانی سەدە و بە کارگەی پۆلا و بەرزترین ڕێژەی مردن بە ڕوداوی هاتووچۆو و دۆسیەی ئەتۆمی لێی هاتە دەر.
یەرەوان ئەبراهامیان



بارام مەجیدخان



**بەرایی**

دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران؛ قورسترین و درێژخایەنترین دۆسیەی دەزگای دبلۆماسیی ئێران، لە سەدەی ڕابردوو تا ئێستاش بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. خەونەکانی محەمەد ڕەزا شا و پشتیوانییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دەستپێکی هەوڵێکی نەپچڕاوەی ئێران بوو کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٧ دەستی پێ کرد و لە ساڵی ١٩٧٩ و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران کۆتایی بە هەوڵەکانی شای ئێران هات. لەپاش شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، لەژێر کاریگەریی تێزەکانی ئایەتوڵا خومەینی و شۆڕشی ئیسلامی و بۆ ماوەیەکی کورت چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران ڕاگیرا و شەڕی ئێران-عێراق پچڕانێکی کاتیی لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران دروست کرد. محەمەد ئەلبەرادعی سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی لە ساڵی ٢٠٠٣ و سەردانی بۆ ئێران، جارێکی تر دۆسیەی ئەتۆمیی ئێرانی خستەوە سەر مێزی گفتوگۆی نێودەوڵەتی. چەندین خولی گفتوگۆی نێوان ئێران و وڵاتانی پەیوەست بەو دۆسیەیە و ئاژانسی وزەی ئەتۆمی، بەچارەسەرنەکراوی مانەوە. لە ساڵی ٢٠١٥، بە ڕێککەوتننامەی بەرجام کۆتایی بە دانوستانەکان هات، لە ناوخۆی ئێران وەک دەستکەوتی سیاسی و دبلۆماسی ناوزەد کرا. لە هەمان کاتیشدا نەیارانی لەسەر ئاستی ناوخۆی ئێران و ناوچەکەش هەبوو. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەپاش سەرهەڵدانی دیاردەی ترامپیسم لە ئەمەریکا لە جێبەجێکردنی برگەکانی کشانەوە. ئەم پاشەکشەی ئەمەریکا و دووبارەکردنەوەی گەمارۆکانی سەر ئێران، کێشەکەی ئاڵوزتر کرد. حکومەتی میانڕەوی ڕۆحانی و لەدەستدانی پێگەی خۆی وەک سەرۆککۆمار و هاتنی باڵی توندڕەوی ئیبراهیم ڕەئیسی، بوو بە گرفتێکی قورس بۆ دووبارە وەگەڕخستنەوەی دانوستانەکان لەنێوان وڵاتانی ٥+١ لە لایەک و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی لە لایەکی تر.

**١. سەرەتایەک بەبێ کۆتایی**

دەستپێکی یەکەم هەنگاوی ئێران بۆ بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای ئەتۆمی، دەگەڕێتەوە بۆ پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو. ئێران لە ساڵی ١٩٥٠، ژمارەیەک خوێندکار ڕەوانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکات. ئەمەریکا یەکەم وڵات بوو کە لە چوارچێوەی "پرۆژەی ئەتۆم بەرامبەر بە ئاشتی"، ئایزنهاوەر یەکەم هەنگاوی لە ساڵی ١٩٥٦ بۆ بەگەڕخستنی بەدەستهێنانی زانست و تەکنەلۆژیای ئەتۆمی هاویشت. ئێران لە یەکەمی ئەو وڵاتانە بوو کە لە ساڵی ١٩٦٨ واژۆی لەسەر "NPT" (پەیماننامەی پێشگیری و قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی) کرد و لە ساڵی ١٩٧٤ ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمیی ئێرانی دامەزراند.

ئێران لەپاش جەنگی جیهانیی یەکەم و دوورخستنەوەی ڕەزا شا و جێگرتنەوەی لەلایەن محەمەد ڕەزای کوڕیەوە، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی

ئەمەریکا نزیک بووەوە و وەک هاوپەیمانی ئەمەریکا لە ناوچەکە دەرکەوت. ڕووداوە سیاسییە ناوخۆییەکانی ئێران و هەلومەرجی نێودەوڵەتی و سەرەتاکانی شەڕی سارد توانیی پێگەی شای ئێران بەهێز بکات، بەتایبەت کە دکتۆر محەمەدی موسەدیق لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانە دەسەڵاتی گرتبووە دەست بە کودەتایەک کە بەریتانیا بەشدار بوو تێیدا، توانرا لە دەسەڵات دوور بخرێتەوە. ئەم هەلومەرجە تازەیە، شای ئێرانی بەهێز کرد و توانرا وەک ئەندامێکی کارای پەیمانی سەنتۆ ڕۆڵ ببینێت[٢].

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یەکەم هاندەری ئێران بوو بۆ بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای ئەتۆمی و هەر ئەمەریکا بوو بە سەرسەختترین دوژمنەکانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی وزەی ئەتۆمی. یەکەم هەنگاوی کرداریی نێوان ئەمەریکا و ئێران لە ساڵی ١٩٥٧ و گرێدانی ڕێککەوتننامەیەک بوو کە پێک هاتبوو لە پێشەکییەک و یانزە مادە. لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتیی ئەمەریکا، لەژێر ناونیشانی "ئەتۆم بەرامبەر ئاشتی" بوو. وڵاتە یەکگرتووەکان زۆر هەستیاریی بەرامبەر ئەو وڵاتانە نیشان نەدا کە ئەم پرۆژەیە دەیگرتنەوە، بەتایبەتی مەترسیی لادانی ئەو چالاکییانە بۆ ئامانجی شاراوەی سەربازی[٣].

شانبەشانی ڕێککەوتننامەی ئێران و ئەمەریکا، ئەنستیوتی زانستە ئەتۆمییەکان کە لەژێر چاودێریی پەیمانی سەنتۆ بوو لە بەغداد، گوازرایەوە بۆ ئێران. زانکۆی تاران پێشنیاری بونیاتنانی ڕیاکتۆرێکی ٥ مێگاواتی لە ساڵی ١٩٦١ دا و لە ساڵی ١٩٦٧ کەوتە کار و بوو بە دەستکەوتێکی زۆر گەورە بۆ ئێران و دەنگدانەوەی زۆری لێ کەوتەوە، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە پشبەستوو بە هەناردەکردنی نەوت و گاز بوون، ئەمەش وەک دەرچەیەک بۆ دەربازبوون لەو چوارچێوەیە خرایە ڕوو. ئەم هاوکارییانە لەگەڵ هەندێک هەوراز و نشێو و هەندێک جار ساردیی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمەریکا بەردەوام بوو. ئێران بەردەوام بوو لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی خۆی و پەنای بۆ زۆرێک لە وڵاتانی زلهێزی جیهانی برد، لەوانە: وڵاتانی وەک فەرەنسا و ئەڵمانیا، بەریتانیا، ئوستورالیا و هیند و ئەفەریقای باکووریش.

جیاواز لەو ڕێکەوتننامانەی کە لەتەک وڵاتی فەرەنسا و ئەڵمانیا گرێی دان، ئێران ١٥ ڕێککەوتننامەی لەگەڵ وڵاتان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان واژۆ کرد کە بونیاتی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێرانی بەهێزتر کرد و پاشان بوو بە ژێرخانی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەوانە:

- بنکەی ئەتۆمیی ١٣٠٠ مێگاواتیی ئاوی سووک لە بوشەهر
- بنکەی ئەتۆمیی ١٢٩٠ مێگاواتیی ئەسفەهان
- بنکەی ئەتۆمیی ١٢٩٠ مێگاواتی لە ساوە
- بنکەی ئەتۆمیی ٩٠٠ مێگاواتیی کارون[٤]

به شێوەیەکی گشتی ئەگەر ئاوڕێک لەسەر چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران تا دەستپێکی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بدەینەوە، بە سەرەتایەکی بەهێز دەستی پێ کرد و پاشان بەئارامی بەڕێوە دەچوو. کاتێک کێشەی نێوان هیند و پاکستان ئاراستەیەکی مەترسیداری بەخۆوە گرت و هەردوو وڵات بەپەلە بوون لە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی، هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان گۆڕانیان بەسەردا هات. ئەم هەلومەرجە نوێیە ئێرانیشی خستە ژێر کاریگەری کە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە خاو بوونەوە و لە لایەکی ترەوە بازارگەرمی بوو بۆ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان کە کەرەستە و تەکنەلۆژیای ئەتۆمی لە بازاڕەکاندا ساغ بکەنەوە. شای ئێران هەندێک جار بەوپەڕی نائومێدییەوە لە پشتیوانی نێودەوڵەتی و خواستی ئێران بۆ بە ژاندارم و زلهێزی ناوچەکە تووشی نائومێدی دەبووەوە. شێوازی بەڕێوەبردنی دۆسیەی ئەتۆمیی ئێرانیش وەک کارتێک لەلایەن ئەمەریکاوە بەرامبەر کەسە نزیکەکانی شای ئێران وەک باجخوازی سەیر دەکرا. عەلی ئەکبەری ئیعتماد وەک لێپرسراوی دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران، ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی بینی لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتییش. ئیعتماد پرسیاری سەرکی دەورووژێنێ کە ئایا ئێران ڕێگایەکی ڕاستی هەڵبژارد لە دەستبردن بۆ ئەتۆم؟ ئایا ئێران پێویستی بەوە هەبوو کە بەشوێن جێگرەوەی وزەی ئەتۆمییەوە بێت؟ بیرکردنەوەی باو ئەوە بوو کە ئێران پێویستە خۆی بۆ سەدەی بیست و یەک ئامادە بکات، بەتایبەت ئەو لێکۆڵینەوە باوانەی ئەو ڕۆژگارە باسیان لە سنوورداربوونی سەرچاوەکانی وزە دەکرد و پێویستە ئێران جێگرەوەی هەبێت بۆ وزەی ئەتۆم.

**٢. شۆڕش و ئەتۆم (کێشمەکێشی نێودەوڵەتی)**

شۆڕشی ئێران خاڵێکی لەسەر چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران دانا. پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمەریکا کەوتە ژێر کاریگەریی هەندێک ڕووداوی گرنگی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی. دوو ڕووداوی گرنگ کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمەریکا دانا: یەکەم: دەستبەسەراگرتنی سەفارەتی ئەمەریکا لە تاران لە ساڵی ١٩٧٩، بابەتی بەبارمتەگرتنی کارمەندانی باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە تاران بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ. دووەم: شەڕی ئێران-عێراق لە هەمان ساڵدا. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش لە هەمان کاتدا ئێرانی تاوانبار دەکرد بە تەقاندنەوەی باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە بەیرووت لە ساڵی ١٩٨٣ و تەقینەوەی ئەنجوومەنی کولتووریی ئیسرائیل لە بوێنس ئایرس لە ١٩٩٤ و هێرش بۆ سەر بورجەکانی ”خوبەر“ لە سعودیە لە ساڵی ١٩٩٦[5].

چالاکییە ناوەکییەکانی ئێران لەژێر تێزی ئایەتوڵڵا خۆمەینی کە دژی بەرهەمهێنانی چەکی کۆکوژ بوو، بە ئامانجی بەکارهێنانی ئاشتییانە

و تەکنەلۆژیای زانستی جارێکی تر درێژەی بە چالاکییەکانی خۆی دا. هاشمی ڕەفسەنجانی حکومەتی پاش شەڕی ئێران-عێراقی گرتە دەست و هەوڵە دبلۆماسی و نێودەوڵەتییەکانی خستە گەڕ بۆ درێژەدان بە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران کە لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی دەستی پێ کردبوو و لەپاش شۆڕش درێژەی پێ درا. هاشمی ڕێککەوتننامەیەکی دە ساڵەی لەگەڵ چین واژۆ کرد، کە لەو چوارچێوەیەدا چین پابەند دەبوو کە ڕیاکتۆرێکی ٢٧ مێگاواتی لە ئێران دابمەزرێنێ. لەگەڵ ئەوەی کە بنکەی بوشەهر لە کاتی شەڕی ئێران-عێراق هێرشی کرابووە سەر و زیانی زۆری پێ گەیشتبوو، بەڵام جووڵەکانی ئێران چڕتر بوونەوە کە پەلە بکات لە بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای ئەتۆمی. لەگەڵ ئەوەی کە هاشمی دەستی یارمەتیی بۆ فەڕەنسییەکان درێژ کرد، بەڵام دەوڵەتی فەڕەنسا بە داواکەی ئێران ڕازی نەبوو. هاشمی سیاسەتی دووبارە بونیاتنانەوەی ئابووریی ئێرانی لە پێشەوەی سیاسەتەکانی خۆی دانابوو، بەڵام هەوڵە نێودەوڵەتییەکان و جووڵە دبلۆماسییەکانی چاوی وڵاتانی زلهێزی دنیای لەسەر بوو[٦].

پاش ئەوەی کە هاشمی ڕەفسەنجانی چالاکییە ناوەکی و ئەتۆمییەکانی لەپاش شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بەگەڕ خستەوە، چەند کەسایەتییەکی سیاسیی گرنگ سەرۆکایەتیی ئەم دۆسیە گرنگەی ئێرانیان گرتە ئەستۆ، لەوانە: دکتۆر حەسەن ڕۆحانی، دکتۆر لاریجانی، دکتۆر سەعید جەلیلی، دکتۆر جەوادی زەریف. ئێستا ئەم دۆسیەیە عەلی باقری کەنی بەڕێوەی دەبات.

**ڕێککەوتننامەی تاران**

لەگەڵ تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران و ئەو گومانانەی کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران هەیبوو، سیاسەتی ئێران لەسەر بنەمای سێکوچکەی کات و متمانە و ئەمنی ناوخۆ درێژەی بە پڕۆژە ناوەکییە ناتەواوەکانی خۆی دا[٧].

تا سەرەنجام ئێران و وەزیرانی هەرسێ وڵاتی فەڕەنسا و ئەڵمان و بەریتانیا، لە ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣ و لە کاخی سەعدئابادی تاران ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆ کرد کە ئێرانی پابەند دەکرد بەوەی ڕێگا بە چاودێرەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم بدات کە بتوانن سەردانی ئێران بکەن و کامێراکانی چاودێری جێگیر بکەن. ئێران پابەند کرا بەوەی کە پرۆتۆکۆلی پەیوەست واژۆ بکات، کە ڕۆڵی چاودێریکردنی زیاتری بە ئاژانس دەبەخشی کە چاودێریی چالاکییەکانی ئێران بکات. لە بەرامبەردا ئێران مافی بەدەستهێنانی ئاشتییانەی وزەی ناوەکیی پێ بەخشرا، کە ئێران وەک مافێکی یاسایی و لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و لە چوارچێوەی "NPT" و پرۆتۆکۆلی پەیوەست دەیتوانی بەدەستی بهێنێ[٨].

**ڕێککەوتننامەی پاریس**

سەردانیکردنی محەمەد ئەلبەرادعی

سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ ئێران، جارێکی تر دۆسیەی ئەتۆمیی ئێرانی خستەوە سەر مێزی گفتوگۆی نێودەوڵەتی. چەندین خولی گفتوگۆی نێوان ئێران و وڵاتانی پەیوەست بەو دۆسیەیە و ئاژانسی وزەی ئەتۆمی بەچارەسەرنەکراوی مانەوە. حکومەتی سەید محەمەدی خاتەمی بە درووشمی سیاسەتی سڕینەوەی گرژییەکان، لە هەنگاوێکی دبلۆماسیدا دەرگاکانی جیهانی بەسەر حکومەتی ئێراندا ئاوەڵا کرد. لە ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤، پاریس میوانداریی خولێکی نوێی وتوێژەکانی نێوان ئێران و سێ وڵاتی ئەورووپایی فەڕەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیای کرد، کە بە ترۆیکای ئەورووپی ناوزەد کرا. لە چوارچێوەی ئەم لێکتێگەیشتنە کە بە ئامانجی متمانەسازی بوو [زیاتر لەوەی پابەندی یاسایی بۆ ئێران دروست بکات]، ئێران بۆ ماوەیەکی کورت چالاکییە ناوەکی و ئەتۆمییەکانی خۆی ڕاگرت. لە بەرامبەردا وڵاتانی ئەورووپایی پابەند بوون بەوەی کە دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران هەناردەی ئەنجوومەنی حاکمان (Bord of Governore)، ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی ناکەن[٩].

لەپاش ڕێککەتننامەی تاران، کۆماری ئیسلامی هەوڵەکانی چڕ کردەوە کە چین و ڕووسیا بەشداریی کۆبوونەوەکانی وڵاتانی ئەورووپی لەگەڵ ئێران بکەن، بەڵام ئێران نەیتوانی لە سەرەتادا ڕەزامەندیی ئەو دوو وڵاتە وەربگرێت. دبلۆماسیەتی کوشتنی کات لەلایەن ئێرانەوە، گومانەکانی لەسەر ئێران زیاد کرد تا ئەو ڕادەیەی کە کۆدژییەک لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکان کە پێک هاتبوون لە پێنج هێزە سەرەکییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش و ئەڵمانیا، توانییان بنچینەی ١+٥ بۆ وتوێژ لەگەڵ ئێران دابمەزرێنن، کە تا ٢٠١٥ی خایاند کە ڕێککەوتننامەی بەرجامی "J. C. P. O. A"ی لێ کەوتەوە.

**قۆناغی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش**

کێشەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی زلهێزی جیهان کاتێک زیاتر تەشەنەی سەند کە لە ئێران دەوڵەتی پەڕگیر و توندڕەوی دکتۆر مەحموودی ئەحمەدی نەژاد لە ساڵی ٢٠٠٥ دەسەڵاتی گرتە دەست. نۆ مانگ پاش دەستبەکاربوونی ئەحمەدی نەژاد، دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران لە ئەنجوومەنی حاکمانی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی ڕادەستی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرا. شەش بڕیار لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشەوە دژی ئێران دەرچوو، یەکەمیان ئێرانی پابەند نەدەکرد بە جێبەجێکردنیان، بەڵام پێنج بڕیارەکەی تر گەمارۆی قورسیان بەسەر ئێراندا سەپاند، بەتایبەت بڕیاری ١٩٢٩ کە سێبەرێکی ڕەشی بەسەر دۆسیەی ئەتۆمیی ئێراندا سەپاند.

سەعیدی جەلیلی وەک کارەکتەرێکی پەڕگیر کە سەرپەرشتیی دۆسیەی ئەتۆمیی ئێرانی لە ئەستۆ بوو، هەموو ئەو دەرفەتانەی کە بۆ ئێران هاتبوونە پێشەوە؛ لەدەست دا. "سەرۆکی ئێران ئەو بڕیارانەی بە کاغەزی دڕاو پێناسە

کرد و هیچ بایەخێکی بەو بڕیارانە نەدا.“ ئەم قۆناغە لە بەڕێوەبردنی دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران، خەسارەتێکی گەورەی لە ئابڕووی نێودەوڵەتیی ئێران دا، بەو ڕادەیەی کە بڕیاربەدەستانی وەک دکتۆر محەمەد جەوادی زەریف کە پاشان ئەم دۆسیەیەی سەرپەرشتیی دەکرد بە کەسایەتیی سیاسیی ناکارامە و کەمئەزموون ناوی هێنان، کە هێچ شارەزاییەکیان لە هەلومەرجی دنیا و سیاسەتی نێودەوڵەتی نەبوو[١٠].

گرنگترین ئەو بڕیارانەی کە بەسەر ئێراندا سەپا، بریتی بوون لە:

- بڕیاری (١٩٦٩، ساڵی ٢٠٠٦): داوا لە ئێران دەکات کە کۆتایی بە پیتاندنی یۆرانیۆم بهێنێت، ئەگەرنا ڕووبەڕووی سزای سیاسی و ئابووری دەبێتەوە. ئەم بڕیارە لەژێر بەندی ٤٠ - بڕگەی هەشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرکراوە و وڵاتان پابەند ناکات بە جێبەجێکردنی.

- بڕیاری (١٧٣٧، ساڵی ٢٠٠٦): لەو بڕیارەدا داوا لە ئێران کرا کە کۆتایی بە پیتاندنی یۆرانیۆم بهێنێت. لە بە فشارەکانی ڕووسیا و چین، هەندێ دەستکاریی بڕگەکانی کرا کە دواجار بە ڕەزامەندیی هەر ١٥ ئەندامەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش پەسەند کرا.

- بڕیاری (١٧٤٧، ساڵی ٢٠٠٧): ئەم بڕیارە داوا لە هەموو وڵاتانی جیهان دەکات هاوکارییەکانیان لەگەڵ ئەو کۆمپانیا ئێرانییانەی کە لە بواری وزەی ناوەکی کار دەکەن؛ سنووردار بکەن و هەروەها قەدەغەکردنی هاوردەکردن و هەناردەکردنی چەکی قورس لە ئێران. هەروەها پێداگری لە بڕیاری پێشووتری ١٧٣٧ دەکاتەوە، کە کۆتایی بە چالاکییە ئەتۆمییەکان و پیتاندنی یۆرانیۆم بهێنێت.

- بڕیاری (١٨٠٣، ساڵی ٢٠٠٨): ئەم بڕیارە بە پێشنیاری فەرەنسا و بەریتانیا و لەژێر بەندی (٧) دەرچووە، کە باس لە ڕێکارەکانی ئەمن و ئاسایشی نێودەوڵەتی پەیوەست بە ئێران دەکات.

- بڕیاری (١٨٣٥، ساڵی ٢٠٠٨): ئەم بڕیارە لەسەر بنەمای ڕاپۆرتێکی محەمەد ئەلبەرادعی؛ سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم دەرچووە کە داوا لە ئێران دەکات هەموو چالاکییە ئەتۆمییەکانی وەک پیتاندن و پرۆژەی ئاوی قورس کۆتایی پێ بهێنێ.

- بڕیاری (١٩٢٩، ساڵی ٢٠١٠): لەم بڕیارەدا ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری سزاکانی بۆ سەر کۆمپانیاکان و کەسایەتییەکان سەپاند. ئەمە قورسترین بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش بوو دژی ئێران، کە خەسارەتێکی گەورەی لە ئابووریی ئێران و جووڵەی کەسایەتییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سنووردار و هەندێک جار قەدەغە کرد.

قۆناغەکانی دانوستانەکانی ئێران لەپاش ئەم گەمارۆ قورسانە، هەر درێژەیان کێشا. سێ خولی دانوستانەکانی ژنێف بە ناوەکانی ژنێفی ١، ٢، ٣، لە ساڵەکانی ٢٠٠٩ تا ٢٠١٠، بەبێ ئاکامێکی دیار و بێئەنجام مانەوە. لە ساڵی ٢٠١١، بە ناوبژیوانیی حکومەتی تورکیا لە

ئەستەنبوڵ، خولێکی تری دانوستان لەگەڵ وڵاتانی ٥+١ ئەنجام درا و پاشانیش لە ساڵی ٢٠١٣ لە بەغداد و مۆسکۆش بە هەمان شێوە وتوێژەکان بەبێ ئەنجام کۆتاییان پێ هات[١١].

**٣. دبلۆماسیی ئەتۆمی و بەرجام (Joint Comperehensive Plan of Action (J. C. O. P. A))**

ئەمیر کەبیر سەرۆکوەزیرانی سەردەمی قاجار، وتبووی: "ئەوەندەی مەملەکەت پێویستی بە پیاوی دانا هەیە، هێندە پێویستی بە وەزیر و ئەمیر نییە[١٢]".

ئێران لە (٢٠١٣)وە قورسترین و چارەنووسسازترین وتوێژەکانی لەگەڵ وڵاتانی ٥+١ دەست پێ کرد. دۆسیەیەک کە لەناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە درێژەی کێشابوو. ئەمیر کەبیر ڕاستی وتبوو... ئەم دۆسیەیە لە دەستی کارزانترین و شارەزاترین دبلۆماتەکانی ئێراندا بوو. محەمەد جەوادی زەریف جیاواز لەوەی سیاسەتمەدارێکی لیبراڵ و کراوە بوو کە لەتەک ڕیالیستە کارامەکانی ئەمەریکا گەیشتبووە ئەنجامێکی دڵخۆشکەر و لە هەمان کاتیشدا شارەزاییەکی تەواوی لە داڕشتن و ڕێکخستنی ڕێککەوتننامە نێدەوڵەتییەکاندا هەبوو. پاش زیاتر لە بیست مانگ کۆبوونەوە، سەرنجام ڕێککەوتننامەی بەرجام لە١٤ی جولای ٢٠٠٥ واژۆ کرا. ئەم ڕێککەوتننامەیە لەسەر ئاستی نێودەڵەتی؛ پشتیوانی و پێشوازییەکی زۆری لێ کرا. لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی ئێرانیش پێشوازیی لێ کرا، بەڵام بە شێوەیەکی نیوەشاراوە و و هەندێک جار بەئاشکرا لەلایەن باڵی توندڕەوی ئێران دژایەتی دەکرا.

ئێران دوو ئامانجی سەرەکیی هەبوو لەم وتوێژانەدا: یەکەم: سیاسەتی بەدەستخستنی ئەمن و ئاسایشی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی. دووەم: جێگیرکردنی پیتاندنی یۆرانیۆم لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەکەدا. میکانیزم و کەرەستەی ئێران؛ بڕین و دەوردانەوەی گەمارۆ قورسەکان بوو کە لە ئەنجامی بڕیارە کەمەرشکێنەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش بەسەریدا سەپابوو. زەریف ئامۆژگاریی تیمی دانوستانکاری کردبوو کە نەکەونە ناو داوی وردەکارییەکانەوە. وردەکارییەکانی کاریگەریی گەمارۆکان لەسەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، هەمان کاریگەرییش لەسەر دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران بەجێ دەهێڵێ[١٣].

بەرجام کە پێک هاتبوو لە ١٥٨ لاپەڕە و پێنج پەیوەستنامە، لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و بە بڕیاری ٢٢٣١ پەسەند کرا و هەموو لایەنەکانی پابەند کرد بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی کە لە چوارچێوەی ڕێکارەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمدا کاری لەسەر دەکرێت[١٤].

ئەم ڕێککەوتننامەیە توانیی گەمارۆکان لەسەر ئێران لا بدات و ئێران مافی بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای ناوەکیی بۆ خۆی پاراست و دەیتوانی لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەکەدا و

بە شێوەیەکی سنووردار مافی پیتاندنی یۆرانیۆم بۆ خۆی مسۆگەر بکات. لە ماوەیەکی کەم پاش ڕێککەوتننامەی بەرجام، ئێران توانیی دەستکراوە بێت لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و جووڵەی بانکی. ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی هەرێمایەتی، توانیی پێگەی بەهێز بۆ وڵاتەکەی بەدەست بهێنێتەوە و هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا جێگیر بکات. خاڵی لاوازی ئەم ڕێککەوتننامەیە ئەوە بوو کە ڕێککەوتننامە بوو نەوەک پەیماننامە. نەیارانی ڕێککەوتننامەکە لە ناوخۆی ئێران و هەروەها لە ئەمەریکاش ڕووی لە زیادبوون کرد. ئەمەریکا لەگەڵ ئەوەی کە ئێران پابەند بوو بە ڕێککەوتننامەکە، لە ٨ی مایسی ٢٠١٨ لە ڕێککەوتننامەکە کشایەوە.

**٤. پاش بەرجام**

جاک ستراو وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کە یەکێک بوو لە کەسایەتییە دیارەکانی ڕێککەوتننامەی تاران، لە کتێبەکەی سەبارەت بە ئێران دەڵێت: "نە سیاسەتمەدارانی دنیا و نە زۆرینەی خەڵکی دنیا ناتوانن لە ئێران تێبگەن[١٥]".

ئەم لێکنەگەیشتنە هەم لە جیهانەوە بۆ ئێرانە و هەم لە ئێرانەوە بۆ جیهان. بەتایبەت کرۆکی بەرجام لە ناوەرۆکدا ڕێککەوتنێکی سیاسیی نێوان ئێران و ئەمەریکا لە لایەک و ئەورووپا و جیهان لە لایەکی تر بوو. پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران، لە چوارچێوەی بەرجام بە سەختترین قۆناغدا تێپەڕی. سیاسەتی حکومەتی ئۆباما "سیاسەتی مامەڵە کردن" بوو



لەگەڵ ئێراندا، بەڵام سیاسەتی حکومەتی بایدن سیاسەتی "زۆرترین فشار" بۆ سەر ئێران لە پێناو بەدەستهێنان و سەپاندنی زۆرترین مەرج لەسەر ئێران، کە هەمان سیاسەتی حکومەتی ترامپە سەبارەت بەو دۆسیەیە و پەیوەندیی لەگەڵ ئێران. هەم بایدن و هەم ترەمپ، خواستیان ڕێککەوتننامەیەکی بەهێز و نوێیە لەگەڵ ئێران. بایدن وەک تاکتیکی وتوێژ لەگەڵ ئێران، لە سیاسەتی حکومەتی ترەمپ نزیکترە تا ئۆباما، کە دوورنماکەی ڕێککەوتننامەیەکە زیاتر لە بەرجام کە ڕەهەندی سیاسەتی هەرێمایەتی و هەڕەشە سەربازییەکانی ئێرانیش بگرێتەوە. بەڵام ئێران تەسلیمی دبلۆماسیەتی فشار نابێتەوە. لەگەڵ هەڕەشەکانی ئەمەریکا و ئیسڕائیل بۆ سەر ئێران، ڕێژەی پیتاندنی یۆرانیۆم لەلایەن ئێرانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز کرایەوە لە ٥٪ بۆ ٢٠٪ و پاشان ٦٠٪. لە فشارەکاندا، ئێران هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ڕێژەکە تا ٩٠٪ بەرز دەکاتەوە. لە ڕاستیدا کام لایەن لە ئێران و ئەمەریکا، پێڕەویی دبلۆماسیەتی کوشتنی کات و شەڕی ئارام و کوشندە دەکەن؟ لەبەر ڕۆشنایی هەلومەرجی ناوخۆ و دەرەکی و ئابووریی ئێران، سیاسەتی گشتیی وڵات گەیشتنە بە زیندووکردنەوەی بەرجام. ئانتۆنی بلینکن وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، لەبەردەم کۆنگرێسی وڵاتەکەی ئاماژەی بە ڕێککەوتنێکی بەهێز دەکات لەگەڵ ئێران و ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێگایەکی درێژمان لەبەردەمدایە. سەرۆکوەزیرانی ئیسڕائیل باس لە ستراتیژی "کوشتن بە هەزار چەقۆ" دەکات بەرامبەر ئێران[١٦].

ئێران و ئەمەریکا لە سەرەتای شۆڕشی ئێرانەوە ئاڵۆزترین شێوازی پەیوەندیی نێوان دوو حکومەتیان لە مێژوودا ئەزموون کردووە. گشت سەرۆکەکانی ئێران و ئەمەریکا، خوازیاری ئەوە بوون کە ئەم دیوارە لە بێمتمانەیی بشکێنن، بەڵام هەموویان شکستیان خواردووە. پەیوەست بە دۆسیەی ناوەکیی ئێرانیش، هەردوو باڵی ڕیفۆرمخواز و پەرگیر لە ئێران و هەردوو پارتی کۆماری و دیموکراتیش، ئەزموونی زۆریان لەسەر ئەم دۆسیەیە هەیە. لە هەمان کاتدا، مێژووی ئەم پەیوەندییانە پێمان دەڵێن کە هیچ پەیوەندییەک بە ئەندازەی پەیوەندیی نێوان ئێران و ئەمەریکا دوژمنی دەرەکی و ناوخۆی نەبووە[١٧].

### گەڕی حەوتەمی وتوێژەکانی ڤیەننا

کشانەوەی یەکلایەنەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕێککەوتننامەی بەرجام، شۆکێکی گەورە بوو بۆ ئێران و جیهان و ناوچەکەش. "دۆناڵد ترەمپ ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە خوازیاری بەدەستهێنانی چەکی کۆکوژ و بۆمبی ئەتۆمییە. هاوکات ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە لە ڕیزی پێشەوەی وڵاتانی پشتیوانی تیرۆریزمی نێودەوڵەتییە. ترەمپ باسی لە خراپیی ڕێککەوتننامەکە کرد و پێی وا بوو کە ئەگەر ئێران هەموو بەندەکانی ڕێککەوتننامەکەش جێبەجێ بکات، لە نزیکترین دەرفەتدا دەتوانێت

دەستی بە بۆمبی ئەتۆم بگات[18]."

دۆسیەی ئێران لە دیدی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە سێ بەشی هەستیار دابەش دەبێت: یەکەم: ئێرانی ئەتۆمی و هەر بابەتێکی کە پەیوەندیدار بێت بەم دۆسیەیە وەک ڕێککەوتننامەکان و سیاسەتی جیهانی لەهەمبەر ئەم دۆسیەیە و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی. دووەم: سیاسەتی هەرێمایەتیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی کەنداو کە ئەمەریکا لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانیەوە لە ناوچەکە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەدات. سێیەم: بابەتی ئەمنی و سەربازی و مووشەکە دوورهاوێژەکانی ئێران، کە ئەمەریکا وەک مەترسییەک بۆ سەر خۆی و هاوپەیمانەکانی لەی قەڵەمی دەدات.

لە کاتێکدا وتوێژەکانی ڤییەنا دووبارە دەستیان پێ کردەوە، کە گۆڕانکاریی گەورە لە سیاسەتی ناوخۆی ئێران و ئەمەریکا ڕووی داوە. لە ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی وەک سەرۆکی وڵات دیاری کراوە، کە سەر بە ناوەندی دەسەڵاتی ئێران و باڵی توندڕەوە. لە ئەمەریکاش پارتی دیموکراتەکان بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن دەسەڵاتیان گرتەوە دەست، کە ئەزموونی حوکمڕانیی ئۆباما دێنێتەوە یاد. بەڵام نە باڵی توندڕەوی ئێرانی هێندە توند بوون کە پشت لە ڕێککەوتننامەی بەرجام بکەن و نە دیموکراتەکانی ئەمەریکاش لە ڕووی میکانیزمەوە هەمان ڕێچکەی ئۆبامایان گرتە بەر. "ڕۆبێرت ماڵی نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ کاروباری ئێران، پێی وایە کە ئێران کاتی زۆری لەبەردەم نییە. دەبینن کە بەرجام لە ئایندەیەکی نە زۆر دوور کۆتایی پێ دێت و دەبێت بە ڕێککەوتننامەیەکی نوێ چارەسەری کێشەکان بکەین[19]." ئەمە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ درووژاندنی دۆسیەی مووشەکە دوورهاوێژەکان و هەڵسوکەوتی ئێران لە ناوچەکەش، دەبێتە بابەتی کێشەی ئێران و سیستمی جیهانی و وڵاتە یەکگرتووەکان. هەست بە پاشەکشەیەکی ئارامی حکومەتی بایدن لە درووشمەکانی هەڵبژاردن دەکەین.

ئێران لەژێر فشاری ئابووری و هەلومەرجی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، خوازیاری گەڕانەوەی ئەمەریکا و وڵاتانی ٥+١ دەکات. بەڵام ئێران لەم خولە لە گفتوگۆکان، داوای گەرەنتی قورس دەکات کە ئەمەریکا پابەند بکات بە ڕێککەوتننامەکە و هەڵگرتنی گەمارۆکانی سەر ئێران بەکرداری، بەتایبەت فرۆشتنی نەوتی ئێران و گەڕانەوەی داهاتەکەی بە دراوی بیانی بۆ وڵاتەکەی.

**ئەنجام**

دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران وەک کرۆک و جەوهەری ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی جیهان، هەر ڕەهەندی تەکنیکی و تەکنۆلۆجی نییە، بەڵکوو ڕەهەندی سیاسی و ئابووری و ئیداری و یاسایشی هەیە. لە سەردەمی شای ئێران و تا دەگات

بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەم دۆسیەیە تا ئێستا بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. ئەمەش کاریگەریی قورسی هەم لەسەر ئێران داناوە و هەم کاریگەرییە نێودەوڵەتییەکانیشی تا ڕادەیەک سیاسەتی جیهانی بەسەر دووجەمسەرییەکی دیاردا دابەش کردووە. لە حاڵەتی چارەسەرکردنی کێشەکەدا، ئێران دەگەڕێتەوە سەر ڕێچکەی ڕاستی نێودەوڵەتیی خۆی و جێگری سیاسی و ئابووری بۆ وڵاتەکەی دەگەڕێتەوە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەباتە دۆخێکی ئارام و جێگیر و پێگر بۆ ئێران و ناوچەکەش، بەڵام ئەگەر کێشەکە چارەسەر نەبوو، ئەوا دەبێت چاوەڕوانی سزای توندتر و کەمەرشکێنتر بین لەلایەن ئەمەریکا و وڵاتانی ئەورووپاوە. میکانیزمی ماشە (Trigger Mechanism)، یاخود گەڕانەوەی ئۆتۆماتیکیی گەمارۆکان (Snapback) بۆ سەر ئێران لەلایەن وڵاتانی ئەورووپاوە. هەڕەشەی هێرشی سەربازی لەلایەن ئەمەریکا و ئیسرائیل، دۆخی ناوچەکە دەخاتە حاڵەتێکی زۆر مەترسیدار، ناوچەکەش دەبێتە گۆڕەپانی ململانێی سەربازی و گەرمکردنی بازاڕی چەک.

سەرچاوەکان:

١- یراوان ابراهامیان، ١٣٩٨، تاریخ مدرن ایران، تهران، انتشارات نشر نی چاپ نوزدهم.

٢- سید حسن موسویان، ١٣٩٤، روایت بحران هستەای ایران، ناگفتەهای یک دیپلمات، تهران، انتشارای تیسا.

٣- کاظم غریب ابادی، ١٣٧٨، برنامه هستەای ایران، واقعیت های اساسی، تهران، مرکز چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه.

٤- کاظم غریب ابادی، ١٣٧٨، برنامه هستەای ایران، واقعیت های اساسی، تهران، مرکز چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه.

٥- هەمان سەرچاوە.

٦- سید حسن موسویان، ١٣٩٤، روایت بحران هستەای ایران، ناگفتەهای یک دیپلمات، تهران، انتشارای تیسا.

٧- دکتر حسن روحانی، ١٣٩٠، امنیت ملی و دپلوماسی هستەای، تهران، مرکز تحقیقات استراتژیک.

٨- کوسرت خدر ابوبکر، ٢٠١٨، المفارضات الدولیه حول البرنامج النووی الایرانی وآفاقها المستقبلیه، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیه، سلیمانیه.

٩- محمد جواد زریف، علی اکبر صالحی، عباس عراقچی، مجید تخت روانچی، ١٤٠٠ راز سر به مهر، کتاب اول: موافقت ژنو، تنظیم و گردآوری: سید علی موجانی، انتشارات اطلاعات.

١٠. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

11- http://www.irdiplomacy.ir/fa/news/1940867/%D9%86%DA%AF%D8%A7%D9%87%DB%8C-%D8%A8%D9%87-%D9%82%D8%B7%D8%B9%D9%86%D8%A7%D9%85%D9%87-%D9%87%D8%A7%DB%8C-%D8%B4%D9%88%D8%B1%D8%A7%DB%8C-%D8%A7%D9%85%D9%86%DB%8C%D8%AA-%D8%B9%D9%84%DB%8C%D9%87-%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86

١٢- محمد جواد زریف، علی اکبر صالحی، عباس عراقچی، مجید تخت روانچی، ١٤٠٠ راز سر به مهر، کتاب دوم: از توافق مشترک تا اطاق نگارش موافقت ژنو، تنظیم و گردآوری: سید علی موجانی، انتشارات اطلاعات.

١٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

14- https://www.armscontrol.org/factsheets/JCPOA-at-a-glance

15- jack,straw. 2019. The English job, understanding iran and why it distrust Britian .

١٦- علیرضا نامور حقیقی. تلفزیون ایران انترناشنال،22 dec 2021 / https://youtu.be/sjVOWZyE50s

١٧- سید حسین موسویان، ١٣٩٤، ایران و امریکا (گذشته شکست خورده و مسیر آشتی)، تهران، انتشارات تیسا.

18- https://www.bbc.com/persian/44046173

19- https://www.mehrnews.com/news-/5381469/%D8%B1%D8%A7%D8%A8%D8%B1%D8%AA-%D9%85%D8%A7%D9%84%DB%8C-%D9%81%D9%82%D8%B7-%DA%86%D9%86%D8%AF-%D9%87%D9%81%D8%AA%D9%87-%D9%81%D8%B1%D8%B5%D8%AA-%D8%AF%D8%A7%D8%B1%DB%8C%D9%85

# ڕاگەیاندن لە ئێراندا پێشینە، وابەستەیی و سانسۆر



هەردی مەهدی میکە




## بەرایی

میدیا بەگشتی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بەپێی دەستووری ئێران و یاسا بەرکارەکانی، بەتەواوی پێویستە تۆمارکراو و پابەند و لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتی کولتووریی دەوڵەتدا (نەک حکومەت) بەڕێوە بچێت، لەوەش زیاتر هەرسێ جۆری نووسراو و بینراو و بیستراو، ڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی دەزگایەکدا ڕێک خراون و سەر بە ماڵی ڕابەری و ڕاستەوخۆ ڕابەری ئێران، بەڕێوەبەرەکەی دیاری دەکات. تەنانەت یەک تەلەڤزیۆن و ڕادیۆی سەربەخۆ و ئەهلی و حزبی لە نێوخۆی وڵاتدا بوونی نییە، لەوەش زیاتر پەیج و ئەکاونتی کەسایەتی و گرووپەکانی تۆڕە

کۆمەڵایەتییەکانیش پێویستە لە چوارچێوەی یاسای بەرکاری ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتە بەڕێوە بچن و مۆڵەت وەربگرن.

پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم بابەتە: پێشینەی مێژوویی دامەزراندنی میدیای نووسراو و بینراو و بیستراو چۆنە؟ ڕەوشی میدیا بەپێی دەستوور و یاسای ئێران چۆن ڕێک خراوە؟ ئەو ڕەخنانە چین لە ڕەوتی ڕاگەیاندن دەگیرێن لەو وڵاتەدا؟

## پێشینەی ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندنی پێشین (ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن) لە ئێرانی نوێ و هاوچەرخدا، مێژوویەکی تا ڕادەیەک درێژیان هەیە، سەرەتا بە ڕۆژنامە و پاشان ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن دەستی پێ کرد، هەرسێ جۆرە باوەکەشی لە سەرەتای دامەزراندنیاندا بە جۆرێک قەرزاری ڕۆژئاواییەکانن:

١. ڕۆژنامە: یەکەمین ڕۆژنامە لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژنامەی "کاغذ اخبار" (پەڕاوی هەواڵ)، کە میرزا سالحی شیرازی لە سەردەمی محەمەد شای قاجاردا لە ساڵی ١٨٣٧دا دایمەزراند. میرزا یەکێک بوو لەو چوار خوێندکارەی کە بۆ خوێندن لە ئەورووپا (بەریتانیا) لە ساڵی ١٨١٥دا نێردران و کە گەڕایەوە؛ ئەم ڕۆژنامەیەی بۆ مەملەکەتی قاجار دامەزراند[١]. بەڵام بیرمان نەچێت کە بەکارهێنانی وشەی "روزنامە" (ڕۆژنامە) مێژووەکەی بۆ سەردەمی بوەیهییەکانی قۆناغی خەلافەتی عەباسی و "صاحب بن عباد" دەگەڕێتەوە، کە ئێرانی ئەمڕۆش بەشێکی قەڵەمڕەوییەکەیان بووە، بەڵام بە واتای دەفتەری ڕۆژانەی بیرەوەری و یاداشت هاتووە و بە واتا هاوچەرخەکەی؛ دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم[٢].

٢. ڕادیۆ: گەر لە ڕۆژنامەگەریدا ئێران قەرزاری ئەزموونی بەریتانیا بێت، ئەوا لە ڕادیۆدا قەرزاری ئەڵمانیایە. یەکەمین دەزگای تۆمارکردنی دەنگ لە ساڵی ١٩٢٧دا، وەزیرێکی ئەڵمانی پێشکەشی ڕەزا شای پەهلەویی کرد. شا فەرمانی کرد ئەو دەزگایە لە پەرلەماندا جێگیر بکەن تا گوێی لە گفتوگۆکانی پەرلەمانتاران بێت، نەک بەرنامە بۆ هاونیشتمانییەکانی پێشکەش بکات! ساڵێک پاش ئەوەش، سەرتیپ زاهیدی ئامێرێکی ڕادیۆیی پێشکەشی شارەوانیی ڕەشت کرد. تا گەیشتە ئەوەی ساڵی ١٩٢٩، پرۆژەیاسای بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگ پێشکەشی پەرلەمان کرا و ئەوەش یەکەمین یاسای تایبەت بە میدیایە لە ئێراندا. هەوڵێکی ئەهلی بوو کە میرزا حسێنی دیبا پێشکەشی کرد بۆ وەرگرتنی دامەزراندنی ڕادیۆ، گەرچی ئەم یاسایە بۆ ساڵێک مۆڵەتی دابوویە خاوەنی پرۆژەکە و کردەیی نەکرا و ڕادیۆش (وەک پەخشکەر) دانەمەزرا، بەڵام هەمان ساڵ، کڕینی ئامێری ڕادیۆ و دانانی لە ماڵەکاندا ڕێی پێ درا، بە مەرجێک

داواکاری بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەرز بکرێتەوە و مۆڵەتپێدراو بێت. ساڵی (١٩٣٨)یش یەکێک لە ئاشوورییەکان (جیمس قهرمانیان) پێشنیاری ئەوەی دایە شا تا دەزگایەکی ڕادیۆی سەرانسەری لە وڵاتدا دابمەزرێنێت، بەڵام هەموو ئەم هەنگاوانە کردەیی نەبوون، تا ئەوەی ساڵی ١٩٤٠ ڕادیۆ لە ئێراندا ئیفتیتاح کرا[٣]. ساڵێک پاش ئەوەش، فەرمانگەی بانگەشە دامەزرا و پاشان ناوەکەی گۆڕدرا بۆ بەڕێوەبەرایەتیی زانیاری و ڕادیۆ[٤].

٣. تەلەڤزیۆن: مێژووی هاتنەناوەوەی تەلەڤزیۆنیش بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٦، ئەوکات گەنجێک بە ناوی "کارزونی"، خەڵکی ئەسفەهان، کە لە بواری دەرهێنانی سینەماییدا لە دەرەوەی وڵات خوێندبووی، بیری لەوە کردەوە و هەوڵێکی زۆری دا لە ئێراندا دەزگایەکی پەخشی تەلەڤزیۆن دابمەزرێنێت، بەڵام هەوڵەکانی سەری نەگرت. گەرچی هەر لەو دەیەیەدا دامەزراندنی دەزگای ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن پێشنیار کرا، بەڵام ئەمەش کرداری بەشوێنەوە نەبوو، تا ئەوەی کەسێک بە ناوی حەبیبوڵا سابیت پێشنیاری دامەزراندنی تەلەڤزیۆنێکی لە ساڵی ١٩٥٨ (١٣٣٧ش) دایە پەرلەمان و پەسەندی کرد، بەم شێوەیە یەکەمین یاسای تایبەت بە تەلەڤزیۆنیش لە ئێراندا دەرچوو. ڕۆژی ٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٨، یەکەمین تەلەڤزیۆن بە ناوی "تەلەڤزیۆنی ئێران" دەستی بە پەخش کرد و ڕۆژانە چوار کاتژمێر هەبوو. ساڵی (١٩٦٦)یش یەکەمین تەلەڤزیۆنی نیشتمانی-دەوڵەتی وەک پەخشی ئەزموونی دەستی بە کار کرد[٥].

### ڕاگەیاندن و سانسۆر لە ئێرانی ئێستادا


بواری ڕاگەیاندن کە لەژێر ناوی "صدا و سیما"دا (دەنگ و ڕەنگ) لە دەستووری ئێراندا بەشی دوانزەیەم و مادەی ١٧٥ی بۆ تەرخان کراوە، پێشتر ئەم بڕگەیە ناوی "میدیای گشتی یان گرووپی بوو"، بەڵام لە هەموارکردنەوەی دەستووردا گۆڕدرا بۆ "سەدا و سیمای کۆماری ئیسلامیی ئێران"[٦].

**دەزگای ڕاگەیاندن وەک زانکۆیەکی گشتی بڵاوکردنەوەی کولتووری ئیسلامییە، پێویستە ژینگەیەک بۆ تەزکیەی نەفس و فێربوونی ئینسان و گەشەکردنی فەزیلەتە ئەخلاقییەکان دروست بکات و خێرایی ببەخشێ بە هەنگاوەکانی تەواوکردنی شۆڕشی ئیسلامی لە سەرانسەری جیهاندا**

ئەم مادەیە سەرەتاکەی وا هاتووە کە ڕا و باوەڕ ئازادە و پێویستە دەسەتەبەر بێت، بەڵام مەرجداری کردووە بەوەی کە پێویستە لە چوارچێوی پێوەرە ئیسلامییەکان (مەبەستی پێوەرەکانی شیعەی دوانزە ئیمامییە کە مەزهەبی فەرمی دەوڵەتە بەپێی دەستوور) و بەرژەوەندییەکانی وڵاتدا بێت (دیارە لە پێشدا سەدا و سیما مەبەست ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە بوو، بەڵام هەنووکە سەرجەم بوارەکانی میدیا لەخۆ دەگرێت و تەنانەت هەور و پانتایی گریمانەیی ئینتەرنێتیش دەگرێتە خۆ). هەر بەپێی ئەم مادەیە، دانان و لادانی سەرۆکی دەزگاکە لە دەسەڵاتەکانی ڕێبەردایە و ئەنجوومەنێکی بۆ پێک دەهێنرێت کە لە نوێنەرەکانی سەرۆککۆمار و سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری و پەرلەمان پێک دێت و چاودێریی ئەم دەزگایە دەکەن، سیاسەتی گشتی و ڕێکخستنی دەزگاکە و چاودێریکردنیشی بە یاسایەک لە پەرلەمانەوە ڕێک دەخرێت، هەر بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی دەزگاکە (مادەی حەوت) ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە دەبێت: موسوڵمانێکی پابەند بێت، باوەڕی بە (ولی فقیە) هەبێت، ئاگای لە سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوە و بابەتی ڕۆژ هەبێت، پێشینەی پاک بێت و... تاد. هەروەها بەپێی یاسای پێڕەویی دەزگای ڕاگەیاندن (صدا و سیما) (مادەی نۆ)، ئامانجەکەی ئاوا دیاری کراوە: کە "دەزگای ڕاگەیاندن وەک زانکۆیەکی گشتی بڵاوکردنەوەی کولتووری ئیسلامییە، پێویستە ژینگەیەک بۆ تەزکیەی نەفس و فێربوونی ئینسان و گەشەکردنی فەزیلەتە ئەخلاقییەکان دروست بکات و خێرایی ببەخشێ بە هەنگاوەکانی تەواوکردنی شۆڕشی ئیسلامی لە سەرانسەری جیهاندا، ئەمەش لە چوارچێوەی بەرنامەی ڕێنمایی، هەواڵ و سەرگەرمی پەرە پێ بدرێت"[٧].

لێرەوە دەردەکەوێت ئەو بنەما و پێوەرە هاوچەرخە جیهانییانەی کە میدیای ئازاد و وڵاتانی دیموکرات لەسەری دەڕۆن، جیاواز و پێچەوانەیە لەگەڵ یاسا بەرکارەکانی ڕاگەیاندن لە ئێراندا و پەیامەکانی کارکردنی، دوو دنیای جیاوازن و ئامانجی میدیا لە ئێراندا زیاتر ئامرازێکە بۆ پەرەپێدانی ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتی فەرمی و بنەماکانی شۆڕش و مەزهەب.

پاش شۆڕشی ١٩٧٩ و بەر لە هەمواركردنەوەی دەستوور، دەزگای میدیای ئێران لەژێر سەرپەرشتیی هەرسێ دەسەڵاتدا (جێبەجێکردن، پەرلەمان و دادوەری) بوو، کە تا ڕادەیەک کرانەوە و ڕەنگاوڕەنگیی تێدا بەدی دەکرا، بەڵام بە هەمواركردنەوەی دەستوور (١٩٨٩)، دەسەڵات و وابەستەیی دەزگای ڕاگەیاندن خرایە سەر دەسەڵاتەکانی ڕێبەر و وابەستە کرا بە سیاسەت و ڕێنمایی و باوەڕەکانی ئەو دەزگایەوە[٨].



بارەگای سەرەکیی دەزگای ڕاگەیاندنی فەرمی ئێران، هەنووکە لە شەقامی وەلیعەسری تارانی پایتەختە و دەکەوێتە باکووری شاری تارانەوە و نزیکەی ١٢٠ هێکتار زەویی بۆ دابین کراوە. جیا لەمەش، لە سەرجەم پارێزگاکانی دیکەشدا لق و نووسینگە و دەزگای لێ بووەتەوە و هەر پارێزگایەکیش نووسینگە و تەلەڤزیۆنێک و ڕادیۆیەکی تایبەت بە خۆی هەیە و ئامراز و دەسەڵاتیان دراوەتێ و دەستبەکارن. سەرجەمیان سەر بە دەزگا گشتییەکەی تارانن و هەر بۆ نموونە؛ زیاتر لە ٣٥ کەناڵی تەلەڤزیۆنی لە پارێزگاکان و شارەکاندا هەیە و هەمان ئەندازە و زیاتریش ڕادیۆی هەیە. هاوکات چەندین تۆڕی ئینتەرنێتی و سایت و پەیج و... و دەزگای وەشاندن و ئینتەرنێتی و... تاد؛ بەڕێوە دەبات[٩].

جیا لەمەش، لە دەرەوەی ئێرانیش چەندین لق و کەناڵی ئاسمانی و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و سایت و... ی لێ بووەتەوە و سەرجەمیان ڕووماڵی سیاسەتی کولتووری و هەژموونی دەوڵەتی ئێران دەکەن، وەک: کەناڵەکانی سەحەر بە زمانەکانی کوردی و ئوردوو و فەرەنسی و ئازەری، کەناڵەکانی جامی جەمی دەرەوە، ئای فیلمەکانی فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی، کەوسەری عەرەبی، ئەلعالەمی عەرەبی، پرێس تی ڤی ئینگلیزی و هیسپان تی ڤی ئیسپانی... تاد و ڕادیۆکانی



دەرەوەی وەک: شەش ڕادیۆ (١ تا ٦) بە زمانی عەرەبی، نەدای ئیسلامی ئینگلیزی و ڕووسی و تورکی و فەرەنسی و... تاد، ڕادیۆی دەری بە فارسی دەری، ڕادیۆی سەدای ئاشنا بۆ ئەورووپا و ئەمەریکا و ئاسیا.

دەزگای ڕاگەیاندن لە ئێراندا زانکۆیەکی تایبەت و چەندین کۆلێژ و پەیمانگای هونەریی بۆ کراوەتەوە (زانکۆی دەنگ و ڕەنگ)، کە کادیری بوارەکە پەروەردە دەکەن و بە پشتگیریی تایبەت و پێوەری خۆیان وەردەگیرێن، نەک بە ئارەزوومەندانە و بە نمرە.

لە ڕووی سەرچاوەی داراییەوە، زۆرینەی خەرجییەکانی لەسەر بودجەی گشتی تەرخان دەکرێت و بەشێکی دیکەشی لە ڕێگەی ڕیکلام، پشکداری لە: پارەی بەشدارانی کارەبا، پارەی بواری وەرزش، پشک لە فرۆشتنی ئامێرەکانی تەلەڤزیۆن، پشکدار لە دەرامەتی ڕۆژنامەکان، دەزگاکانی وەشاندن، گۆڤار و بڵاوکراوەکان، دەرامەتی چەندین کۆمپانیای میدیایی وەک سرووش و سیما چوب و... تاد؛ دەست دەخرێت.

### سانسۆری میدیایی لە ئێراندا

ئەوەی لە مێژووی ڕاگەیاندنی ئێراندا تێبینی دەکرێت، سەرجەم هەوڵە یەکەمینەکانی دامەزراندن و وەشاندنی دەزگای میدیایی سەرەتا هەوڵی ئەهلی و کەسایەتی بوون، بەڵام لە کۆتاییدا دەوڵەت دەستی بەسەردا گرتوون و نەک ئەوەی میدیای دەوڵەتی بەهێزتر بێت، بەڵکوو سەرجەم میدیاکان پێویستە لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا بن. تێبینییەکی دیکەی نێو بواری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن لە ئێراندا ئەوەیە، هاوتا لەگەڵ هەوڵە سەرەتاییەکانی پەرەپێدانی میدیادا، مێژووی سانسۆر و داخستن و دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسانیش پەرەسەندوو بووە و ئەمەش تەنها پەیوەست نییە بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، بەڵکوو وەک نەریتێکی دێرینی دەوڵەتە ئێرانییەکانە و هەر لە دەوڵەتی قاجارەوە تا پەهلەوی و دەوڵەتی هەنووکەیی دەزگا سانسۆرییەکانی میدیا؛ زۆر کاریگەرترن لە دەزگا وەشێنەرەکانی.

گەرچی بەپێی دەستووری ئێران لە مادەی (٢٤)دا هاتووە کە "بڵاوکراوە و چاپکراوەکان لە دەربڕیندا ئازادن، مەگەر ئەوەی کە زیان بە بنەماکانی ئیسلام یاخود مافە گشتییەکان بگەیەنن[١٠]"، بەڵام هەر لەو دەستوورەدا و بەپێی مادەی ١١٠ کە تایبەتە بە دەسەڵاتەکانی ڕێبەری باڵاوە، لە بڕگەی "ج"دا دەسەڵاتی دانان و لادان و قبووڵی دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی دەزگای دەنگ و ڕەنگ (ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و... تاد - صدا و سیما)ی داوەتە "ڕابەری باوەڕدارانی جیهان" (ڕابەری ئێران)[١١] و بەپێی هەردوو یاسای بەڕێوەبردن و پێڕەوی "صدا و سیما"ی ئێرانیش مەرجەکانی بەڕێوەبەرانی و سەرپەرشتیارانی و پەیامەکانی بە ئایدۆلۆژیا و مەزهەب کاریگەرن و مەرجی کاری میدیاییە.

زۆرترین ڕەخنەیەک لەم دەزگایە دەگیرێت، لە لایەک ئایدۆلۆژیبوونیەتی کە دەربڕی ڕای لایەنێک و ئاراستەیەکی سیاسییە و بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ئەمە بەڕوونی دەردەکەوێت، لە لایەکی دیکەوە لەخۆگری دەنگی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی جگە لە شیعە نییە، بۆ نموونە؛ لە بانگدانەوە تا دەگاتە پەخشی بەرنامەکان، زیاتر بەرنامەی ئایینیی شیعەگەراییە و لە ڕووی زمانیشەوە زمانی فەرمی فارسییە و زمانەکان (کوردی، عەرەبی، بەلوچی و ئازەری) و مەزهەبەکانی دیکە

> **جاری وا هەبووە دوو کاراکتەری عاشقی یەکتر لە کارتۆنێکی منداڵاندا وەک خوشک وبرا نمایش کراون، ئەمەش بە بیانووی ناشەرعیی پەیوەندیی هاوڕێیەتی کچ وکوڕ لە مەزهەبی شیعەدا**

(سوننە و ئایینەکانی وەک مەسیحی و جوو و زەردەشتی) فەرامۆش کراون و لە چەند بەرنامەیەکی کولتووری و هونەریدا نەبێت؛ بواری پەخشیان نییە.

لەگەڵ ئەمانەشدا، ئەوەی ئەم دەزگایەی پێ دەناسرێتەوە، سانسۆرە بەردەوامەکانیەتی لەسەر بەرهەم و هاوکارەکانی، ئەم سانسۆرەش خۆی لە سانسۆری سیاسی، ئایینی، مەزهەبی، ئەخلاقی، جلوبەرگ و کەلامیدا دەبینێتەوە. سانسۆرچی لە وەرزش و هونەری منداڵانەوە تا سیاسەت ڕۆڵ دەگێڕێت، تەنانەت هێندە کارایە کە ڕەنگی جلوبەرگ و جۆری جلوبەرگی زنجیرە کارتۆنییە بیانییەکانی منداڵانیش دەگۆڕێت، بە جۆرێک جاری وا هەبووە دوو کاراکتەری عاشقی یەکتر لە

کارتۆنێکی منداڵاندا وەک خوشک و برا نمایش کراون، ئەمەش بە بیانووی ناشەرعیی پەیوەندیی هاوڕێیەتیی کچ و کوڕ لە مەزهەبی شیعەدا. لە بواری وەرزشیشدا بۆ نموونە؛ سروودی نیشتمانیی ئەمەریکا پەخش ناکرێت (لە یارییەکانی ئێران و ئەمەریکا). لە بواری هونەرییشدا، زۆرینەی هونەرمەندانی ئێرانیی نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بەرهەمەکان و وێنەیان ڕێگەی پەخشکردنی نادرێت و هەر ئەمەش وای کردووە بەشێکی دیکەی هونەرمەندانیش بایکۆتی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆی فەرمی وڵاتیان کردووە. لە ڕووی ڕۆژنامەگەرییشەوە، تۆماری داخستنی ڕۆژنامەکان بە هۆی حاڵەتی سیاسی و نەتەوەیی و مەزهەبییەوە؛ لیستێکی درێژە و لێرەدا بوار نییە بخرێنە ڕوو.

لە نموونەی سیاسییشدا، بۆ دە ساڵ زیاتر وێنەی سەرۆکی هەندێ وڵات لە لیستی پەخشنەکردندا بووە و تەنها بە نووسین ڕووماڵ کراوە، وەک وێنەی جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمەریکا. لە ئاستی نێوخۆشدا، بۆ نموونە دەنگ و ڕەنگی خاتەمی، مووسەوی، کەڕوبی و... تاد، زیاتر لە هەشت ساڵ قەدەغە بوو لە هەر دەزگایەکی میدیایی دەوڵەتیدا پەخش بکرێن[12].

ڕەخنەگرانی پسپۆڕ؛ ڕەفتاری دەزگای سانسۆر بە نەپاراستنی مافی بەرهەمهێنەر و نووسەر و تەنانەت مافی بینەریش دەزانن، کە هەم چەواشەکارانەیە و دژە ئازادییە و هەم مافی خەڵکی دیکەی پێشێل کردووە. ئەوان لەو باوەڕەدان دەزگای ڕاگەیاندنی فەرمی دەکرێت لە بنچینەدا بەرهەمەکان پەخش نەکات، نەک ئەوەی بەو شێوەیە پەخش بکات کە زۆر کات بەرهەم و کارەکتەرەکان لە سیاقی بەرهەمەکەدا ڕێ ون کراون و ناناسرێنەوە.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١. مهدی احمدی (١٣٩٨): میرزاصالح شیرازی و تاسیس نخستین روزنامه در ایران، IRNA: https://bit.٣oaQOLV/ly.

٢. سایت نقشبند (١٣٨٨): نیم نگاهی به تاریخ پیدایش روزنامه در ایران، سایت نقشبند: http://naghshband.٧٢/blogfa.com/post .

٣. بڕوانە: حسین محبوب اردکانی (١٣٩٠): تاریخ موسسات تمدنی جدید در ایران، ج٣، انتشارات دانشگاه تهران، صص٧٥-٧٦.

٤. داریوش رحمانیان (١٣٩١): ایران بین دو کودتا، انتشارات سمت، ص٢٤٧.

٥. تاریخ تلویزیون در جهان و ایران: https://mihankalaa.com/blog/historial-de-tv/ .

٦. قانون اساسی، جمهوری اسلامی ایران، ١٣٩٥. مجموعه قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، جمع آوری: معاونت حقوقی ریاست جمهوری، اداره چاپ و انتشار معاونت تدوین، تنقیح و انتشار قوانین و مقررات. تهران، مادەی ١٧٥.

٧. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: "مادەی ١٧٥ی دەستووری ئێران"، "یاسای بەڕێوەبردنی 'صدا و سیما'ی جمهوری اسلامی ke?٩٠١٠٤/https://rc.majlis.ir/fa/law/show ٨٪DB٪B٣٪D٨٪+A٧٪AF٪D٨٪D٨٪B٥٪yword=٪D٨ A٧٪D٨٪٨٥٪C٪D٩ " و "یاسای اساسنامە سازمان صدا و سیمای جمهوری اسلامی: https://rc.majlis.ir/fa/law/ ٩٠٤٠٢/show".

٨. بڕوانە: قانون اساسی, جمهوری اسلامی ایران، (١٣٩٥): هەمان.

٩. تابناک (١٤٠٠): سازمان صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران: ٣z١IzW٦/https://bit.ly .

١٠. معاونت حقوقی ریاست جمهوری (١٣٩٥): مجموعە قانون اساسی ج. ا. ایران، چاپ چهارم، تهران، ص٤٨.

١١. هەمان، ص٩٩.

١٢. پایان ممنوع التصویری خاتمی در تلویزیون ایران (٢٠١٦): ٣٢CDozL/https://bit.ly .

# گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە سەردەمی ئیبراهیم ڕەئیسی

## تورکیا و سعودیە وەک نموونە



هیوا مەجید خەلیل



**پێشەکی**

لە سیاسەتی سەردەمدا باوە، کاتێک کە ماوەی سەد ڕۆژ بەسەر بەدەسەڵاتگرتنی سەرۆکێک دەرباز بوو، هەڵسەنگاندنێکی بەرایی بۆ کار و چالاکییەکانی سەرۆکەکە ئەنجام دەدرێت، وەک بەرچاوڕوونییەک بۆ پێشبینیکردنی چۆنیەتیی حوکمڕانیکردنی سەرۆکەکە لە ماوەی حوکمڕانێتیی خۆیدا لە داهاتوو. نزیکەی چوار مانگ بەسەر بوون بە سەرۆککۆماری ئیبراهیم ڕەئیسی تێپەڕیوە و دەکرێ هەڵسەنگاندنێکی خێرا بۆ کارنامەی حکومەتەکەی بکەین. لە زانستی سیاسەتدا بۆچوونێک هەیە کە دەڵێت سیاسەتی دەرەوە، درێژکراوەی سیاسەتی ناوخۆیە. دەکرێ ئەم گوتەیە بۆ ئێرانێک کە پانزدە پارێزگاکەی هاوسنوورن لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی، ڕاست بێت. ئەگەر بەپێی ئەم ئارگیۆمێنتە بێت، بە سەیرکردنی داتاکان لە گشت بوارێکدا، ئێران لەدوای هاتنەسەرکاری ئیبراهیم ڕەئیسی بەتایبەتییش لە بواری ئابووری و داراییدا، لە پاشەکشەدایە. کەواتە ئایا بە هەمان شێوەی ناوخۆ، لەسەر ئاستی دەرەوەش، پەیوەندییەکانی لە پاشەکشەدا دەبێت؟ ئەمەی لەوە گرنگترە، بە پێچەوانەی سەرۆککۆمارەکانی پێشوو کە هەر کام بەرنامەیەکی چوار ساڵانەی ڕوونیان هەبوو، جا بەرنامەکە باش بووبێ یان خراپ، بەڵام ئیبراهیم ڕەئیسی ئەم بەرنامەیەشی نییە تا بتوانرێ هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ. بە پێچەوانەی ڕۆحانی کە درووشمی "سازش" واتە ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەی هەڵگرتبوو، ڕەئیسی زۆرتر تەرکیزی خستووەتە سەر کاروباری ناوەوەی وڵات. هەر بۆیەش لە ماوەی دوو مانگی یەکەم سەرۆککۆمارییەکەیدا، سەردانی هەشت پارێزگای ئێرانی کرد. واتە ڕەئیسی دەیەوێت بەرمەبنای سیاسەتی ناوخۆیی، سیاسەتی دەرەکیی کابینەکەی دابڕێژێت. لە ڕووی سیاسەتی دەرەوە، دەکرێ تەنیا دەستکەوتی کابینەکەی ڕەئیسی بریتی بێت لە چوونەناو ڕێکخراوی هاریکاریی "شانگهای"، کە هەوڵەکانی ئێران بۆ چوونە ناو ئەم ڕێکخراوە بۆ کابینەکانی پێشووی دەگەڕێتەوە.

هەم لە سەردەمی حوکمڕانیی ئیبراهیم ڕەئیسی و هەمیش لە کابینەکانی پێشوودا، لە ئاست سیاسەتی دەرەوە، گرفتی سەرەکیی بەردەم ئێران بریتییە لەوەی کە ئێران لە ڕووی دیپلۆماسی و گفتوگۆکانەوە لاوازە، ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە. ئەم لاوازییەی ئێران بووەتە هۆی ئەوەی کە گفتوگۆکانی لەسەر هەر پرسێک درێژە بکێشێت و دواجار ئێران ئامانجە سەرەکییەکەی لە گفتوگۆکان بزر بکات، بۆ نموونە: گفتوگۆکان لەگەڵ وڵاتانی ٥+١ لەسەر پرسی بەرنامەی ئەتۆمی بوو، کەچی ئێستا بەرنامەی مووشەکە بالیستیکییەکانی ئێران و کردەوەکانی سوپای پاسداران و پرسی مافی مرۆڤیش چوونەتە پاڵ ئەم گفتوگۆیانە. یاخود، ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق کە ئێران دەستی هەبوو لە

دارشتنی ئەم ماددەیەدا، وەک تەمبێکردنی سوننەکان بوو کە هۆڵی کۆبوونەوەکانی تایبەت بە دارشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراقیان بەجێ هێشت، کەچی دواجار ئەم ماددەیە بووە هۆی بەهێزکردنی سوننەکانی ناوچە جێناکۆکەکان و تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و شیعە کە بە دوو هاوپەیمانی یەکتر هەژمار دەکران. تەنانەت ئێران هەوڵی دا کە کاریگەری لەسەر رێککەوتنی ستراتیژی لەنێوان عێراق و ئەمریکادا دروست بکات، بەڵام لەم کارەدا سەرکەوتوو نەبوو. لەم گوتارەدا خوێندنەوە بۆ پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ کۆماری تورکیا و عەرەبستانی سعودیە دەکرێت لە سەردەمی کابینەکەی ئیبراهیم رەئیسی.

### ئێران و تورکیا

ئێران و تورکیا دوو وڵاتی زلهێزی هەرێمایەتین. پەیوەندی لەنێوان وڵاتانی زلهێز دوو خەسڵەتی تایبەتی هەیە، کە بریتین لە ململانێ و هاوکاری. بە درێژایی مێژووی دامەزراندنی ئەم دوو قەوارە سیاسییە، چ وەک ئێمپراتۆری عوسمانی و سەفەوی و چ وەک دەوڵەتی ئێران و تورکیای هاوچەرخ، هەردوو لایەن لە ململانێی قووڵ و هاوکات لە هاوکاریکردنی یەکتریشدا بوون.

دروستبوونی ساردی و تەنانەت دڕدۆنگی لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و دەوڵەتانی ئەورووپا، بەتایبەت لەپاش رووداوەکانی کودەتا سەربازییەکەی تورکیا لە ساڵی ٢٠١٦، بێجگە لە کارتێکەریی ئابووری، لە رووی ئاسایشی و سیاسییەوە وای کردووە کە تورکیا هەست بە دڵەڕاوکێ بکات. بەم پێیەش تورکیا هەوڵ دەدات لە رێگەی دروستکردنی هاوپەیمانیی ناوچەیی (هەر چەندە کاتی) و هەروەها بەشداریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی ناوچەکە، ئاسایشی خۆی بپارێزێت و بەرژەوەندییەکانی دەستەبەر بکات.

هاوکاریی نێوان ئێران و تورکیا زۆرتر لەسەر پرسە ئاسایشییەکان بووە، واتە ئەو پرسانەی کە مانەوەی هەردوو قەوارە سیاسییەکە تووشی مەترسی بکات، وەک پرسی کورد. دوای بەهاری عەرەبی و دوورکەوتنەوەی ئاکپارتی لە رۆژئاوا و خواستی بۆ بوون بە تاکە زلهێزی هەرێمایەتی، ململانێی نێوان ئەم دوو وڵاتە قووڵتر بووەتەوە، بەتایبەتییش لە سووریا و عێراق و تا دواجار ململانێیەکە خۆی لە پرسی کێشەکانی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان بینیوەتەوە کە دواتر بوو بە کێشەی ڕاستەوخۆی نێوان ئازەربایجان/ تورکیا و ئێران. کەواتە ئەوەی کە ئاراستەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئێران دیار دەکات، زۆرتر هاوکێشە و ڕووداوە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان ئاراستەی جۆری پەیوەندیی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە دەکەن کە دەرەنجامەکەشی زۆرتر ململانێیی و ناکۆکییە نەک هاوکاری و هەماهەنگی.

بە پشتبەستن بەم واقیعەی کە باس کرا، پەیوەندییەکانی تورکیا و کۆماری ئیسلامیی ئێران

سەرەڕای هاوسنووری، بەڵام بەردەوام لەنێوان هاوکاری و ململانێ و کێبڕکێدا هاتوچۆ دەکات، بۆ نموونە: لەپاش نەمان یاخود لاوازبوونی داعش یاخود سەردەمی ئاسایشی "پۆستداعش" لە عێراق، تورکیا مەترسیی ئەوەی هەیە کە ئێران لە ڕێگەی گرووپ و ملیشیا شیعەکان و حکومەتی بەغداوە، لە ناوچە سوننییەکانی موسڵ و هەروەها لە ناوچە تورکماننشینەکان باڵادەست بێت. ئەمەش بۆ تورکیا جێگەی مەترسییە و هاوسەنگیی هێز لە دژی تورکیا دەگۆڕێت و بەم پێیەش لە ئەگەری پەراوێزکەوتنی تورکیا لە گۆڕانکارییە ناوچەییەکاندا، ڕۆڵی هەرێمایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرز دەبێتەوە و تورکیا دۆڕاوی ئەم هاوکێشە و هاوسەنگییە نوێیە دەبێت لە ناوچەکەدا.

دەتوانین بڵێین کە گرنگترین فاکتەرە کاریگەرەکان لە پەیوەندییەکانیاندا بریتین لە:

١. دەرهاویشتەکانی جەنگی دووەمی کەنداو لە ساڵی (١٩٩٠) و جەنگی سێیەمی کەنداو لە ساڵی (٢٠٠٣) لە ناوچەکەدا.

٢. کێبڕکێ لەنێوان تورکیا و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەی قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاست.

٣. کاریگەریی پەیوەندیی تورکیا و ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ناتۆ.

٤. فاکتەری نەتەوەیی کورد و تورك لە هەردوو وڵات، هەروەها ئیسلامگەرایی و ئایدۆلۆژی.

٥. گۆڕانکارییە سیاسییە ناوخۆییەکانی تورکیا، هەروەها گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران (هەر چەند سنووردار).

٦. ڕووداوی یازدەی سێپتەمبەری (٢٠٠١) و شەڕی دژەتیرۆر و باڵادەستیی ئێران و ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا.

سەرەڕای ئەم فاکتەرانەی سەرەوە، پەیوەندیی نێوان ئێران و تورکیا لە سەردەمی ئیبراهیم ڕەئیسی لەژێر کاریگەریی دوو فاکتەری سەرەکیدا دەبێت: یەکەم: سیاسەتی ئەمەریکا لەهەمبەر ئێران، بەتایبەتییش لە پرسەکانی تایبەت بە دۆسیەی ئەتۆمی، پرسی تایبەت بە مووشەکی بالستیک، کێشەی حوسییەکانی یەمەن، پرسی عێراق و سووریا و حیزبوڵڵای لوبنان و پاراستنی ئازادییە مەدەنییەکان و مافی مرۆڤ لەناو خودی ئێراندا. دووەم: سەرهەڵدان و دارِشتنەوەی هاوپەیمانەتییەکانی ناوچەکە، کە خودی ئەوەش بەرمەبنای چۆنێتیی سیاسەتی ئەمەریکا لەهەمبەر ئێراندا دەبێت. دەکرێ ئاماژە بە کۆمەڵێک لەم هاوپەیمانێتییە نوێیانە لە بوارە جیاوازەکاندا بکەین، بۆ نموونە: مانۆڕە هاوبەشە سەربازییەکانی تورکیا، ئازەربایجان و پاکستان بەبێ ئێران، زیادبوونی ژمارەی ئەو دەوڵەتە عەرەبییانە کە لەگەڵ ئیسرائیل ڕێک دەکەون، پەیمانی پرۆژەی شامی نوێ لەنێوان عێراق، ئەردەن و میسر و چەندین هاپەیمانێتیی تر.

گرنگتر لەمانە، نوێترین پرس کە بووە هۆی لەهەمبەر یەک وەستانی ئێران و تورکیا لە

سەردەمی کابینەی ئیبراهیم ڕەئیسی، بریتی بوو لە کێشەی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا کە ئێران نەیتوانی لەم کێشەیەدا بەباشی گەمە بکات و بووە هۆی باڵادەستبوونی تورکیا لە ناوچەی قەفقاز. بە هۆی ئەوەی کە بەشێک لە قەرەباغ چووەتە سەر ئازەربایجان، ڕێگەی گواستنەوەی کاڵاکانی ئێران بۆ ئەرمەنستان بڕدراوە کە جاران بەبێ باجدان کاڵای هەناردەی ئەرمەنستان دەکرد، بەڵام لە حاڵی حازردا ئەم خاکە لە دەست ئازەربایجاندایە و ئەم وڵاتەش داوای باجی گومرگی لەسەر بارهەڵگرەکانی ئێران دەکات. بەڵام کێشەکە لە گواستنەوەی چەند بارهەڵگرێک گەورەترە و ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم بارگرژییەی نێوان ئازەربایجان/تورکیا و ئێران ببێتە هۆکارێک بۆ گۆڕینی نەخشەی جیۆسیاسی لە ناوچەکە بە سوودی تورکیا، تەنانەت ئەگەر نەخشەی جیۆسیاسیی ناوچەکەش نەگۆڕدرێت، ئاماژەکان وەها نیشان دەدەن کە نەخشەی جیۆئابووریی ناوچەکە دەگۆڕدرێت، چونکە بەم گۆڕانکارییانەوە دەستی ئێران بۆ گەیشتن بە قەفقازیا و ناوچەکانی دەریای ڕەش کورت دەبێت و لە هەمبەردا تورکیا باڵادەستتر دەبێت. تەنانەت لە دیداری نێوان ئیبراهیم ڕەئیسی و مەولوود چاوشئۆغلو لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/١٥، چاوش ئۆغلو لەهەمبەر نیگەرانییەکانی ئێران لەسەر کێشەکانی ناوچەی قەفقاز ڕایگەیاند کە بۆ بەرزکرنەوەی ئاستی سەقامگیری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە

**ئێران لە ڕووی ئابوورییەوە زۆرپێویستی بە داهاتی بە هەناردەکردنی گازی سروشتی بۆ تورکیا و تەنانەت بەستنەوەی ئاسایشی وزەی ئەورووپا بە ئێرانەوە هەیە، هەربۆیە تورکیا هەوڵ دەدات ئەم پێگەیەی خۆی لە هاوکێشەکانی نێوان ڕووسیا و ئەورووپا و ئێران بەباشی بەکاربهێنێت**

ناوچەی قەفقازی باشوور، برەو بە هاوکاریی دوولایەنەی نێوان ئێران و تورکیا دەدەن. بەڵام سەختە ئەم هاوکارییە دوولایەنەیە بێتە دی، بە هۆی جیاوازیی بەرژەوەندی و جیهانبینیی ئەم دوو دەوڵەتە، چونکە هەروەک ئاماژەمان پێ دا، کاتێک کە تورکیا دەستوەردان لە کێشەی ئازەربایجان دەکات، ئەوە بەو مانایە دێت کە تورکیا بەنیازە یان ستراکتۆری جیوپۆلەتیکی لە ناوچەکە بگۆڕێت، یاخود بەنیازی ئەوەیە کە ببێتە ئەکتەرێکی بەهێزی هەرێمایەتی، ئەمەش مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران دروست دەکات، بەتایبەتییش لەلایەن ئێرانەوە کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەم ناکۆکییە هەستی نەتەوەیی لەلایەن ئازەرییەکانی سەر بە

ئێران بجووڵێنێت. ئەمەش لە گوتەکانی وەزیری دەرەوەی ئێران لە دیدارەکەیدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٦ دەردەکەوێت، کە ڕایگەیاند ئێران لە دژی هەر جۆرە گۆڕینێکی سنووره نێودەوڵەتییەکانی باشووری قەفقازە.

ئەگەر باس لە ئامانج و ستراتیژیی ئێران لەهەمبەر تورکیا بکەین، دەتوانین بڵێین کە ئامانج و ستراتیژیی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ تورکیا بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێت:

١. تورکیا دەروازەیەکە بۆ گەیشتن بە ئەورووپا و بە ئێران وەکوو ڕێڕەوێک بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە کەنداو. ئەوەی جێگەی سەرنجە کە پاش ئاڵوگۆڕەکانی نێوان ئەرمینیادا ئازەربایجان، تورکیا هەردوو ڕێگەی گەیشتنی ئێران بە وڵاتانی ئەورووپی لە کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدایە، هەر ئەمەش وا دەکات کە ڕۆڵ و کاریگەری و گرنگیی تورکیا بۆ ئێران بەرجەستەتر ببێتەوە.

٢. هاوبەشی و هاوکاری لە بواری ئاڵوگۆڕی بازرگانی و تەنانەت هەندێ جار هاوکاری لەگەڵ تورکیا بۆ شکاندنی گەمارۆ و ئابڵووقە ئابووری و داراییەکانی ئەمەریکا لە دژی ئێران. تەنانەت ئەمەریکا لەم پەیوەندییەدا چەندین سزای بەسەر کەسایەتییە سیاسی و بازرگانی و بانکییەکانی تورکیادا سەپاندووە.

٣. ئێران لە ڕووی ئابوورییەوە زۆر پێویستی بە داهاتی بە هەناردەکردنی گازی سروشتی بۆ تورکیا و تەنانەت بەستنەوەی ئاسایشی وزەی ئەورووپا بە ئێرانەوە هەیە، هەر بۆیە تورکیا هەوڵ دەدات ئەم پێگەیەی خۆی لە هاوکێشەکانی نێوان ڕووسیا و ئەورووپا و ئێران بەباشی بەکار بهێنێت.

٤. تورکیا و ئێران مەترسییەکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە کە بریتییە لە پرسی کورد و بزووتنەوە کوردییەکان لەو دوو وڵاتە، هەر چەندە ئێران بەناڕاستەوخۆ هەوڵی داوە لە هاوکێشە ئاسایشی و سیاسییەکانی ناوچەکە لە دژی تورکیا ئەم کارتە بجووڵێنێت، بەڵام لە کۆتاییدا هەردوو وڵات ئەم پرسە لە چوارچێوەی هەڕەشەیەک لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان پێناسە و پۆلێنی دەکەن. باشترین نموونەش ئەوە بوو کە سەرەڕای بارگرژی لە پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا لە ساڵی ٢٠١٧دا، کەچی هەردوو دەوڵەت پێکەوە و بەهاوبەشی لە دژی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان چەندین دانیشتن و کۆبوونەوەی ئاست بەرزیان ئەنجام دا و ژووری ئۆپەراسیۆن و هەماهەنگی و هاوکاریی سەربازیی هاوبەشیان پێک هێنا و وڵاتانی تری وەکوو عێراق و سووریایان هێنایە سەر خەت و پێکەوە شکستیان بە هەوڵەکانی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە باشووری کوردستان هێنا. تورکیاش بەردەوام بۆ سنووردارکردنی پەکەکە پێویستی بە ئێران هەبووە و لە هەندێ قۆناغ پێکەوە لە دژی پەکەکە جەنگاون، بەم جیاوازییە کە ئێران گەمە

بە کارتی کورد دەکات لە پەیوەندییەکانی، بەڵام تورکیا بە هۆی هەستیارییەوە لەبەرامبەر کورد، ئەم بوێرییەی نییە و ئەم ڕیسکە ناکات. بەڵام تورکیا یاری بە کارتی تورک دەکات لە ناوخۆی ئێراندا و لە بەرامبەردا ئێران بە هۆی هەستیاریی پرسەکە، تا ئێستا زیادتر لەم بوارەدا بەرگریکار بووە تاوەکوو هێرشبەر.

٥. تورکیا و ئێران و قەتەر لە لایەک بەرگری و پشتیوانییان لە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و بزووتنەوە ئیسلامییەکان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات کرد و لە لایەکی تریش لەم ساڵانەی دواییدا بەتایبەتی لەپاش شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی، بەرەیەکی هاوبەشیان لە ناوچەکەدا لەبەرامبەر بەرەی سعودیە و ئیمارات و میسر دروست کرد. تەنانەت هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران هەوڵیان دا کە لێکترازان و دابڕانێک لەنێوان وڵاتانی عەرەبی دروست بکەن و هەر بۆیە لە بارگرژییەکانی نێوان قەتەر و سعودیە و ئیمارات لایەنگرییان لە قەتەر کرد و لە گەمارۆ و ئابڵووقەکان ڕزگاریان کرد و تەنانەت تورکیا هێزی سەربازیی ڕەوانەی ئەو وڵاتە کرد. هەر چەندە ئامانج و ستراتیژیی تورکیا و ئێران لەم بوارەدا جیاوازە، بەڵام ئەم هاوکێشەیە دەریدەخات کە تەنانەت پشتیوانیکردنی قەتەر لە گرووپە میلیشیایی و توندڕەوەکان لە سووریا، ڕێگر نەبووە لەوەی ئێران یارمەتیی قەتەر بدات، لە کاتێکدا لانی کەم ئێران لە سووریا لە دژی ئەو گرووپانە دەجەنگێت. هەر ئەمەش وا دەکات بڵێین کە ئێران مۆدێلی سیاسیی ئیخوانی سوننە زۆر زیاتر بە گەنجاوتر دەزانێت لەبەرامبەر مۆدێلی سیاسیی وڵاتانی دیکەی عەرەبیی وەکوو سعودیە. هەر چەندە ئەمە بۆ ئێران تاکتیکیە و گوشار خستنە سەر سعودیە و دروستکردنی ناکۆکی لە ڕێگەی دابڕانی وڵاتانی سوننە و عەرەبی کەنداو و لاوازکردنیان ئامانجێکی ستراتیژییە.

٦. بە هۆی ڕووداوەکانی ناوخۆی تورکیا و ئاڵوگۆڕ لە هاوکێشە سەربازی و ئاسایشییەکان لە سووریا و عێراق، کە بە ناوچەی دەرەوەی نزیکی تورکیا یاخود بازنەی ئاسایشی تورکیا هەژمار دەکرێت، داهاتووی سووریا (ڕژێمی ئەسەد) و هاوسەنگی لە عێراق یەکێک لەو بوارە ستراتیژییانەیە کە ئێران و تورکیا ناچاریان دەکات، تەنانەت لە سەردەمی کابینەکەی ئیبراهیم ڕەئیسییش، سەرەڕای ناکۆکییەکان، پێکەوە پەیوەندی و هاوکاریيان هەبێت. بەو پێیەی کە تورکیا پاڵپشتی لە ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری سووریا دەکات و ئێران هەموو هەوڵی ئەوەیە کە ڕژێمی ئەسەد بمێنێتەوە. بۆیە تورکیا و ئێران ناچارن سەرەڕای جیاوازییە سیاسی و ناسنامەییەکەیان، ڕکابەرایەتی و ململانێ و لە هەندێ بواردا هاوکاری و هەماهەنگی بکەن. بەڵام لە کۆتاییدا زۆربەی جاران ئەوە ناکۆکی و ململانێی جیۆسیاسییە کە زاڵە بەسەر پەیوەندییەکانیان، بەتایبەتی لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبی کە تورکیا

لە سەردەمی ئەردۆغان و کۆماری ئیسلامی هەوڵی سەپاندنی هەژموون و بەرفراوانکردنی نفووزیان دەدەن، ئەمە جگە لە بەرژەوەندی و ململانێکانیان لە قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاست. هەندێ جاریش ئەگەر بۆ تورکیا پرسێکی تاکتیکی و ئامرازییش بێت، ئەوە دژایەتیی ئەمەریکا و ئیسرائیل کۆیان دەکاتەوە.

٧. تورکیا لە ئەگەری ڕوودانی هەر بارگرژی و نائارامییەکی سەربازی و سیاسی لە دەوڵەتانی ناوچەکەدا، لەژێر گوشاری هاتنی بەلێشاوی پەنابەراندایە، بۆ نموونە؛ وەکوو ئەوەی کە لە سووریا ڕووی دا، بێجگە لەوەی کە دەرفەتێك بوو بۆ تورکیا لە ململانێ سیاسییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاواییدا، بەڵام لە هەمان کاتدا بە هۆی بارودۆخی تایبەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی تورکیاوە، دەتوانێت هەڕەشەیەکی جددیی ئاسایشی بێت بۆ تورکیا. بۆیە تورکیا هەوڵ دەدات کە جارێکی تر ئەم لێشاوە لە پەنابەر و ئاوارە، ڕوو لە تورکیا نەکات. بۆ ئەم مەبەستە، تورکیا هەوڵ دەدات کە لەگەڵ ئێران ئەم پرسە چارەسەر بکات و دوایین نموونەش هاوکاری لەگەڵ ئێرانە بۆ ڕێگرتن لە هاتنی لێشاوی پەنابەر و کۆچبەرانی ئەفغانستانیی پاش دەرچوونی ئەمەریکا و هاوپەیمانان لە ئەفغانستان.

**پەیوەندییەکانی ئێران و سعودیە**

جیۆپۆلەتیکی ئێران و تورکیا وا دەکات تورکیا بە چاوپۆشین لە سیستم و سیاسەتی نێودەوڵەتی، بە ڕکابەری مێژووی ئێران هەژمار بکرێت، بەپێچەوانەوە سعودی بە ڕکابەری ئێران هەژمار ناکرێت، بەڵکوو لەدوای شۆڕشی کۆماری ئیسلامی و هاتنەکایەی ئایدۆلۆژیای هەناردەکردنی شۆڕش، سعودیە بە پاڵپشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووەتە نەیار/ڕکابەری ئێران. ئەگەری هەیە هەر کاتێک کە سیستمی سیاسی لە ئێران بگۆڕدرێت، یاخود ئێران لەگەڵ ئەمەریکا و هاوپەیمانانی لەسەر پرسە جیاوازەکان ڕێک بکەوێت، سعودیە بە بەربەست و ڕکابەر لەبەردەم ئێران و سیاسەتەکانی هەژمار ناکرێت و بەپێچەوانەشەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران و سعودیە؛ دوو دەوڵەتی کاریگەری ناوچەکەن و لە ڕووی سەرچاوەکانی نەوت و غازەوە دەوڵەمەندن، هەروەها خاوەن پێگەی گرنگی ستراتیژین لە ناوچەکەدا. بەگشتی، ئێران و سعودیە بە دوو ناوەندی شیعە و سوننی لە جیهانی ئیسلام، هەروەها دووجەمسەریی کولتووری، هزری و مەزهەبی هەژمار دەکرێن. پێش شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، سعودیە و ئێران دوو ستوونی دکترینی "نیکسۆن" بۆ پاراستنی ئاسایش و دژایەتیکردنی کۆمۆنیزم لە ناوچەکە بوون. ئێران لە ڕووی چەك و سیاسییەوە و سعودیەش لە ڕووی ئابووری و داراییەوە. بەڵام لەپاش ساڵی (١٩٧٩)وە، بە هۆی سیستمی سیاسیی نوێی ئێران و سیاسەتی دژەڕۆژئاوایی و سەربەخۆییخوازیی ئێران و پرسەکانی هەناردەکردنی شۆڕش و دژایەتیی سیستمی نێودەوڵەتی لەلایەن کۆماری

ئیسلامیی ئێران، هەروەها جۆری پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و پرسی ئیسرائیل، ئەم هاوکێشەیە تێك چوو. هەر بۆیەش پەیوەندیی سعودیە و ئێران بە کۆمەڵێك هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە، بەتایبەت بە دەستپێکردنی جەنگی ئێران و عێراق و پاڵپشتیی سعودیە لە ڕووی دارایی و چەکەوە لە عێراق، ئەم پەیوەندییانە بارگرژیی تێ کەوت.

گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، بووە هۆی ئەوەی کە مەزهەبی شیعە وەك هێزێکی کاریگەر دەربکەوێت و ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمەی بەرجەستە کردووە، هەر لە ڕووخانی سەددام حسێن لە ساڵی (٢٠٠٣)هوە تا جەنگی سی و سێ ڕۆژەی حیزبوڵڵا لە لوبنان لەگەڵ ئیسرائیل لە ساڵی ٢٠٠٦دا، گۆڕانکاریی جیۆپۆلەتیکیی لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دروست کردووە. لە ڕوانگەی وڵاتانی سوننە و نوخبە سیاسییەکانیانەوە، ئامرازی سەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ نفووز و کۆنترۆڵی ناوچەکە، گرووپە شیعەکانی لایەنگری

ئێرانن لە ناوچەی کەنداو، عێراق، سووریا، لوبنان، بەحرێن، سعودیە و... گرنگی و هەستیاریی ئەم ناوچانە، بەتایبەت لە ڕووی ئاسایشی وزەوە، ئەم پرسەی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش زۆر هەستیار کردووە.

سعودیە خاوەن نزیکەی ٢٠٪ یاخود ٢٦٤ ملیار بەرمیل لە یەدەگی نەوتی جیهانە، کە دەکاتە یەك لەسەر پێنجی نەوتی هەموو جیهان، بە شێوەیەك کە ئەم وڵاتە دەتوانێت ڕۆژانە ١٢ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنێت. هەروەها لە ڕووی سەرچاوەکانی گازی سروشتییەوە، سعودیە لەپاش ڕووسیا و ئێران و قەتەر، پلەی چوارەمی لە جیهاندا هەیە. ئەم سەرچاوانە ئەو توانا و هێزەی بەخشیوەتە سعودیە کە ئەم وڵاتە لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی، کاریگەریی لەسەر بەرهەمهێنان و نرخ و بەکارهێنانی وزە هەبێت. لێرەشەوە دەبینین کە پێگەی سعودیە بۆ ئەمریکا گرنگیی تایبەتی هەیە، بۆیەشە کە بەرزبوونەوەی نفووز و ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی سعودیەیە بۆ ئەوەی لە هاوکێشە جیۆپۆلەتیکیی و جیۆئیکۆنۆمییە ناوچەیی و جیهانییەکاندا جێگەی سعودیە بگرێتەوە. لە ڕاستییشدا ئەم سیاسەتەی ئێستای ئێران لە ناوچەکە، فاکتەرێکی بەهێزە بۆ مانەوە و بەردەوامیی ئەو ڕژێمە سیاسییەی ئێران. بۆیە ئەمەریکا دەیەوێت لە ڕێگەی گوشارهێنان بۆ سەر ئێران لە ڕێگەی وڵاتانی سوننەوە، کە خاوەن پێگەی جیۆئیکۆنۆمین لە ناوچەکەدا، ئێران لاواز بکات و لە سنووره نەتەوەییەکانی ئابڵووقەی بدات و قەتیسی بکات. ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە پێگە و هێزی ئێران. لە لایەکی ترەوە، سعودیە وەك ڕێبەر و پێشەنگی جیهانی ئیسلامی دەناسرێت. بۆیە سعودیە لە ڕووی جیۆکولتورییەوە بووەتە

**ڕەئیسی لە یەکەمین گوتاری بوون بە سەرۆککۆمار، ڕایگەیاند کە ڕێگر نییە لە گەڕانەوەی پەیوەندیی دیبلۆماسیی ئاسایی لەنێوان ئێران و سعودیە بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئاماژەی بەوە کرد کە دەبێ سعودیە لە یەمەن دەربچێت، ئەمەش وەک پێشمەرجێک بۆ ئاساییبوونەوەی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە هەژمار دەکرێت**

جێگەی نیگەرانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە هەوڵ دەدات ڕێبەرایەتیی جیهانی ئیسلامی وەئەستۆ بگرێت. ئەمەش بووەتە هۆی ململانێی توند لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا.

لە ساڵی ٢٠١٦ و دوای کوشتنی ئەلنەمر کە شێخێکی شیعەی سعودیە بوو، ئێرانییەکان هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی سعودیە لە تاران، لە بەرامبەریشدا وەک بەرپەرچدانەوە، سعودیە ستافی دیپلۆماسی ئێرانی لە ڕیاز دەرکرد، ئەمەش بووە هۆی تێکچوونی فەرمییانەی پەیوەندیی دیبلۆماسی لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا. کاتێک کە ئیبراهیم ڕەئیسی وەک سەرۆککۆماری نوێی ئێران دەستبەکار بوو، سعودیە و بەحرێن ئەو دوو وڵاتە بوون کە نامەی پیرۆزباییان کە ئەتەکێتێکی دیبلۆماسییە، ئاراستەی ئێران نەکرد.

سەرەڕای ئەمەش، ڕەئیسی لە یەکەمین گوتاری بوون بە سەرۆککۆمار، ڕایگەیاند کە ڕێگر نییە لە گەڕانەوەی پەیوەندیی دیبلۆماسیی ئاسایی لەنێوان ئێران و سعودیە بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئاماژەی بەوە کرد کە دەبێ سعودیە لە یەمەن دەربچێت، ئەمەش وەک پێشمەرجێک بۆ ئاساییبوونەوەی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە هەژمار دەکرێت. هەر بۆیەش، هەر لە کاتی هاتنەسەرکاری ئیبراهیم ڕەئیسی، تا هەنووکەش هیچ بەرەوپێشچوونێک لە پەیوەندیی دوولایەنەی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا بەدی ناکرێت.

کەواتە هەروەک باسمان کرد، کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان سعودیە و ئێران بێژمار و قووڵن، هەر لە ناکۆکیی ئایینزایی بگرە تا پرسی جیهانی عەرەب، کێشەی سووریا و جەنگی یەمەن. جەنگی یەمەن ئەم دەرفەتەی بە ئێران بەخشی کە بتوانێت بە کەمترین تێچوو، سعودیە گیرۆدەی جەنگێکی تاقەتپڕووکێنی درێژخایەن بکات تا ئاستێک کە ئابووریی سعودیە بە هۆی ئەم جەنگە شەکەت بکات. هەروەک چۆن لە ئایاری ساڵی ٢٠١٧، لە چاوپێکەوتنێکدا، محەمەد بن سەلمان ڕایگەیاند کە هیچ خاڵێکی هاوبەشیان لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەی ئێران نییە. ئەگەرچی تا ئێستا

ئێران و سعودیە پێنج جار کۆ بوونەتەوە کە چواریان لە سەردەمی ڕۆحانی و یەک کۆبوونەوەش لە سەردەمی ڕەئیسی بووە، بەڵام هیچ لێکەوتەیەکی بەرچاو و پێشکەوتنێکی ئەوتۆ لەم کۆبوونەوانە نەکەوتووەتەوە.

سەرەڕای گشت ئەم ناکۆکییانەش، بەتایبەتییش لە سەردەمی ئیبراهیم ڕەئیسی، دەتوانین بڵێین کە کۆمەڵێک هۆکار هەن ئێران و سعودیە ناچار دەکات دواجار لەسەر هەندێ خاڵ ڕێک بکەون. هەر چی سەبارەت بە ئێرانە:

١. ڕێککەوتن لەگەڵ سعودیە، بەو مانایە دێت کە وڵاتانی تریش ناچار دەبن لەگەڵ ئێران ڕێک بکەون و ئێران بە هێزێکی هەرێمایەتی هەژمار دەکرێت.

٢. ڕێککەوتنی سیاسی دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگای ئابووری و بازرگانی بەسەر ئێراندا لە ناوچەکە.

٣. ئێران هەوڵ دەدات وەها نیشان بدات کە بەنیازی چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە و هێنانەدیی ئاشتییە، لە ڕاستیدا ئێران درەنگ ئەم هەنگاوەی لەهەمبەر وڵاتانی عەرەبی گرتە بەر و ئیسرائیل لەم بوارەدا شوێنی ئێرانی گرتووە.

هەر چی سەبارەت بە سعودیەیە:

١. سعودیە ڕوانگەی خۆی بۆ ٢٠٣٠ ڕاگەیاندووە کە بریتییە لە پاکێجێکی دە ساڵانە بۆ چاکسازیی ئابووری، سیاسی، سەرمایەگوزاری، وەبەرهێنان و گەشتیاری، بەبێ دابینکردنی ئاسایش لە ناوچەکەدا. سعودیە ناتوانێت ئەم پاکێجە جێبەجێ بکات. ئەوەی کە ئاسایشی سعودیەی تێک داوە، بە پلەی یەکەم ئێرانە.

٢. کشانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان و عێراق و ناکارایی ئەمەریکا لە ئیدارەدانی ناکۆکی و ململانێیەکانی ناوچەکە و بەتایبەتییش ئەو پرسانەی کە ئێران لایەنێکی پرسەکەیە، وای کردووە کە سعودیە ناچار بێت لەسەر هەندێ پرس دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ ئێران بکاتەوە.

سەرەڕای ئەم خوێندنەوەی سەرەوە، بۆ ئەوەی کە لە سیاسەتی ئێران لەهەمبەر سعودیە و ناوچەکە لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتردا تێبگەین، سەرەتا پێویستە لە گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچە تێبگەین کە گرنگترینیان بریتین:

١. ئەمەریکا خەریکی کشانەوەی بەشێک لە سیستمی بەرگریی خۆیەتی لە هەر یەک لە عێراق و سعودیە و وڵاتانی کەنداو، ئەمەش دەکرێ وەک هێمایەک بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران خوێندنەوەی بۆ بکرێت. هەڵبەت لە کورتمەوداد و لە درێژمەودا ئەم سیاسەتەی ئەمەریکا بە زیانی ئێران دەشکێتەوە، چونکە مەبەستی سەرەکیی ئەمەریکا لەم کارە، ڕووبەڕووبوونەوەی هەر یەک لە ڕووسیا و چینە. بەڵام لە حاڵی حازردا و بە هۆی ناسەقامگیری لە ستراتیژی ئەمەریکا لە

ناوچەکەدا، ئەم سیاسەتەی ئەمەریکا ترسی لەناو حکومەتەکەی ئالی سعود دروست کردووە و وەها هەست دەکات کە گۆڕانکارییەکان پێگەی سعودیە لە ناوچەکەدا لاواز دەکەن.

٢. بە هۆی کۆرۆنا و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، ئەمەریکا گوشار دەخاتە سەر سعودیە، تا لە چوارچێوەی ڕێکخراوی ئۆپێک؛ بەرهەمهێنانی نەوت کەم بکاتەوە تا لەمە زیاتر کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمەریکا زیانمەند نەبن. سیاسەتی گوشارهێنانە سەر سعودیە و کشانەوەی پاترییەکانی سیستمی بەرگری و ترسی سعودیە لە فراوانخوازییەکانی ئێران، سعودیە بەرەو نزیکبوونەوە لە ئیسرائیل هان دەدات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ناچارە کە درێژە بە گفتوگۆکانی لەگەڵ ئێرانیش بدات. سعودیە لە ڕێگەی گرتنەبەری ئەم سیاسەتە، دەیەوێت خۆی لە گوشاری گشت لایەنەکان ڕزگار بکات، بەڵام هاوکات سەختە بتوانێ وەک ئەوەی کە خوازیارە، لەگەڵ ئەم وڵاتانە بە ڕێککەوتن بگات.

٣. بەپێی زانیارییە نافەرمییەکان، لە ڕێگەی شێخ نەهرۆی کەسنەزانییەوە؛ ئەمەریکا پشتیوانی خۆی بۆ ڕەئیسی نیشان دا، ئەوەش بە داواکردن لە شێخ نەهرۆ کە داوا بکات دەروێشەکان دەنگ بە ڕەئیسی بدەن، بەو بیانووەی کە ڕەئیسی سەر بە ئالی بەیتە. ئەم کردەوەیەش وەک هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ کابینەی ڕەئیسی لەلایەن ئەمەریکاوە لێک درایەوە، بەڵام هاوکات نیگەرانییەکانی سعودیەی لە کابینەکەی ڕەئیسی زیاتر کرد، چونکە کابینەیەکی هەماهەنگ لەنێوان خامنەیی/بەیتی ڕەهبەری، سوپای پاسداران و پەرلەمان دامەزراوە کە گشتیان سەر بە ڕەوتی ئوسوڵگەراکانن (پارێزگارەکان)، واتە ئەو ڕەوتەی کە زۆرترین کێشەی لەگەڵ جیهانی دەرەوە، بەتایبەتییش جیهانی عەرەبی سوننە هەیە، ئەمەش بۆ سعودیە کە خۆی بە سەرقافڵەی وڵاتانی سوننەمەزهەب هەژمار دەکات؛ قابیلی قبووڵکردن نییە.

ئەوەی کە بۆ ئێران لە ئێستادا گرنگی هەیە، بریتییە لە سیاسەتی ئەمەریکا. بە هۆی بارودۆخی ئابووری و سیاسیی ناوخۆی ئێران، چاوەڕوان دەکرێت کە ڕەئیسی لەگەڵ ئەمەریکا ڕێک بکەوێت و تەنانەت کۆمەڵێک تەنازولاتیش بکات و لە هەمبەردا ئیدارەی جۆبایدن ڕادەیەک لە گەمارۆکانی سەر ئێران سووک بکات. خودی ئەمەریکاش بەنیازی ئەنجامدانی ئەم کارەیە.

بەڵام لە کۆتاییدا ئەستەمە سعودیەی و ئێران بگەنە ڕێککەوتنێک تەنانەت کورتخایەن بێت، بە هۆی زۆریی پرس و بابەتەکان، وەک کێشەکانی یەمەن، سووریا، حیزبوڵڵای لوبنان، عێراق، دۆسیێ ئەتۆمی، هەڕەشەکانی ئێران لە گەرووی هورمۆز بۆ سەر بارهەڵگرە نەوتییەکان و چەندین پرسی تر. بەڵام سەرەڕای گشت ئەمانەش، ئەگەری ئەوە هەیە کە باڵوێزخانەکانی هەردوو لایەن لە وڵاتی یەکتردا دووبارە بکرێنەوە.

## پوختە

یەکەم: یەکێک لە ئامرازەکانی بوونی پەیوەندیی بەهێز لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، بریتییە لە هەبوونی دیبلۆماسییەکی ئابووریی بەهێز. ئابووریی ئێران هەم بە هۆی سیاسەتە هەڵەکانی کابینەکانی ڕابردوو کە سەختە کابینەی ڕەئیسی بتوانێ هەڵەکان ڕاست بکاتەوە (هەژاری، بەرنامەی ئەتۆمی، وشکەساڵی، دەستوردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە)، هەمیش بە هۆی گوشار و گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان کە ئەویش هەمدیس لە دەرئەنجامی سیاسەتی هەڵەی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بووە، وای کردووە کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ داتەپینی زۆرتر بەخۆیەوە ببینێت، بۆیە سەختە ئێرانی سەردەمی ئیبراهیم ڕەئیسی بتوانێ ببێتە دراوسێیەکی باش بۆ وڵاتانی ناوچەکە، چونکە ئایدۆلۆژیای هەناردەکردنی شۆڕش؛ شادەماری مانەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، کە لەگەڵ بەرژەوەندیی گشت وڵاتانی ناوچەکە ناکۆکە و بە هەڕەشە لەسەر مانەوەی ئەم وڵاتانە هەژمار دەکرێت. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت ناکۆکیی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتییش تورکیا و سعودیە، قووڵتر و بەهێزتر بێت. لوتکەی ئەم ئایدۆلۆژیایە لە "سیاسەتی مەیدان" لەهەمبەر "سیاسەتی دیبلۆماسی"ی ئێران وەدەرکەوت، کە نەک تەنیا ئیبراهیم ڕەئیسی پشتی لەم سیاسەتە نەکردووە، بەڵکوو وەک جاران هەر بەردەوامە و تا ئەو کاتەی کە لە ئێران سوپای پاسداران بوونی هەبێت، سیاسەتی مەیدانیش بەردەوامیی دەبێت. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، سیاسەتی مەیدان یارمەتیدەری مانەوەی ئێران بووە لەم بارودۆخە دژوارە ئابوورییەی کە ئێران تێی کەوتووە.

دووەم: سیاسەت لەنێوان وڵاتانی ناوچەکە بەرمەبنای گەمەی سفری دامەزراوە، ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠٢٠، لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەی ئەبراهام تا ڕادەیەک گۆڕانکاری بەسەر ئەم هاوکێشەیەدا لەنێوان هەندێ وڵاتی عەرەبی و ئیسرائیلدا هاتووە، بەڵام تا هەنووکەش ئێران لە سیاسەتی دەرەوەیدا لە ناوچەکە پەیڕەوی لەم هاوکێشەیەی دەکات، بۆیە سەختە لە سەردەمی ڕەئیسی هیچ گۆڕانکارییەک لەم گەمە سفرییەی ئێران لە ناوچەکەدا بێت.

سێیەم: لەگەڵ گشت ئەم هۆکارانەی سەرەوە، ئەگەرێکی گرنگ لەئارادایە کە بریتییە لە لێکنزیکبوونەوەی ئێران و ئەمەریکا. ڕاستە ئێران تا ئێستا پابەندی گفتوگۆکانی ڤیەننا تایبەت بە بەرنامەی ئەتۆمییەکەی ئێران نەبووە و کابینەکەی ئیبراهیم ڕەئیسییش ئەم دۆسیەی تا ڕادەیەکی باش پشتگوێ خستووە، بەڵام ئەگەر زیاتر لەوە ئێران بخرێتە پەراوێزی جیوپۆلەتیکییەوە، ئەمە کاریگەریی زۆر نەرێنی لەسەر ئابووریی ئێران دروست دەکات، بۆیە ئەگەر هەیە کە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم لاوازییەی، ئێران ناچار بێت کە لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی خۆی لەگەڵ ئەمەریکا ڕێک بکەوێت، بەتایبەتییش لەدوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی ئەوەی کە لە

ئەگەری فرۆشتنی مووشەکەکانی ئێس ٤٠٠ لەلایەن ڕووسیاوە بە ئێران، کۆدی ئەم مووشەکە فرۆشراوانە، ڕووسیا بە ئیسرائیلی دەدات. ئەمەش دوودڵیی بۆ بەرپرسانی ئێرانی دروست کردووە. بەناچاری سەرلەنوێ گفتوگۆکانی لەگەڵ ئەمەریکا دەست پێ دەکاتەوە، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕێڕەوی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران لەگەڵ هەر یەک لە تورکیا و سعودیە دروست دەکات.

سەرچاوەکان:

١- فردوس رابینسون، ایران و ترکیه، تشابهات بسیار، اختلافات اساسی، ۷ ژوئیه ۲۰۱۲.

2- https://www.bbc.com/persian/iran/2012/06/120526_l23_lp_neighbours_iran_turkey_fr_tehran_ankara_fr

٣- پەرویز ڕەحیم قادر (٢٠١٦)، نادڵنیایی لە ئاسایشی هەرێمیی ئێران، ماڵپەری پێنووس.

4- http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/844-2018-09-02-18-56-38.

٥- الی گرانمایه، مسیر همه سیاست گذاری ها در منطقه از ایران می گذرد، دیپلوماسی ایرانی، ۲۹ اردیبهشت ۱٤٠٠.

6- http://irdiplomacy.ir/fa/news/2002611/%D9%85%D8%B3%DB%8C%D8%B1%D9%87%D9%85%D9%87%D8%B3%DB%8C%D8%A7%D8%B3%D8%AA%DA%AF%D8%B0%D8%A7%D8%B1%DB%8C%D9%87%D8%A7%D8%AF%D8%B1%D9%85%D9%86%D8%B7%D9%82%D9%87%D8%A7%D8%B2%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86%D9%85%DB%8C%DA%AF%D8%B0%D8%B1%D8%AF

٧- اسرا الفاس، العلاقات الإيرانية السعودية بعد تولي رئيسي الرئاسة الإيرانية، ميادين نت، ٢٠٢١/٧/٢٥.

8- https://www.almayadeen.net/articles/blog/1490623/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%84%D8%A7%D9%82%D8%A7%D8%AA%D8%A7%D9%84%D8%A5%D9%8A%D8%B1%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A9%D8%A7%D9%84%D8%B3%D8%B9%D9%88%D8%AF%D9%8A%D8%A9%D8%A8%D8%B9%D8%AF%D8%AA%D9%88%D9%84%D9%8A%D8%B1%D8%A6%D9%8A%D8%B3%D9%8A%D8%A7%D9%84%D8%B1%D8%A6%D8%A7%D8%B3%D8%A9%D8%A7%D9%84%D8%A5%D9%8A%D8%B1%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A9

٩- هل تتجه العلاقات السعودية-الإيرانية نحو انفراجة؟ (DW)، ١٧,١٠,٢٠٢١.

10- https://www.dw.com/ar/%D9%87%D9%84%D8%AA%D8%AA%D8%AC%D9%87%D8%A7%D9%84%D%B9%D9%84%D8%A7%D9%82%D8%A7%D8%AA%D8%A7%D9%84%D8%B3%D8%B9%D9%88%D8%AF%D9%8A%D8%A9%D8%A7%D9%8-4%D8%A5%D9%8A%D8%B1%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A9-%D9%86%D8%AD%D9%88%D8%A7%D9%86%D9%81%D8%B1%D8%A7%D8%AC%D8%A9/a-59524972

١١- روابط ایران و ترکیه در دوره رئیسی؛ تقابل یا همکاری؟ دنیای اقتصاد، ٢٠ November ٢٠٢١.

12- https://donyaeeqtesad.com/%D8%A8%D8%AE%D8%B4%D8%B3%D8%A7%DB%8C%D8%AA-%D8%AE%D9%88%D8%A7%D9%86-62/3782316-%D8%B1%D9%88%D8%A7%D8%A8%D8%B7%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86-%D8%AA%D8%B1%DA%A9%DB%8C%D9%87-%D8%AF%D8%B1%D8%AF%D9%88%D8%B1%D9%87%D8%B1%D8%A6%DB%8C%D8%B3%DB%8C%D8%AA%D9%82%D8%A7%D8%A8%D9%84%DB%8C%D8%A7%D9%87%D9%85-%DA%A9%D8%A7%D8%B1%DB%8C

١٣- رئیسی: ایران و ترکیه باید آماده ارتقای روابط از سطح کنونی به همکاری‌های همه جانبه باشند. خبرکزاری تسنیم، ٢٤ آبان ١٤٠٠.

14. https://www.tasnimnews.com/fa/news/1400/08/24/2608351/%D8%B1%D8%A6%DB%8C%D8%B3%DB%8C%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86%D9%88%D8%AA%D8%B1%DA%A9%DB%8C%D9%87-%D8%A8%D8%A7%DB%8C%D8%AF%D8%A2%D9%85%D8%A7%D8%AF%D9%87-%D8%A7%D8%B1%D8%AA%D9%82%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D9%88%D8%A7%D8%A8%D8%B7%D8%A7%D8%B2%D8%B3%D8%B7%D8%AD%DA%A9%D9%86%D9%88%D9%86%DB%8C%D8%A8%D9%87%D9%87%D9%85%DA%A9%D8%A7%D8%B1%DB%8C%D9%87%D8%A7%DB%8C%D9%87%D9%85%D9%87%D8%AC%D8%A7%D9%86%D8%A8%D9%87%D8%A8%D8%A7%D8%B4%D9%86%D8%AF

15- Mohammed alsulami, Where to now for Saudi-Iranian dialogue? 21/10/2021. https://www.mei.edu/publications/where-now-saudi-iranian-dialogue

وەرزنامەی

ئێرانناسی

# ڕاپۆرت

# بزاڤی چەپ لە ئێران، لە گەشەسەندنێکی خێراوە بۆ پووکانەوەی بەردەوام



ئامادەکردن: ژیلوان لەتیف یارئەحمەد



گەشەکردنی ڕەوتی چەپ لە ئێراندا، پەیوەستە بە پشکوتنی بیری سۆسیالدیموکرات لە ڕووسیا کە لەلایەن لینینەوە ڕێبەریی کرا، ئەویش ڕاستەوخۆ بەرئەنجامی ئاڵۆزیی هەلومەرجی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێران لەژێر هەژموونی فەرمانڕەوای قاجاردا ڕسکاوە. هەر بۆیە سەرهەڵدانی قۆناغە بەراییەکانی بیری چەپ لە ئێراندا لە ڕووی فیکری و کردارییەوە کەوتنە ژێر کاریگەریی سۆسیالدیموکراتی ڕووسی، بەمەش لە ئەنجامی هاتوچۆی توێژی ڕۆشنبیران و کاریگەریان بە ڕوخساری کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان، پاشان ئەو کرێکارانەی لە کێڵگە نەوتییەکانی باکووری ئێران و قەفقاز کاریان دەکرد، دەروازەیەکی گرنگی پەیوەندیی فیکریی چەپ و مارکسییان بۆ ناوچەکانی تری ئێران پێک هێناوە، بەو هۆیەوە یەکەمین ئاراستەی چەپڕەوی و بیری کۆمۆنیزمی بەخێرایی لە ناوچەکانی باکووری ئێراندا گەشەی کردووە. لەم ڕوانگەیەوە، چەپ لەنێو جیهانی سێ و لە وڵاتێکی وەک ئێران لە ڕووی مێژووییەوە پەیوەستە بە ئایدیاکانی لینین و ستالین، واتە سۆسیالیستیی دەسەڵاتخوازی و شورەویخوازی.

گەندەڵیی شاکانی قاجار و بەریەککەوتنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا، زەمینەی دروستبوونی دەستەبژێری ڕۆشنبیری نوێی ڕەخساند. لەم قۆناغەدا تایبەتمەندیی چینە کۆمەڵایەتییەکان بەدیار کەوت، کە بونیادنانی ئابووریی نیمچەسەرمایەدارییان گۆڕی و کاریگەریی سۆسیالیستی ڕووسی لە باکووری ئێران بەتایبەت ناوچەی قەفقاز، دەروازەیەکی گرنگی پەیوەندیی فیکریی بۆ ناوچەکانی تری ئێران پێک هێنا، بەو هۆیەوە یەکەمین ئاراستەی چەپڕەوی بەخێرایی لە ناوچەکانی باکووری ئێراندا گەشەی کرد، کە پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتییان بۆ چاککردنی باری شڵەژاوی کۆمەڵگەی ئێرانی هەڵگرتبوو، بە هۆیەوە حیزبی "ئیجتماعیون عامیون" بە پشتیوانیی بەلشەفییەکان دروست بوو. هەر لەم قۆناغەدا حیزبێکی سۆسیالیستی بە ناوی "دیموکراتی عامیون" بە سەرۆکایەتیی "سلیمان میرزا ئەسکەندەری" پێک هات، کە کارنامەکەیی جەختی دەکردەوە لە دژایەتیکردنی کۆنەپەرستی و بونیادنانی ژیانی دەستووری.

## تێکۆشانی کۆمۆنیستی پێش دامەزراندنی حیزبی تودە لە ئێران

شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسی؛ وەرچەرخانێکی گەورە و شوێنەوارێکی کاریگەری لەسەر میللەتانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و ئێران بەتایبەت داناوە. مانفێسی کۆمۆنیزم دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی موڵکایەتیی تایبەت و خاوەندارێتیی زەوی بۆ ئەو کەسەی دەیکێڵێت، لەگەڵ ڕووبەری بەرفراوانی خاکی

ئێران، سەرنجی چینەکانی خوارەوەی ڕاکێشا، هەروەها دەستەبەری ئازادیی تاک و یەکسانیی ژنان لەبەرامبەر پیاواندا و سەربەستیی ڕۆژنامەوانی و دیاریکردنی مافی کرێکاران و ڕەواییدان بە دیاریکردنی مافی چارەنووس و وروژاندنی سۆزی نەتەوەیی گەلانی ژێردەست و جێکردنەوەی دۆزە نەتەوەییەکان لە بازنەی پرەنسیپەکانی کۆمۆنیزم، بۆ گەلانی ئێران گرنگییەکی بەرچاوی هەبوو بەتایبەت کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و چەندین پێکهاتەی جیاوازی تێدایە. هەروەها کشانەوەی سوپای سۆڤیەت و چۆڵکردنی زەوییەکانی باکووری ئێران، متمانەیەکی زۆری بەخشییە نیازەکانی سۆڤیەت لەبەرامبەر پاراستنی سەروەریی خاکی ئێران.

لەژێر کاریگەریی بەلشەفییەکاندا، بۆ یەکەم جار ڕەوتی کۆمۆنیزمی لە ئێراندا خستووەتە سەر پێ، بەو هۆیەوە یەکەمین ڕێکخراوی کۆمۆنیستی بە ناوی "عەدالەت" دامەزرا، کە دواتر بە فراوانبوونی بەرپرسیارێتییەکەی ناوەکەی گۆڕا بۆ حیزبی "کۆمۆنیستی ئێران"، کە لەلایەن ژمارەیەک کەسایەتیی چەپ و بە سەرۆکایەتیی "حەیدەر ئۆغلۆو سوڵتان زادە" دامەزرا، کە ڕێبەرایەتییەکەی ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێریی لینیندا هەڵسووڕاوە و بە ناوەرۆکێکی کۆمۆنیستی، هەوڵی دا وەرچەرخانێکی سۆسیالیستی لە ئێراندا بەرپا بکات.

ئەم بزاڤە خۆی بە حیزبێکی مارکسی لینینی ناو دەبرد و درووشمگەلێکی بەرز کردبوویەوە، لەوانە: بەرزکردنەوەی درووشمی بەرپاکردنی کودەتایەکی سۆسیالیزمی، هاوکاریکردن لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و بەردەوامیی خەبات دژ بە ئیمپریالیزمی بەریتانی، دیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ گەلانی ئێران لەژێر باڵی سیستمێکی کۆماریدا، هەڵوەشاندنەوەی فیودالیزم و موڵکایەتیی بێگانە، پشتگیریکردنی شۆڕشە پرۆلیتارییەکانی جیهان.

لەبەرامبەر مەترسیی بڵاوبوونەوەی بیری کۆمۆنیزم و جووڵانەوە هەرێمییەکانی گیلان و بەردەوامیی ڕاپەڕینی سمکۆی شکاک، ڕەزا خان بە پاڵپشتیی بەریتانییەکان جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست، لەم دۆخەدا مێژووی هاوچەرخی ئێران وەک زادەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە پاش شۆڕشی مەشرووتەخوازی و یەکەمین جەنگی جیهانی و کودەتاکەی ڕەزا خان هاتە ئاراوە، بەم جۆرە دەرکەوتنی دیاردەی ڕەزا شا وەک سومبول و پارێزەری وڵات، بە هەڵگرتنی هەنگاوی مۆدێرن و پاراستنی یەکێتیی خاکی ئێران و ڕاماڵینی جووڵانەوە هەرێمییەکان، شوناسی بزاڤی چەپی لە ئێران بە ئاڕاستەی باڵی ڕاستڕەوی وەرچەرخاند.

لە قۆناغی سەرکوتکردنی کۆمۆنیستەکان، گرووپێکی کۆمۆنیستیی نهێنی بە ناوی "٥٣ کەس"ی لەلایەن "تەقی ئەرانی" و ژمارەیەک ڕۆشنبیری مارکسییەوە پێک هات، کە

زۆرینەیان لە وڵاتانی ڕۆژئاوا گەڕابوونەوە و لەژێر کاریگەریی حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانی شانەیەکی مارکسیی پێشکەوتوویان پێک هێناوە و چەند بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە بە بۆنەی جەژنی ١ی ئایار، بەوە قۆناغی خەباتی گرووپەکە شێوەیەکی نیمچەئاشکرای وەرگرت. بەم هۆیەوە گرووپەکە کەوتە بەر پەلاماری دەزگا سیخوڕییەکان و ٥٣ کەس لە چالاکترین ئەندامانی کۆمەڵەکە دەستگیر کران، ئیدی تا کۆتایی دەسەڵاتی ڕەزا شا؛ چالاکیی کۆمۆنیستی لە ئێراندا پووکایەوە.

## تودەییزم وەک نوێنەری بزاڤی چەپی ئێران لە قۆناغی سەڵتەنەتی پەهلەویدا

حیزبی تودەی ئێران، وەک دایکی ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران، بە سوودوەرگرتن لە کاریگەرێتییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی لەسەر ئێران دامەزرا، کاتێک "محەمەد ڕەزا" لە شوێنی باوکی دانرا و جڵەوی دەسەڵاتی لە ئێراندا گرتە دەست، بە لەبەرچاوگرتنی هەڵە و کەموکورییەکانی باوکی، هەوڵی دا لە بەرگێکی دیموکراتییانەدا خۆی نمایش بکات و کەوتە ئازادکردنی گیراوانی سیاسی و سەرلەنوێ گێڕانەوەی دوورخراوان و ئازادیی میدیایی ڕاگەیاند، لە ئاکامیشدا ژیانی سیاسی لە ئێراندا بووژایەوە و قوناغێکی چارەنووسساز هاتە کایەوە. لەم کاتەدا بە تێگەیشتن لە ڕەوشی خراپی ئێران و کاریگەرییە قورسەکانی جەنگ، ٢٧ کەسایەتیی چەپ، سۆسیالیست و نەتەوەیی، لەسەر پاشماوەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و گرووپی ٥٣ کەسی، حیزبێکیان بە ناوی "تودە" (گەل) دامەزراند. لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٤١، ڕێبەرایەتیی کاتی و کۆمیتەی ناوەندی بە سەرۆکایەتیی "سلێمان میرزا ئەسکەندەری" پێک هێنرا.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٤١ تاکوو کانوونی یەکەمی ١٩٤٦، قۆناغی پەرەسەندنی خێرا و گەشەکردنی ئاستی جەماوەریی حیزبی تودە بوو، بە جۆرێک لە ماوەیەکی کەمدا وەک بەهێزترین ڕێکخراوی جەماوەریی سەر شانۆی سیاسیی ئێران دەرکەوت و ببووە پێشەنگی تەوژمی کۆمۆنیستی لە ناوچەکەدا. بێگومان فاکتەری ئەم پەرەسەندنە خۆی دەبینییەوە لە، جگە ڕووخانی لەشکری شاهەنشاهی، هاتنەکایەی قۆناغێکی نیمچەدیموکراتی، پاشەکشەی فاشیزم، سەرکەوتنی سۆڤیەت و هاتنەناووەی سوپای سوور بۆ نێو خاکی ئێران، هەروەها خراپیی ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی هۆکارێکی بنەڕەتیی گەشەکردنی ئەو حیزبە بوو. تودەییەکان بە بەرزکردنەوەی بەیداخی خەبات دژ بە هەژاری و ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی، وەک حیزبی ڕەنجبەران ناسرابوو، تێڕوانینەکانی تودەش بووە هۆی ڕاچڵەکاندنی کۆمەڵگە و لەناو ڕۆشنبیرانی ئێرانیدا بوون بە گوتاری زاڵ.

لە سەرەتادا حیزبی تودە لە شێوەی

حیزبێکی نیشتمانپەروەری چەپ و دیموکراتخوازی لیبراڵی ڕیفۆرمخواز نەوەک حیزبێکی شۆڕشگێڕی ڕادیکاڵ و کۆمۆنیستی هاتە مەیدان، خۆشی بە تاقە نوێنەری چینێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو لەقەڵەم نەدەدا، هەر بۆیە ناوی "تودە" (گەل) یان لەخۆ نا، واتە حیزبی تێکڕای توێژە جیاجیاکان کە ئامانجە گشتییەکانی خۆی لە: پساندنی وابەستەی سیاسی، ئابووری، پاراستنی سەربەخۆیی، یەکپارچەیی خاکی ئێران، خەبات دژ بە فاشیزم، کۆلۆنیالیزم و دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم دەبینییەوە، هەروەها لە ناوخۆشدا کارنامەکەی لە: پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، بەدامەزراوەییکردنی دەوڵەت و چەسپاندنی یاسای بنەڕەتی، دڵنیایی کار و پاراستنی مافە کۆمەڵایەتییەکان، دەستەبەرکردنی ئازادییە گشتییەکان، لەڕیشەکێشکردنی پاشماوەکانی دەربار و ڕژێمی شا؛ پێک هاتبوو.

تودە لە دەیەی چلەکاندا لە سیمایەکی حیزبێکی مۆدێرندا شکڵگیر بوو، هەروەها وەک هاوچەرخترین حیزبی ئەو قۆناغە مێژووییە هەژمار کراوە، لەم ڕوانگەیەوە چەندین سەندیکا و ڕێکخراوەی پیشەیی، کرێکاری، خوێندکاری، ژنان... هتد، تەنانەت ڕێکخراوێکی نهێنیی لەنێو ئەفسەر و سوپای ئێراندا هەبوو، بەم شێوەیە تودە لە ڕووی مێژووییەوە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە. بۆ ماوەیەک وەک ئۆپۆزسیۆنێکی کارا و یاسایی بەشێکی گرنگ بووە لە پێکهاتنی ڕووداوەکانی ئێران، ئەویش پاڵپشتی سۆڤیەت بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستەکانی لە جەنگی جیهانی و بەدەستهێنانی چیاوگی نەوتی باکووری ئێران. گومانی تێدا نییە تودە لە ڕووی سیاسییەوە ڕووبەڕووی چەندین هەوراز و نشێوی بووەتەوە، کە دیارترینیان شکستی سەردەمی کودەتاکەی سەر موسەدیق بووە، کە ئیدی حیزبی تودە پێی نایە قۆناغی ئاوارەیی، کە تا ساڵی ١٩٧٩ی خایاندووە.

## بزاڤی چەپی ئێرانی لەبەردەم گوتاری چەپی چریکایی (ڕادیکاڵی)دا

شکستی کودەتاکەی موسەدیق و کارابوونەوەی لەشکری شاهەنشاهی و پیادەکردنی دەسەڵاتی ڕەها و سەرکوتکاری، بوونی ئێران بە ناوچەیەکی ستراتیژیی جیۆئەمنی و ئابووری سەرمایەداریی ئەمەریکایی، هەروەها گەورەبوونی پانتایی ئۆپۆزسیۆن و زیادبوونی کۆژانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی تێکڕای چینەکان، لە هەمان کاتدا خێرایی گەشەکردنی بزووتنەوە مارکسییەکان و زیادبوونی هەژمونی سۆڤیەت و کۆمۆنیزمی ڕادیکاڵیی چینی، شای بەرەو زنجیرەیەک چاکسازی ڕاکێشا و بەرنامەیەکی بە ناوی "شۆڕشی سپی" ڕاگەیاند، تا بە ئەنجامدانی هەندێک ڕیفۆرم، سیمایەکی مۆدێرن و پێشکەوتووخوازانە بداتە وڵاتەکەی.

لەگەڵ ئەوەی شۆڕشی سپی بەناکامی دەستی پێ کرد، بنەمای سیستمی فیوداڵیی لە ئێراندا لەق کرد و ئاڵوگۆڕی لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی لادێنشین پێک هێنا، ئەم لێکەوتانە بووە هۆی ورووژاندنی چەپەکان، چونکە لە کۆمەڵگەی نیمچەداگیرکراو و نیمچەدەرەبەگی ئێراندا، سەرمایەداری و ئیمپریالیزمی بەسەر پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا زاڵ کرد و بۆرژوای ئێرانی بە بازاڕی سیاسی و سەربازییەوە بەستەوە، هەروەها دەستی ئەمەریکای لە ئێراندا ئاوەڵا کرد و کۆمەڵگەی ئێرانیی لە نیمچەفیوداڵیزمەوە بۆ بۆرژوازی گۆڕی و پایەکانی سەرمایەداریی تیادا چەقاند، بەڵام بە هێنانەپێشی بابەتگەلێکی وەک: (ڕیفۆرمی زەوی، یاسای کار... هتد)، شا توانیی شکست بە درووشمی گرووپە مارکسییەکان بهێنێت و پاشەکشە بە داخوازییە کلاسیکییەکانی چەپ بکات. وێڕای ئەوەی لە دیارترین لێکەوتەکانی بەرنامەی چاکسازی، هاندانی شا بوو بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوی، بەم هۆیەوە گرووپێکی کۆمۆنیستی هەوڵێکیان بۆ تیرۆرکردنی شا لە ساڵی ١٩٦٥ شکستی هێنا.

لەسەر ئاستی دەرەکی، بە هۆی دروستبوونی ململانێ سیاسی و ئایدۆلۆجییاکانی نێوان چین و سۆڤیەت و پەرەگرتنی زنجیرەیەک شۆڕش و بەرخۆدانی سیاسی و سەربازی بە ناوەرۆکێکی سۆسیالیزمیانە لەژێر کاریگەریی بیری ماویزمی چینی و پەلکێشبوونی بۆ قووڵایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاڕاستەی چەپڕەوی گۆڕانی بەسەردا هات، بەم هۆیەوە بزووتنەوەی چەپ چووە سەر شێوەی خەباتی ڕادیکاڵ و توندوتیژیی چەکداری. بە هۆی کارتێکردنی ڕێبازی ماویزم، بەشێک لە چەپەکانی ئێران بوونەتە لایەنگری ڕێبازی ماویزم کە کاریگەریی گەورەیان لەسەر ئێران هەبوو. لەم قۆناغەدا چەند بزووتنەوەیەکی مارکسی بە ناوەرۆکی پارتیزانی پێک هات، کە دیارترینیان ڕێکخراوی "چریکی فیدایی خەڵکی ئێران" بوو، ئەم ڕێکخراوە وەک بزووتنەوەیەکی چەکداری ڕێگەی خەباتی پارتیزانیی گرتووەتە بەر و قۆناغێکی چریکای توندوتیژ و خوێناوی لە ئێراندا دەستی پێ کرد.

چریکەکان کە بە هۆی کاریگەریی خەباتی گەشەسەندووی چینی و کوبایی، دژ بە سەرمایەداری و بۆرژوازیەتی موڵکدار بیروبۆچوونەکانیان خستە نێو گۆڕەپانی سیاسیی ئێران، لە ڕێگەی بڕوابوون بە خەباتی چەکداری و بنەمای گەشەی ناسەرمایەداری چالاکییان دژی ڕژێمی شاهەنشا دەست پێ کرد.

لەو قۆناغەدا چریکەکان توانییان بە هۆی بیروبۆچوونەکانیەوە لایەنگرێکی زۆر کۆ بکەنەوە، نەخشەڕێیەکی پێشکەش کرد بۆ هەر کەسێک کە توانای هەڵگرتنی چەکی هەبێت، چونکە ئەم ڕێکخراوە لەو باوەڕەدا بوو بێ بوونی چەک، هەرگیز چینایەتی و بۆرژوازیەتی

کۆمپرادۆر لەبەین ناچێت، هەروەها لە ڕێگەی لێکدانەوەی ورد و زانستیانەی بۆ مارکسیزم و دۆخی سیاسی و ئابووریی ئێران، توانی قەیرانی تیۆریی چەپی ئێرانی بە قازانجی بیروڕاکانی خۆی بقۆزێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، چەپەکانی لە بەربەرەکانێی ڕژێمی شا خستەوە پێش هەر ڕەوتێکی سوننەتی و ڕۆحانی و تەریقەتگەریی ئایینی، بەم هۆیەوە چەند چالاکییەکی سەربازییان ئەنجام دا کە دیارترینیان ڕووداوی گرتنی سەربازگەی "سیاهکل" بوو، لەگەڵ چەند کردەوەیەکی پارتیزانی لە تەقاندنەوەی تۆڕەکانی کارەبا و پەلاماردانی بنکە سەربازییەکان، بەڵام ڕێکخستنی سیاسی و چەککداریی چریکەکان تا ساڵی ١٩٧٩ ئاکامێکی ئەوتۆی نەبوو.

## بزاڤی چەپ لەنێوان هەڵساندنەوە و شکست لەپاش شۆڕشی گەلانی ئێران

دۆستایەتیی تاکلایەنەی حیزبی تودە بۆ کۆماری ئیسلامی و لێکەوتنی هەمیشەیی

هەروەها ڕووداوی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ و داڕمانی ڕژێمی شاهەنشاهیی پەهلەوی، حیزبی تودە پێی نایە قۆناغێکی نوێ و سەرلەنوێ دەستی کردەوە بە بونیادنانەوەی ئۆرگانەکانی، لەم قۆناغەدا تودە کەوتە ژێر کاریگەریی گوتاری ڕێبەرایەتیی شۆڕش، هەوڵی دا بە پشتیوانییەکانی سۆڤیەت وەک ئۆپۆزسیۆنێکی وەفادار و یاسایی خۆی نیشان بدات، لەو پێناوەشدا لەسەر هێڵی ئیمام جێی گرت و کەوتە پشتیوانیکردنی

”

**بڵاوکردنەوەی پیرۆزبایی خومەینی لە جەژنی کرێکاران، تودەی خستە سەرئەوبۆچوونەی کە ئیمام نوێنەری زەحمەتکێشانە و خەونی چەند دەیەی مافە کرێکارییەکان لەسەر دەستی ئەودا دێتە دی**

ڕۆحانییە توندڕەوەکان. ئەم قۆناغە بە کۆتا سەردەمی حیزبی تودە دادەنرێت، چونکە لە شوباتی ١٩٨٢، کۆماری ئیسلامی هەڵیکوتایە سەر بارەگا و ئەندام و لایەنگرانی تودە و بەو هۆیەوە تەواوی شانە و ئۆرگانەکانی لەبەریەک هەڵوەشاندووە.

لەو هەلومەرجەدا کۆمیتەی ناوەندیی تودە دەستی کردەوە بە بونیادنانەوەی حیزبەکە، "نوورەدین کیانوری" کە داڕێژەری تاکتیکی حیزب بوو، بەپێی سیاسەتەکانی سۆڤیەت بەرامبەر بە خومەینی دەجووڵایەوە، ڕێبەرانی سۆڤیەتیش لە ڕێگەی تیۆرستێکی وەک "ئۆلیانۆفسکی" کەوتنە داڕشتنی تیۆریی نوێ بۆ پاڵپشتیکردنی شۆڕشەکە، لەم بارەیەوە "لیۆنید برژنێڤ" پێی وا بوو "شۆڕشی ئێران شۆڕشێک بوو لێل و ئاڵۆز، لە چەندین

ڕووەوە نوێنەری دژەداگیرکاری بوو، بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەی هەیبوو. دەردەکەوێت شۆڕشەکە لەسەر ڕێچکەی سۆسیالیستیی جیهانیی دژ بە سەرمایەداریی ئەمەریکییە"، بەم هۆیەوە حیزبی تودەش لەسەر ئەو بۆچوونانە ستراتیژەکانی دیاری کرد.

لە تێڕوانینی تودەدا، شۆڕشی ئێران کۆتایی بە شێوە کلاسیکییەکەی شۆڕش هێنا، کە لە زنجیرە شۆڕشەکانی جیهانی سێدا شێوەی گرتبوو، ئەم شۆڕشەی بە بەشێک لە پرۆسەی بەردەوامی شۆڕشە جیهانییەکان هەژمار کرد، کە بەرئەنجامی پێگەیشتنی بزووتنەوەیەکی گەشەکردووی کرێکارییە کە تازە لە جیهانی سێدا ڕسکاوە، بەو پێیەی شۆڕشەکە لەسەر خەبات دژ بە سەرمایەداریی جیهانی و ئیمپریالیزمی تاڵانکەر بونیاد نراوە، پشتیوانی بووەتە ئەرک لە پێناو جێگیرکردنی سیستمێکی هاوچەرخ، کە ئاشتەواوی کۆمەڵایەتی و دادپەروەریی ئابووریی فەراهەم بکات. "ئیحسان تەبەری" دیارترین سەرکردەکانی تودە بوو، لەم بارەیەوە گوتوویەتی: "هەر چەندە ئەم شۆڕشە سەرجەم چینوتوێژەکان بەشدار بوون، بەڵام ناوەرۆکەکەی لە سایەی ڕێبەرایەتی دیموکراسیی شۆڕشگێڕیدا بەبەرهەم هات، ئەمەش ئەو خەباتە بوو کە حیزبی تودە بە درێژایی چەند دەیەی ڕابردوو بەدوایدا دەگەڕا".

حیزبی تودە لە بارەی کۆمۆنیستەکانەوە پێی وا بوو بەو تایبەتمەندییەی مارکسیزم هەیەتی، دەتوانن سوود لە ئەزموونی کۆماری ئیسلامی وەربگرن و دەنگ بدەن بە یاسا بنەڕەتییەکانی، تا ڕێگە تاریکەکانی بەردەمیان ڕۆشن بکەن کە بە ئەرکی ئەخلاقیی هەر ڕێکخستنێکی کۆمۆنیستی داناوە کە دژی ئیمپریالیزم تێبکۆشێت. بەو پێیەی کۆماری ئیسلامی هەنگاوی دژەئیمپریالیستی ناوە، پێویستە پشتیوانیی لێ بکرێت و دروستکردنی "بەرەی یەکێتیی هێزە شۆڕشگێڕەکان"ی لەپاڵ ئیمام خومەینی بە پێویست داناوە.

هەروەها بڵاوکردنەوەی پیرۆزبایی خومەینی لە جەژنی کرێکاران، تودەی خستە سەر ئەو بۆچوونەی کە ئیمام نوێنەری زەحمەتکێشانە و خەونی چەند دەیەی مافە کرێکارییەکان لەسەر دەستی ئەودا دێتە دی. کیانوری بێ گوێدانە سیکۆلاربوونی حیزبەکەی، بە چاولێکەریی "ڤلادمیر نیگرادۆڤ"ی باڵوێزی سۆڤیەت لە ئێران ڕایگەیاند: "شۆڕشی لانەوازانەی خومەینی هەمان شۆڕشی پرۆلیتارییە کە مارکس پێشبینیی کردووە، زۆر ئاسایی دێتە پێش چاو کە گرووپێک مەزهەبی بن و و مارکسی نەبن، بەڵام لە بنەڕەتدا خزمەت بە چینە زەحمەتکێشەکان بکەن"، هەروەها کیانوری پێی وا بوو چەمکی شۆڕشگێڕی واتە بونیادنانی پێکهاتەیەکی نوێی کۆمەڵایەتیی بوون کە باوەڕی بە شەڕی دژەئیمپریالیزم هەیە، شۆڕشگێڕیش کەسە شەڕکەرەکەیە کە دژ سەرمایەداری لە سەنگەردایە، لە ناوخۆشدا

دژایەتیی بۆرژوازیەی کۆمپرادۆر و دەرەبەگ و موڵکدارەکان دەکات، چونکە دەستی ئیمپریالیزمە لە ئێراندا و پێویستە بقرتێنرێت.

حیزبی توودە لەو تێڕوانینەوە کە گوایە هێڵی ئیمام بەو توندڕۆیەی کە لەبەرامبەر کۆنەپەرستیی ناوخۆیی وابەستە بە ئیمپریالیزمدا هەیەتی، دەتوانێت ئازادیی ڕاستەقینە لە ئایندەدا بێنێتە دی، لەنێو تەواوی گەلانی دونیادا بەتەنها سۆسیالیزمی سۆڤیەتی پشتیوانی ئەو ئایندەیەیە، توودەش دەتوانێت ڕۆڵی بنەڕەتی ببینێت لە دروستکردنی ئەم داهاتووەدا، هەر بۆیە سۆڤیەتی بە دۆستێکی ستراتیژی و وەدیهێنەری بیرۆکەی "گەشەی ناسەرمایەداری" دەدایە قەڵەم و پێی وا بوو لەبەر ئەوەی خومەینی بەتوندی دژ ئەمەریکایە، ئابووریی ئێران بەرەو ڕێگەی دوور لە سەرمایەداری دەسووڕێنێت، سەرەنجام هیچ ڕێگەیەکی نامێنێت و دەکەوێتە کەناڵی سۆسیالیستییەوە، بەم هۆیەوە درووشمی "چەسپاندن و قووڵکردنەوەو پەرەپێدانی شۆڕش"ی بەرز کردبووەوە و پێی وا بوو ئێران لە قۆناغی شۆڕشی دیموکراتیکە دەبێت پشتگیری لە ڕێبەرەکەی بکرێت، چونکە نوێنەری بۆرژوای نێوەنجی و شۆڕشگێڕە. لە ڕێگەی پەیوەندیی توندوتۆڵ لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیالیزم، دەتوانرێت شۆڕشێکی سۆسیالیستی بەدی بهێنێت، لە کاتێکدا توودە لەژێر پەردەی ئینتەرناسیۆنالیستیی پرۆلیتاریدا، لە قۆناغی گواستنەوە لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم، دەیتوانی شێوەی گەشەی ناسەرمایەداری بپێوێ. هەروەها توودە بڕوای وا بوو کە شۆڕش بەردەوامیی دەبێت، شۆڕشگێڕ ئەو کاتە پاڵ بداتەوە کە شۆڕش چارەسەری سەربەخۆیی سیاسی و ئابووریی لە وابەستەیی بە ئیمپریالیزم و زایۆنیزم چارەسەر کردبێت، هەروەها مەسەلە دیموکراتییەکان لەم دیدگایەدا فەراهەم دێت، بەم پێیە بابەتەکانی تری کۆمەڵگە لە ئازادی، فرەمینبەری و پرسە نەتەوەیی... هتد، لەژێر سێبەری بۆچوونی دژەئیمپریالیستی کۆماری ئیسلامییەوە دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا تێڕوانینی ڕۆحانییەکان ڕوون نەبوو، دژەئیمپریالیستیش خۆی لە خۆیدا نەیدەتوانی پێوەرێکی ئەقڵانی بێت، تەنانەت ئەم دژایەتییە نەیتوانی ئێران بخاتە سەر ژێرخانێکی ئابووریی سەربەخۆ.

حیزبی توودە پەیڕەوی لە تیۆریی "سەرەکی، ناسەرەکی" دەکرد، بەم پێیە خەبات دژ بە ئیمپریالیزم ئەرکی سەرەکی بوو، لە بەرامبەردا هەڵوێستوەرگرتن لە ئاست مەسەلە نەتەوەییەکان بوونە بابەتی ناسەرەکی، بەم پێودانگە حیزبی توودە لەبەرامبەر پێشکەشکردنی نیازپاکی بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی ئیمام، پیادەکردنی ئەرکە ئینتەرناسیۆنالیستەکەی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی پرۆلیتاری بووە بابەتێکی ناسەرەکی.

ڕێبەرایەتییەکەی بەگرتینەوە پشتیوانیی لە تاکتیکەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی کرد بۆ وەرچەرخانی ڕووداوەکانی شۆڕش بە قازانجی ڕەوتی مەزهەبیی توندڕەو، بۆ نموونە: دەنگدان بە برگە دەستوورییەکانی کۆماری ئیسلامی، کە لەسەر بناغەیەکی مەزهەبی شیعی؛ ئێرانی کردە وڵاتێکی ئیسلامی، هەروەها دامەزراندنی شورای کاتیی شۆڕش و پێکهێنانی سوپا، کە کۆڵەکەی سیستمی نوێ بوو. تودە دامەزراندنی شورایەکی لەو جۆرەی بە مەزنترین کاری شۆڕشگێڕی دانا، لەو باوەڕەدا بوو کە بوونی ئەم هێزانە بۆ بەرگریکردن لە یەکپارچەیی ئێران و پاراستنی ئازادی و مافە دیموکراتییەکان یەکجار گرنگن، هەر بەم هۆیەشەوە دەنگی خۆی خستە پاڵ ویلایەتی فەقیە، هەروەها لەو کاتەی کۆماری ئیسلامیی ئاژانسی ئیتلاعات و ئەمنیەتی نەتەوەیی "ساواما"ی بە مەبەستی چاودێریی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و کۆکردنەوەی زانیاریی سیخوڕی دەرگیر کرد، حیزبی تودە کەوتە هاوکاریی "ساواما"، لە هەوڵێکیدا لە حوزەیرانی ١٩٨٠ ڕایانگەیاند کە توانیویانە کودەتای "نۆژە" ئاشکرا بکات.

هەروەها، تودە دژی هەموو ئەو هێزانە بوو کە لە ڕووی کردارییەوە دژی ڕۆحانییەکان بوون و بە دژی ئێران و تەواوی گەلەکەی دەزانی و ناونیشانی (پایەی پێنجەمی ئەمەریکا، دژەشۆڕش، داردەستی بەعس و ناتۆ)یان لێ نابوون. ئەم تێڕوانینە، لەبریی وەرچەرخان بە ئاراستەی ڕەخساندنی زەمینەی دیموکراسی، بە جێگەی ئەو دوژمنایەتییەکی قووڵتری لەنێوان تودە و هێزە جیاجیاکانی تردا دروست کرد، ئەمەش، جگە لە پەرتکردنی هێزە چەپەکان، زەبرێکی مەزن بوو بۆ بەرهەڵستکارەکان و داڕووخانیان لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامی. تودە بەمەشەوە نەوەستا، بەڵکوو بەتوندی دژی هێزە بەرهەڵستکارەکان وەستایەوە و پاکتاوی دژەشۆڕشیش کە کۆماری ئیسلامی دەستی دابوویە، لەلایەن تودەوە بە "قۆناغی سێیەمی شۆڕش" ناو دەبرا.

لەگەڵ ئەمانەشدا، ئیمام خومەینی باوەڕی بە سنوورە ئایدۆلۆجییەکان بوو بۆ جێبەجێکردنی یاسایی خودایی، جیهانی دابەش کردبوو بۆ دوو بەش، ئەوانیش "دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات" بوو، بەم هۆیەوە کۆماری ئیسلامی بە هەڵگرتنی درووشمی "نە ڕۆژهەڵات، نە ڕۆژئاوا" و چەسپاندنی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە، سەرەکیترین تێڕوانینەکانی حیزبی تودەی بەتاڵ کردەوە. لە کۆتاییدا خومەینی کۆمۆنیستەکانی بە دوژمنی ئیسلام ناساند و مارکسیزمی بە شکێنەری کەرامەتی مرۆڤی موسوڵمان ناو برد، سەرەنجام ڕێبەراتیی تودە بە تاوانی خیانەت بە شۆڕش و سیخوڕی بۆ سۆڤیەت سزا دران و پاشماوەشەکەی بۆ شارە ساردوسڕەکانی ئەورووپا ڕاوەدوو نران، سەرکردایەتییەکەشی هێندە کز و بێپلان مایەوە، تا ساڵی ١٩٩٠ بە

شێوەیەکی نیمچەفەرمی لەبەریەک هەڵوەشا، بەم شێوەیە حیزبی تودە وەک دێرینترین حیزبی چەپ لەتەنیشت سیستمێکی مەزهەبیدا، کاریگەرییەکی نەرێنییان لەسەر ڕووداوەکانی پاش شۆڕش و چارەنووسی بزووتنەوەی پێشکەوتووخوازانەی چەپی ئێرانی هەبووە.




**بەکوردستانیبوونی چریکەکان و فۆرمولەبوونەوەی خەباتی چریکایی**

ڕێکخراوی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران، لەگەڵ ڕووخانی شاهانشاهی؛ سەرلەنوێ ناوکی ڕێکخراوەکەیان پێک هێنایەوە و بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی کورد وەک ناوچەیەکی گرنگ بۆ ڕەخساندنی خەباتی چریکایی، کوردستانیان بۆ مەیدانی خەباتی ڕادیکاڵی هەڵبژارد. لەم ڕووەوە چریکەکان یەکەمین ڕێکخراوی چەپی ئێرانی بوون، کە زووتر لە هەر لایەنێکی تر لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، لقی خۆیان دامەزراند. هەر چەندە چریکەکان داخوازییەکانی گەلی کوردیان لە چوارچێوەی بەرنامەی خودموختاری (ئۆتۆنۆمی) پەسەند بوو، بەڵام جووڵانەوەی

**خەباتی چەکداری و گرنگیدان بە کێشەی نەتەوەی کورد، خاڵی بنەڕەتی پێکهاتنی "کەمینەکان" بوو**

گەلی کوردیان بە بزووتنەوەی بەرگری ناو دەبرد و هەوڵیان دەدا واقیعی کوردستان ببەستنەوە بە بزووتنەوە سەرتاسەرییەکەی ئێران. لەگەڵ ئەوەی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران پەیوەندیی سیاسی و فیکرییان لەگەڵ کۆمەڵە باش بووە، هاوکات لەگەڵ حیزبی

دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) لە ڕووی تاکتیکییەوە دۆستایەتییان بەرقەرار بووە، وێڕای ئەوە چریکەکان بەنێو زۆرینەی ڕووداوە گرنگەکانی کوردستان لەنێوان ساڵانی (١٩٧٩-١٩٨٠) هەڵسووڕاون، لەوانە: چەککردنی سەربازگەی مەهاباد و سنە، لە شەڕی نەورۆزی خوێناویی سنە و پێکهاتنی شورای شاری سنە، کۆچی گەورەی مەریوان، شەڕی سێ مانگە، بەشداریکردن لە دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد، شەڕی ٢٤ ڕۆژەی شاری سنە... هتد و هەڵوێستی تایبەت بە خۆیان هەبووە.

لەگەڵ ئەوەی چریکی فیداییانی خەڵک وەک هێزێکی چەپئاژۆی توندڕەو و بەئەزموونی سەردەمی شاهانشاهی، کە بە ئایدۆلۆژیایەکی هاوچەرخ و پێشکەوتووخواز هاتووەتە نێو گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و کوردستانەوە، بەڵام لە ئەنجامی لاوازیی ناوەندگەرایی ڕێکخراوەکە و نەبوونی بەرنامەیەکی چەسپاو، هاوکات خۆهەڵقورتاندن لە بەشی زۆری ڕووداوەکانی ئێران و کوردستان، زیاتر لە هەر ڕێکخراوێکی تر ڕووبەڕووی لێکترازان و داکشانی ئاستی جەماوەری بووەتەوە، هەر بۆیە مامەڵەی نادروستی ڕێبەرایەتییەکەی و وەرگێڕانی نازانستییانەی مارکسیزم بۆ ڕووداو و گۆڕانکارییەکان و داکۆکیکردن لە درووشمەکانی یەکێتیی خاکی ئێران، بووە هۆی دابەشبوونی ڕێکخراوەکە بۆ دوو لایەنی "زۆرینە و کەمینە"، کە هەر چی "زۆرینەکان" بوو، بە هۆی نفووز و سخوڕییەکانی تودە لەنێو تەشکیلاتی چریکەکان، پاشان هەڵگیرساندنی جەنگی ئێران-عێراق و بەرگرتن لە مەترسییەکانی دابەشبوونی ئێران، پشتیان لە جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد کرد و پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی و هەنگاوەکانی باڵی مەزهەبییان لە دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم کردووە. بەم هۆیەشەوە تەواوی هێز و چەکدارەکانیان لە کوردستاندا خۆیان ڕادەستی کۆماری ئیسلامی کرد و تا ساڵی ١٩٨٣ بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکرا کەوتنە بەر هێرشی دەزگا سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی و بەووەش تەواوی ڕێکخراوەکەیان ڕیشەکێش کرا. بەڵام بەپێچەوانەوە "کەمینەکان"، وەک ڕەوتێکی سیاسی چەکداریی دژ بە کۆماری ئیسلامی و هەنگاوە سیاسی و ستراتیژییەکانی وەستاوەتەوە، هاوکات درێژەیان بە خەباتی پارتیزانی لە کوردستان دا. دەکرێت بڵێین خەباتی چەکداری و گرنگیدان بە کێشەی نەتەوەی کورد، خاڵی بنەڕەتی پێکهاتنی "کەمینەکان" بوو، لەم چوارچێوەیەدا هەر چەندە "کەمینەکان" وەک بەشێک لە چریک و بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری خۆیان ناساندبوو، بەڵام تەواوی هێز و پێگە و لایەنگرانیان لە کوردستاندا بوو، هەر بۆیە هاوشانی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان خۆیان ئامادە کردووە بۆ

ئەنجامدانی بەرخۆدانی پارتیزانی، بەو هۆیەوە "کەمینەکان" لەنێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٨٨) لە بەشێک لە ڕووداوەکانی کوردستاندا لە ڕووی چەکدارییەوە ئامادەییان هەبوو.

**ئەڵقە و ڕێکخراوە چەپە ناوەندییەکانی ئێران**

پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٩٧٩، جیاواز لەو حیزب و ڕێکخراوە ڕەسەنانەی کە ڕیشەیەکی قووڵیان لەنێو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەی ئێراندا هەیە، چەندین ئەڵقەی کۆمۆنیستیی چەپی ناوەندی و چەند ڕێکخراوی مارکسی لینینی بە ناوەڕۆک و شکڵی جیاواز شێوەیان گرت، ئەم ئەڵقە و ڕێکخراوانە ڕێبازێکی ناوەندییان لە ململانێی نێوان بلۆکی سۆسیالیستیی سۆڤیەتی و سەرمایەداریی ئەمەریکی گرتووەتە بەر و نەبوونەتە بەشێک لەو ململانێیە. هەروەها وێڕای ئەوەی ئەم ڕێکخراوانە وەک بزووتنەوەیەکی سیاسیی گەورە و کاریگەر دەرنەکەوتوون، بەڵام لە شێوەی ڕێکخراوی مارکسی لینینی دەستیان بە خەباتی سیاسی و چینایەتی کردووە و بە شێوەیەکی تاکتیکی هەوڵیان داوە خۆیان لەگەڵ ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکەیان بگونجێنن، لە نموونەی ئەم ڕێکخراوانە:

**یەکەم: حیزبی ڕەنجبەران**

وەک ڕێکخراوێکی چەپی مارکسی لینینی، لە سای کاریگەریی حیزبی کۆمۆنیستیی چینی، لە ئەنجامی یەکگرتنی چەند ئەڵقەیەکی کۆمۆنیستی پێک هاتووە. وەک هەنگاوی سیاسی، هەر لە سەرەتاوە خەباتی خۆیان بۆ سەرکەوتنی "بەنی سەدر" تەرخان کردووە. هەروەها حیزبی ڕەنجبەران لەو سۆنگەیەی کە حیزبێکی گەورە و بەهێز نەبووە و کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکانی ئێران کەم بووە و پێگەیەکی لاوازیان هەبووە، ڕێبەرایەتییەکەی وای نیشان داوە کە چارەسەری هەمیشەیی کۆمەڵگەی ئێران بە ئەمرۆشەوە لەنێو کارنامەی حیزبەکەدا چەسپاوە، بەڵام لە باری پراکتیکییەوە لاواز و کورتدەست و کەم هەڵوێستن و هەر بە هەڵهاتنی بەنی سەدر بۆ دەرەوەی ئێران، دووچاری شپرەزەیی و کێشەی ناوخۆیی بووتەوە و لە ئێستاشدا جگە لە ڕاگەیەنراوی کورت و لاواز؛ نەخشێکی ئەوتۆیان نییە.

**دووەم: پەیکار**

وەک ڕێکخراوێکی مارکسی لینینی و باڵی چەپی ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵک، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ پێک هاتووە. پەیکار وەک بەشێک لە هێزە چەپەکانی تر، باوەڕیان بە پرسی نەتەوەیی گەلانی ئێران وەک پرسێکی ڕەسەنی مێژوویی نەبوو، بەڵام بە شێوەیەکی تاکتیکی و بەپێی هەڵسەنگاندنی خۆیان کوردستانیان بۆ خەباتی سیاسی و چەکداری هەڵبژاردووە. لەگەڵ ئەوەدا، پەیکار لە کوردستاندا پێگەیەکی جەماوەریی نەبوو، چونکە ئەندامەکانی خاوەنی هیچ چەشنە پێشینەیەکی بوونی سیاسی نەبوون لە ناوچەکەدا، بەڵام بە هۆی نزیکیی

ئایدۆلۆجی، بەتەواوی خۆیان لە کۆمەڵە نزیک کردووەتەوە، بە ڕادەیەکی بەرچاو لە ڕووی ڕێکخستنی ئۆرگانییەوە لە زۆر بۆنەدا شوێنهەڵگری کار و چالاکییەکانی کۆمەڵەیان کردووە، وێڕای ئەوە لەپاڵ هێزەکانی کۆمەڵەدا چەندین ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارییان دژ بە هێز و دەرەبەگەکانی ناوخۆ و وەک "قیادە مۆقەتە" و هێزە مەزهەبییەکانی وەک "سوپای ڕزگاریی کوردستانی ئێران" و پێشمەرگەی موسوڵمان ئەنجام داوە.

**سێیەم: ڕێکخراوی یەکگرتنی کۆمۆنیستی**

وەك ئەڵقەیەکی چەپی کۆمۆنیستی و مەحفەلێکی تیۆری ڕۆشنبیری، دەستی کردووە بە چالاکیی سیاسی. ئەم ڕێکخراوە تەنها کار لە ڕووی بڵاوکراوەی فیکری و ئایدۆلۆجییەوە دەکات و بۆ ئەم مەبەستەش لە مەیدانی واقیعیدا جووڵەیەکی جیددیی نییە، سەربارى ئەوەی خۆی خزاندووەتە جەنگێکی فیکری لەگەڵ بەشێکی زۆری هێز و ئەڵقە چەپەکان و هەر بزاڤێکی چەپ بە خەباتی بۆرژوا و ناسیۆنالیستی بەرچاوتەنگ دەزانن. هەر چەندە ئەم ڕێکخراوە شانەیەکی چەکدارییان پێک هێناوە، بەڵام بەزوویی ئاشکرابوونیان ئەم گرووپە لە کۆتایی ١٩٨١ کەوتنە بەر هێرشی دەزگا ئەمنییەکان و ژمارەیەک لە ئەندامەکانی دەستگیر کراون. هەر چەندە چالاکییەکانیان بەتەواوی لاواز بوو، بەڵام تا ئەمڕۆ لە وڵاتانی ئەورووپا سەرقاڵی بڵاوکراوەن.

**چوارەم: ڕێکخراوی یەکێتیی کۆمۆنیستەکانی ئێران**

ئەڵقەیەکی کۆمۆنیستیی چەپی ناوەندی بوون، لە سەرەتاکانی ١٩٧٨ دامەزرا، ئەم گرووپە لە سەروبەندی ڕووخانی ڕژێمی شاهانشاهیدا لە ڕێگەی نووسین و بۆچوونەکانیانەوە دژی باڵی مەزهەبی و تەواوی ڕەوتە ئیسلامییەکان وەستاون، بەڵام ئەم گرووپە بە پاساوی دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم، بوونە داکۆکیاری سەرسەختی کۆماری ئیسلامی، هەروەها هەوڵیان داوە لە ڕێگەی نووسین و بڵاوکراوەکانیان، بیروڕای خۆیان بگەیەننە قووڵایی جەماوەر، پاشان چەند دەستەیەکی بچووکی چەکدارییان بەتایبەت لە کوردستان پێک هێناوە و لەپاڵ هێزەکانی کۆمەڵەدا چالاکییان ئەنجام داوە، بەڵام بەزوویی بۆچوونیان لە کوردستاندا گۆڕدراوە و بەم هۆیەوە بەیەکجاری ئێرانیان جێ هێشت.

**پێنجەم: حیزبی کرێکارانی سۆسیالیستی ئێران**

تاکە ڕێکخراوی چەپی ناوەندیی سەر بە ڕێبازی ترۆتسکی بوون، کە لە ئابی ١٩٧٩ لە ئێراندا لە ئەنجامی یەکگرتنی سێ گرووپی (ئەورووپا، کۆمیتەی ستار، ئێران) پێک هاتبوو. ئەم گرووپە جیاواز لە چەپەکانی تر، ئەندامەکانی ئەو خوێندکارە ئێرانییانە بوون کە لە ئەمەریکا نیشتەجێ بوون و وەک

ئۆپۆزسیۆنێکی چەپ و کۆمۆنیست دژ بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشان، بەڵام لەسەر ئاستی جەماوەری لایەنگریان کەم بووە. ئەم گرووپە بە شێوەیەکی کرداری چالاکیی ئەوتۆیان نەبووە، چونکە مەودای کاری سیاسی و تەشکیلاتیان بەرتەسک بوو، بەڵام لە ڕووی تیۆرییەوە یەکەمین ڕێکخراوی چەپە کە درووشمی مافی دیاریکردنی چارەنووسی جیاواز لە هەر هێزێکی تر بۆ گەلانی ئێران لەنێو کارنامەکەیدا چەسپاندووە.

**شەشەم: ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی کرێکارانی ئێران (راه کارگر)**

ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستیی چەپی ناوەندی بوون، لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٩ دامەزراوە. ئەم ڕێکخراوە بە ڕەخنەگرتن لە چەپی کلاسیکی و خەباتی ڕادیکاڵانەی چینی خۆی ئاشکرا کردووە. "راه کارگر" بەراورد بە هێزە ئۆپۆزسیۆن و چەپە سەرتاسەرییەکانی دیکەی ئێران، درەنگتر هاتوونەتە مەیدان، بەو هۆیەوە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ چەند کۆمیتەیەکی وەک لقی فەرمیی ڕێکخراوەکە بە ئامانجی هاندانی کرێکاران بۆ بەرپاکردنی خەباتی چینایەتی پێک هێناوە. "راه کارگر" وەک حیزبێکی کۆمۆنیستی هەوڵی داوە خۆی بە بزووتنەوەی چەپی سەرتاسەریی ئێرانەوە گرێ بدات، هەر بۆیە لە ڕوانگەی چینایەتییەوە دەڕوانێتە سەرجەم کێشەکان.

**بزاڤی چەپی ئێرانی لە ئێستادا**

لەگەڵ ئەوەی حیزب و ڕێکخراو و ئەڵقە فکیرییە چەپڕەو و کۆمۆنیستییەکان لە ئێراندا ڕیشەیەکی قووڵی مێژوویی و سیاسییان هەیە، لە چەندین هەلومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا نەخشێکی دیار و بەرچاویان هەبووە، بەڵام دوای جێگیربوونی کۆماری ئیسلامی و ڕێگەی هەڵەی چەند بارە کراویان، تەواوی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیزم نەک لە ناوخۆ، بگرە لە تاراوگە و دوورەوڵاتیشدا ڕووبەڕووی قەیرانێکی قووڵی ئایدۆلۆجی و فیکری هاوکات سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون. وەک ئاشکرایە، لە ڕووی ئایدۆلۆجی و فیکرییەوە تێکۆشانی چەپی ئێران وەک باقیی چەپەکانی تر لەدوای داڕمانی سۆڤیەت و باڵابوونی دونیای سەرمایەداری و هەژموونی ئەمەریکاییانە بەسەر گڵۆباڵەزسیۆن و جیهانی پۆستمۆدێرنیزمدا پاشەکشەیەکی تەواوەتی بە داخوازییە کلاسیکییەکانی چەپ و سۆسیالیزم کردووە، بەر لەوەش ئەو قەیرانە قووڵ و بەردەوامانەی بەسەر دونیای چەپ و کۆمۆنیزمدا هاتووە لە ناوخۆدا، کەمتر نەبوون لە هەر کێشەیەکی تر کە بووەتە هۆی لاوازبوونی بزاڤی چەپ. هەر بۆیە بەشێکی زۆری هێزە چەپەکانی ئێران بە هۆی ناتەبایی فیکری و ئایدۆلۆجی و دابەشبوونیان بەسەر بەرەی ئۆردووگا جیهانی و هەرێمییەکانی چەپدا، زۆرینەی دەرفەت و گریمانەی سەرکەوتن

یان سەرلەنوێ خۆڕێکخستنەوەیان لەدەست داوە، بەم شێوەیە لە ڕووی سیاسییەوە دابەشبوونێکی زۆروبۆر ڕووی داوە بە نموونەی ئەوەی کە لە ئێستادا ٣٦ ئەڵقە و شانەی حیزب و ڕێکخستنی کۆمۆنیستی لە شارە گەورەکانی ئەورووپادا هەن، تەنانەت ڕێکخراوێکی وەک چریکی فیدایی لە وڵاتانی ئەڵمانیا و بریتانیادا دابەش بوون بەسەر ١٧ شانەی ڕێکخراوەیی دژ بە یەک، لە لایەکی ترەوە ئەم هێزانە بە هۆی دوورییان لە ناوخۆی وڵات و هاوکات شانە و ئۆرگان و تەنانەت سەرکردەکانیشیان کە بۆ زیاتر لە سێ دەیەیە ناوخۆی وڵاتەکەیان نەبینیوەتەوە، بەتەواوی لاواز بوون و کەمترین کاریگەریان لەسەر هەلومەرجی ناوخۆی ئێران نییە. بەم چەشنە پەڕاگەندەبوونی ڕێکخستنە کۆمۆنیزمییەکانی ئێران و نیشتەجێبوونی ڕێبەرەکانیان لە وڵاتانی ئەورووپا، وای کردووە کە تا بێت ئەندام و لایەنگرانیان لێیان بتەکنەوە و سەرکردەکانیشیان قایل بن بە ژیانی بۆرژوا و وردەبۆرژوایی ئەورووپایی و دەستهەڵگری خەباتی چینایەتی و سۆسیالیزم. لە ئێستادا ئەوەی بەدی دەکرێت، تەواوی هێزە چەپەکانی ئێران خاسیەت و تایبەتمەندیی ئۆپۆزسیۆنی بەردەوامیان هەیە، کار و چالاکییەکانیان لە چوارچێوەی کاری میدیایی و پەڕاوی ڕۆژنامەکان بۆ هەندێک گلەیی و وردەڕەخنە لە کابینە وزارییەکانی حکومەتی ئێران یاخود گێڕانەوە مێژوویەکان و بیرەوەریی سەرکردەکانیان بۆ ڕەخنەگرتن و لەبریی بەخۆداچوونەوە و خۆڕێکخستن؛ قەتیس ماوە.

سوود لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە:

١. احسان ترقی: ازکاخ شا تا زندان اوین، ت. سعبد ازری، مؤسسه خدمات فرهنگی رسان تهران، ١٣٧٢.

٢. احسان طبری: الفبای مبارزه، چ٤، انتشارات حزب توده ایران، تابستان ١٣٩٠ش.

٣. اخبارهای جنگ در کردستان شهرهای (مهاباد، سنه، بوکان): انتشارات سازمان چریکهای فیدای خلق (اکثریت)، ابان ماه ١٣٥٩.

٤. بیاد نوروز خونین سنندج: ٢٢ بهمن، شماره دوم، اسفند ١٣٥٩، ٣٥.

٥. بی نام: تاریخ سازمان پیکار، چ٣، انتشارات سازمان پیکار در خارج ازکشور، ١٣٨٠.

٦. چیاء الدین الموتی: فیولی از تاریخ موبارزات سیاسی و اجتماعی ایران، چاپخش، تهران، ١٣٧٠.

٧. گذشته چراغ راەآیندەاست تاریخ ایران در فاێله دو کودتا ١٢٩٩-١٣٣٢، پژوهش از جامی، چ١٠، انتشارات ققنوس، تهران، ١٣٧٧.

٨. عباس پناهی: حزب توده ایران معچد امنتی الما‌ن شرقی، کتاب ماه تاریخ و جغرافیا، بهمن ١٣٨٧ش.

٩. پیکار کردستان، سازمان پیکار در راه ازادی گبقه کارگر-کمیته کردستان، شماره (١)، ١٣٥٩/٤/٧.

١٠. خبرنامه کردستان: سازمان چریکهای فیدای خلق-شاخه کردستان، شماره (٥٨)، ١٣٥٩/٢/٢.

١١. راه کارگر، ارگان سیاسیی سازمان کارگران انقلابی ایران (راه کارگر)، شماره (٢٨)، دوره دوم، سال هفتم، تیرما ١٣٦٥.

١٢. ریگای کریکار، سازمان کارگران انقلابی ایران (راه کارگر)-کمیته کردستان، شماره (٣)، سال اول، مهر ١٣٦٢.

١٣. قطعنامه در مورد انشعاب راست از حزب، کنگره پنجم حزب (به اتفاق ارا)، سپتامبر ٢٠٠٤.

١٤. فعالیت سپاه پاسداران در سنندج، دفتر سپاه پاسداران، چ٢، انتشارات اطلاعات و پژوهشهای سیاسی، ١٣٨٣.

١٥. فاجعه اورامان، منتخبی از گفتارهای رادیو ادای انقلاب ایران (از ٢٩ ابان تا ٩ اژر ماه ٦٣)، درباه رویداد اورامان (١)، انتشارات مرکزی کومەله، ١٣٦٣.

وەرزنامەی
ئێرانناسی

# وەرگێڕان

# قەیرانە ناوچەییەکان و دەرفەتە سەربازی و ئەمنییەکانی هەڵقوڵاو لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە



د. مەهدی میرزادەی کوهشاهی ا و: جەواد حەیدەری



**پێشەکی**

گۆڕانکارییە باوەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نە تەنها گرێیەکی لە گلۆڵەی ئاڵۆز و شێواوی پێشهاتەکانی ناوچەکە نەکردەوە، بەڵکوو ململانێ و کێشمەکێشگەلێکی جددی و نوێ و بناغە ڕووخێنەری لە وڵاتانی سەرقاڵی کێشەی بەهاری عەرەبی دروست کرد.

بە پێچەوانەی گەشبینییە سەرەتاییەکان کە ئەم گۆڕانکارییانە لەناو هاووڵاتیان و پەرچەکردارانی سیاسی و لێکۆڵەران دروستی کردبوو، ئەوەندەی نەخایاند هەمووان لەوە تێگەیشتن کە هاوڵاتیان و ڕێکخەر و هەڵسووڕانی ئەو شۆڕشانە بەهەڵەدا چوون.

ئەوان نە تەنها لە کاڵ و پێنەگەیشتنی میوەی شۆڕش گلەییان هەیە، بەڵکوو تاڵبوون و بێتامی میوەکە وای کردووە کە ئەوان سەبارەت بە جەوهەر و چارەنووسی داهاتووی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە ڕەشبین و بێهیوا بکات.

ئەم ڕەشبینی و بێهیواییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە چالاکییەکانی هەڵقوڵاو لە بەهاری عەرەبی، یان ئەو شتانەی کە لە وڵاتانی وەك تونس و میسر ڕووی دا، گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە پێکهاتەی سیاسیی وڵاتان دروست نەکردووە و لە قۆناغێکی زۆر کورتدا خەرجییەکی قورسی خستووەتە سەرشانی هاوڵاتیان. بەگشتی دۆخەکە بۆ حاڵەتی پێشوو گەڕایەوە، یان وەك لە یەمەن و سووریا و عێراق، گۆڕەپانێکی بۆ تەراتێن و هەژموونی گرووپە تیرۆریست و توندڕەوەکان فەراهەم کرد و لە سایەی شەڕکەرە توندڕەوەکان، وڵاتانی سووریا و عێراق و یەمەن کەوتنە ناوی زەلکاوی شەڕی ناوخۆ. شەڕی ناوخۆ لەو وڵاتانەدا کوژران و ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆری لە خەڵکی لێ کەوتەوە، ئەمەش بۆ وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، زۆر ناخۆش بوو. هاوپەیمانانی ئێران لەو سێ وڵاتە (سووریا و عێراق و یەمەن) تۆمەتبار کران و پاڵپشتە ماددی و مەعنەوییەکانی ئێران بۆ ئەو گرووپانە، پەلی ئێرانی بۆ ناو شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەرفراوان لە دژی گرووپە تیرۆریستەکان و دنەدەر و هاندەری گرووپە تیرۆریستەکان ڕاکێشا. ئەمە لە کاتێکدایە کە پێشتریش بەرەنگاربوونەوەیەکی سیاسیی نێوان ئێران و ئیسرائیل و هەروەها ئێران و سعودیە، ڕووی لە هەڵکشان کردبوو. لەپاڵ ئەوەشدا، سێبەری هەڕەشە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە دژی ئێران کەم تا زۆر لەئارادا بوو.

پاش هاتنەسەرکاری حکومەتی یانزەهەم لە ئێران (مەبەست حکومەتەکەی حەسەن ڕۆحانییە - وەرگێڕی کوردی)، گۆڕینی گوتاری سیاسیی زاڵ بەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئێران، هاوکات گۆڕانکاری لە ستراتیژی سیاسیی ئێران هاتە گۆڕێ. یەکێك لە ستراتیژییە گرنگەکان، دەستپێکی دانوستانەکان بوو لەگەڵ وڵاتانی ١+٥، بۆ وەلانانی خراپ تێگەیشتنەکانی هەڵقوڵاو لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران و

هەروەها لابردنی سزاکانی سەر ئێران بوو.

ئەم دانوستانانە ئاڵۆزی و سەرسەختیی لایەنەکانی دانوستانکاری لەگەڵدا بوو، دواجار بوو بە هۆی ڕێککەوتنی نێوان ئێران و وڵاتانی ۱+۵، لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئێران هەندێك لە سنووردارکردنی قبووڵ کرد و سزاکانی سەر ئێران لا برا و مافی بەدەستهێنانی وزەی ئاشتییانەی ئەتۆمی بۆ ئێران بە فەرمی ناسێنرا.

گەیشتن بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی، جگە لە کرانەوەی ئابووری و زمینەیەکی لەبار و باش بۆ باشترکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی ئێران و ڕۆژئاواییەکان، پەیامێکی دەرهاویشتەی باشی لە بواری سەربازی و ئەمنی بەدوای خۆیدا هێنا.

بە شێوەیەك دەتوانین بڵێین کە دادوەریکردن مەحاڵە لە بارەی دەستکەوتەکانی ئەم ڕێککەوتنە، بەبێ گرنگیدان بە ئەنجامە باشەکانی لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و دەرفەتەکانی هەڵقوڵاو لە بواری ئەمنیدا.

لەم ڕووەوە، لەم نووسینەدا وێڕای چاوخشاندن بە پێشهاتەکان و قەیرانە ئەمنییەکانی ناوچەکە، کاریگەرییەکانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەسەر گۆڕانکارییەکان تاوتوێ دەکەین.

لەم پێناوەدا نووسەر بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێت کە بەرهەمی ڕێککەوتنی ئەتۆمیی نێوان ئێران و وڵاتانی ۱+۵، چ کاریگەرییەکی لەسەر پەرچەکرداری ئێران لە پێشهات و قەیرانەکانی ناوچەکە هەبووە؟ لەم چوارچێوەیەدا وا بەرچاو دەکەوێت بەئەمنی کردنی ئێران، هەستیاربوونی ڕۆژئاواییەکان سەبارەت بە ئێران کەم دەبێتەوە و لەم ڕێگەیەوە ئەگەر و کەشی پێویست بۆ چوونە ناو و بەڕێوەبردنی قەیرانە ناوچەکەییەکان بەپێی ئاسایشی نیشتمانیی وڵات دەستەبەر بووە. بۆ تاوتوێکردنی بابەتەکە، پێویستە هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی ئێران لە ناوچەکە، هەڕەشە و دەرفەتە ئاراییەکانی ئێران، توانای کایەکردنی ئەو وڵاتە و ڕکابەرە سەرەکییەکانی لە پرس و گۆڕانکارییە ناوچەییەکان، بەر لە ڕێککەوتن و دوای ڕێککەوتن بکرێت.

## چوارچێوە تیۆرییەکان

بەو جۆرەی ئاراس و پۆلاد باسیان کردووە، کاری زانستی لەمەڕ پرسە ئاسایشییەکان پێویستی بەوەیە ئەو بتەی کە لە ئاسایشی نیشتمانی دروست کراوە، تێك بشکێنرێت (ئاراس و پۆلاد، ۱۳۸٦: ۵۸). ئەم بابەتە یارمەتیی نووسەران و شرۆڤەکاران و سیاسەتمەتداران دەدات بە ڕەخنەگرتن و خەسارناسیی ڕووکەشە ئاراییەکان، ئەگەری چاوخشاندنەوە بە پرسە سیاسی و ئەمنییەکان دەستەبەر بکەن. بۆ ماوەیەکی زۆر پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران بۆ ئێرانییەکان و هەروەها بۆ سیاسەتمەداره ڕۆژئاواییەکان، وەك بتێك بوو کە ئەگەری پەسەندکردن و تەحەمولکردنی ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی دژوار کردبوو. هەر چەند ئەم پرسە لە دەروونی خۆیدا خاوەنی ناوەڕۆکێکی زانستی و تەکنەلۆژی و یاسایی بوو، دژایەتییەکانی دەرەوە و هەندێك هەڵەی ناوخۆیی

سەرەتا کردیانە پرسێکی سیاسی و لە دواییدا بووەتە بابەتێکی ئەمنی و ئاسایشی. هەڵبەتە بەئاسایشیکردنی پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران زیاتر لەوەی کە سەرچاوەی لە هەڵە ناوخۆییەکان وەرگرتبێت، بەرهەمی هەوڵی رۆژئاوا بۆ زۆرکردنی گوشار لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران و قۆناغێك لە پرۆسەی دوورودرێژی بەئەمنیکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو باسانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا. ئەوەی پشتیوانی لەم تیزە دەکات قوتابخانەی کۆپنهاگنە لە بە ئەمنی کردن و نائەمن کردنە .

ئەمنیکردن بە پرۆسەیەك دەگوترێ کە لەودا هەندێك بابەتی نائەمنی کەوتووەتە چوارچێوەی پرسە ئەمنییەکانەوە و بە شێوەی ئەمنی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت.

سروشتی تایبەتیی هەرەشە ئەمنییەکان، پاساو بۆ پەنابردنە بەر رێوشوێنە نائاساییەکان بۆ کۆنترۆڵکردن دێنێتەوە و لە راستیدا کلیلی مەشرووعیەتپێدانە بۆ بەکارهێنانی هێز (هوزان، ١٣٩٢: ٦٣). هەرەشە ئەمنییەکان بێ ئەملا و ئەولا کردن سەرچاوەلە مەترسییە راستەقینەکان وەرناگرێت، بەڵکوو دروستکردنی باوەڕی گشتی و هاوبەش لەسەر بنەمای هەرەشەئامێزبوونی دیاردە، پاساو بۆ رووبەڕووبوونەوەی و دابینکردنی ئاسایش دێنێتەوە (دهقانی، فیروزابادی و قرشی، ١٣٩١: ٨). دەتوانین بەئەمنیکردنی بابەتەکان بە جۆرێکی توندتر لە بەسیاسیکردنی بابەتەکان بزانین. کەواتە کاتێك ئەکتەرێك بابەتەکان ئەمنی دەکات، قسە لە بارەی جۆرێك لە هەڕەشەی هەبوو دەکات بۆ ئەوەی لەم رێگایەوە بابەتێك لە "سیاسەتی ئاسایی" دەربهێنێت و بیخاتە ناو چوارچێوەی کاری بەپەلە و خێرا.

ئەگەر پرسێك لە پانتایی سیاسەتی ئاسایی بێتە دەرەوە و ببێتە بابەتێك کە پێویستی بە هەنگاوی بەپەلە هەبێت، کەواتە هەمدیسان شیاوی گەڕانەوەیە بۆ پانتایی سیاسەتی ئاسایی. یانی توانای ئەوەی هەیە ببێتەوە بە بابەتێکی نائەمنی. ئەم بابەتە دەبێتە هۆی گۆڕین لە گوتاری مەترسی و هەڕەشە بۆ باسی جیاوازیی بۆچوونەکان و دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی مشتومڕەکان، لەجیاتیی هەڵوێستی بەرگریکارانە لەبەرامبەر هەڕەشەکاندا.

بەنائەمنیکردن، بە مانای بەرفراوانکردنی سنوورەکانی سیاسەتی ئاساییە. بەنائەمنیکردن بریتییە لە پرۆسەی دەرهێنانی پرسێك لە چوارچێوەی کاری ئەمنی و گەڕانەوەی بۆ پانتایی دانوستانی سیاسەتی گشتی و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و گەیشتن بە رێککەوتنێکی سیاسیی ئاسایی. باسکردنی ئەوەی کە بابەت یان هۆکارێکی تایبەتی دیکە ناکەوێتە چوارچێوەی هەڕەشەی ئەمنییەوە، بەڵکوو دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی باسەکە.

### رێککەوتنی ئەتۆمی و بەئەمنینەکردنی ئێران

زۆربەی ئەو رەخنانەی لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەگیرێت، هەڵگری دوو رەخنەی ڕیشەیی و بنەچینەییە، یەکەم ئەوەی کە

هەلومەرجی پێش ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەبەرچاو ناگیرێت و دووەم ئەوەی کە دەستکەوتەکانی ڕێککەوتنەکە تەنها لە ڕوانگەی بابەتە ئابوورییە کورتخایەنەکان هەڵدەسەنگێنرێت. ئەمە لە حاڵێکدایە، بۆ قەزاوەت و دادوەریی عادیلانە دەبێت هەلومەرجەکان و بوار و پانتایی ژینگەیی لەوانە لە ئاستی ناوچەکە لەبەرچاو بگیردرێت. پێش دانوستانەکان و دەستەبەربوونی ڕێککەوتنی ئەتۆمی، ئەمنیکردن و بەدوای ئەودا گەمارۆی ئێران بەتایبەتی لە بواری ئابووری، پێی نابووە قۆناغی کۆتایی خۆی، بە شێوەیەك کە زۆربەی ڕێگا یاساییەکانی ئابووریی وڵات بۆ ئاڵوگۆڕە نێودەوڵەتییەکان داخرابوو و ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان لە ڕێگا نایاساییەکانەوە بوو کە هەڵگری تێچوویەکی زۆر گران بوو، هەروەها میکانیزمی چەندلایەنەی هەبوو بە شوناسێکی شاراوە و ئەمەش زەمینەکی زۆری بۆ سەرهەڵدانی گەندەڵی دروست کرد کە هەندێك لایەن و گۆشەی تا ئێستاش هەر بە شاراوەیی ماوەتەوە و پەردەی لەسەر هەڵنەدراوەتەوە. لە لایەکی دیکەوە ڕۆژئاواییەکان و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان بەتایبەتی ئیسرائیل، سیمایەکی دژە ئاسایشیی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ دنیا وێنا کردبوو و لەم ڕێگەیەوە ڕێگای بۆ گوشاری زیاتر بۆ سەر ئێران هەموار و خۆش کردبوو.

ئەمە لە کاتێکدایە لە ئاستی ناوچەکەش هەندێك لە ڕژێمە سیاسییەکان دارمابوون و مەترسیی هێز و ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنی، هەڕەشەگەلێکی نوێی ڕووبەڕووی بەرژەوەندی و ئاسایشی نیشتمانیی ئێران کردبوو کە لەم پێناوەدا ئێران بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و کەمکردنەوەی ئەو هەڕەشانەی کە ئاسایشی نیشتمانیی ئێرانی خستبووە مەترسییەوە، ناچار بوو کە پەرچەکرداری زیاتری هەبێت. هاوکات لەگەڵ ئەم بابەتە، ڕۆژئاواییەکان و هاوپەیمانەکانیان لە ناوچەکە پڕۆژەیەکیان دەست پێ کرد کە ئامانج لەم پڕۆژەیە بەپێی بەڵگە و ڕاوبۆچوونی هەندێك لە بەرپرسانی ڕۆژئاوایی و عەرەبییەکان، دەرکێشانی هەژدیها بوو لە کونەکەی بۆ ئەوەی بیکوژن. لەسەر ئەم بنەمایە، ڕۆژئاواییەکان و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان بە دروستکردنی قەیرانە ساختە و درۆینەکانی وەك ئەوەی کە لە هەندێك لە وڵاتانی ناوچەکە لەوانە لە عێراق و سووریا دەگوزەرێت؛ هەڕەشەیان لە بەرژەوەندییەکانی ئێران دەکرد لە ناوچەکە و هەڕەشەی نوێی ئەمنی بۆ ئێران لە ناوچەکە دروست دەکەن. لە ئەنجامی ئەو هەڕەشانە، کۆماری ئیسلامیی ئێران ناچار بوو دەستتێوەردان لە قەیرانەکانی ناوچەکەدا بکات و لەم ڕێگەیەوە وێڕای ڕاقەی هێز و دەسەڵات بەتاڵکردنی توانا سەربازییەکانی ئێران، قۆناغی دووەمی ئەم پڕۆژەیە واتە تۆمەتبارکردنی ئێران بە دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە و پاڵپشتی لە تیرۆریزم کە پێشتر دەستی پێ کردبوو؛ زیاتر دەبوو. لەوەها حاڵەتێکدا گەمارۆی ئابووری، گۆشەگیریی سەپێنراو، تۆمەتە ناڕاستەکانی وەك تیرۆر و

هەڕەشە ئەمنییەکان؛ ئێرانی خستبووە بەردەم هێرشی هەڕەشەی چەند لایەنە. بە واتایەکی دیکە: ڕۆژئاواییەکان و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان تەختەی شانۆی پێشهاتەکانی ناوچەکەیان بە جۆرێك ڕازاندبووەوە کە ئێران ناچار بوو بچێتە ناو قەیرانەکانی ناوچەکە، بەڵام لەو گۆڕەپانەدا وەك پەرچەکرداری شکستخواردوو و لەبەردەم تۆمەتەکانی وەك پاڵپشتیی تیرۆریزم، ببێت بە توخمی دەستتێوەردەر و هەڕەشەکەر بۆ سەر ئاسایشی وڵاتانی دیکە.

ئەم هەڕەشانە لە لایەك کێشەیەکی جددی بۆ ئێران بوو و لە لایەکی دیکە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕابردوودا بە هۆی چالاکییەکانی ڕۆژئاواییەکان بەتایبەتی لۆبی ئیسرائیلییەکان، بە کردەوەخوازێکی دژەئاسایش ناسێنرابوو، لە ئەنجامدا چالاکیی ئەتۆمی و پاڵپشتیی ئێران لە ڕەوتی بەرگری لە ناوچەکە ببوو بە بابەتێکی ئەمنی لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕوخسار و سیمای ئێرانی لە ئاستی نێودەوڵەتی کردبوو بە ئەمنی و هەر ئەوەش گەمارۆی ئابووریی لە دژی ئێران بەدوای خۆیدا هێنا.

هاوتەریب لەگەڵ سزا ئابوورییەکان، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەوڵەکانی گەڵاڵەدارێژان و لایەنگرانی گورزی سەربازی لە دژی ئێران؛ زیاتر دەبوو. لەم پێناوەدا پرۆژەی "مۆڵەتی بەکارهێنانی هێزی سەربازی" لە کۆنگرێس و هەوڵ بۆ سەپاندنی گوشار لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئاسایش (وەك دامەزراوەیەك کە دەیتوانی مەشرووعیەت بە ئەگەری گورزی سەربازی لە دژی ئێران بدات)؛ بابەتی سەرەکیی ناو ئەو ناوەندانە بوو کە دژی ئێران بوون و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەی لایەنگرانی ئەو ناوەندانە ڕووی لە زیادبوون دەکرد.

ئەمە لە کاتێکدا بوو کە جگە لە هەڕەشە بەردەوامەکانی ئیسرائیلییەکان بۆ هێرشی سەربازی، دەسەڵاتدارانی ئەمەریکییش بەبەردەوامی باسیان لە پلانی سەربازی لە دژی ئێران دەکرد و ئەمەش قەوارە و پانتایی سزا سەربازی و ئابوورییەکانی لە دژی ئێران زیاتر دەکرد. لە وەها فەزا و کەشێکدا، ڕێککەوتنی ئەتۆمی وێڕای گۆڕینی وێنە و ڕوخساری ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بەئەمنکردنی ئێران بووە هۆی ئەوەی کە ئێران جگە لە لابردن و وەلانان و هەڵپەساردنی سزاکانی ئابووری و سەربازی، بە ئاقاری کۆنترۆڵکردنی قەیرانە ناوچەییەکان بەپێی بەرژەوەندی و ئاسایشی نیشتمانیی وڵات هەنگاو بنێت.

### ڕێککەوتنی ئەتۆمی و قەیرانەکانی ناوچەکە:

#### ١. قەیرانی سووریا

ئەگەرچی بە ناڵەباربوونی دۆخی ئەمنیی عێراق، تەرکیزی ئێران لە سووریا تا ڕادەیەك کەم بووەوە، بەڵام قەیرانی سووریا گرنگترین و یەکەمین قەیرانێك بوو کە دەسەڵاتدارانی ناوچەکە و تەنانە ڕۆژئاواییەکانیش بەدوای ئەوەوە بوون کە وێڕای گۆڕینی ڕژێمی سووریا، دەسەڵات و نفووزی ئێران لە ناوچەکەدا کەم بکەنەوە. دەستەبەربوونی ڕێککەوتنی ئەتۆمی و بەر لە دەستپێکردنی دانوستانە ئەتۆمییەکە،

هەستیاریی ڕۆژئاواییەکان سەبارەت بە پشتیوانی و بەردەوامبوونی حوزووریی سەربازی و ڕاوێژکارە سەربازییەکانی ئێران لە سووریا کەم ببووەوە. لەم نێوەندەدا کرانەوەی دەرگای گفتوگۆی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان بوو بە هۆی کەمبوونەوەی هەوڵی وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەتی وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو و سعودیە بۆ گوشار خستنەسەر ڕۆژئاواییەکان بۆ دەرچوونی ئێران لە سووریا و کەمکردنەوەی پشتیوانییەکانی ئێران لە حکومەتی سووریا.

لە لایەکی دیکە، شەفافیەتسازی و ڕاوێژ و تەکبیرەکانی ئێران بووە هۆی ئەوەی کە ڕۆژئاواییەکان بەتایبەتی ئەمەریکا، پێداچوونەوە بە هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە ڕۆیشتنی دەستبەجێی بەشار ئەسەد لە دەسەڵات بکەن و نەرمی لە خۆیان نیشان بدەن. لەم بارەیەوە چەندین گەڕی دانوستان لەنێوان وەزیری دەرەوەی ئێران و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا و وەزیرانی وڵاتانی ئەورووپی لە مانگەکانی ٣ و ٥ی ساڵی ٢٠١٥ بەڕێوە چوو. لە ئەنجامدا دوای ڕێککەوتنی ئەتۆمی، ئێران بۆ کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بە سووریا بانگهێشت کرا، ئەمە لە کاتێکدا بوو پێش ڕێککەوتنەکە بە هۆی پشتگیریی ڕۆژئاواییەکان لە هەڵوێستی عەرەبەکان سەبارەت بە بەشدارینەکردنی ئێران، وای کردبوو کە ئێران بۆ هیچ یەك لە کۆبوونەوەکانی پەیوەندیدار بە قەیرانی سووریا بانگهێشت نەدەکرا.

ئێران لە کاتێکدا بوو بە خاوەنی کورسییەك لە دانوستانەکانی ئاشتی بۆ سووریا، هێشتا بەردەوام بوو لە ناردنی چەك و چەکدار بۆ سووریا و درێژەی بە هاوکاری و کۆمەکەکانی دەدا بە حکومەتەکەی سووریا. لە لایەکی دیکەوە وێڕای گوشارەکانی تورکیا و سعودیە بۆ کۆمەك و یارمەتیدانی چەکداران، ئەمەریکا زۆر بە خاوی و سستی هەڵسوکەوت دەکات و بەئاشکرا پێی خۆش نییە شەڕ لە سووریا کۆتایی پێ بێت. دوای ڕێککەوتنی ئەتۆمی، ئەمەریکا سەبارەت بە هاوپەیمانیی ئێران و ڕووسیا لە بارەی پشتیوانیکردن لە سووریا، هەڵوێستێکی ئەوتۆی لە خۆی نیشان نەدا. لە لایەکی ترەوە، بە کرانەوەی ڕێگا ئابوورییەکان بە هۆی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، ئەگەری کۆمەکە ئابووری و سەربازییەکان بۆ ڕژێمی سووریا زیاتر لە جاران ڕووی لە هەڵکشان کردووە. بە بڕوای پسپۆڕان و کەسایەتییە سیاسییەکان، تەنها ڕێگەچارە بۆ کۆتاییهێنان بە قەیرانی سووریا؛ دانوستان و گفتوگۆی سیاسییە، ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە زەمینەی ئامادەبوون و کاریگەریی ئێرانی لەسەر دانوستانەکانی ئاشتی لە سووریا زیاتر کرد. جگە لەمەش، ڕێککەوتنی ئەتۆمی دەریخست کە دیبلۆماسی ڕێگەچارەیەکی زۆر گونجاوە بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان و ئێرانیش وەك یەکێك لە ڕۆڵگێڕە ناوچەییەکان توانای دیبلۆماسی بەباشی هەستی پێ دەکات و لەو پێناوەدا هەنگاو دەنێت.

**٢. قەیرانی داعش لە عێراق**

داعش دوای دەستبەرداگرتنی بەشێکی عێراق و پێشڕەوییەکانی ئەو گرووپە تیرۆریستییە تا فەلوجە لە نزیکی بەغدا، هەروەها هەندێك ناوچەی نزیکی سنوورەکانی ئێران، هەڕەشە ڕاستەقینەکانی ئەو گرووپەی بۆ ئاسایشی کۆماری ئیسلامیی ئێران پتر لە جاران ڕوون و ئاشکرا کرد. داعش جگە لە دژایەتیکردنی ئێران و شیعە، بەدوای دستبەسەرداگرتنی عێراق و سووریاوە بوو. لەم ڕووەوە زاڵبوونی ئەو گرووپە بەسەر عێراقدا، بە هەڕەشەیەکی جددی بۆ ئێران لەقەڵەم دەدرا. هەر ئەمەش وای کرد کە ئێران دەستبەجێ وەڵامی ئەرێنی بە داخوازیی حکومەتی عێراق و گرووپە عێراقییەکانی نەیاری داعش بداتەوە. پشتیوانیی ئێران لە حکومەت و حەشدی شەعبی کە زۆربەیان لە شیعەکانی عێراق دروست بوون، لەگەڵ هەڵوێستی نەرێنیی هەندێك لە وڵاتانی عەرەبیی ناوچەکە ڕووبەڕوو بووەوە. ئەو وڵاتانە ئێرانیان بە دەستتێوەردان لە کاروباری عێراق و پشتیوانی لە ملیشیا توندڕەوەکانی شیعە تۆمەتبار دەکرد و داوایان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەکرد کە ڕێگر بن لە دەستتێوەردانەکانی ئێران لە عێراقدا. لە وەها کەش و فەزایەکدا، حکومەتی عێراق هەر چەند لەبەر هاوکاریکردن لەگەڵ ئێران لەژێر گوشاردا نەبوو، ڕایگەیاند: ئامادەبوونی هێزی سەربازی و ڕاوێژکارە سەربازییەکانی ئێران، لەسەر داوای حکومەتی عێراق بووە. ئەمە لە کاتێکدایە بەر لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی عێراق، ئەو فڕۆکە ئێرانییانەی کە بە ئاسمانی عێراق بەرەو سووریا دەڕۆیشتن، بە بیانووی گواستنەوەی چەك و تەقەمەنی بۆ حکومەتی سووریا ناچار دەکرد بنیشنەوە و پشکنینی بۆ دەکردن و ئەمەش ناڕەزایەتیی بەرپرسانی ئێرانی لێ کەوتەوە.

ئەمڕۆکەش هەر چەند بارودۆخی ئەمنیی عێراق نالەبار بووە، بەڵام ئامادەبوونی ئێران لە عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. لە لایەکەوە بە سەرنجدان بە بەرژەوەندیی هاوبەشی نێوان ئێران و ئەمەریکا و پەرەسەندنی پەیوەندیی سیاسی و بە سرینەوەی باری ئەمنیی ئێران، کەشێکی کراوەتری بۆ هاوکاریی نێوان دوو وڵات ڕەخساندووە. بە پێچەوانەی ڕابردوو، ڕۆژئاواییەکان بەتایبەتی ئەمەریکا، هەستیارییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ بوونی ئێران لە عێراقدا نییە. لەم ڕووەوە دەبینین کاتێك کە میدیاکان وێنە و هەواڵی ئامادەبوونی هەندێك لە فەرماندە پلەبەرزەکانی ئێران لە شار و بەرەکانی شەڕ لە عێراق بڵاو کردەوە، ئەمەریکا و ڕۆژئاواییەکان لەو بوارەدا پەرچەکردارێکی ئەوتۆیان لە خۆیان نیشان نەدەدا. ئەمە لە کاتێکدایە کە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بەتوندی ڕەخنەیان لە بوونی ئێران لە عێراق دەگرت. زیادبوونی ژمارەی ڕاوێژکاران و سەربازانی ئێران لە عێراق، کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی عێراق هەیە. ڕێگریکردن لە ڕووخانی بەغدا و دروستکردنی بەربەست لە زیادبوونی قەڵەمڕەوی داعش،

نزیکایەتیی داعش لە ڕووی سنوورەوە بە ئێران؛ کاریگەرییەکی ئەرێنییە کە لە ئێستادا ئامادەبوونی ئێرانی لە عێراق لێ دەکەوێتەوە.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی هاوبەشی ئێران و ڕۆژئاواییەکان، بەستێن و زەمینەی پێویست بۆ پەرەپێدانی هاوکاری بەتایبەتی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیە، هاوکاریگەلێك کە بێگومان ئێران قازانجی زۆرتری تێدا دەکات. خاڵێکی دیکە ئەوەیە بە پێچەوانەی ڕابردوو، هەر چەند ئەمەریکا ستراتیژی ئێران لە عێراق بە دژەئەمریکایی، دژی بارودۆخی هەنووکەیی و پەرەخوازانە دەزانێت، بەڵام لەو باوەڕەدایە ئێران بەپێی ڕێساکان هەڵسوکەوتی کردووە و مەیلێکی بۆ دروستکردنی قەیران لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە عێراق نییە. لە ئێستادا لە عێراق هێزەکانی نزیك لە ئێران و پارێزەرانی شوێنە پیرۆزەکان لە کاتێکدا بەرەوڕووی داعش دەبنەوە، هەر چەند ئەمەریکاش بە شێوەیەکی پەرتەوازە و بە ئامانجی جیاواز لە ڕێگەی ئاسمانییەوە هێرش دەکاتە سەر بنکە و بارەگاکانی داعش. لەو نێوەندەدا دەرهاویشتە ئەرێنییەکانی لەناوبردنی داعش لە عێراق و یارمەتیدانی سەقامگیری و ئارامیی عێراق بە هۆی پێگەی عێراق لە دراوسێیەتی لەگەڵ ئێران، بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ دەرئەنجامەکانی شیاوی بەراوردکردن نییە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا. لەم ڕووەوە هەر جۆرە سەرکوتکردنی داعش لەلایەن ئەمەریکاوە، بەتایبەتی لە عێراق، لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێت. پشتیوانیی ئەمەریکا لە یەکپارچەیی خاکی عێراق و پشتیوانینەکردنی ئەمەریکا لە سەربەخۆیی حکومەتی کوردی لە عێراق، بە پێچەوانەی پشتگیریی ئیسڕائیل و ژمارەیەك لە وڵاتانی ناوچەکە، لەو پرسانەیە کە دەتوانێت دوای ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی وەك بوارێك بۆ هاوکاریی نارەسمی لەقەڵەم بدرێت. لە کاتێکدا هەتا ئێستا ئەمەریکا بەرهەڵسەتکاری سەربەخۆیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە، لە هەنووکەدا دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە دراوسێیەتیی ئێران، ئەنجامێکی ئەرێنی بۆ ئێران نابێت. وەها ڕووداوێك، هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە دەتوانێت بزوێنەری شەپۆلێکی نوێ لە جووڵەی نەتەوەگەرایی لە ناوچەی خۆرئاوای وڵات بە فەرمی دەبێت. دروستبوونی دەوڵەتێك لە دراوسێیەتیی ئێران کە پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ ئیسڕائیل هەیە.

## ڕێککەوتنی ئەتۆمی و جووڵە ناوچەییەکانی سعودیە

ڕووبەڕووبوونەوەی سعودیە، لەم ساڵانەی دواییدا چووەتە قوناغێکی نوێوە. ئەم ڕووبەڕووبوونەوە کە دیمەنەکەی زۆرتر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران لە ناوچەکەدا دەبینرێت، ئاکامی نەرێنی و تێچوونی زۆری بەسەر ئێراندا سەپاندووە. سعودیە ئامانجی ئێستای سیاسەتی ناوچەیی خۆی لە کۆتاییهێنان بە پەیوەندیی ئێران لەگەڵ هاوپەیمانە ناوچەییەکانی

(پەرەپێدانی ئێران) لە پێناو سنووردارکردنی ئاراستەی توانای ستراتیژیی سیاسەتی ناوچەیی ئێران لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێناسە کردووە و بەم ئامانجەوە، لە ئاستی سەربازی، دبلۆماسی و ئابووری جووڵەگەلێکی دەست پێ کردووە. لە ئاستی سەربازی، هێرشکردنە سەر یەمەن، مانۆڕی "هەورەشریخەی باکوور" و پێکهێنانی هاوپەیمانیی ناوچەیی (لە یەمەن، هاوپەیمانیی ئیسلامی لە دژی تیرۆریزم) لە چالاکییەکانی سعودیە بوون. لە ئاستی دبلۆماسیدا، سعودیە لە هەوڵی ئاراستەکردنی هەڵویستی ئەندامانی کۆمکاری عەرەبی و ڕێکخراوی هاوکاریی ئیسلامیدایە بەرەو ئاراستەیەکی شەڕانگێزانە لەبەرامبەر ئێراندا. لە ئاستی ئابوورییشدا، ڕیاز بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە سیاسییەکانی کەڵك لە توانایی دارایی و ئابووریی خۆی وەردەگرێت. ئەم ئامرازە لە دوو ڕەهەندی هاندان، وەك یارمەتی و سەرمایەگوزاری لە میسر و سزا وەکوو ڕاگرتنی یارمەتی و سەرمایەگوزاری لە لوبنان، کاری لەسەر دەکات. ئامانجی سەرەکیی سعودیە لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا، کەمکردنەوەی ئاستی کرانەوەی کۆمەڵگای جیهانییە بە ڕووی ئێراندا. چالاکبوونی سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی یانزەهەم (حکومەتی حەسەن ڕۆحانی - وەرگێڕی کوردی) و زۆربوونی پرسە ناکۆکەکان لەنێوان ئێران و سعودیە، بووەتە هۆی ئەوەی سعودییەکان لە پێناو ئەوەی بە هەژموونیی ئێران بەسەر ناوچەکەدا دەزانن، لە ڕێگای جیاوازەوە گوشار لەسەر ئێران زۆرتر بکەن. ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆ لە یەمەن، عێراق، سووریا، لوبنان و بەحرەین، هەموویان ئامانجێکی ستراتیژیی هاوبەشیان هەیە و ئەویش شتێك نییە جیا لە لاوازکردنی پێگەی ناوچەیی ئێران و گۆشەگیرکردنی ئێرانە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. لەم پێناوەدا سعودیە هیوادار بوو لەلایەن خۆرئاواییەکان و بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە پشتیوانیی لێ بکرێت، بەڵام دانوستانی ئەتۆمی و دواتر ڕێککەوتنی ئەتۆمی، هیواکانی سعودیەی کاڵ کردەوە و بووە هۆی ئەوەی ئەم وڵاتە لە ئەمەریکا ناڕازی بێت. بەو جۆرەی کە سیمۆن هێندرسۆن دەڵێت، بۆ ئەوان ڕێککەوتنی ئەتۆمی وەکوو قەیرانێکە کە ئێران لە ڕێگای ئەو دەرفەتانەی بۆی دەرەخسێت؛ ڕابەریی سعودیە لەناو جیهانی ئیسلامی و ناوچەکەدا تووشی قەیران دەکات، لەبەر ئەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی نەك تەنها توانایی ئەتۆمیی ئێرانی ڕانەگرت، بەڵکوو ئێرانی وەکوو هێزێکی ئەتۆمیئاسا بە فەرمی ناساند. ڕێککەوتنی ئەتۆمی هاوکات لەگەڵ باشترکردنی پەیوەندیی ئێران و خۆرئاوا و ئێران و ئەمەریکا، دەرفەتێکە بۆ باشترکردنی بارودۆخی ئابووریی ئێران. ئەمەش لە کاتێکدایە سعودییەکان لە ئازادکردنی دارایی دەستبەسەرگیراوی ئێران لە دەرەوەی وڵاتەکەی ناڕازی بوون، لەبەر ئەوەی دەتوانێت لە ئاراستەی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوچە و پشتیوانی لە هاوپەیمانانی ئێران لە

ناوچەکەدا بەکار بهێنرێت. بەم هۆیەوە هەموو هەوڵی خۆیان بۆ ڕێگەگرتن لە پەسەندکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی خستە گەڕ، هەوڵگەلێك کە لوتکەکەی لە سەردانی بەرپرسانی سعودیە بۆ موسکۆ و پاریس و ئامادەبوونی لالووتانەی ئەوان لە کۆبوونەوەی کەمپ دەیڤید دەبینرا.

ڕێککەوتنی ئەتۆمی بووە هۆی لاوازبوونی پەیوەندیی نێوان سعودیە و ئەمەریکا و کۆمەڵگای ئەمەریکا زیاتر سەرنجی داوەتە ڕۆڵی نەرێنیی عەرەبستان لە ناوچەکە و جیهاندا. تا پێش ڕێککەوتنی ئەتۆمی، یەکێك لە کارە تایبەتەکانی سعودیە بۆ ئەمەریکا؛ کۆنترۆڵکردنی ئێران بوو، بەڵام بە گۆڕینی ئاراستەی سیاسەتی ئەمەریکا، ئاستی گرنگیی سعودیە لە سیاسەتی ئەمەریکا زۆر کەم بوویەوە. هەروەها بە هاتنەسەرکاری ترەمپ، گرنگیی سعودیە زۆر کەمتر بووەوە. لەم ڕووەوە ئێستا کە سعودیە ئەوەندە زۆر خۆی لەبەرامبەر ئێران بەتەنها دەبینی، هەندێك هەنگاوی نا کە بەپێی ئەو سەرقاڵکردنی ئێران بوو لە ناوچەکە، تا بتوانێت پشتیوانیی خۆرئاوا بۆ ئەو ئامانجە دەستەبەر بکات کە خەبات لە دژی زێدەخوازیی ئێران و پشتیوانیی ئێران لە تیرۆریزم و هێزە تێکدەرەکان ناوی لێ دەنا، بابەتێك کە شارەزا خۆرئاواییەکانیش دانی پێدا دەنێن. بە هەمان شێوە کە کۆنت پلاك دەڵێت: هێرشی سعودیە و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر یەمەن، بە هۆی ترس لە ئێران و پشتچۆڵکردنی ئەوان لەبەرامبەر بەهێزبوونی ئێران دوای ڕێککەوتنی ئەتۆمییە. هەوڵی سعودیە بۆ ڕێکخستنی هاوپەیمانییەکی ناوچەیی، بەسەنتەربوونی وڵاتانی عەرەبی و سوننە بە هۆی هەوڵەکانی ئێران و باشتربوونی پێگەی نێودەوڵەتیی ئێران شکستی هێنا، لەبەر ئەوەی کە بە هۆی هاوکارینەکردنی وڵاتانی بەرچاوی ناوچەکە وەکوو تورکیا و پاکستان، ئەم هاوپەیمانییە تەنها هاوپەیمانانی سعودیە لە ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو و چەند وڵاتی بچووکی عەرەبیی وەکوو جیبۆتی و کۆمۆر بوو. هەستی پشتچۆڵکردن بووەتە هۆی ئەوەی سعودیە دەست بە نانەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکان لە هەندێك لە وڵاتان بکات، بە ئامانجی ئەوەی کە کێشە بۆ ئێران دروست بکات، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئێران تۆمەتی دەستتێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان بدرێتەوە پاڵی، بەڵام لە ئێستادا ئەمەریکا کێشە و هەڕەشەکانی سعودیە نەك ئێران، بەڵکوو شەڕ و ململانێیە ناوخۆییەکان لە وڵاتانی دراوسێی سعودیە و کێشە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە دەزانێت. لەم ڕووەوە، لە ستراتیژییەکی جیاوازدا، باوەڕی بە چاکسازیی سیاسی و دانوستان هەیە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ناوچەکە، بە ئامادەبوونی ئێرانیشەوە. ڕوون و ئاشکرایە کاتێك سعودیە پێداگری لەسەر ستراتیژی کاولکاری، واتە شەڕی ناوخۆیی لە وڵاتان بکات، ئەمەریکا قەڵغانێکی بۆ پاراستنی ئەم وڵاتە لەبەرامبەر ئەگەری بەکارهێنانی قەیرانەکان لەلایەن ئێرانەوە نییە. بە بڕوای ئەمەریکا، بە هەمان

شێوە کە ئۆباما لە سەروبەندی کۆبوونەوەی کەمپ دەیڤید وتی، ئامانج لە گفتوگۆ لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو بەتایبەت سعودیە، "بەرزکردنەوەی ئاستی متمانەبەخۆبوونە". دوای کۆبوونەوەکەش، ئۆباما ڕایگەیاند: "مەبەست لە هاوکاریی ئەمنی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی ئەوە نییە کە دوژمنایەتیی درێژخایەن لەگەڵ ئێران بەردەوام بێت یان تەنانەت ئێران پەراوێز بخرێت، هیچ یەك لە گەلانی ئێمە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بێکۆتایی لەگەڵ ئێران قازانج ناکەن." ئەم قسانەی ئۆباما دەرخەری ڕوانگە و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لەبەرامبەر ئێران و عەرەبەکانە، نیگەرانییەك کە لە سەردەمی ترەمپیش کەم تا زۆر بەردەوام بووە و تەنانەت ئاسۆیەکی خراپتر بۆ سعودیە وێنا دەکرێت.

### ڕێککەوتنی ئەتۆمی و بەهێزکردنی مێحوەری بەرگری

لە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە بەرگریی ئیسلامی و پشتیوانیی ئێران لە میحوەری بەرگری لە ناوچەکە، هەم لەسەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی و هەم قۆناغی دوای ڕێککەوتنی ئەتۆمی، هەڵگری دەرفەتگەلێکە کە ژیرانە بەکار بهێنرێت، بەهێزبوونی میحوەری بەرگریی لێ دەکەوێتەوە. لە کاتێکدا کە ڕەخنەگرانی ناوخۆیی بەگشتی چاوەڕوانیی ڕۆژئاواییەکانیان بۆ هاوکاریی ئێران لە پێناو دامەزراندنی حکومەتی نوێ و هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار لە لوبنان دەخەنە بەر ڕەخنە و پێیان وایە ڕۆژئاواییەکان لە ڕێگەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بەدوای لاوازکردنی پێگەی بەرگریی ئیسلامین لە لوبنان، بەڵام پشتیوانییەکانی ئێران بۆ حیزبوڵڵای لوبنان هێشتا بەردەوامە و هیچ گۆڕانکارییەك لە ستراتیژی ئێران لە پشتیوانیکردن لە حیزبوڵڵا لەئارادا نییە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بە کرانەوەی هەندێك دەرگای ئابووری، ئەگەری پشتیوانیی زیاتری ئێران لە حیزبوڵڵا هەیە. ستراتیژی ئێران لە هاوپەیمانەکانی خۆی لە عێراق و سووریا، هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. لە ڕاستیدا هەر بەم هۆیەوە بوو دوای ڕێککەوتنی ئەتۆمیی نێوان ئێران و شەش وڵاتی زلهێزی جیهان، دەستبەجێ بەرپرسانی عێراقی و سووری و هەروەها سەرکردەکانی حیزبوڵڵا پێشوازییان لە ڕێککەوتنەکە کرد. هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئەو ڕێککەوتنە سەرەڕای ئەوەی کە ئەگەری ڕێکخستنەوەی پشتیوانیی لۆجیستیکی دەکات لە بەرەی بەرگری (ئەو ئەگەرەی کە کۆمارییەکانی ئەمەریکا لە کۆنگرێسی ئەو وڵاتە جەختیان لەسەر دەکردەوە کە ڕێککەوتنەکە بە شێوەیەکی خراپ کراوە)، ئەم ئەگەرەش فەراهەم دەکات کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دەربازبوون لە بازنەی هەڕەشە نێودەوڵەتییەکانی وەك سزای ئابووری، گۆشەگیریی دبلۆماسی، هەڕەشەی سەربازی و ئاسایشی، وەك دەوڵەتێکی بەرپرس و وەڵامدەر لە سیستمی نێودەوڵەتیدا وەکوو بەشێك لە ڕێگەچارەی مەسەلە ناوچەییەکان لەلایەن زلهێزەکانی جیهان دەناسرێت و لەپشت سەری

بەرەی بەرگری دەوەستێت و لە گۆڕەپانی جەنگە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان هەروەك بواری دبلۆماسی پشتیوانی و پارێزگاری لە بەرەی بەرگری بکات. بێگومان بەرزبوونەوەی ئەو ئاستە لە پێگەی پشتیوانیکردن لە بەرەی بەرگری تا پێش ڕێککەوتنی ئەتۆمی، وەك شتێکی مەحاڵ دەبوو.

خاڵێك کە لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە هەڵوێستی بەهێزی ئێران لەسەر بەردەوامبوونی لە پشتگیری لە میحوەری بەرگری و نائومێدبوونی ڕۆژئاواییەکان لەوەی کە کاریگەری لەسەر ئێران لەو بارەیەوە دابنێن، بووەتە هۆی ئەوەی کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەتایبەتی ئەمەریکا، سەرەڕای هەڵوێستی توند و نەیارانەی وڵاتانی عەرەبی سەبارەت بە پشتیوانییەکانی ئێران لە میحوەری بەرگری، پەرچەکردارێکی جددی لە خۆیان نیشان نەدەن. لەم ڕووەوە سەرەڕای ئەوەی کە سکرتێری گشتیی حیزبوڵڵا ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە کە ئێران پشتیوانیی هەمەلایەنە لە حیزبوڵڵا دەکات، ئەمەریکا لە بارەی پشتیوانی و ئامادەبوونی ئێران لە لوبنان بەتەواوەتی خەمسارد بووە و هەر ئەمەش وای کردووە کە شارەزایانی ڕۆژئاوا ناچار بن وێڕای ڕەخنەگرتن لەو شتەکەی کە پێی دەڵێن ڕاستکردنەوە و هەموارکردنەوەی سیاسەتەکانی ئێران لە پشتیوانیکردن لە گرووپە چەکدارەکانی ناوچەکە، داوا لە ئەمەریکا بکەن کە هەڵسەنگاندنی دووبارە بکات لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خۆی سەبارەت بە ئێران لەدوای ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە.

## دەرئەنجام

لە سەرەتای دەستپێکردنی مشتومڕەکان لەسەر چالاکییە ئاشتیخوازییەکانی ئەتۆمیی ئێران، وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەنیازی ئەوە بوون بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێران وەکوو کەرەستەیەك بۆ چڕکردنەوە و خەستکردنەوەی ڕەوتی بەئەمنیەتیکردنی ئێران بەکار بهێنن. سووربوونی ئێران لەسەر مافی ئەتۆمیی خۆی و پێداگریی ڕۆژئاواییەکان لەسەر هەڵوێستی خۆیان، هەموو ڕۆژێ ئاستی گوشارە ئابووری و هەڕەشە سەربازییەکانی ڕۆژئاواییەکان لە دژی ئێران بەرز دەبووەوە. لەم نێوەندەدا هەندێك هەنگاوی نەشیاو و هەرەمەکیی ناوخۆیی وەك هۆکارێك بۆ خێراکردنی جوولەکان لە دژی ئێران کاریان دەکرد. هاتنەسەرکاری حکومەتی یازدەهەم (حکومەتەکەی حەسەن ڕۆحانی - وەرگێڕ کوردی) و گۆڕانی گوتاری زاڵ بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران، دەرفەتێکی گونجاوی بۆ دانوستان لەگەڵ زلهێزە نێودەوڵەتییەکان لەسەر سڕینەوەی خراپ لێتێگەیشتن و لابردنی سزاکان فەراهەم کرا. ئەمەش وێڕای بەستێن و زەمینەیەکی پێویست بۆ چالاکی و ئەکتیف و ڕوو لە گەشەکردن و کرانەوەی ئابووریی لە ئێران فەراهەم کرد و سێبەری هەندێك لە هەڕەشەی سەربازی و ئەمنیی لەسەر ئێران لا برد و کەش و فەزایەکی گونجاو و شیاوی بۆ ڕۆڵگێڕانی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتی بەتایبەتی لە ئاستی ناوچەییدا خۆش کرد. لە وەها کەشێکدا، ئێران

دەتوانێت بە لێهاتوویی و هەوڵدان لە دژی نائەمنی و قەیرانەکانی هەبوو لە ناوچەکەدا، وێڕای لابردنی هەڕەشەکانی کە ئاسایشی نیشتمانیی وڵات دەخەنە مەترسییەوە، ڕۆڵێکی کاریگەر بۆ سەقامگیری لە ناوچەکەدا بگێڕێت. هەڵبەتە پێویست بە ئاماژەکردنە کە دەرفەتە ئەمنییەکان هەڵقوڵاو لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، شوناسێکی پەنگخواردووی هەیە و ئەرکی دامودەزگا ئەمنی و سەربازییەکانە کە ئەنجامی بدەن. ئەو دامودەزگایانە دەبێت بە ڕەچاوکردنی میکانیزمی پێویست بتوانن هاوتا لەگەڵ باردوخ و بابەتە جیاوازەکان بەکاری بهێنن.

بە واتایەکی دیکە: زەمینەی پێویست بۆ پەرچەکردارە عەقڵییەکان، بە ئامانجی دابینکردنی بەرژەوەندی و ئاسایشی نیشتمانیی وڵات بۆ قۆناغی دوای ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکان خۆش کراوە، بەڵام شێوەی بەکارهێنانی ئەو دەرفەتانەش بابەتێکە کە دەبێت لەبەرچاو بگیردرێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم ڕێککەوتنە ئەتۆمییە لە ڕوانگەی مێژوویی لەسەر بنەمای ڕێکەوت و هەڵکەوتە، یان بە باوەڕی هەندێك لەسەر بنەمای گەڵاڵەیەکی لەپێش داڕێژراو، هاوکات لەگەڵ ئەوپەڕی سەختی و دژوارییە ئەمنییەکانی ناوچەکەیە. لەوەی کە کێشە ئەمنییەکانی ناوچەکە بەرژەوەندی و ئاسایشی نیشتمانیی ئێران دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆی، کۆماری ئیسلامیی ئێران ناچارە لە بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی پێشهاتەکانی ناوچەکە ڕۆڵی هەبێت. لەدوای ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، بە هۆی گۆڕانی ستراتیژی ڕۆژئاواییەکان سەبارەت بە ئێران، فەزای هەڵسووڕان و جووڵە ناوچەییەکانی ئێران زیاد بووە و لە هەستیاری ڕۆژئاواییەکان سەبارەت بە پەرچەکردارە ئەمنییەکانی ئێران تا ڕادەیەکی زۆر کەم بووەتەوە. هەر ئەمەش وای کردووە هەندێك لە وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی و لەسەرووی هەمووانەوە سعودیە، زۆر لە نەرمینواندنی ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ ئێران تۆقیوە و سەبارەت بە پشتیوانیی ئەمەریکا لە وڵاتانی عەرەبی نیگەرانن. لەم ڕووەوە ئەم بۆچوونەی ”فارووق جویدە“؛ نووسەر و ڕۆشنبیری ناوداری میسری، دەکرێ بە ڕوانگەی گشتیی جیهانی عەرەب سەبارەت بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی و ئامانجەکانی بزانین کە دەڵێت: ”ئەمەریکا قبووڵی کرد کە لەگەڵ ئێران گفتوگۆ بکات و لەسەر دابەشکردنی دەستکەوتەکان چەنە لێبدات، ئەمەریکا خۆی لە ئێران نزیك بکاتەوە و دانوستانی لەگەڵ بکات، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش هەموو دۆستەکانی فرۆشت.“ هەر بۆیە وڵاتانی عەرەبی بەنیازی ئەوەن کە بە نانەوەی کێشەی ناوخۆیی لەنێو وڵاتانی ناوچەکەدا، زیاتر لە جاران ئێران و هاوپەیمانەکانی بخەنە ژێر گوشار و بەرژەوەندی و ئاسایشی نیشتمانیی ئێران بخەنە ناو مەترسییەوە. پشتیوانیی وڵاتانی ناوچەکە لە داعش لە عێراق و سووریا، هەروەها پشتگیریکردن لە گرووپە تیرۆریستییەکان لە سووریا و گوشار خستنە سەر گرووپەکانی سەر

بە ئێران لە یەمەن و حیزبوڵڵای لوبنان، هەموویان لەم پێناوەدا جێی شرۆڤە و لێکدانەوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەئەمننەکردنی ئێران کە سێبەری ڕەشبینیی ڕۆژئاواییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر ئێران لا چووە، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێران دەرفەتی زیاتری بۆ هەڵبکەوێ بۆ ئەوەی لە ناوچەکە زیاتر هەنگاو بنێت. وێڕای ئەوەی کە ڕێککەوتنی ئەتۆمی، پشتبەستنی ڕۆژئاواییەکان بە سعودیە وەك وڵاتێك کە بیەوێت ببێتە هۆکارێك بۆ کۆنترۆڵکردنی ئێران؛ کەم کردووەتەوە و ئاستی پشتیوانیکردنی ڕۆژئاواییەکانی لە سعودیە دابەزاندووە و ئەمەش وای کردووە کە سعودیە وەك ڕابردوو نەتوانێت لە پلانەکانی دژ بە ئێران پشتیوانیی ڕۆژئاواییەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. لە وەها کەش و فەزایەکدا، ئێران دەتوانێت لە عێراق و سووریا بە ئازادی و سەربەستییەکی زۆرەوە لە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ داعش ئەسپی خۆی تاو بدات کە نموونەکەی لە شاری حەڵەب دەبینین. هەروەها ئێران دەتوانێت بەئاشکرا پشتیوانی لە هاوپەیمانەکانی خۆی لە عێراق و سووریا بکات و لەو پێناوەدا لە هەندێك حاڵەتدا وەك سەرکوتکردنی داعش لە تاکتیك و ستراتیژی یاوەریی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بەتایبەتی ئەمەریکا بکات. لە بارەی یەمەنیشەوە، گۆڕینی هەلومەرجی سیاسی دوای ڕێککەوتنی ئەتۆمی بووە هۆی نفووزی ئێران لە هاوپەیمانیی دژەتیرۆری سعودیە و بەشدارینەکردنی وڵاتانی وەك تورکیا و عوممان و پاکستان لەو هاوپەیمانییەتییە.

گرنگیی ڕێککەوتنی ئەتۆمی وەك ڕووداوێکی گرنك لە گۆڕەپانی سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، کاتێك دەردەکەوێت سێ شتی گرنگ لە یەك زەمەندا لەبەرچاو بگیردرێت، وەك چڕبوونەوەو بەردەوامبوونی گوشارەئابوورییەکان و ڕوانینی ئەمنیی ڕۆژئاواییەکان سەبارەت بە ئێران، ئاڵۆزییە ئەمنییەکانی ناوچەکە وەك سەرهەڵدانی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکان لە عێراق و سووریا و لە کۆتاییدا دوژمنایەتیکردنی ئێران لەلایەن ئیسرائیل و عەرەبەکان کە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواییەکانەوە پشتیوانی دەکرێن. هەنووکە گوشاری ئابووری و نیگا ئاسایشییەکانی ڕۆژئاواییەکان سەبارەت بە ئێران کەم بووەتەوە و بە هەمان شێوە ڕێژەی پشتیوانیی ڕۆژئاواییەکان لە ئیسرائیل و عەرەبەکان لەبەرامبەر ئێراندا کەم بووەتەوە و لەبەرامبەر هەڕەشە تیرۆریستییەکانی وەك داعشیشدا لە هەندێك حاڵەتدا بۆچوون و هاوکارییە هاوبەشییەکان لەنێوان ئێران و ڕۆژئاواییەکان لەئارادایە و هەر ئەمەش دەریدەخات کە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە نە تەنها لە بواری ئابووری و لابردنی سزاکان، بەڵکوو لە پەیوەندی لەگەڵ هەڕەشە ئەمنییەکاندا پەیامگەلی ئەرێنیی زۆری هەبووە. ئاشکرایە هەندێك لایەنی دژەئێران لە ڕۆژئاوا و ڕکابەرە ناوچەییەکان، حەزیان لە بەردەوامبوونی دۆخی ئێستا و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی و بەهرەمەندبوونی ئێران لە دەرفەت و دەستکەوتەکانی نییە. لەم ڕووەوە بەنیازن بە

بیانووگەلی جیاواز زەمینە بۆ گەڕانەوەی سزاکان و هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە فەراهەم بکەن، یان بە سەرقاڵکردنی ئێران بە قەیرانەکانی ناوچەکە و کێشە ناوخۆییەکان ڕێگر بن لەوەی کە ئێران سوودمەند بێت لەو دەرفەتانەی کە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە دەستی کەوتووە. لەم پێناوەدا گوشار بۆ سەر هاوپەیمانەکانی ئێران لە میحوەری بەرگری، لەوانە گوشارخستنە سەر حیزبوڵڵای لوبنان ستراتیژییەکە کە لە کارنامەی کاری هەندێك لە حکومەتەکانی ناوچەکەدایە. هەروەها نائەمنکردنی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئێران و نانەوەی گرژی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەفغانستان، ئێران و تورکیا، بە وەها ئامانجێك ئەنجام دەدرێت. خۆبەدوورگرتن لە گرژی لەگەڵ دراوسێکان کە نموونەی هەرە باشی دەکرێت لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەفغانستان لەدوای کوشتنی مەلا ئەختەر مەنسوور و پەیوەندییەکانی ئێران و تورکیا لەدوای کودەتاکەی تورکیا بهێنینەوە، کە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ناوچەکە بوو و هەروەها هەڵوێستی ئێران سەبارەت بە دانوستانی گرووپەکانی یەمەن بوون لە کوێت، ئەمەش سیاسەتێکی دروستکەر بوو کە دەتوانێ نموونەیەکی کرداریی ئێران لەدوای قۆناغی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی و ئاسایشی نیشتمانیی ئێران بێت.

سەرچاوەکان:

احمدیان، حسن، (١٣٩٥)، "رقابت منطقه ای عربستان با ایران و چشم انداز آن"، ماهنگار دیدبان امنیت ملی، شمارخ ٤٨ و ٤٩.

ێراس، بولنت و کارکایا پولات رابیا (پائیز ١٣٨٦)، "از مناقشه تا همکاری"، غیرامنیتی کردن روابگ ترکیه با ایران و سوریه، ترجمه معصومه قفرمند، فصلنامه مگالعات ێسیای مرکزی و قفقاز، سال شانزدهم، دوره چهارم شماره ٥٩.

" ایران برنده تغییرات ژئوپلتیک پس از برجام است.
https://www.aftabir.com/news/article/view/2016/07/13/1341072

بوزان، باری، (١٣٩٢)، مردم، دولت و هراس، تهران، پژوهشکده مگالعات راهبردی، ج دوم.

پرتو، امین، (١٣٩٥)، "وچعیت نقامی- سیاسی کنونی سوریه"، ماهنگار دیدبان امنیت ملی شماره ٥.

پورسعید، فرزاد، (١٣٩٤)، "برجام و امنیت نقامی ایران در محیگ منگقه ای"، ماهنگار دیدبان امنیت ملی شماره ٤٢.

دهقان فیروزێبادی، سید جلال، قرشی، سیدیوسف، (١٣٩١)، "نقریه و روش در مگالعات امنیتی کردن"، فصلنامه مگالعات راهبردی ، دوره ١٥، شماره ٥٨.

عراق هواپیمای ایرانی را بازرسی می کنیم.
https:// www.irdiplomacy.it/fa/page/1914439./html

Dalia Dassa kay, Lynn E. Davis, Alireza Nader, Jeffrey Martini , Larry Hanauer (2016) RAND Expert Q&A on the Iran Nuclear Deal, One Year later, http:// www.rand.Org/blog/ 2016/07/rand-expert-wa-on-the-Iran-nuclear-deal-one-year-later.html

Henderson, Simon (2016) Oil and Islam: Saudi policy post-JCPOA, the Washington institute for Near East policy, July 15,2016

Jeffry, James F. (2016) The JACOPAS Regional Impact: Sinking confidence in the U.S Balancing Role, The Washington institute for Near East Policy, July 5, 2016

Levitt, Matthew (2016) Irans Support for Terrorism under the JCPOA, The Washington institute for Near East policy, July 8, 2016

Pollack, Kenneth M(2015) " U.S. policy toward the Middle East after the Iranian nuclear agreement ", Foreign Policy, centre for Middle East Policy, Brooking , Wednesday, August 5, 2015

کتاب برجام، سیاستها، دستاوردها و الزامات.

# مۆدێلی شیکاریی بواری ستراتیژیی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## لێکۆڵینەوەی بابەتیانەی کەنداو

مەهدی دڵبەند | و: سامان عەبدوڵا



١ ئێران‌و دەزگا ئەکادیمیی و میدیاییەکانیان دەستەواژەی کەنداوی فارس بەکاردەهێنن، بەپێچەوانەشەوە دەزگا ئەکادیمیی و میدیاییەکانی وکاتانی عەرەبی؛ کەنداوی عەرەبی بەکاردەهێنن، وەرزنامەی ئێراناسی تەنها دەستەواژەی کەنداو بەکاردەهێنێت، چونکە ئەو مشتومڕ لەسەر چەمکەکە تا هەنووکەش درێژەی هەیە، لەهەر جێگەیەکیشدا وشەی کەنداوی فارس بەکارهاتبێت، ڕای نووسەری ئێرانییەکەیەتی

## پوختەیەک

بۆ بڕیاردان لە بواری سیاسەتی دەرەوە، پێویستە ڕاستییە دەرەکییەکان، توانا ناوخۆیی و تێچوو و سوودە گریمانەییەکان بەباشی بناسرێن. لەسەر ئەم بنەمایە، شیکاریی بواری ستراتیژی لە سیاسەتی دەرەوە، یەکێکە لە پێویستییە سەرەکییەکان. شیکاریی ژینگە، هەروەها ئەگەری پێشبینیی داهاتوو و پێشگیری لە بارودۆخ و ڕووداوی پێشبینینەکراویش دەرەخسێنێت. بابەتەکانی ناوچەی کەنداوی فارس لەگەڵ پەیوەندییە دەروونییە قووڵ و مێژووییەکان، کولتووری، سیاسی، ئابووری و پەیوەندیی جوگرافیایی؛ گرنگییەکی لەپێشینەی هەیە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەم وتارەی ئێستا، بە سوودوەرگرتن لە شێواز و ئامرازی زانستی شیکاریی ژینگە لە زانستی بەڕێوەبردنی ستراتیژی و شێوازی شیکاری و ناساندن، دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە مۆدێلی گونجاوی شیکاریی ژینگە لە کەنداوی فارس چییە؟ بۆ ئەم مەبەستە، بە پشتبەستن بە پێکهاتە مێژوویی، کولتووری، پەیوەندیی ئابووری و ڕکابەری هێزە ناوچەیی و دەرەکییەکان، لەنێوان مۆدێلەکانی شیکاریی ژینگە، مۆدێلی ”PESTEL“، کە پێکهاتەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەکنەلۆژی، ژینگەیی و یاسایی لەخۆ دەگرێت، وەک مۆدێلی گونجاو بۆ شیکاریی گۆڕانکاریی ژینگە دەناسێنێت.

**کلیلی وشەکان: شیکاریی ژینگە، سیاسەتی دەرەوەی ئێران، کەنداوی فارس، مۆدێلی ”PESTEL“**

## پێشەکی

گرنگترین بەرهەمی سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێک، دەتوانێت وەک دابینکەری یەکێتیی خاک، ئاسایشی سەرزەوی و ناوبانگ و متمانەی نێودەوڵەتیی ئەو وڵاتە لەبەرچاو بگیرێت. بنەمای سیاسەتی دەرەوە، بەندە بە ڕەفتاری یەکە سیاسییەکان لەگەڵ ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانی دیکە. بۆ ئەم مەبەستە، ناسینی هۆکارەکانی ژینگەی ستراتیژی و گۆڕانکاریی نێودەوڵەتی پێویستن. ژینگەی ستراتیژیی هەر وڵاتێک، لە ڕاستیدا سنوورێکی پێناسەکراوە لە هەل و هەڕەشەکان لەسەر ئەو وڵاتە، هەر چەشنە بڕیاردان و جێبەجێکردنی وردی ئەو بڕیارە بۆ سوودوەرگرتن لە هەل و بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکان، پەیوەستە بە ناسینی بوار و ژینگەی ستراتیژییەوە. کە وا بوو دەتوانین بڵێین گرنگترین ئەرکی دەزگای سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان، ناسینی بابەتە ستراتیژییەکانی خۆیەتی، بە سوودوەرگرتن لە بۆچوون و ئامرازی ستراتیژی. لە زانستی کارگێڕیی ستراتیژیدا، ناوچەی دەرەوە بریتییە لە کۆمەڵێک هۆکار کە لە دەرەوەی ڕێکخراوەکە دامەزراوە، یان یەکە سیاسییەکان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەل یان هەڕەشە. شیکاری و لێکۆڵینەوەی ژینگەی ستراتیژی، لە ڕاستیدا

کردەوەیەکە کە تیایدا بەشی ناوەوە و دەرەوەی هەر یەکەیەکی سیاسی دەخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردن، تاکوو هەل و مەترسییەکان بناسرێن لە پێناو بڕیاردان و ڕێکخستنی سیستەماتیک بۆ گەیشتن بە ئامانج و خواستنی نەتەوەیی. لە هەمان کاتدا ئەگەری پێشبینی و ئایندەناسی ستراتیژییش دابین دەکات.

کەنداوی فارس بە ڕەچاوکردنی ژینگەی جوگرافیایی تایبەت و بوونی سەرچاوەی ژێرزەویی وەک نەوت و غاز، ماوەیەکی زۆرە کە بووەتە جێی گرنگیدان و مشتومڕ لەنێوان هێزە جیهانی و ناوچەییەکان. گەرووی هورمزیش بە هۆی ئەوەی کە تەنیا ڕێگای هاتنە ناو کەنداوی فارسە و تەنیا ڕێگای دەستگەیشتنی ئاوییە بۆ وڵاتانی ناوچەکە، بۆیە گرنگییەکی زۆری هەیە، بەڵام ئەم گرنگییە کاتێک گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی کە نەوت لە کەنداوی فارس دۆزرایەوە و تا ئەمڕۆکەش یەکێکە لە بنەڕەتیترین سەرچاوەی وزەی جیهان و سەرەکیترین سەرچاوەی داهاتی وڵاتانی ناوچەکە. کەنداوی فارس بە هۆی ژینگەی لەسەر هێڵی دەریایی، زەریای هیند، دەریای عوممان، دەریای سوور و دەریای میدیترانە و پەیوەندیی بە کەنارەکانی ئێران و عێراق و نیمچەدوورگەی عەرەبییەوە، لە سەردەمانێکی زۆر کۆنەوە لە زۆربەی ڕکابەری و مشتومڕ و بزووتنەوە ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبووە. بە ڕەچاوکردنی گرنگیی زۆری جیۆپۆلەتیک و جیۆستراتیژیکی کەنداوی فارس، ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی ستراتیژییە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەوەی کە لەم وتارەدا باسی لێوە دەکرێت، شیکاریی هەل و ئاستەنگی ژینگەیی ستراتیژیی کەنداوی فارسە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران و دۆزینەوەی باشترین مۆدێلی شیکارییە بۆ ئەو بابەتە. کە وا بوو پرسیاری سەرەکیی لێکۆڵینەوەکە ئەوەیە کە مۆدێلی شیکاریی ژینگەی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کەنداوی فارس چییە؟ وا دەردەکەوێت کە سوودوەرگرتن لە مۆدێلی شیکاریی "PES-TEL"، دەتوانێت شیکارێکی گونجاو بۆ ئامانج و بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کەنداوی فارس پێشکەش بکات.

## چوارچێوەی تیۆری

هۆکارگەلێکی جیاواز کار دەکەنە سەر ڕێکخراوێک کە دەکرێت بۆ دوو بەشی ناوخۆی ڕێکخراو و دەرەوەی ڕێکخراوەکە دابەش بکرێت. شیکردنەوەی ستراتیژی بریتییە لە هۆکارەکانی دەرەوە و ناوەوەی ڕێکخراوێک بۆ بەرنامەدانانی ستراتیژی. لە ڕاستیدا بڕیاردان و بەرنامەدانانی ڕێکخراوەکە، پەیڕەویی ناسینی ژینگەی پلاندانانە. لە ڕوانگەی ڕووبەڕووبوونەوەی چالاک و بۆ بەردەوامبوونی چالاکی و سوودوەرگرتن لە هەلەکان و خۆبەدوورگرتن لە ئاستەنگەکان، پێویستە گرنگیی تایبەت بدرێت بە مۆدێلی شیکاریی ژینگەی ستراتیژی. مەبەست لە مۆدێل، چوارچێوەیەکە بۆ بیرکردنەوە لەسەر ژینگە و ڕێکخستنی

شیکاریی ژینگە لە بواری جێی مەبەستەکەیە. مەبەست لە ژینگەش، کۆمەڵەیەکە لە بارودۆخ و هێز و هۆکار و پێکهاتەگەلێک، کە سەرچاوەیەکی دیاریکەرن بۆ بەرپرسیارێتی و بەردەوامیی بەشی چالاکییەکان لە بارودۆخی بڕیارداندا. ژینگەی بەرنامەدانانیش بریتییە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ لایەنە دەروونییەکانی ڕێکخراوەکە پێکەوە و لەگەڵ هۆکارەکانی دەرەوەی ڕێکخراوەکە. لە بابەتی بەرنامەدانانی ستراتیژیدا، ژینگەی بەرنامەدانان بە هەموو ئەو هۆکارانە دەگوترێت کە کار دەکەنە سەر ڕێکخراوەکە، یان کاریگەریی لێ وەردەگرن. ڕێکخراوەکان لە چوارچێوەی ژینگە، بابەتە ستراتیژییەکان دەناسنەوە، ئەوکات بڕیار دەدەن. لە ڕاستیدا دیاریکردنی ئامانجەکان، چالاکی و ستراتیژی و سیاسەتە مەزنەکان، هەموویان پەیڕەویی هۆکارە ژینگەییەکانن. بەم هۆیە یەکێک لە قۆناغە زۆر گرنگەکان لە بەرنامەدانانی ستراتیژیدا، هەڵسەنگاندنی ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکییە.

**خشتەی (١)**

**مۆدێلی شیکاریی ژینگەی ستراتیژی**

| مۆدێل گەورەکان | گۆڕاوەکانی مۆدێلەکە |
|---|---|
| PEST | Political, Economic, Social, Technological |
| PESTEL | Political, Economic, Social, Technological, Ecological, Legal, Legislstive |
| STEEP | Social, Technological, Enviromental, Economic, political |
| STEEPLED | Social, Technological, Economic, Ecological, Political, Legal, / Legislative, Demographic, Ethical, Equality |
| STEEPLE | Social, Technological, 1, Economic, Ecological, Political, Legal, /Legislative, Ethical |
| SLEPT | Social, Legal, /Legislative, Economic, Political, Technological |
| STEP | Social, Technological, Economic, Political |
| PESTLED | Political, Economic, Social, Technological, Legal. /Legislative, Demographic Enviromental, Ecological, International, |
| PESTEL | Political, Economic, Social, Technological, Enviromental, Ecological, International, Legislative, International |
| PESTLE | Political, Economic, Social, Technological, Legal. /Legislative, Enviromental |

مۆدێلی شیکاریی ژینگەی ستراتیژی: ژینگە ستراتیژییەکان بە شێوازی جیاواز وەک ژینگەی ئاسایشی باو، ژینگەی ئاسایشی جیاواز، ژینگەی ئاژاوە، ژینگەی ئاسایشی لەسەر بنەمای کاراکتەرە یەکسانەکان، ژینگەی ئاسایشی لەسەر بنەمای کاراکتەرە نایەکسانەکان و ژینگەی ئاسایش لەسەر بنەمای ئاشتی یان ئاژاوە؛ دابەش دەکرێن. لە شیکاریی ژینگەی ستراتیژیدا، پێکهێنەرگەلێکی جیاواز وەک پێکهێنەری سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی، ئابووری، تەکنەلۆژی، ژینگەیی و نێودەوڵەتی لەبەرچاو دەگیرێت. جۆرەکانی مۆدێلی شیکاریی ژینگەی ستراتیژی، لە خشتەی (١)دا نیشان دراون.

هەڵبژاردنی هەر کام لەم نموونانە، پەیوەندیی هەیە بە ژینگەی ستراتیژی جێی مەبەست و پێکهێنەرە زەق و بەرجەستەکانیەوە. بە ناسینەوە و تاوتوێکردنی هەر کام لەو گۆڕاوانە، دەکرێت بگەیت بە ناسینەوەی دیاردە و ڕەوتەکان و هەڵسەنگاندنی تەواو ژینگە. هەروەها دەتوانرێت ئەو ڕەوتانە بناسرێنەوە کە خەریکن سەر هەڵدەدەن و هەل و هەڕەشەکانی داهاتووش پێشبینی بکرێت.

بە یارمەتیی خشتەی مۆدێلی پێشکەشکراو، ئاماژە دەکرێت بە گرنگترین هۆکارە کاریگەرەکان لە دارشتنی مۆدێلی شیکاری بۆ ژینگە ستراتیژییەکان، بەتایبەت کەنداوی فارس:

**هۆکارە سیاسییەکان**

| | | |
|---|---|---|
| پێکهاتەی سیاسیی وڵاتی مەبەست | هاوپەیمانانی دەرەکی | ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان |
| سیاسەتەکانی ناوخۆ و دەرەوە | ئاسایشی نەتەوەیی و بیرۆکەی سەربازی | ڕێژەی بووجەی بەرگری و سەربازی |
| تێگەیشتنی دەسەڵات لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی و وڵاتانی دۆست یان دوژمن | پابەندییە نێودەوڵەتییەکان | بارودۆخی دیپلۆماسی و پەیوەندییەکانی دەرەوە |
| ڕێژەی فراوانخوازی یان گۆشەگیریی هەر دەوڵەتێک | خۆراگریی دەوڵەت | دەزگاکانی دەسەڵات وەک دەزگای یاسادانان |
| ڕێژەی پەیوەستبوون و پەیوەندیی دەوڵەت لەگەڵ میللەت | ڕێژەی چڕبوونەوە یان دابەشبوون | ستراتیژییە گەورەکان و بەڵگەنامە بەرزەکان |
| ڕێژەی پەیوەستبوونی دەسەڵات بە دەرەوە | بارودۆخی داهاتووی دەسەڵات | ئەندامبوون لە پەیمانە سیاسی و سەربازییە ناوچەییەکان |
| پێکهاتەی هێز و هەڵوێستوەرگرتنی دەسەڵات | پلەی جێگیری سیاسی | ناوەندەکان و پێکهاتەکانی کۆنترۆڵکردن و پشکنین |
| بارودۆخی کەسایەتی و ڕوخسارە کاریگەرەکان لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا | ڕێژەی متمانە بە دەسەڵات | ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕ یان قەیران |

## هۆکارە ئابوورییەکان

| | | |
|---|---|---|
| داهاتی نیشتمانی | ڕێژەی وەبەرهێنان | ڕێژەی پەیوەستبوون بە بازرگانیی دەرەوە |
| داهاتی تاک | پێکهاتەی ئابووریی نیشتمانی | ڕێژەی ئاڵوگۆڕی ئابووری |
| ڕەوتی گەشەی بەرهەمهێنانی گشتیی ناوخۆ | مۆدێلی بەکارهێنان | سیاسەتی ناوەندیبوونی ئابوورییەکان، یان بازاڕی ئازاد |
| بارودۆخی گەشەی ئابووری | شەفافیەتی ئابووری | پشکی کەرتی دەوڵەتی و کەرتی تایبەت |
| قەبارە و پێکهاتەی هەناردە و هاوردە و هاوبەشە بازرگانییەکان | ڕێژەی هەڵئاوسان | گرنگترین هاوبەشە ئابوورییەکان |
| ڕێژەی پاشەکەوت | ڕێژەی وەستان (لەجووڵەکەوتن) | گەشە یان ڕاوەستانی ئابووری |
| نرخی سوود | بارودۆخی دابەشکردنی داهاتەکان | هاوپەیمانانی ئابووری |
| گەشەی بێکاری یان کارکردن | بارودۆخی هێزی کار | نرخی بەرانبەری پارەی نیشتمانی یان دراوی بێگانە |

## هۆکارە کۆمەڵایەتی-کولتوورییەکان

| | | |
|---|---|---|
| پێکهێنەرەکانی شوناسی نیشتمانی | ڕێژەی گەشەی دانیشتووان | ڕێژەی نەتەوەپەرستی |
| دانیشتووان و دابەشکردنیان لە ڕووی تەمەنەوە | پێکهاتەی دانیشتووان و دابەشبوونیان لە ڕووی تەمەنەوە | پێکهاتەی نەتەوەیی |
| پێکهاتەی کەمینەکان | ئاستی خوێندەواری | دابونەریت |
| پێکهاتەی ئایینزاکان | کۆچکردنی ناوخۆیی و دەرەکی | تێڕوانینە نەتەوەییەکان |
| کۆچکردن | شێواز و مۆدێلی ژیان | بارودۆخی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان |
| گۆڕانکاری لە باوەڕی ئایینی و بەهاکاندا | بارودۆخی خێزان | |
| بەرنامەکانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی | گەشەی شارنشینی | |
| ئاستی خۆشگوزەرانیی گشتی | بارودۆخی زمانی نەتەوەیی | |

### هۆکارە تەکنەلۆژییەکان

| | | |
|---|---|---|
| دەستگەیشتن بە تەکنەلۆژیا نوێیەکان | ژمارەی داهێنانەکان | بارودۆخ و ژمارەی ناوەندە زانستییە توێژینەوەکان |
| توانای وەڵامدانەوە بەنیازی کەسانی دیکە | بارودۆخی فێرکاری | ڕێژەی دەستگەیشتن بە کۆمپیوتەر |
| بارودۆخی تەکنەلۆژیای زانیاری | بودجەی توێژینەوە و گەشەکردن | ڕووکردنی کەسەکان بەرەو تەکنەلۆژیا |
| ژمارەی شارەزاکان | ڕێژەی بەرهەمداری | |

### هۆکارە ناوچەناسی یان ژینگەناسییەکان

| | | |
|---|---|---|
| جوگرافیای سروشتی و ناوچەیی | چیا یان بیابانبوون | ڕێژەی کارەساتەکان (لافاو، زەمینلەرزە گرکان، |
| بارودۆخی کەشوهەوا | دەستگەیشتن بە دەریا و سەرچاوە ئاوییەکان | گرنگیدانی کۆمەڵگا بە بابەتەکانی ژینگەیی |
| وزە | پارێزگاری لە سەرچاوە و دابینکردنی خۆراک | یاسا و ڕێساکانی ژینگەیی |
| ڕێژەی پیسبوونی هەوا، ئاو و ژینگە | بارودۆخی پاشەڕۆ وەک پاشەڕۆی ناوەکی | |

### هۆکارە نێودەوڵەتییەکان

| | | |
|---|---|---|
| بارودۆخی کارەکتەرە دەرەکییەکان لەو ژینگەیە | بوونی پەیوەندییە سیاسییەکان | یەکێتی و یەکگرتن لەگەڵ هێزەکان و ڕێکخراوە ناوچەیی و جیهانییەکان |
| هاوتەریبیی سیستمی سیاسی لەگەڵ سیستمی نێودەوڵەتی | بوون یان نەبوونی هەژموون لەو ناوچەیە | |

### تایبەتمەندیی ناوچەیی کەنداوی فارس ژینگەی جوگرافی

کەنداوی فارس لە ناوەندی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا و لە بەشی باکووری گۆی زەوی و لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا هەڵکەوتووە، کە شوێنەکەی لە ٣٢ خولەک پانیی باکوور و ٤٨ و ٥٨ خولەک درێژیی ڕۆژهەڵاتدایە. کەنداوی فارس ئەمڕۆ بەشێکی بچووکە لە پانتاییەکی فراوانی ئاوی کە لە سەردەمی کۆندا پێی دەگوترا دەریای پارس. ڕووبەری کەنداوی

فارس ٢٣٠٧٠٤٧٠٣ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و پاش کەنداوی مەکسیک و کەنداوی هۆتسۆن، بە سێیەم کەنداوی گەورەی جیهان هەژمار دەکرێت و درێژییەکەی لە دوورگەی هەنگامەوە تا کۆتایی ئەروەند ڕوود: ٨٥٠ کیلۆمەتر و پانییەکەشی لەنێوان ٣٠ تاکوو ٣١ کیلۆمەتر و قووڵییەکەی لەنێوان یەک تاکە نەوەد و یەک مەتردایە و لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی کەنداوی فارس، کەناراوەکانی ئێران بە درێژایی ١٢٥٩ کیلۆمەتر و لە باکووریترین خاڵی ئەوێ؛ وڵاتی عێراق بە چل کیلۆمەتری چوارگۆشە، لە ڕۆژئاواکەشی؛ کوێت بە ٦٠ کیلۆمەتر و لە باشوورەوە وڵاتی عەرەبستان بە ٤٠٠ کیلۆمەتر و قەتەر بە ٥٦٣ کیلۆمەتر و ئیماراتی یەککگرتووی عەرەبی بە ٨٠٠ کیلۆمەتر بوونیان هەیە. ڕۆژهەڵاتی کەنداوی فارسیش بە دەریای عومان کۆتایی دێت. بە ڕەچاوکردنی پانیی جوگرافیای بێوێنە و سنووردارببوون لەنێوان بیابانەکانی دەوروبەر، ئەم ناوچەیە ئاووهەوایەکی گەرم و وشکی هەیە. لە هاویناندا زۆر گەرم و زستانانیش فێنکە. بەرزیی گەرما لە هاویندا ئەوەندە زۆرە کە پلەی گەرمیی ئاو لە مانگەکانی حوزەیران و ئاب، تاکوو ٣٨ پلەی سیلیزی دەگات. لەبەر ئەوە وەرزەکانی هاوین و زستان لەو ناوچەیە بەئەستەم لێک جیا دەکرێنەوە. گرنگترین ئەو ئاوانەی کە لە ڕووبارەکانەوە دەچنە کەنداوی فارس، بریتین لە:

- زۆرترین ئاوێک کە دەڕژێنە کەنداو، لە ڕووبارەکانی کارون و دیجلە و فوراتەوە سەرچاوە دەگرن کە لە ئەروەند ڕوود یەک دەگرنەوە.

- ڕووبارەکانی پارێزگای خوزستان وەک بەهمەن شیر، کەرخە و جەراحی.

- ڕووبارەکانی هەندیجان (تاب)، دالکی و روودمەند کە بەشێکن لە ڕووبارەکانی پارێزگای فارس.

قەبارەی گشتیی ئەو ئاوانەی کە دەچنە کەنداوی فارس، کەمترە لە ئاوێک کە لەوێ دەبێت بە هەڵم. بۆیە ئەگەر ڕۆژێک گەرووی هورمز ببەسترێت، ئەوا ناوچەی کەنداوی فارس بە شێوەی زەلکاوێکی لێ دێت. کەنداوی فارس بە ڕەچاوکردنی ژینگەی جوگرافیی خۆی، بەتایبەت ژینگەی ڕێژەیی و سەرچاوەی ژێرزەویی وەک نەوت و غاز، ماوەیەکی زۆرە کە بووەتە جێی گرنگیدان و مشتومڕ لەنێوان هێزە جیهانی و ناوچەییەکان. هەشت وڵات لە چواردەوری کەنداو هەن کە بریتین لە ئێران، عێراق، عەرەبستان، کوێت، قەتەر، بەحرەین و ئیماراتی یەککگرتووی عەرەبی.

## گرنگیی ستراتیژی و جیۆپۆلەتیکی کەنداوی فارس

ژان گاتمان؛ توێژەری جوگرافیای سیاسیی نوێ، دەڵێت: ئەگەر ڕووبەری گۆی زەوی وەک تۆپێکی پینگ پۆنگ لووس و بێ بەرز و نزمیی جۆراوجۆر بووایە، بابەتگەلێکی وەک

جوگرافیای سیاسی و پەیوەندیی نێودەوڵەتی و گرنگیی جیۆپۆلەتیک و ستراتیژێکیی ناوچەکانیش بوونی نەدەبوو. کەنداوی فارس ناوچەیەکی جیۆپۆلێتیکیی ئێرانی-عەرەبییە، کە بە هۆی هەستیاریی جوگرافی و بوونی پاشەکەوتی گەورەی نەوت و غاز، هەمیشە سەرنجی وڵاتانی دراوسێ و هەروەها جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. کەنداوی فارس، سێ کیشوەری ئەورووپا، ئاسیا و ئەفەریقا پێکەوە دەبەستێتەوە و وەک بەشێک لە سیستمی بەستنەوە بە دەریای میدیترانە، دەریای سوور و زەریای هیندەوە هەژمار دەکرێت. کەنداوی فارس لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بەشێک بووە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی بەریتانیا و پاش جەنگی جیهانیی دووەمیش ناوچەی دەسەڵاتی هاوبەشی ئەمەریکا و بریتانیا بووە. کەنداوی فارس لە ڕیزبەندیی ناوچە ستراتیژییەکاندا، بەردەوام لە چەقی گرنگیدانی هێزە گەورەکاندایە.

## گەرووی هورمز

گەرووی هورمز ڕێگایەکی ئاویی شێوە کەوانەییە بە درێژیی ١٨٧ کیلۆمەتر، کە کەنداوی فارس دەبەستێتەوە بە دەریای عوممانەوە. پانیی ئەم گەرووە لە تەسکترین بەشیدا، واتە نێوان دوورگەی قونەیی گەورە و دوورگەی لارک، ٣٨ کیلۆمەترە و لە سەرەتای گەرووەکەشدا ئەم پانییە دەگاتە ٩٦ کیلۆمەتر. ئەم گەرووە لە باکوورەوە بە ئێران و لە باشووریشەوە سنووردارە بە دوورگەی موسەندەمی وڵاتی عوممانەوە. سنوورەکانی ئەم گەرووە بە ١٢ میل (نزیکەی ١٩/٢ کیلۆمەتر) لە ڕێککەوتننامەی نێوان دوو وڵاتی ئێران و عوممان، بۆ هەردوو وڵات دیاری کراوە. لە ڕووی گرنگییەوە ئەم گەرووە یەکێکە لە ستراتیژیترین گەرووەکانی جیهان، بە چەشنێک کە ئالبۆ کرێک؛ هێرشبەری پورتوگالی بۆ ناوچەی کەنداوی فارس و زەریای هیند، لە ساڵی ١٥٠٧ دەڵێت: هەر دەوڵەتێک کە سێ گەرووی هورمز، باب ئەلمەندەب و مالاکای لەژێر دەستدا بێت، ئەوا بەسەر جیهاندا زاڵ دەبێت. بەپێی ڕێککەوتنێک لەنێوان ئێران و عوممان، کە لە ساڵی ١٩٧٤ ڕێک خرا و واژۆ کراوە، پاراستنی گەرووی هورمز لە ئەستۆی هەردوو وڵاتی ئێران و عوممانداپە.

## کۆمەڵەی ئاسایشی ناوچەی کەنداوی فارس

لە باوترین پێناسەدا، کۆمەڵەی ئاسایشی بریتییە لە گرووپێک لە وڵاتان کە نیگەرانیی ئاسایشی سەرەکییان تا ئەوەندە پێکەوە گرێ دراوە کە بە شێوەی لۆجیکانە، ناکرێت ئاسایشی نەتەوەیی هیچیان جیا لە یەک لەبەرچاو بگیرێت. کۆمەڵەکانی ئاسایش لەلایەن مۆدێلە بەردەوامەکانی دۆست و دوژمنایەتییەوە پێناسە دەکرێت. گۆڕاوە مێژووییەکانی وەک

دوژمنی بەردەوام یان بوون لە ناوچەیەکی شارستانیەتیدا کە کولتوورێکی هاوبەشیان هەیە، تایبەتمەندیی جیاوازی کۆمەڵەیەکی ئاسایشی ناوچەیی دەخاتە ژێر کاریگەری. دروستبوونی کۆمەڵەی ئاسایشی ناوچەیی لە لایەکەوە لە هەڵسوکەوتی نێوان پێکهاتەی ئانارشی و لێکەوتەکانی بۆ هاوسەنگیی هێز و لە لایەکی دیکەشەوە لە پەستانی نزیکی جوگرافییەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئاسایش لە کەنداوی فارس، یەکێک بووە لەو بابەتە سەرەکییانەی کە بەرهەمێنەرانی نەوتی ناوچەکە و بەکارهێنەرە گەورەکان لە سەرانسەری دنیادا بیریان لێ کردووەتەوە. بۆ یەکەم جار ئێران پاش چوونەدەرەوەی هێزە ئیستعمارییەکانی بەریتانیا لە ناوچەکە، خوازیاری ڕێکخستنێکی ناوچەیی بوو بۆ ئاسایشی کەنداوی فارس. دڵەڕاوکێی سەرەکیی ئێران بۆ ئەو ڕێکخستنە، ئەوە بوو کە هەر سیستمێکی ئاسایشی کە یەکێک لە وڵاتانی کەناراوەکە وەک ئەندام قبوول نەکات، نەک هەر ناتەواوە، بەڵکوو شتێک نییە جگە لە سەرچاوەیەکی هاندان لە دژی وڵاتان، یان ئەو وڵاتەی کە پەراوێز خراوە لەناو سیستمەکەدا. ئێران لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٧٠، بەکردەوە هۆشداری دا کە هەرگیز ڕێکخراوێکی ئاسایشی کەموکوڕی بەو شێوەیەی لە ناوچەکە قبووڵ نییە. تەنانەت کاتێک کە ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداوی فارس لە ساڵی ١٩٨١، بە پشتگیریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دروست بوو، هیچ قسەیەکی لە بواری بەرپرسیارێتیی پاراستنی ئاسایش لە کەنداوی فارس لەئەستۆ نەگرت و ئەو ئەنجوومەنە ئارەزووەکانی خۆی بە هاوکاری لەنێوان ئەندامەکانی خۆیدا سنووردار کرد.

پاش ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، ئامادەبوونی ڕاستەوخۆی ئەمەریکا لە کەنداوی فارس زیادی کرد و ئەو وڵاتە قۆناغێکی نوێی بۆ جێگیرکردنی هەژموونی خۆی دەست پێ کرد. ئەمەریکا هەوڵی دا کەنداوی فارس و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکاتە ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی خۆی بەتەنیا و لەم ئاڕاستەیەدا ئێران و عێراقی خستە ڕیزی تەوەرەی شەڕانگێزی و بۆ گۆڕینی ڕژێم، ساڵی ٢٠٠٣ هێرشی سەربازیی کردە سەر عێراق و هەوڵی دا ئێرانیش گۆشەگیر بکات. لەم ئاڕاستەیەدا ئەمەریکا هەوڵی دا تاکوو هاوکاری و بەشداریی وڵاتانی ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداوی فارس بەدەست بهێنێت.

یەکێک لە هۆکارەکانی هاوکاری و یەکێتیی نێوان وڵاتانی ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداوی فارس لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دەگەڕێتەوە بۆ هاوکاری لە بواری چەکدا. ئەم هاوکارییانە؛ هاوکاریی بەرگریی دوو یان چەند لایەنە و بەشداری لە چالاکیی فێرکاری و مانۆڕی سەربازی لە چوارچێوەی پەیمانی ئاسایش و بەرگریی نێوان ئەمەریکا و ئەو وڵاتانە لەخۆ دەگرێت. ئەم یەکێتییانە یەکگرتنێکن لەسەر بنەمای ئاسایش یان

هێز، کە دەکرێت وەک مۆدێلێک لە سیاسەتی کلکایەتیی وڵاتانی ناوچەکە بۆ هێزی باڵادەست دابنرێت. بە واتایەکی دیکە، ئەم یەکێتییانە بە هۆکارگەلی بەرژەوەندخوازانە و ماددیگەرایانە بۆ هاوسەنگیی هێز لەبەرانبەر ئێران و وڵاتانی پشتیوانی ئێران لە ناوچەکە دروست بوون.

## تایبەتمەندییەکانی ژینگەی ستراتیژیی کەنداوی فارس

### ١. سیاسی:

زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئاسیا و بەتایبەت وڵاتانی ناوچەی کەنداوی فارس، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم سەربەخۆییان بەدەست هێنا. ئەم وڵاتانە لەژێر پارێزگاریی وڵاتە گەورەکاندا بوون و لە بواری فەرمانڕەوایی و دەوڵەت-نەتەوەسازیدا هیچ ئەزموونێکیان نەبوو. بەم هۆکارە پاش سەربەخۆبوون، ڕووبەڕووی کێشە و ئاستەنگی گەورە بوونەوە وەک گەشەکردن و فراوانبوونی ئابووری، کولتووری و سیاسی. پێکهاتەی ناوخۆیی ئەم وڵاتانە وەک جۆری حکومەت، مەشروعیەت، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی باو، لەسەر بنەمایەکی خێڵەکی بوو. ئەم پێکهاتە سیاسییانە بوون بە یەکێک لە گرنگترین سەرچاوە و ناوەندی هەڕەشە و قەیران بۆ ئاسایشی ناوچەکە. زۆربەی وڵاتانی کەناری کەنداوی فارس بە شێوەی سیستمی پاشایەتی یان دیکتاتۆری بەڕێوە دەبرێن. لە ڕووی گەشەکردنی سیاسییەوە، ئەو وڵاتانە بە یەکێک لە باوترین سیستمی سیاسیی دونیا دادەنرێن. فەرمانڕەوایی درێژمەودای ئالی سعود لە عەرەبستان، ئالی خەلیفە لە بەحرەین، ئالی سانی لە قەتەر، ئالی سەعید لە عەممان و ئالی سەباح لە کۆیت؛ پیشاندەری گەشەنەکردنی سیاسیی ئەم ناوچانانەن.

### ٢. ئابووری:

کەنداوی فارس بە هۆی بوونی لەسەر هێڵەکانی زەریای هیند، دەریای عەممان، دەریای سوور و دەریای ناوەڕاست و پەیوەندیی ئەو ئاوانە بە کەناراوەکانی ئێران و وڵاتی دوو ڕووبار (عێراق) و نیمچەدوورگەی عەرەبستانەوە، هەر لە زۆر کۆنەوە لە زۆربەی ڕکابەری و مشتومڕەکان و بزووتنەوە ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ڕۆڵی

**ناوچەی کەنداوی فارس نزیکەی ٧٣٠ ملیارد بەرمیل نەوتی پاشەکەوتی تێدا سەلمێنراوە و زیاتر لە ٧٠ ترلیۆن مەتری سێجاش پاشەکەوتی غازی سروشتیی تێدایە**

گرنگی هەبووە. ئەم گرنگبوونە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، بە دۆزینەوەی نەوت دوو هێندە زیادی کردووە. لە خوارەوە گرنگترین هۆکاری گرنگیی ئابووریی کەنداوی فارس روون دەکرێنەوە:

**نەوت و غاز:**

لەبنی کەنداوی فارس و دوورگە و بەندەر و وڵاتانی دەوروبەری، سەرچاوەی کانزایی زۆر بوونی هەیە. گەورەترین و چڕترین پاشەکەوت و بلۆکە نەوتییەکانی جیهان، لە ناوچەی کەنداوی فارسدایە. بەپێی دوایین خەمڵاندنەکان، ناوچەی کەنداوی فارس نزیکەی ٧٣٠ ملیارد بەرمیل نەوتی پاشەکەوتی تێدا سەلمێنراوە و زیاتر لە ٧٠ ترلیۆن مەتری سێجاش پاشەکەوتی غازی سروشتیی تێدایە. پاشەکەوتێکی لەو چەشنە، ئەم ناوچەیەی کردووەتە گەورەترین گەنجینەی وزە لە جیهاندا. لە ئێستادا ئەو نەوتەی کە لە شەش وڵاتی ئێران، عەرەبستانی سعودی، عێراق، کوێت، ئیمارات و قەتەر بەرهەم دێت، زیاترە لە ٢٠ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. لە کاتێکدا هەموو ئەو نەوتە خاوەی کە لە جیهاندا بەرهەم دێت، نزیکەی ٨٢ ملیۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا. کە وا بوو نەوتی کەنداوی فارس نزیکەی لە ٢٥%ی نەوتی جیهان دابین دەکات. هەموو پاشەکەوتی ستراتیژیی نەوت لە جیهاندا بە ١٠٤ ملیارد بەرمیل خەمڵێنراوە و ئەگەر هەناردەی نەوتی ئەم ناوچەیە ڕابوەستێت، پاشەکەوتی نەوتی جیهان تەنیا تا ٨٢ ڕۆژ دەتوانێت وەستانی هەناردەی نەوتی کەنداوی فارس پڕ بکاتەوە.

**پاشەکەوتەکانی دیکە:**

جگە لە نەوت و غاز، سەرچاوەی گەورەی دیکەش لە وڵاتانی کەناری کەنداوی فارس و کەناراوەکانیدا هەیە کە هەندێک لەوان لە سەردەمانێکی زۆر دوورەوە ناسراون و سوودیان لێ وەرگیراوە. کانزای بەردی ئاسن، خاکی سوور (ئۆکسیدی دۆفر)، بەردی شووشە (سیلیس)، گوگرد و خوێ لەو پاشەکەوتانەن. پاشەکەوتی کانزای وەکوو بەردی ئاسن، خەڵووزی بەرد، بەردی سوور (گڵی ئەرمەنی)، خوێ، گۆگرد، سیلیس، قورقوشم، میکا، بەردی چیمەنتۆ، بەردی بیناسازی و جوانکاری، مس، قەلع، مەنگەنیس، کرۆمایت، کاۆلین، زاخ، جیوە، زێڕ و زیو و یۆرانیۆم، تا ڕادەیەک لە شوێنە جیاوازەکانی ناوچەکە و بەتایبەت لە ئێراندا بوونیان هەیە.

**ماسی و گیاندارە دەریاییەکان:**

ماسییەکانی کەنداوی فارس لە ڕووی جۆراوجۆری و ژمارەی زۆری ماسیی خۆراکی و پیشەسازییەوە، بە سامانێکی ڕاستەقینە دادەنرێن. ماسییەکانی ناوچەکە بۆ دوو گرووپ دابەش دەکرێن: ١. ماسیی خۆراکی (هەڵوا

سپی، سەرخۆ، سەنگەسەر، شۆریدە و...)، ٢. ماسیی پیشەسازی (گورزەک، سێخاری، بۆمباک، قرش، ئەسپی دەریایی، ماسی چەسپی و...)، کە ئەمانە لە پیشەسازی و دەرمانسازیی پزیشکیدا بەکار دەهێنرێن. لە کەنداوی فارس نزیکەی (٢٠٠) جۆر ماسی هەیە کە سەرچاوەیەکی ئابووریيە و بژێویی ژیانی بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی کەناراوەکە بە ماسیگرتن و ڕاوکردن دابین دەبێت. جگە لە جۆرەکانی ماسی، گیانداری دەریایی دیکەی وەکوو: مەیگۆ، ڕۆبیان، هەموو جۆرەکانی قرژاڵ (سینگۆ) و کیسەڵی گەورە کە زیاتر ڕۆژئاواییەکان حەزیان لێیەتی، لە کەنداوی فارس ڕاو دەکرێن و هەناردەی دەرەوە دەکرێن.

**مرواری و مەرجان:**

مرواریی کەنداوی فارس لە ڕووی خڕی، ڕوونی و بریسکەدانەوە، هەر لە کۆنەوە ناوبانگی جیهانیی هەبووە. باشترین جۆری مرواریی کەنداوی فارس لە دەوروبەری دوورگەی کیش، دوورگەی خارک، بەندەرەکانی شیپکۆ (بەندەر لەنگە) و بەتایبەت لەنزیکی کۆمەڵە دوورگەکانی بەحرەین؛ ڕاو دەکرێت.

**سەرچاوەی کشتوکاڵی:**

بە هۆی گەرمیی هەوا و ڕێژەی شێوە، توانای کشتوکاڵیی ناوچەی کەنداوی فارس زۆر گرنگە. بوونی خاکی کشتوکاڵی و ئاو، بەتایبەت لە کەناراوەکانی ئێران لەسەر کەنداوی فارس و هەندێک لە دوورگەکانی باکووری ئەو کەنداوە، بوارێکی کشتوکاڵیی باشی لەو ناوچەیە ڕەخساندووە. بێگومان بواری باشی کشتوکاڵیی وەک خاک و ئاو و ڕێژەی باران لە کەناراوەکانی باکووری کەنداوی فارس، زیاترە لەچاو کەناراوەکانی باشووری ڕۆژئاوایەوە. هەروەها ڕووبەری دوورگەکانی کەنداوی فارس، بەتایبەت سێ دوورگەی قشم، کیش و بەحرەین، توێژێکی خۆڵی کشتوکاڵیی گونجاوی هەیە.

**بازاڕی باشی بازرگانی:**

کەنداوی فارس بازاڕێکی باش و فراوان و پڕ لە سوودە بۆ وڵاتانە جیاوازەکان، بەتایبەت وڵاتانی پیشەسازیی ڕۆژئاوا. گرنگترین هۆکارەکەی ئەوەیە کە هەموو وڵاتانی دراوسێی ناوچەکە خاوەنی نەوتی زۆرن و داهاتێکی چاکیان لە فرۆشتنی نەوت دەست دەکەوێت. جگە لەوەش، هەموو وڵاتانی ناوچەکە، بە بوونی جیاوازییشەوە، بەشێکن لە وڵاتانی دواکەوتوو و ناپیشەسازی.

**٣. کۆمەڵایەتی-کولتووری:**

بابەتی نەتەوەیی و ئایینی یەکێک بووە لە هۆکارەکانی ناکۆکیی نێوان وڵاتەکانی کەناری کەنداوی فارس. ئەگەرچی نەتەوە و کولتووری جیاواز لە ناوچەکەدا هەیە، بەڵام ڕکابەری و ناکۆکی لەنێوان ئێران و عەرەبەکان زیاتر

دەبینرێت. لە ڕووی نەتەوەییەوە، دانیشتووانی عەرەب زۆرترین ژمارەیان لەم کۆمەڵەیەدا هەیە. ئێرانیش ژمارەیەکی زۆر دانیشووی فارسی هەیە. کەمینەی کورد و تورکمانیش لە عێراق و ئێراندا هەن.

بوونی گرووپی شیعە لەو وڵاتانەی کە زۆربەیان سوننەن، هەروەها بوونی کەمینەی سوننە لەو وڵاتانەی کە زۆرینەیان شیعەن، یەکێک بووە لە هۆکارەکانی ناکۆکیی نێوان وڵاتانی کەنداوی فارس. هەروەها بوونی سوننەی وەهابی لە عەرەبستان و چالاکییان لە بواری ئاژاوەنانەوەدا، یەکێکی دیکەیە لەو هۆکارانە.

هەروەها وڵاتانی کەنداوی فارس گیرۆدەن بەدەست گەشەکردنێکی نارێکی ئابووری و کولتووری و دەمارگیری و دواکەوتوویی و تەشەنەکردنی کولتوور و شێوازی ژیانی ڕۆژئاواییەوە.

یەکێک لە پێکهێنەرە گرنگەکانی کولتووری و کۆمەڵایەتی، دانیشتووانن. دانیشتووانی ئێرانیش لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە لە ناوچەی کەنداوی فارسدا لە پلەی یەکەمدان. کۆی گشتیی دانیشتووانی شەش وڵاتی کەناری کەنداوی فارس، نزیکەی ٥٦/٥ ملیۆن کەسە، لە کاتێکدا کە دانیشتووانی ئێران بەتەنیا نزیکەی ٨٠ ملیۆن کەسە. جگە لەوەش، یەکێتیی نەتەوەیی لە ئێران زۆر بەهێزە و ئەم یەکێتییە و هەستی نەتەوەییەش لە ماوەی شەڕی عێراق دژی ئێران بەباشی پیشان درا.

بەشێکی گرنگ لە دانیشتووانی وڵاتانی عەرەبیی کەنداوی فارس؛ کۆچبەرن، بەم هۆکارەش ئەو وڵاتانە یەکێتیی دانیشتووانیان نییە. بوونی دانیشتووانێکی هاونەتەوە، یەکێکە لە سەرچاوەکانی هێز.

**٤. لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە:**

یەکێک لەو بابەتانەی کە وڵاتانی ناوچەی کەنداوی فارس لە ئێستادا بەدوایدا دەگەڕێن، تەکنەلۆجیای ناوەکییە. وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەی کەنداوی فارس لە ئێستادا لە گۆڕانکارییە ناوچەییەکان و بابەتی ناوەکیدا بەتەواوی لەگەڵ ستراتیژی ئەمەریکا هاوتەریبن و لەم ڕووەوە گەشەکردنی توانای ناوەکیی خۆیان لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی ناوچەیی ئێران و گۆڕینی هاوسەنگیی ستراتیژیدا دەبیننەوە. جووڵە بەرەو بەرنامەی ناوەکی لە وڵاتانی عەرەبی بەگشتی پێشینەیەکی نزیکی چەند دەیەی هەیە کە بێگومان دەچێتە بواری چاودێریی چالاکیی وڵاتانی وەک عێراق، سووریا و میسرەوە.

وڵاتانی عەرەبی باشووری کەنداوی فارس، تاکوو پێش دەستپێکی سەدەی بیست و یەکەم، هیچ چالاکییەکیان لە بواری هێزی ناوەکی نەبوو. هەر چەندە ڕاپۆرتی پشتڕاستنەکراوە هەبووە لەسەر چالاکیی ڕژێمی سعودی بۆ دەستگەیشتن بە بۆمبی ناوەکی لە ڕێگای وەبەرهێنان لە پیشەسازیی ناوەکیی عێراق و پاکستانەوە لە دەیەی ١٩٧٠، بە چەشنێک

که هەندێك لە دانپێدانانەکانی "محەمەد خیلەوی"؛ ئەو دیپلۆماتکارە سعودیەی کە بووە پەنابەر لە ئەمەریکا و هەواڵە بڵاوکراوەکان لە گەشتەکانی عەبدول قەدیر خان؛ باوکی ناوەکیی پاکستان بۆ عەرەبستان و...، پیشاندەری هەوڵەکانی سعودیەن لە ئاراستەی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕاپۆرتانە زانیاریی تەواویان لەسەر ئامانجی سعودیە دەرنەخست. بەپێی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی وزەی ناوەکی، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبییش سەرقاڵی دروستکردنی وێستگەیەکی ناوەکییە بە بەشدایی کۆریای باشوور کە لەوانەیە تاکوو ساڵی ٢٠٢٠ بکەوێتە کار. وا دەردەکەوێت لە داهاتوویەکی نزیکدا ناوچەی کەنداوی فارس، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای ناوەکی لە ئاراستەی بەرهەمهێنانی وزە بەخۆیەوە ببینێت، کە بێگومان ئەم بابەتە کاریگەریی زۆر لە بواری ستراتیژی، ئابووری، سیاسی، ژینگەیی و... لە ناوچەی کەنداوی فارس دادەنێت.

لە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییشدا، بەشێکی زۆر لە خەڵکی جیهان بەتایبەت لە ناوچەی کەنداوی فارس، لەگەڵ بوونی بەرنامەی گەشەکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئامرازەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی و گرنگیدانی ڕوو لە هەڵکشانی سیستمی نێودەوڵەتی بۆ گەشەکردنی دادپەروەری لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا، لە باشییەکانی تاکنەلۆژیای زانیاری لە ئاستی بەجیهانیبووندا بێبەش ماونەتەوە. ئەم سنووردارییە لە بنەڕەتدا لە لایەکەوە دەرەنجامی دابەشکردنی نایەکسانیی تەکنەلۆژیای زانیاری و لە لایەکی دیکەوە بە هۆی خراپیی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتانی ناوچەی کەنداوی فارس و دەوڵەت-نەتەوەکانە.

یەکێک لە کێشەکانی وڵاتانی کەنداوی فارس، کەمیی ئاوی خواردنەوەی شیرینە. ڕژێمی زایۆنی تەکنەلۆژیای نوێی شیرینکردنی ئاوی هەیە کە بە فرۆشتنی بە وڵاتانی ناوچەی کەنداوی فارس و میسر و ئەردەن، دەیەوێت لە بەرانبەردا بەرژەوەندیی دیپلۆماسی و پەیوەندیی قووڵی خۆی لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا دابین بکات. ئەم وڵاتانە پێویستیی زۆریان بە ئاو هەیە و بەدوای جێگرەوەیەکی نوێدان لەم بوارەدا و ڕژێمی زایۆنییش ئەم تەکنەلۆژیا نوێیەی لەبەرانبەر بەرژەوەندیی سیاسیی خۆی دەدات بەوان.

**٥. ناوچەناسی و ژینگەیی**

لەگەڵ ئەوەی کەنداوی فارس سەرچاوەی کانزایی زۆری هەیە، بەڵام ئەم ناوچەیە لە ڕووی ژینگەییەوە زۆر هەستیارە. ئێستاکە پیسبوونی کەنداوی فارس ٤٧ هێندە زیاترە لە پیسبوونی دەریا ئازادەکان. وڵاتانی کەنداوی فارس پرۆتۆکۆل و بەرنامەی جێبەجێکردنیان بۆ پاراستنی ژینگە نییە. پیسبوونی کەنداوی فارس بە هۆی پیسبوونی نەوتەوەیە، کە لە دۆزینەوە و دەرهێنان و پاڵاوتن و هەناردە و تێپەڕبوونی نەوتبەرەکان و وێستگە

> **وڵاتانی ناوچەکە پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کەنداوی فارس یەکێکە لە ڕێگا قەرەباڵغەکانی کەشتیی بازرگانی یان سەربازی و ئەگەری ڕوودانی بەریەککەوتنی دەریایی لە نێوانیاندا هەیە، کە ئەویش دەبێتە هۆی پیسبوونی ئاو، سیاسەتی ناوچەیی بۆ پاراستنی ژینگەی کەنداوی فارس دابڕێژن**

سەرپازییەکانی نەوت و گۆڕانکاریی فیزیایی لە بەستێن و کەناری دەریاکانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش بە هۆی چالاکیی پیشەسازی و شارنشینی و بەندەرییەوەیە. ڕژانی نەوت لەو کەشتی و تەنکەرە دەریاییانەوە کە نەوت هەڵدەگرن و لە کەنداوی فارسەوە تێدەپەڕن، یان ئامێری هەڵکەندنی نەوت کە لە کەناراوەکاندان، هەروەها ماددەی پیسکەری وەک قرکەری مێرووەکان، بوونەتە هۆی پیسبوونی کەنداوی فارس. هەر چەندە پیسبوونی کەنداوی فارس هێشتا بۆ تەندروستیی گشتی مەترسیی دروست نەکردووە، بەڵام وڵاتانی ناوچەکە پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کەنداوی فارس یەکێکە لە ڕێگا قەرەباڵغەکانی کەشتیی بازرگانی یان سەربازی و ئەگەری ڕوودانی بەریەککەوتنی دەریایی لە نێوانیاندا هەیە، کە ئەویش دەبێتە هۆی پیسبوونی ئاو، سیاسەتی ناوچەیی بۆ پاراستنی ژینگەی کەنداوی فارس دابڕێژن.

### ٦. هێزە جیهانی و ناوچەییەکان

**ئەمریکا:** ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە شەڕی دووەمی جیهانییەوە تاکوو ئێستا، وەک زلهێزێک حەز و بەرژەوەندیگەلێکی دیاریکراوی لە کەنداوی فارسدا هەبووە. ئەمەریکا وەک یەکەم و کۆنترین وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت، لە ساڵی (١٩٤٨)ەوە وردەوردە بە هۆی زیادبوونی ڕێژەی بەکارهێنانی ناوخۆیی نەوت، وەک وڵاتێکی هاوردەکاری نەوتی لێ هاتووە. ڕێژەی پەیوەستبوونی ئەمەریکا بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، پاش شەڕی چوارەمی عەرەب و ئیسرائیل، نزیکەی لە سەددا دە بووە. ئەمەریکا وەک بەڕێوەبەری سیستمی نیودەوڵەتی، کۆمەڵێک بەرژەوەندیی سەرەکیی هەیە کە پەیوەندییان هەیە بە کۆمەڵەی کەنداوی فارسەوە. بەم هۆیەوە لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی ناوچەکە، ئەمەریکا لە سێ قۆناغی ڕێکخراودا بە ئاراستەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، سوودی لە هەموو جۆرە جیاوازەکانی سیستمی کۆنترۆڵکردن وەرگرتووە، لەسەر بنەمای هەژموونی ناوچەیی،

سیاسەت لەسەر بنەمای کۆنترۆڵی دوولایەنە و سیاسەت لەسەر بنەمای هێز. گرنگیی کەنداوی فارس بۆ ئەمەریکییەکان لە چەند ڕوویەکەوەیە:

١. ناوچەی کەنداوی فارس گەورەترین ڕێژەی پاشەکەوتی نەوتی هەیە.

٢. کەنداوی فارس لە ڕووی ستراتیژییەوە بەستراوە بە زەریای هیندەوە.

٣. کەنداوی فارس بەستراوە بە شەڕەکانی عەرەب و ئیسرائیلەوە.

٤. ترسی وڵاتانی ناوچەکە لە ئیسلامی سیاسی و ڕەوتی ڕوو لە هەڵکشانی ئەو مەترسییە.

٥. پێویستیی پیشەسازیی ڕۆژئاوا بە ئاسایشی گواستنەوەی نەوت لەم ناوچەیە.

**ڕوسیا:** ستراتیژی ڕووسیا لە کەنداوی فارس، پووچەڵکردنەوەی هەوڵەکانی ئەمەریکایە بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی لە ناوچەکە، لەبەر ئەوەی مۆسکۆ پرۆژەکەی ئەمەریکا وەک هەنگاوێکی مەترسیدار دەبینێت کە هەم دەتوانێت ببیتە هۆی زیادبوونی هێزە سەربازییەکان لە ناوچەکە و هەمیش ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە زیاتر دەکات. بۆیە کرێملین لەم چوارچێوەیەدا هەوڵ دەدات، تاکوو مۆڵەت نەدات هاوپەیمانیی ئەمەریکییەکان مەترسی لە ناوچەکە زیاتر بکات. لەسەر ئەم بنەمایە، ڕووسیا پرۆژەی ئاسایشی بەکۆمەڵی لە ناوچەی کەنداوی فارس خستووەتە بەر باس. بەرپرسانی مۆسکۆ لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٩٠ و سەرەتاکانی دەیەی ٢٠٠٠، کاتێک کە مەترسیی هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق زیاد بووبوو، پێشنیارێکی لەو چەشنەیان پێشەکەش کرد، بەڵام مۆسکۆ نەیتوانی پشتگیریی وڵاتانی ناوچەکە بۆ ئەم پلانە بەدەست بهێنێت. ڤلادیمێر پۆتینی سەرۆککۆماری ڕووسیا، ساڵی ٢٠١٥ لە دانیشتنی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەکان و لە سەرەتای دەستپێکی چالاکیی سەربازیی ڕووسیا لە سووریا، باسی پێویستیی دروستکردنی هاوپەیمانییەکی دژی ترۆریزمی کردبوو. لەو سەردەمەدا ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی دژی ئەم بابەتە بوون و ڕووسیا بەتەنیا مایەوە. لە ساڵانی ڕابردووشدا، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ڕووسیا بەڵگەنامەیەکی پیشان دا لەژێر ناونیشانی "بیرۆکەی ئاسایشی کەنداوی فارس"، کە تیایدا پێشنیارگەلێک کرابوو لە ئاراستەی بەهێزکردنی متمانە و شەفافیەت لە ناوچەکە و دروستکردنی ڕێکخراوێکی ناوچەیی لە بواری دابینکردنی ئاسایشی ناوچەی کەنداوی فارس. ڕووسیا بۆ بەهێزکردنی ئاسایش لە کەنداوی فارس و نەبوونی هێزی سەربازیی وڵاتانی دەرەوەی ناوچەکە و پێشگیری لە ئاڵۆزی لە ئاراستەی دابینکردنی ئاسایشی گشتی لە ناوچەکە، ئەم پلانەی پێشکەش کردووە.

**چین:** لەو بارودۆخەی کە کۆماری خەڵکی چین بەدوای گەشەی ئابووری، پیشەسازی و بازرگانیی دەرەوەیە، پێویستیی ئەو وڵاتە بە سەرچاوەی وزەی بەبەردبوو وەک نەوت و غاز؛ بەرز بووەتەوە و ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی هاوردەی ئەم بەرهەمانە لە شوێنە جیاوازەکانی دونیاوە، بەتایبەتی لە کەنداوی فارسەوە. بزوێنەری سەرەکیی چین بۆ چالاکتربوون لە کەنداوی فارس، پێویستییەتی بە وزە و هاوتەریبی، ئەویش کاڵبوونەوەی ڕۆڵی ئایدۆلۆجییە لە سیاسەتی دەرەوەی، لە دەیەی (١٩٨٠)وە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ئامادەبوونی ئابووریی چین لە کەنداوی فارس و بەستنی گرێبەستی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، لەچاو ڕابردوو زیاتر بووە، لە دەرەوەی ناوچەی ئاسیا . ئۆقیانووسییە. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ چین لەوانەیە بە گرنگترین شوێنی دونیا هەژمار بکرێت. بە هۆی هێزی گەورە و بەرچاوی ئابووریی چینەوە، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لەلایەن خۆیانەوە لەوانەیە پەکین بە گرنگترین پایتەختی دونیا لەدوای واشینگتۆن دابنێن. بە هۆی بەسترانەوەی چین بە دەریای ناوەڕاست و ئەورووپاوە لە ڕێگای نۆکەندی سوێسەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەو وڵاتە ژینگەیەکی مەزنی ستراتیژیی هەیە کە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ وزەی زۆر پێویست و ناوچەیەکە بۆ گەشەکردنی پەیوەندیی ئابووری ئەو وڵاتە.

چین دەیەوێت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژینگەی ئەو وڵاتە وەک هێزێکی تازەدەرکەوتوو قبووڵ بکات. چین پەیوەندییە گەشەسەندووەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە وەک هەلێک دادەنێت بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان. چین لەژێر کاریگەریی پێویستەییەکانی خۆی بۆ دەستگەیشتنێکی دڵنیا بۆ سەرچاوەکانی وزەی ناوچەکە، لە ئاراستەی دابینکردنی سووتەمەنیی پێویست بۆ گەشەی خۆی لە ناوخۆدا، وا دەردەکەوێت بەدوای ستراتیژییەکەوە بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەمای پاراستنی پەیوەندیی ئەرێنی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و خۆبەدوورگرتن لە گیرۆدەبوون لە داوی مشتومڕ و شەڕە جیاوازەکانی ناوچەکە، هەر چۆنێک بێت لەبەر ئەوەی کە بوونی ئابووریی چین پێویستی بە دەستوەردانی ڕوولەزیادبوونی سیاسییە لە ناوچەکە، بۆیە ئەم بارودۆخە لەوانەیە وردەوردە دژوارتر ببێت. پەکین لەگەڵ شێوازی حکومەتە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە هیچ کێشەیەکی نییە و پێداگری دەکات لەسەر سیاسەتی دەستوەرنەدان لە کاروباری وڵاتانی دیکە و بۆ هاوبەشی و یارمەتیی گەشەپێدانی خۆی؛ هیچ مەرجێک دانانێت.

**ئەورووپا:** یەکێتیی ئەورووپا گەورەترین بازاڕی بەکارهێنانی وزەیە لە جیهاندا. بە ڕاوەستانی هەناردەی غاز لە ڕووسیاوە بۆ ئۆکراین و بیلاڕوس لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧،

وڵاتانی ئەورووپایی وردەوردە گەیشتن بەو دەرەنجامەی کە سیاسەتی وزەی کرێملین دەتوانێت لە درێژمەودادا مەترسیدار بێت بۆ سەربەخۆیی یەکێتیی ئەورووپا، بەتایبەت وڵاتانی ئەورووپای ناوەندی و ئەورووپای ڕۆژهەڵات و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی سەرلەنوێی کرێمیل لەو ناوچەدا. ئەم بابەتە بووە هۆی ئەوەی کە یەکێتیی ئەورووپا لەم ساڵانەی دواییدا بۆ دابینکردنی وزەی خۆی، گرنگییەکی تایبەت بدات بە ناوچەی کەنداوی فارس. کەنداوی فارس ئەگەرچی گەورەترین دابینکەری وزەی ئەورووپا نییە، بەڵام لە سیاسەتی دروستکردنی جۆراوجۆری ئەورووپادا دەتوانێت زیاتر بکەوێتە ژێر گرنگیپێدانەوە. یەکێتیی ئەورووپا ١٥%ی نەوت و ٢%ی غازی سروشتیی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هاوردە دەکات. ساڵی ٢٠١١، زۆرترین بەشی نەوتی هەناردەی کەنداوی فارس بۆ ئەورووپای خۆرئاوا لە ئەستۆی عەرەبستان بوو (٦/٧١ لە سەد)، هەروەها بەشێک لە هەناردە بۆ ئەورووپا لەلایەن ئێران (٤/٣٩ لە سەد) و عێراق (١/٩٨ لە سەد)یەوە دابین دەکرا. ئەم ڕێژەیە (١٤/٧٣ لە سەد)ی هاوردەی نەوتی یەکێتیی ئەورووپا پێک دەهێنێت.

یەکێتیی ئەورووپا لە سەردەمی سەرۆککۆماریی ترەمپدا، نەیتوانی بەرژەوەندیی دوولایەنە لەگەڵ ئەمەریکا، لەناو پەیمانی ئەتلانتیکی باکوور (ناتۆ) بپارێزێت و لە گۆڕانی هەڵوێستی ترەمپ بێهیوا بوو. هەروەها بە زیادبوونی ناکۆکیی نێوان ئەمەریکا و ئەورووپا لە سەردەمی ترەمپ و بوونی ئەو نیگارانییەی کە هەڵوێستەکانی ترەمپ لەوانەیە ببێت بە هۆی ناجێگیریی ناوچەی کەنداوی فارس و ئەم بابەتەش بە زیانێکی گەورە لە هەڵوێستی وڵاتانی ئەورووپای دادەنرا. یەکێتیی ئەورووپا هەوڵی دا، تاکوو بۆ پاراستنی ئاسایش لە ناوچەی کەنداوی فارس گرنگییەکی زیاتر دابنێت. لەم سەردەمانەی دواییشدا وڵاتانی ئەورووپایی هەوڵیان دا، تاکوو بوونی سەربازی خۆیان لە ئەورووپادا زیاتر بکەن.

**ڕژێمی زایۆنی:** لە ساڵی (١٩٩٤)ەوە پەیوەندییەکی نزیک لەنێوان ڕژێمی زایۆنی و هەندێک لە وڵاتانی عەرەبیی ناوچەی کەنداوی فارس دروست بووە. واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکانی ئاشتی لەنێوان ڕێکخراوی ئازادیی فەڵەستین، ئیسرائیل و ئەردەن، دەستپێکی گۆڕانکارییەکی گەورە بوو لە ناوچەی کەنداوی فارس. بەدوای واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتننامانە، وڵاتانی عەرەبیی ناوچەی کەنداوی فارس گفتوگۆیەکی دوولایەنە و چەندلایەنەیان لەگەڵ ئیسڕائیل دەست پێ کرد کە لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا بێوێنە بووە. ئەم گفتوگۆیانە لە بوارەکانی سوودوەرگرتن لە سەرچاوە سروشتییەکان، هاوکاریی ئابووری، هاوکاری لە بواری وزە، هاوکاری لە بواری زانیاری و پەیوەندییەکان، هاوکاری لە بواری

سەربازی و ئاسایشیدا ئەنجام دراوە. لەنێوان وڵاتانی کەنداوی فارس، قەتەر و عەممان زیاتر جێی سەرنجی ئیسرائیل بوون. هۆکاری ئەمەش دەکرێت لە لایەکەوە بگێڕینەوە بۆ ژمارەی کەمی فەڵەستینییەکان لەو وڵاتانە و پشتگیریی خەڵکی ئەو وڵاتانە لەوان و لە لایەکی دیکەوە بوونی ژینگەیەکی جیۆپۆلەتیکی بێوێنە لە کەنداوی فارس. گرنگترین ئامانجی ڕژێمی زایۆنی لەم هاوپەیمانێتییانە، بریتییە لە: ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕەویی ئیسلامی، ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ئێران لە ناوچەکە، پێشکەشکردنی مۆدێلێەکی سیکۆلار، تێکدانی هاوسەنگیی ستراتیژی ناوچەکە لە زیانی ئێران، ئەنجامدانی چالاکیی هەوایی دژی ئێران و هاندانی ئەمەریکا بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئێران. ئەو ڕژێمە هەروەها هەوڵ دەدات کە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک هۆکاری هەڕەشە لەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتانی ناوچەکە پیشان بدات. هەروەها مەترسیی توندڕەویی ئیسلامی کە لە ئێرانەوە سەرچاوەی گرتووە، لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست گەورە پیشان دەدات و ڕۆڵێکی گرنگی بۆ خۆی داناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسیی ئیسلامییەکان و دەوڵەتی ئێران وەک چەقی توندڕەویی ئیسلامی لە ناوچەکە و ئێران پیشان دەدات. بەم شێوەیە ئێران وەک مەترسییەک لەسەر سەقامگیریی ناوخۆی ئەو وڵاتانە پیشان دەدات.

**قەتەر:** قەتەر وڵاتێکی بچووکە، بەڵام دەوڵەمەندە و داهاتی ساڵانەی تاك ٧٥٠٠٠ دۆلارە، سێیەم وڵاتە لە ڕووی پاشەکەوتی غازەوە لە جیهان. هۆکارگەلێک وەک پانتایی خاک و دانیشتووانی کەم، نەبوونی مێژوو، ئایینزا و نەتەوەی جیاواز و چواردەورەدانی لەلایەن دراوسێ و کارەکتەرە ناوچەییە بەهێزەکان؛ بووەتە هۆی ئەوەی کە قەتەر وەک دەوڵەتێکی زۆر بچووک ڕووبەڕووی ئاستەنگ و گیروگرفت و چەندین هەڕەشە ببێتەوە. قەتەر بۆ پاراستنی یەکێتی و فەرمانڕەوایی خۆی لە بواری سیاسەت، ئابووری و کۆمەڵگادا، بەدوای ناو و ناوبانگەوەیە. لەنێوان وڵاتانی ناوچەکە، قەتەر وەک کارەکتەرێک لە ئاستی ناوچەی کەنداوی فارس، هەوڵ دەدات تاکوو ژینگەی خۆی پەرە پێ بدات لە ڕێگای بەڕێوەبردن و دەستوەردان لەو قەیرانانەی دێنە پێشەوە لە وڵاتانی عەرەبیدا. لەم ئاراستەیەدا وڵاتی قەتەر بە پشتبەستن بە سەرچاوە سروشتییەکان و سوودوەرگرتن لە هێزی نەرم و دروستکردنی هاوسەنگی و هەڵسوکەوت لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە، هەوڵ دەدات کە هێزی ناوچەیی خۆی زیاد بکات و زیاتر زەق بکاتەوە لەناو وڵاتانی ناوچەکەدا. لەم ساڵانەی دواییدا، قەتەر توانیویەتی ڕۆڵێکی کاریگەر لە ناوچەکە ببینێت.

**ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی: وڵاتی** ئیمارات لە چوارچێوەی فیدراسیۆنێکی سیاسی، لە حەوت میرنشین یان شێخنشین پێک هاتووە. ئیماراتیش وەک قەتەر، پێشینەکانی شوناسی و مێژوویی نییە. ئیمارات لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵی داوە تاکوو لە کێشە ناوچەییەکاندا ڕۆڵی هەبێت، بۆ مۆدێل؛ ئیمارات یەکێکە لە کارەکتەرە گرنگەکانی یەکێتی دژی یەمەن. لە ساڵانی ڕابردوو ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە ئاراستەی بەرزکردنەوەی ڕۆڵی ناوچەیی خۆی هەنگاوی ناوە، لەم بوارەدا ڕوانگە و ئامانجە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوە و ناوچەیی ئیمارات و شێوازی هاوتەریبی ئەم وڵاتە لەگەڵ عەرەبستان گرنگییەکی زۆری هەیە.

ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی وەک یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی کەنداوی فارس، بە مەبەستی زیاترکردنی دەسەڵاتی خۆی و بوون بە کارەکتەرێکی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، زۆر جار پشتی بەستووە ئەو سامانەی لەو وڵاتەدا هەیە. لەم بوارەدا ئیماراتی یەکگرتووەی عەرەبی تەنانەت بە گرتنەبەری سیاسەتی زۆر ئاڵۆز و چەندلایەنە، دەست وەردەداتە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دیکەی ناوچەکەوە. ئیمارات کە وەک مەترسییەک سەیری ڕێکخراوگەلێکی وەک حەماس و حیزبوڵڵا دەکات لەسەر وڵاتەکەی، پەیوەندییەکی زۆر ئاڵۆزی هەیە لەگەڵ هەندێک وڵات، بەتایبەت وەک ئێران کە پشتگیریی ئەو ڕێکخراوانە دەکات.

**مۆدێلی شیکاریی ژینگەیی کەنداوی فارس**

بە ڕەچاوکردنی ئەو کۆمەڵە پێکهێنەرانە کە گرێدەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانن بە کەنداوی فارسەوە و لە سەرەوە باس کران، هەروەها بۆچوون و پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ناوچەکەی دروست کردووە و کاریگەریی دەبێت لەسەر چۆنێتیی هەڵسوکەوتی دوولایەنە. مۆدێلی مەزنی شیکاریی ژینگەیی "PESTEK" کە لە شەش گرووپی بنەڕەتیی خوارە پێک دێت، لەسەر چالاک مانەوەی پێکهێنەرە بنەڕەتییە کاریگەرەکان لە ناوچەی کەنداوی فارس بە گونجاو لەقەڵەم دەدرێت.

**وڵاتانی ناوچەکە پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کەنداوی فارس یەکێکە لە ڕێگا قەرەباڵغەکانی کەشتیی بازرگانی یان سەربازی و ئەگەری ڕوودانی بەریەککەوتنی دەریایی لە نێوانیاندا هەیە، کە ئەویش دەبێتە هۆی پیسبوونی ئاو، سیاسەتی ناوچەیی بۆ پاراستنی ژینگەی کەنداوی فارس دابڕێژن**

١. هۆکارە سیاسییەکان

٢. هۆکارە ئابوورییەکان

٣. هۆکارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان

٤. هۆکارە تەکنەلۆژییەکان

٥. هۆکاری ناوچەناسی و ژینگەیی

٦. هۆکاری نێودەوڵەتی و ڕکابەری هێزە ناوچەیی و دەرەکییەکان

مۆدێلەکەی سەرەوە لە ڕاستیدا چوارچێوەیەکە بۆ بیرکردنەوە و شیکاریی گۆڕانکاریی خێرا لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا و هەڵبژاردن و تاوتوێکردنی ناوچە گرنگ و پێکهێنەرە سەرەکییەکان لە هەر ناوچەیەک کە پێویستە لە چوارچێوەی هەوڵێکی ڕێکوپێک و هەڵسوکەوتێکی یەکگرتوو لەنێوان کۆڵەکە جیاوازەکانی دەزگای سیاسەتی دەرەوە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە لەنێوان کۆمەڵە زانستی و ڕۆشنبیرییە چالاکەکان لەم بوارەدا جێبەجێ بکرێت، تاکوو وڵات بتوانێت بە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چالاک و هۆشیار و کاردانەوەی گونجاو بۆ گۆڕانکاریی ژینگەیی، بەرژەوەندییەکانی خۆی دابین بکات و نەکەوێتە بەر پەراوێزخستن و کاردانەوە.

**دەرەنجام**

لە ڕووی جوگرافییەوە ژینگەی ستراتیژیی ئێران چەند ژینگەیەکی جوگرافی لەخۆ دەگرێت. ئێران لەگەڵ ئەوەی لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیادا هەڵکەوتووە، بەڵام لەگەڵ چوار ژێرسیستمی ناوچەیی دراوسێیە، وەک ئاسیای ناوەڕاست-قەفقاز، کەنداوی فارس، ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست و باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا. لەم ناوەندەدا ئێران بەشێکە لە سێ ژێرسیستمی ئاسیای ناوەڕاست-قەفقاس، کەنداوی فارس و باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا. ژینگەی جیۆستراتیژیی ئێران لەلای باشوورەوە بە کەنداوی فارس و وڵاتانی عەرەبی و موسڵمانی کەناری کەنداو و لەلای ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ وڵاتانی پاکستان، ئەفغانستان، تاجیکستان، ئۆزبەکستان و تورکمانستان و لەلای ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاواشەوە لەگەڵ عێراق، تورکیا و ئازەربایجان دراوسێیە، ئەوەش توانای ئەم وڵاتە و هێزی شارەوەی لە خۆدەرخستن وەک هێزێکی گەورە لە هاوکێشەکانی ناوچەکەدا زیاتر کردووە. ئێران لە ڕووی جوگرافی و کولتوورییەوە دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و چوار جیاوازیی باشی ژینگەیی هەیە: یەکەم: ئەم وڵاتە گرێ دراوە بە ژینگەی وشکایی ئۆراسیاوە. دووەم: بوونی ژینگەیەکی دەریایی و کەناراوێکی دوورودرێژ کە لە کەنداوی فارس و دەریای عەممانددا هەیەتی. سێیەم: لە ڕووی بوونی گەرووی ستراتیژیی هورمزەوە ژینگەیەکی سەر ڕێگای هەیە. چوارەمیش، لە ڕێگای ئەم وڵاتەوە دەتوانرێت هێرش بکرێتە سەر زەوییەکانی دەوروبەرەوە. کە وا بوو ژینگەیەکی سەربازیی

هەیە و جگە لەوەش گەورەترین پاشەکەوتی ستراتیژیی نەوت و غازی هەیە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بەتەنیا هەموو سنووری باکووری ناوچەی کەنداوی فارسی لەژێر دەستدایە، بە درێژایی ١٢٠٠ کیلۆمەتر لەگەڵ دەریای عوممان کە دەکاتە ١٨٠٠ کیلۆمەتر. بە ڕەچاوکردنی ئەم بابەتە، بەبێ ئێران هیچ سیستمێکی ئاسایشیی کارا لە کەنداوی فارس بوونی نابێت. ئێران کۆمەڵێک دوورگەی زۆری لە کەنداوی فارس هەیە، کە هۆکاری دەسەڵاتی ئێرانن لە کەنداوی فارس و ژینگەیەکی بەرزتر لە ڕووی سەربازی و سیاسییەوە لە ناوچەکە دەدات بە ئێران، چونکە شێوازی بوونی ئەو دوورگانە لە کەنداوی فارس بە چەشنێکە کە کەوتوونەتە گەرووی هورمز و بە ڕەچاوکردنی ئەوەی گەرووی هورمز لەژێر دەستی ئێراندایە، ئەم دوورگانەش گرنگییەکی زۆر پەیدا دەکەن.

پێشینەی کولتووری ئێران لەچاو وڵاتانی دیکەی ناوچەکە و شوناسی ئایینزاییەکەی و هەروەها توانای ئابووری و کرداریی ئێران بووەتە هۆی کاریگەریی ڕاستەقینەی زیاتر لە ناوچەکە و تەنانەت گۆڕانکارییەکانی جیهانیش. ئێران وەک پردێکی پەیوەندیی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای جیهان، هەر لە کۆنەوە جێی سەرنجی وڵاتان و شارستانییەکانی دونیا بووە. ئەم ڕۆڵی پەیوەندییە لەنێوان کیشوەرەکان و هاوسێیەتی لەگەڵ کەنداوی فارس و گەرووی هورمز کە شوێنی ترانزێتی نەوتهەڵگرەکانە، ئەم گرنگییە و ڕۆڵی کاریگەری ئێران لەبەر چاوی چاودێرە دەرەکییەکانەوە زیاد کردووە، بە چەشنێک کە هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی سیاسی تیایدا دەبێتە هۆی وروژانی هەستیاریی جیهانی.

ناوچەی کەنداوی فارس لە ڕووی پەیوەندیی جۆراوجۆری زمانی، کولتووری و مێژوویی و پەیوەندیی جوگرافی و جیاوازییە ئابوورییەکان، وەک یەکێک لە لەپێشینەکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دادەنرێت. بارودۆخی جوگرافی و ئابووری لەگەڵ بابەتی کولتووری و کۆمەڵایەتی و دەستتێوەردانی هێزە دەرەکییەکان، بووەتە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەم ناوچەیە، ڕووبەڕووی بارودۆخی ناجێگیر و گۆڕاو ببێتەوە کە بەردەوام بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەمان دەخاتە ژێر کاریگەری. ئەو هۆکارانەی باس کران، پێشمەرجی پێویستی هەر چەشنە هەوڵێکە بۆ ڕێکخستنی ستراتیژیی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەبەرانبەر ئەم ناوچەیە.

کۆمەڵەی هۆکارەکانی ناسین و ڕێکخستنی مۆدێلێکی زانستی بۆ شیکاری و تاوتوێکردنی پێکهاتە ناوچەییەکان لە کەنداوی فارس، مەرجی لەپێشینەیە بۆ هەر چەشنە هەوڵێک بۆ ڕێکخستنی ستراتیژی و دانانی سیاسەتی

وڵاتەکەمان لەبەرانبەر ئەم ناوچەیە. تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی مۆدێلی شیکاری و ژینگەیی و تواناکانی هەر کامیان لە پێشکەشکردنی ڕوونکردنەوە و ناساندنی گونجاو لە ژینگەکە، پیشانی دەدات هەر مۆدێلێک ژینگەی تایبەتی هەر ناوچەیەک لەبەرچاو دەگرێت. بۆیە ڕێکخستنی هەر مۆدێلێک و هەڵبژاردنی پێکهاتە بنەڕەتییەکانی، پەیوەستە بە ناسینی تایبەتمەندییە گشتی و تایبەتەکانی هەر ناوچەیەکی وەک ناوچەی کەنداوی فارس. تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندییەکانی کەنداوی فارس، پیشانی دەدات هۆکارە کولتووری کۆمەڵایەتی و شوناسەکان لەژێر ناونیشانی هۆکاری کولتووری کۆمەڵایەتیدا باس دەکرێت، لەگەڵ هۆکاری ئابووری، سیاسی و ژینگەیی و تایبەتمەندییە زانستی و تەکنەلۆژییەکانی ناوچەکە، بە گرنگترین پێکهێنەری گۆڕانکاری لە ناوچەکە دادەنرێن. لە هەمان کاتدا، بە ڕەچاوکردنی ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەریی زۆری هۆکارە دەرەکییەکان، واتە هێزە ناوچەیی و دەرەوەی ناوچەییەکان، لەسەر گۆڕانکاریی ناوچەکە و ئاراستەی ڕەوتەکانی، پێویستە لەگەڵ ئەو پێنج هۆکارە باسکراوەدا گرنگیش بدرێت بە هۆکاری نێودەوڵەتی و ڕکابەریی کارەکتەرانی دەرەوە لە ناوچەکەدا. ئەم دەرەنجامە بەو چەشنە بەدەست دێت کە بوون و دەسەڵاتی هێزە گەورەکانی ڕکابەر یان دوژمنکار لەگەڵ ئێران لە ناوچەکەدا، بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندیی ئاسایشی کۆماری ئیسلامیی ئێران دادەنێن.

ڕکابەریی ئایدیۆلۆجیی عەرەبستان لەگەڵ ئێران، لە ڕێگای برەودان بە ڕەوتە سەلەفییەکان و بانگەشە بۆ ناکۆکیی نێوان شیعە و سوننە لە ناوچەکە، پەرەسەندنی بوونی ڕژێمی زایۆنی لە ڕوانگەی ئاسایشییەوە لە وڵاتانی ناوچەکە، بەهێزکردنی هاوکاریی ئەورووپا لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە لە چوارچێوەی پلانی جیاوازی شارستانی و سەربازی، هەڵویست و هەنگاوەکانی ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداوی فارس دژی ئێران و کۆمەڵێک پلانی گەورە و بچووکی دیکە کە هەموویان سەرچاوەیەکی دەرەکییان هەیە، کاریگەرییان هەیە لەسەر بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی ئێران کە ناکرێت پشتگوێ بخرێن. بەپێی ئەم بنەمایە، بە ڕەچاوکردنی ئەو پێکهێنەرە باسکراوانە، "PESTEL" وەک گونجاوترین مۆدێلی ژینگەیی باس کرا بۆ هەڵسەنگاندن و شیکاریی گۆڕانکاریی ژینگەیی لە ناوچەی کەنداوی فارس، کە بریتییە لە پێکهێنەری سیاسی، ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی، تەکنەلۆژی، ناوچەناسی، ژینگەیی و نێودەوڵەتی، هەروەها هەندێک لە گرنگترین گۆڕاوەکانی ناوچەکە لە هەر بوارێکدا باسیان لێوە کرا.

وەرزنامەی


# ئێرانناسی

# ناساندنی کتێب

خوێندنەوە بۆ کتێب

# مێژووی ئێرانی مۆدێرن[1]

بارام مەجیدخان




١ یرواند آبراهامیان، ١٣٩٨، تاریخ ایران مدرن، تهران، انتشارات نشر نی ، ترجمه: محمد ابراهیم فتاحی.

> **نووسینەکانی زیاتر لەژێر کاریگەریی خەباتی سیاسیی خۆی ئەنجام داوە. لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە مێژووی قاجار و هاوکێشەکانی، سەرنجی زۆرێک لە بیریاران بەلای خۆیدا کەمەندکێش دەکات**

پەرەوەند ئابراهامیان بۆ خەڵکی ئێران ناوێکی ئاشنایە بە کتێبی ئێران لەنێوان دوو شۆڕشدا. ئێرانی و ئەرمەنی نەژادە. لە ساڵی ١٩٤٠ لە تاران هاتووەتە دنیا. لە لەندەن لە ساڵی ١٩٦٣ و لە زانکۆی ئۆکسفۆرد ماستەری لە مێژووی ئەورووپا بەدەست هێناوە. پاشان لە زانکۆی کۆڵۆمبیا ماستەری دووەم و بڕوانامەی دکتۆرای لە ساڵی ١٩٦٩ بەدەست هێناوە. لە ڕووی فیکرییەوە خۆی بە سۆشیالدیموکرات دەزانێ. ڕوانگەیەکی نیۆمارکسیستی بۆ هەڵسەنگاندنی مێژووی ئێران هەیە. لە لێکۆڵینەوەی مێژووی هاوچەرخی ئێران، لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران هاودڵی نیشان دەدات. نووسینەکانی زیاتر لەژێر کاریگەریی خەباتی سیاسیی خۆی ئەنجام داوە. لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە مێژووی قاجار و هاوکێشەکانی، سەرنجی زۆرێک لە بیریاران بەلای خۆیدا کەمەندکێش دەکات. پرسیاری سەرەکیی ئابراهامیان لە مێژووی هاوچەرخ ئەوەیە کە بۆ لە ئێران، لە ماوەی یەک سەدەدا دوو شۆڕشی گەورە ڕوویان دا؟ ململانێ و کێشمەکێشی نێوان سەڵتەنەت و مەرجەعیەت لە ئێران و ڕەگوڕیشەکانی ئەم ململانێیە بە شێوازێکی ورد و ئەکادیمیانە دەخاتە ڕوو.

نووسینەکانی زیاتر بە زمانی ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە[٢]. ئەبراهامیان لە نووسینەکانیدا خوازیارە تیشک بخاتە سەر ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران لەگەڵ دیاردەی مۆدێرنیزمدا. هەڵومەرجی ئێرانی سەردەمی شاکانی قاجار لە چ ئاستێکدا بوو کە ئێران باوەشی بۆ مۆدێرنیزم کردەوە؟ و ئەو گرفتانە چی بوون لە میللەت و دامەزراوە فەرمییەکانی ئێران ڕووبەڕووی دەبوونەوە؟ مێژووی ئێرانی هاوچەرخ یەکێکە لەو کتێبە دەگمەنانەی کە بە دیدێکی مێژوویی و ئەم ڕووداوانە لێک دەداتەوە و بە شێوەیەکی گشتی تیشک دەخاتە سەر ڕووداوەکان. ئاسۆی گۆڕانکارییەکانی داهاتووش، لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەڕوونی بەدیار دەکەون.

بابەتەکانی ئەم کتێبە بۆ سەر شەش بەشی سەرەکی دابەش دەبن، هەنگاوبەهەنگاو دەمانباتە ناو بابەتە گرنگەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران.

٢ بەشیك لە نووسینەکانی: ١. ایران بین دو انقلاب، ٢. تاریخ ایران مدرن، ٣. کودتا، ٤. خمینیسم (مقالاتی درباره جمهوری اسلامی)، ٥. اسلام رادیکال، ٦. اعترافات شکنجه شدگان، ٧. مردم در سیاست ایران، ٨. مقالاتی در جامحه شناسی ایران، ٩. انارشیسم در انقلاب روسیه، ١٠. یک انارشیست امریکایی و ...

١. **پاشاکانی ستەمکاری:** دەوڵەت و کۆمەڵگا لە سەردەمی قاجاردا. ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و سەرەداوەکانی کێشە حکومی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران دەخاتە ڕوو. هەیکەلی حوکمڕانیی سیاسی لە ئێرانی سەردەمی قاجار و تەکنەلۆژیای ئەو سەردەم و بنەماکانی کۆمەڵگای ئێران. هەروەها باس لەسەر هێزی ئایینی و پێکهاتەی عەشایری و کولتووری لە ئێران. هەووەها شەڕەکانی ئێران و ڕووس کە کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکانی داهاتوو دانا. ئێران لەم شەڕانەدا لەپڕ و لەناکاو ڕووبەڕووی ڕۆژئاوایەکی پێشکەوتوو بوونەوە. ئێرانیش خەونی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی. ئێرانییەکان خۆیان لەگەڵ ڕۆژئاوا هەڵدەسەنگاند، هەمووان بەشوێن ڕێگایەکدا دەگەڕان بۆ ئەوەی ڕێڕەوی پێشکەوتن بدۆزنەوە. ئەمە شۆکی یەکەم بوو کە بەر جەستەی ئێران کەوت. پرسیاری سەرەکیی ئەبراهامیان ئەوەیە کە لەم بەرەوپێشچوونەی ئێرانییەکان بەرەو مۆدێرنیزم، چەند قۆناغیان بڕیوە و ڕووبەڕووی چەند کێشە و گرفت بوونەتەوە. ئێران لەم قۆناغەدا ڕووبەڕووی دەوڵەتێکی هەژار بوویەوە، هاوکات هەژاری لەسەر هەموو ئاستەکان بەناو کۆمەڵگادا بڵاو بووەوە و دەستی کۆمپانیاکانی بێگانەی لە وڵات کردەوە.

٢. **ڕیفۆرم و شۆڕش:** باس لە گرنگترین ڕووداوی سەدەی نۆزدەی ئێران دەکات، ئەویش شۆڕشی مەشرووتەیە. ڕەگوڕیشەکانی و شەڕەکانی ناوخۆ و ململانێی نێوان حکومەت و پیاوانی ئایینی. لەدایکبوونی پەرلەمانی ئێران و سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی شای ئێران و کێشە و ململانێکانی ناو شاری تاران و لەدایکبوونی یەکەم شۆڕشی مێژووی هاوچەرخی ئێران. کۆتاییەکانی سەردەمی قاجار لەگەڵ ئەوەدا کە مەشرووتەخوازەکان باڵادەستیی خۆیان سەپاند، بەڵام کێشە و گرفتەکان لەبن نەدەهاتن و تا دەهات ئاشووب و فیتنە سەرتاسەری وڵاتی داگیر دەکرد. دەستتێوەردانەکانی فەڕەنسا و ئینگلیز و ڕووسەکان ڕۆژبەڕۆژ ڕووی لە زیادبوون دەکرد. زەمینەی دەرکەوتنی ڕەزا خان و کودەتای بەسەر شۆڕشدا، بەوردی باسی لێوە کراوە.

**پرۆژەی مۆدێرنیزم لە ئێران دوو ڕوخساری هەبوو: یەکەمیان مۆدێرنیزمی مەشرووتە، کە لە هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوەی دەگرت. دووەم: مۆدێرنیزمی ڕەزا خانی کە پشتبەستوو بوو بە دوو کۆڵەکەی سوپا و بیرۆکراسی کە بە بەکارهێنی هێز جێبەجێی دەکرد**

**٣. سیاسەت و دەستی پۆلایینی ڕەزا شا:** دیاردەی دەستتێوەردانی وڵاتانی کۆڵۆنیاڵی و کودەتای ڕەزا خان و بەلاڕێدابردنی شۆڕشی مەشرووتە و بونیاتنانی ئێرانی دوای شۆڕش. ڕەزا خان پێشوازیی لە سیستمی مۆدێرنی جیهانی کرد و چاکسازییەکانی بە سوپا و یەکخستنەوەی دەستی پێ کرد و توانیی دەسەڵاتی سەرۆکهۆزەکان لەناو بەرێت. هەنگاونان بۆ بونیاتنانی دامەزراوەی فەرمی و پێشکەوتووی حکومی و جێگیرکردنی شیوازێکی نوێ لە حوکمڕانیی وڵات. چاککردنی ڕێگاوبانەکان و ڕێگای شەمەنەفەر و دامەزراندنی کارگە و چاکسازیی ئابووری. هاوکات پەنجەرەکانی ئێرانی بەرامبەر ڕۆژئاوا کردەوە و هەموو دیاردەکانی مۆدێرنیزمی وەک جادەی پان و پارک و جلوبەرگی ڕۆژئاوایی کردەوە. پرۆژەی مۆدێرنیزم لە ئێران دوو ڕوخساری هەبوو: یەکەمیان مۆدێرنیزمی مەشرووتە، کە لە هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوەی دەگرت. دووەم: مۆدێرنیزمی ڕەزا خانی کە پشتبەستوو بوو بە دوو کۆڵەکەی سوپا و بێرۆکراسی کە بە بەکارهێنی هێز جێبەجێی دەکرد. سەرەنجام پرۆژەی مۆدێرنیزمی ڕەزا خانی توانیی بەسەر پرۆژەی مەشرووتەدا سەر بکەوێت.

**٤. دەورانی نەتەوەپەرستی وناسیۆنالیزم:** گیڕانەوەی سەردەمی ناسیۆنالیستیی ئێران و ڕووداوەکانی دکتۆر محەمەدی موسەدیق و ڕۆڵ و کاریگەریی حیزبی تودەی ئێران لە مێژووی هاوچەرخدا. ململانێکانی دەسەڵات و کەسایەتییە کاریگەرەکانی ئەم قۆناغە، بەتایبەت کەسایەتیی تەیمورتاش کە بەکرداری ڕۆڵ و کاریگەریی زۆری هەبوو. ڕۆحی نەتەوەپەرەستیی ئێران و ئەو ئومێدەی ڕووناکبیران و ڕۆشنبیرەکان لەم قۆناغەدا، جێگای سەرنجە.

**٥. شۆڕشی سپیی (ئیسڵاحاتی ئەرزی محەمەد ڕەزا شا و دەورانی بەڕێوەبردنی وڵات و هەڵسوکەوتەکانی ئەو سەردەمەی ئێران.** حیزبی ڕەستاخیز لەلایەن شای ئێران دامەزرا و یەکەم هەنگاوی دەستبردن بوو بۆ هەندی چاکسازی لە سیستمی کشتوکاڵیی ئێران و چارەسەرکردنی کێشەی یاسای زەویوزار لە ئێران. نەوت و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی و دەرهاویشتەکانی؛ هێزگەلی سیاسیی زۆری لێ کەوتەوە کە دژایەتیی سیاسەتەکانی شای ئێرانیان دەکرد، کە بەرجەستەترینیان پارتی چەپڕەوی تودەی ئێران بوو.

**٦. کۆماری ئیسلامیی ئێران:** جێگیرکردنی دەستوور بۆ ئێران و حکومەتی بەهێز لە ئێران: شۆڕشی دووەم لە مێژووی ئێراندا لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ بەرجەستە بوو. بونیاتی ئەم شۆڕشە لەسەر بنەمای کێشە کەڵەکەبووەکانی سەد ساڵی ڕابردووی ئێران و ئەو کێشە و ململانێیانەی لەنێوان دەسەڵاتی دینی و هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن هێزە سیاسییە چەپڕەوەکانی و میللی مەزهەبییەکانی ئێران ڕوویان دا. ئەبراهامیان لە سەرەتای ئەم باسەدا کلیلی باسەکە بە دەقێکی بیرمەندی گەورەی فەڕەنسا ئالکسی دوتۆکۆڤیل دەبەستێت کە: "شۆڕشەکان هەمیشە حکومەتی بەهێزتر بونیات دەنێن"...

وەرزنامەی

# ئێرانناسی

# چەمکناسی

چەمکناسی: ئێرانناسی

# چەمکناسی: نەتەوە، ناسنامەی ئێتنیکی، ناسنامەی نەتەوەیی

وەرگێڕان و ئامادەکردنی: هەورامان فەریق

چەمکی مۆدێرنی نەتەوە، بەرئەنجامی گۆڕانێکی واتایی دوورودرێژ و ئاڵۆزە. ئەم چەمکە لەتەك وشەی لاتینیی "nation"دا، بە واتای "شتێکی لەدایکبوو" سەری هەڵدا. لە ڕۆمای کۆن ئەم وشەیە بەو گرووپانەی لە خەڵکی بیانی دەوترا کە وەکوو بیانی لە ڕۆمادا دەژیان و مافی هاوڵاتیبوونیان نەبوو. تەنیا ئەم جۆرە لە گرووپە بیانییەکان بە "نەتەوە" هەژمار دەکران و بۆیە تەنیا بیانییەکان "ناسنامەی نەتەوەییان" هەبوو. زاراوای نەتەوە واتایەکی شاراوەی بە چاوی کەم سەیرکردنی هەبوو، چونکە وابەستەبوونی تاك بە نەتەوەیەکەوە، واتای ئەوەی دەگەیاند کە لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە لە ڕۆماییەکان نزمترە، لەم ڕووەوە وابەستەییە "نەتەوەییەکان" خوازراو نەبوو. ئەم زاراوەیە لەتەك زاراوەی یۆنانی "ta ethne" و زاراوەی عیبریی "amamim"دا لێکچوونی هەبوو: ئەم زاراوانەش بە کۆمەڵگە بیانییەکان-بێشارستانییەتەکان، یان ئەو کەسانەی کە پەیمانی نێوان خواوەند و بەنی ئیسراییل نەیدەگرتنەوە -واتە بە کەسانێك دەوترا کە ئەو کۆمەڵگەیەی نەدەگرتەوە کە ئەو زاراوەیەی پێناسە دەکرد.

زاراوەی نەتەوە، بە واتای "دانیشتووانی بیانی"دەهات لە زانکۆکانی سەدەکانی ناوەڕاست. لەنێو ئەم قوتابییانەدا کەمتر کەسێك هەبوو کە زێدەکەی هەمان ئەو شوێن و گەڕەکە بێت کە زانکۆکەی تێدا بونیات نراوە، چونکە ئەم جۆرە دامەزراوانە بە سەرتاسەری دنیای مەسیحیی ڕۆژئاواییەوە بەسترابوونەوە. پێکهاتنی ژیانی زانکۆیی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بووە هۆی گۆڕانی چەمکی نەتەوە. ئەو قوتابییانەی کە شوێنی هاتنەکەیان (زۆر جار لە ڕووی جوگرافییەوە) پێکەوە بەسترابوونەوە، بە نەتەوەیەك پێناسە دەکران و پێکەوە لەو گەڕەکانەدا کە مامۆستاکانیشیان تێدا دەژیان؛ نیشتەجێ بوون. ئەوان لەتەك مامۆستاکانی خۆیاندا لە گفتوگۆ زانکۆییەکاندا بەشدارییان دەکرد. ئەم حاڵەتە بووە هۆی ئەوەی کە نەتەوە نەك تەنیا و نەك

لە بنەمادا "دانیشتووانی بیانییەکان"، بەڵکوو "دانیشتووانێکی خاوەن باوەڕ" هەژمار بکرێن. لەم حاڵەتەدا چەمکی نەتەوە ئیدی واتای شاراوەی بە چاوی کەم سەیرکردنی نەدەگەیاند، بەڵام بەکارهێنانی هێشتا زۆر سنووردار بوو: تەنیا قوتابییان بە "نەتەوە" هەژمار دەکران و لەو کاتەدا قوتابی خوێندنەکەی تەواو دەکرد، "ناسنامەی نەتەوەیی"ی خۆی لەدەست دەدا.

لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا، چەمکی نەتەوە بە واتای دانیشتووانی بیانی بە کۆڵۆنییە بازرگانەکانی دانیشتووی بروژ و دواتر بە کۆڵۆنییە بازرگانەکانی دانیشتووانی ئانتۆرپیش دەوترا. لە ساڵی 1487دا، نەتەوە ئەندەلووسییەکان، ڤێنیسییەکان، ناواری، فلۆرانسی و لە هەموویان گرنگتر هانسییەکان و ئەڵمانەکان لەو نەتەوانە بوون کە هاوسنوور لەتەك یەکتر لە بروژ دەژیان. کۆتا نەتەوەی بازرگان کە دامەزرا، واتە پلەکانی بازرگانیی پێ بەخشرا، نەتەوەی جەنەوایی بوو کە لە ساڵی 1395 ڕووی دا. ئەم تایبەتمەندییە واتاییە بە ئەگەری زۆر، پێکهاتنی ناسیۆنالیزمی لە هۆڵەندادا دوا خستبوو.

واتای زاڵی وشەی نەتەوە لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست؛ "دانیشتووانی خاوەن باوەڕ" بوو و هەر ئەم چەمکە بوو کە لە شوێنگەیەکی تردا، واتە بۆ ئەنجوومە کڵێسەییەکانیش بەکار هات. نوێنەرانی تر لەهەمبەر ڕێکخراوی رسپۆبلیکا کریستیانا {کۆماری مەسیحی}، لەم ئەنجوومەنانەدا لەدەوری یەك کۆ دەبوونەوە. ئەم حیزبانە کە لە هەمان کاتدا لە نوێنەرانی دەسەڵاتداری مەسیحیی سێکیولار و دینیی پێك هاتبوون، بە نەتەوە هەژمار دەکران. بەم پێیە واتای زاراوەی نەتەوە دیسانەوە گۆڕانی بەسەردا هات. ئێستا ئەم زاراوەیە بە واتای "نوێنەرانی مەرجەعیەت" (کولتووری و سیاسی) واتای دەگەیاند. ناسنامەی نەتەوەیی بوو بە جێگەی ڕێز، بەڵام هێشتا کاتی و تایبەت بوو بە گرووپێکی بچووك لە کەسە تایبەتەکان. لەتەك هەموو ئەمانەدا، ئەم زاراوەیە بە واتا ڕێزلێگرتووە نوێیەکەی لە سەرەتاکانی سەدەی شانزەیەمدا دەدرایە پاڵ خەڵکی بەریتانیا. پاشان جارێکی تر گۆڕانی بەسەردا هات و "نەتەوە" بە هاوواتای

**خەڵك کە پێش "نەتەوەییبوون" بە زاراوەیەکی کۆمەڵایەتی بە پێگەی نزم و نەخوازراو هەژمار دەکران، بوونە خاوەنی پێگەیەکی بەرز و وەك بنەمایەکی پێکەوەگرێدراوی سیاسی و ئەو کەسانەی کە دەبوو وەفادار بن بەرامبەریان؛ سەرلەنوێ پێناسە کرانەوە**

"خەڵك" دەزانرا کە هەڵگری واتا سیاسییەکەی ئەمڕۆی بوو.

ئاشکرایە کە بەم پێناسە دووبارەیەوە، پانتایی بەکارهێنانی چەمکی "نەتەوە" زۆر بەربڵاو بوو (هەموو خەڵکی بەریتانیا کە لەو کاتەدا ژمارەیان دەگەیشتە 5 ملیۆن کەس، ناسنامەی نەتەوەییان هەبوو)، بەڵام تەنیا لە حاڵەتێکدا دەتوانین لە گەورەیی شۆڕشی چەمکی کە ئەم حاڵەتەی لەتەك خۆی هەڵگرتبوو؛ تێبگەین، کاتێك کە هاوکات لەو گۆڕانەش تێبگەین کە بەسەر واتای وشەی "خەڵك"یشدا هات. لە زۆرێك لە زمانەکاندا لەوانەش زمانە ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی و ڕووسیی ئەم وشەیە پێش ئەوەی کە هاوتەریب بێت لەتەك "نەتەوە"، بە واتای کەسانی "شەقاوە و لاتولووت" یان "خەڵکی عەوام"، بەڵگەی ئاشکرای "خەڵك"ی چینەکانی خوارەوە بوو. بە یەکسان زانینی ئەم دوو چەمکە -نەتەوە بە واتای تایبەت و خەڵك بە واتای عەوام-، لەخۆگری چەمکسازیی دووبارەی بوونگەرایی (خەڵکی عەوام) بوو کە چەمکی نەتەوەی پێ وترا و لە هەمان کاتدا چییەتیی ئەم چەمکەی گۆڕی. ئەم چەمکسازییە دووبارەیە چینەکانی خوارەوەی بە شێوەیەکی سیمبولیك هێنایە پلەی تایبەتی. خەڵك کە پێش "نەتەوەییبوون" بە زاراوەیەکی کۆمەڵایەتی بە پێگەی نزم و نەخوازراو هەژمار دەکران، بوونە خاوەنی پێگەیەکی بەرز و وەك بنەمایەکی پێکەوەگرێدراوی سیاسی و ئەو کەسانەی کە دەبوو وەفادار بن بەرامبەریان؛ سەرلەنوێ پێناسە کرانەوە. لە هەریەکە لە قۆناغەکانی ئەم گۆڕانکارییەدا، واتای وشەکە هەڵگری بارێکی واتایی تایبەت بە خۆیەتی، بە هۆی بەکارهێنانی لە شوێنێکی تایبەتدا وردەوردە بێچم دەگرێت.

**ناسنامەی ئیتنیکی و ناسنامەی نەتەوەیی**

وشەی ئیتنیك (Ethnie) لە زمانی فەرەنسیدا و "Ethnic" لە زمانی ئینگلیزیدا لە ڕیشەی یۆنانی (Ethinikos)ەوە وەرگیراوە. ئەگەرچی لە وەرگێڕانی ئەم وشەیەدا، لەوانەش "Ethnology" و یان "Ethnography"، وشەی "خەڵك" لەجیاتیی "ئیتنیك" بەکار دێت، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا و لە فارسیدا وشەی "قوم" بەکار هاتووە. فەرهەنگی فارسیی "معین" وشەی "قوم" بۆ گرووپێك لە خەڵکی (ژن و پیاو) بەکار دەهێنێت. لە فەرهەنگێکی دیکەی وەك "آریان پوردا"، ئیتنۆ لەبریی نەژاد و خەڵك و کولتوور بەکار هاتووە. "Ethnology" وەك نەژادناسی، قوم شناسی بەکار هاتووە. بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا و بە گەڕانەوە بۆ یەکێك لە بیرمەندانی ئەو بوارە کە ڤێبەرە گرووپە مرۆییەکان، کە خاوەنی باوەڕی زەینی سەبارەت بە باوباپیرانی هاوبەشن و باوەڕێك کە هۆکارەکەی دەکرێت لێکچوونە فیزیکییەکان، لێکچوون لە دابونەریت، یادگە و یادەوەرییە هاوبەشەکانیاندا بێت؛ پێناسە دەکەن. لە ڕووی ڕێبازە هزرییەکانیشەوە، بەتایبەت ئامرازگەراکان، بونیادگەراکان، ڕەسەنگەراکان و ئەوانەی کە گرنگی بە جیاوازییە بەرجەستە و دیارەکانی وەك (زمان، نەژاد و جلوبەرگ دەدەن)

و کولتوورگەراکان ڕوانینی جیاواز بۆ بابەتی ئیتنیك هەن.

چەمکی ناسنامە ئاماژە بە کۆمەڵێك دیاردە دەکات، کە لە نەخشاندنی وێنەیەك سەبارەت بە خود لە زەینی تاکدا کاریگەریی هەیە. بەردەوامی و مانەوەی کۆمەڵگەی مرۆیی، پێویستی بە کردەگەلێکی پەیوەندییە کە دەبنە هۆی واتاسازی و دروستکردنی ناسنامە. ناسنامەش لە ئاستێکی تاکەکەسی و هەم لە ئاستی کۆدا واتا پەیدا دەکات. ناسنامەی نەتەوەیی و ئیتنیکی، هەردووکیان دوو تایپی ناسنامەی گشتین. ناسنامەی ئیتنیکی لەسەر بنەمای ناسنامەیەکی تایبەتی بێچم دەگرێت و پەیوەستە بە بوونی هۆشیارییەك لە بوونی نەتەوەییبوونی تایبەت و ئەندامێتی تێیدا. ناسنامەی ئیتنیکی دەتوانێت ببێتە ژێرکۆمەڵەی ناسنامەی نەتەوەیی. ناسنامەی نەتەوەیی؛ ناسنامەیەکە کە بەرفراوانترین کایە، واتە کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت. ناسنامەی نەتەوەیی هەستی وابەستەبوون و بەرپرسیارێتیی ئەندامانی کۆمەڵگەیەکە بە هەموو سیمبول و دامەزراوە کولتوورییەکانیەوە کە بەهاکان، نۆرمەکان، زمان، دین، ئەدەبیات و مێژووی هاوبەشی نەتەوەیەك لەخۆ دەگرێت. ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی جیابوونەوەی کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەیەکی تر.

ناسنامەی نەتەوەیی لەتەك ناسنامەی ئیتنیکی بە شێوەیەکی بنچینەیی لە دژیەکیدا نییە، تەنانەت دەکرێت یەکتر تەواو بکەن، بە مەرجێك لە لایەکەوە ناسنامەی نەتەوەیی ڕێگە بە دەرکەوتن و جیاوازیی ناسنامەکانی خوارەوە بدات و لە لایەکی ترەوە ناسنامەی ئیتنیکی ناسنامە گەورەترە نەتەوەییەکە بخوازێت و ڕووبەڕووی نەبێتەوە.

یەکێك لەو بابەتانەی کە نەتەوە و ناسیۆنالیزم و ناسنامەی نەتەوەیی پێکەوە گرێ دەدات، یان دەتوانێت ببێتە ئاریشەیەکی ناوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی؛ پەیوەندیی ناسنامە و ئاسایشی بەردەوامە. ئاسایشی بەردەوام بەبێ بوونی ڕەهەندە ناسەربازییەکانی ئاسایش نایەتە دی. یەکێك لە ڕەگەزە ناسەربازییەکانی پەیوەست بە ئاسایش، بابەتی ناسنامەیە. ناسنامەی نەتەوەیی دەبێتە هۆی سەقامگیری لە ناوخۆی وڵاتدا و ڕێگە لە بەریەککەوتنە ناوخۆییەکان دەگرێت. بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر ناسنامەی نەتەوەیی لاواز و لەرزۆك بێت، هەم ئاسایشی وڵات دەکەوێتە مەترسییەوە، هەم جیاوازییە ئیتنیکییەکان زەقتر دەبنەوە و ناسنامەی ئیتنیکی زاڵ دەبێت و حکومەت و هەندێک لە دەوڵەتان بەتایبەت دەوڵەتانی تۆتالیتار و ئەوانەی کە ترسیان لە لەناوچوون هەیە، بە بیانووی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی یان بە بیانووی بەمۆدێرنکردن دەکەونە وێزەی ئیتنیك و نەتەوەکانی ناو یەك دەوڵەت و دەوڵەت-نەتەوە و لە ڕێگەی جۆرەها میکانیزمی وەك پرۆژەی نەتەوەسازی و یەکگرتوویی نیشتیمانییەوە دەست بە تواندنەوە و چەوسانەوەیان دەکەن و بۆ ئەم مەبەستەش لە هیچ هەنگاوێك سڵ ناکەنەوە.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی





Center For Future Studies
ڕاناى ئایندەیی ژمارە (٥)
ئایندەی گفتوگۆ و ڕێککەوتنەکان
سێکوچەکەی هەولێر - بەغدا - واشنتۆن
دەرفەت و کۆسپەکان
سلێمانی
حوزەیران 2020
www.centerfs.org


Center For Future Studies
ڕاناى ئایندەیی ژمارە (١)
ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا
خۆپیشاندان، پێکهێنانەوەی حکومەت، بڕۆکەی هەرێمی سوننەنشین و کشانەوەی ئەمریکا
شوبات ٢٠٢٠
www.centerfs.org


Center For Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل - بغداد - واشنطون
الفرص و المعوقات
السليمانية
حزيران ٢٠٢٠
www.centerfs.org


Center For Future Studies
ڕاناى ئایندەیی ژمارە (٢)
پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان
ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئاسایشی تەندروستی، کۆنگرەکان و دیموکراسیی ناوخۆیی پارتە سیاسیەکان
ئازار ٢٠٢٠
www.centerfs.org


English
کوردی
العربية
KIRKUK
دەربارەی ئێمە
توێژەران



Center For Future Studies
ڕاناتی ئایندەی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
شیعە و پێکهێنانەوەی حکومەت، ئاناوەندێتی، چارەنوسی دیلەکانی داعش
نیسان ٢٠٢٠
www.centerfs.org




Center For Future Studies
ڕاناتی ئایندەی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان
2020 ئایار
www.centerfs.org



CFS
الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
دور النخبة السياسية في تأزيم السلم الأهلي في العراق بعد عام ٢٠٠٣ ١١
المقومات الاقتصادية الادارية والسياسية لبناء الدولة: العراق حالة دراسية للمدة (٢٠١٣-٢٠١٧) ٧٧
ڕۆڵی نەوتی کەرکوك لە دابەشکردنەوەی خاکی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا ١٧٩
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin 205



Center For Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل - بغداد - واشنطن
الفرص و المعوقات
السليمانية
حزيران ٢٠٢٠
www.centerfs.org



THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018



Center For Future Studies
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
نیسان 2020
www.centerfs.org


سەرهەڵدانەوەی
گرووپە تیرۆریستییەکان
لەناوچە جێناکۆکەکان
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا


ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا
www.centerfs.org


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
2019


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية


پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان
www.centerfs.org


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019


ئایندەناسی
ناوچەکانی ماددەی ١٤٠
لە قەیرانی داراییەوە بەرەو نابوورییەکی تۆکمە
پۆست کۆرۆنا
کورد و هاوسێکانی لە سەردەمی پاییدندا
پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و بەغدا
لە پۆلەکانەوە تا پشت لاپتۆپەکان
تەگبیری کوردستان؛ لە چوارسەرەوە بۆ چوارقوژبی
کوردستان لە تەنیشت شۆڕشی پیشەسازیی چوارەمەوە
ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ئاستانەی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکاندا



# وەرزنامەی
# ئێرانناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ئایندەیی و ستراتیژیی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (٢) کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ساڵی یەکەم